بسم الله الرحمن الرحيم



**لاپەڕەی کتێب وەك شاپەڕە کە ڕۆحی ئێمە بۆ لای نور و ڕوناکی دەخاتە هەڵفڕین**

«ویلتێر»

□ زانایانی کورد
□ نووسراوی جەنابی محەمەدساڵح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل)
□ پەخشکار: چاپەمەنی سەقز (محەمەدی) تەلەفوون: ۲۳۵۹٤ ـ ۰۸۷٤
□ ویراستار: نەجیبە ئەحمەد ـ خالد خاکی ـ هەژان بابامیری
□ چاپی یەکەم ۱۳۷۹ هەتاوی ـ تاران
□ ئەژمار : ۵۰۰۰ دانە
□ پیتچن: کامپیۆتێری ئەندیشە سەقز
□ ئەم کتێبە لە چەن وتاری جیاجیا پێكهاتووە.
□ شابەك : ۸ ـ ۳۵ ـ ٦۷۲۰ ـ ۹٦٤

# سەرەتا و بەرکول

خودایە هەر تۆکارسازی، هەر تۆ فریادرەسی بۆبێ دەرەتانان، سپاست دەکەم کە لەم دنیای پەشێو و تەژی لە دێو و درنج و پڕ لە ئاژاوەدا کە باو باوی: شەڕ و گەڕ و گزی و فزی یە و دێوەزمەی دەرد و ئازار دولیگانەی کولێ و کەسەری بەسەردا بەرداوەتەوە، لەم رۆژگارە وەیشومە و تاڵەدا، کە کەس بەهاواری کەسەوە نایێ و لە دۆعا و نزا و ئاە و ناڵە بەولاوە هیچ لەدەس نایێ و خەڵکی موسوڵمانی هەڵەبجەی هێرۆشیمای کوردستان، لە بەر چرە دوکەڵی گازی خەردەل و سیانور و گازی شیمیایی و لە بەر سوتان و برژان، چاوی سور و تەڕیان دەبڕیە ئاسمان و دەستی کەم هێز و سستیان بە لەرزۆکی، پان دەکردەوە و لە بەر خوا دەپاڕانەوە: خوایە ئەم هەموو زوڵمە زۆرە لە وزە و تاقەتی ئێمە بەدەرە، تۆش هەڵی نەگری و بە فریامان وەرە و بە دەستی توانای پڕ مێهر و محەبەتی خۆت ئەو زوڵمە ناحەقە، مل شکێنە و ئەم رەنجە دڵ تەزێنە و ئەم داخ و دەردە، بێ وێنەیەمان لە بەر بڕەوێنە و لە سەرمان لابە و خۆت فەرموتە: تۆڵەی مەزڵوم لە زاڵم و تۆڵەی بزنی کۆڵە لە بزنی شاخدار، دەستێنمەوە، تۆڵمان لە سەدام بۆبستێنەوە و لە بەر لوتف و کەرمی خۆت تەمی نەگبەت لە سەرمان بڕەوێنە، بۆخاتری پێغەمبەران و ئەنبیا و ئەولیا و پیاوچاکان و بۆخاتر ئەو زانا و دانایانەی وا، ئیمام محەمەد غەزالی لە پەسەندنی ئەوانا فەرمویەتی: فەرهەنگ و دینی ئیسلام لە سەر چوار کۆڵەکە دانراوە، کەسێ لەوان زانا و عولەمای ئامێد و شارەزور و دینەوەرن، ئەگەر خوا زانا و عولەمای ئەو سێ شوێنەی بە دینی ئیسلام نەدایا، فەرهەنگی ئیسلام ئاوا قەوام و دەوامی نەدەبو. دەی خۆ ئێمەی خەڵکی مەزڵوم و ستەم لێکراوی هەڵەبجەی سوتاو،

بەشێکین لە مەڵبەندی شارەزور، جا ئەوە بو، خوا هاتە سەر تەڕەحوم و تیشکی بەزەی خودای تاك و پاك بزوت و سروەی خۆشی و شادی ئەنگوت و گزینگی نوری خوا تاریکایی زۆرداری و هەوری پیس و چڵکنی زوڵم و ستەمی ستەمکارانی نالەباری وەها راماڵی، لاسار و مارز و زاڵم تەرت و تونان بون، کە داری بە سەر بەردیەوە، نەما و تون بە تون بون و بە دەردەکەی پار چون، خوای دادگەر، لە ژێر شا باڵی پیرۆزی خۆیدا دڵ برینداری و نیگەرانی لە بیر بردنەوە و ئاگردانی دڵە تەپێ و سەرگردانی، بە جارێك کویر بونەوە، کز و کەساس و نەدار و بیمار و دەردەداری، ئەوسا، هەموو تیر و تەسەل و بەدەماغن، ئێستا بە دڵی خۆش و هیوا بەدوارۆژ و بە چاوی رونەوە، ژیان بەڕێوە دەبەن...

کوندەبوی، وەیشومە فڕین و قەلەڕەشکەی بێ فەڕ لەقڕین کەوت...

باوی توتی شەکەر شکێن هاتەوە، کە بە گۆفت و لفتی شیرینی خۆی شەکەر بارێنێ و خوێنتاڵی بتارێنێ، بولبول بەرگی کەساسی لە بەرخۆ داڕنیوە و پەردەی بێ دەنگی دادڕیوە و زۆر بە راشکاوی بەرانبەر بە گوڵی دڵخواز، خۆی دەنوێنێ و بۆی دەخوێنێ و دەچریکێنێ. خەڵکی خاوەن بیر و ژیر و خامە بە دەسیش قەڵەمیان خستەگەڕ و....

بەڵام چونکا ئەوانەی لەبازاڕی عیلم و زانین و وتاردا، گەوهەر فرۆشن و دورناسن، کەمتر بە زمانی کوردی باس و خواسی گەڕناسان و زانایان و سەرناسانی کوردیان کردەوە، بەڵکو زیاتر بە زمانی عەرەبی و... نوسیویانە، جا لەبەر ئەوەی مێژوی زانایان پڕ لە شانازی و خۆشی یە و لە چێژە و بەرامەشدا، بەروبەری هەنگوین و گەزۆشە، کە بە داخەوە ئەوانەی کە بە زمانی کوردی بۆ دوایاندا هەڵوەداون، نە دیار ماون؛ جا ئەوە بو کەوتمە سەر ئەو خەیاڵە، کە بە زمانی زگماکی و کوردی بە ئەندازەی وزە و زانینی خۆم ئەوەندەی بۆم لوا، لە باس

و خواس و بەسەرهات و زانایی و دانایی و مێژوی گەورە پیاوان و هەستیاران و شاعیران و خاوەن ناوان و سەرداران و هۆنەر و هونەری کورد و کوردستان کۆ بکەمەوە و ئەوەی لەنێو دو تۆی کتێبی عەرەبی و... دیتومە و ئەوەی لە پیاوە ژیر و پیرەکانی راست و ئاگادار بیستومە، بی‌نوسمەوە و ناوی لێ بنێم:

«ژیناوەری: زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامدا» ـ «یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست.» هەمو نیاز و ئاواتیشم هەر ئەمەیە کە زانا و هەستیاران و خاوەن هونەران و خانەوادە گەورەکانی کوردستان، ناویان بە کوردی لە ناو ناواندا هەر بمێنێ و لە ناو نەچن.

ئەم کتێبە لە راستیدا بەرگی دووەمی ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامدایە و کتێبی «زریزەی زێڕین» لە چاپدراوە و بەرگی ٤ و ٥ و ٦یش حروفچینی یەکەی بە کامپیۆتر(رایانە) تەواو بوە، خوا یار بێ، یەك بە دوای یەکدا لە چاپ ئەدرێن.

لەم کتێبەدا بە تەرتیبی حروفی ئەلف‌وبێ ناوی زانایان و شاعیران و هونەروەران، براوە و لەم ناودارانە قسە کراوە: ئەبوحەنیفە دینەوەری بیرورا و نوسراوەکانی، ئەمیر شەرەفخان بدلیسی و هەڵسەنگاندنی شەرەفنامە، ئەبوعەلی ئیسماعیل قاڵی دیاربەکری، ئەمیر تەوەکول کامبوزیا کوردی زافەرانلو، ئەبو فیدا ئیسماعیل کوڕی ئەییوب شازادەی کورد، ئەدیبی، ئاوات، ئیل‌بەگی، بەرزنجی نۆدێی، بەرزنجی: کاکە ئەحمەد شیخ، خانای قوبادی، رەبیعی، رەزا کەلور، زەهاوی، سەرەتا، ویژاوەری بەزاراوەی لوری، شەهید شاریکەندی، چریکەی فەقێ ئەحمەد، کۆکەیی، کوردعەلی، ماجدی، محەمەدی، مودەریس، مەولەوی مەهابادی، سەیدمحەمەد کوردی، مەستوورە خانم، یونس کاتب و ساز و ئاواز و مێژولکەی موسیقای کوردی و بیرورای هونەروەران.

لـه دوایـیدا لـه زانـایـان و دڵـپاکـان داوا ئەکـەم ئەگـەر لـەم نـوسـراوانـەدا هەڵەیەکیان بەر چاو کەوت بە شێوەیەکی دڵسوزانە بۆخزمەت بە زمانی کوردی، پیاوەتی بکەن و بەرستە و واژەی جوان‌تر و گونجاوتر بۆم پێنە بکەن.

**شەپۆل**

دووەمی ئازەری ۱۳۷۲ی هەتاوی

۲۲ی نوامبری ۱۹۹۳ی زاینی

۸ی ج ۲ی ساڵی ١٤١٤ی مانگی

تاران.

# پێرست


| مەبەست | لاپەرە |
|---|---|
| « ئە » | |
| ئەبوحەنیفە دینەوەری | ١٢ |
| پلە و پایەی ئەبوحەنیفە | ١٤ |
| سەرچاوە | ١٦ |
| دینەوەر و ناوی هەندێ لە زانایانی دینەوەر ـ کۆبە | ١٧ |
| ئەمیر شەرەفخان بدلیسی و لێکۆڵینە وەیەك لە سەر شەرەفنامە | ١٩ |
| خاتیمە | ٢٤ |
| ناوی هەندێ لە زانایانی بدلیسی | ٣٨ |
| ئەبوعەلی ئیسماعیل قاڵی دیاربەکری | ٤١ |
| ناوەکانی وشتر ـ کۆبە | ٤٢ |
| سەرچاوە | ٤٣ |
| ئەمیر تەکول کامبوزیا کوردی زافەرانلو | ٤٦ |
| سەرچاوە | ٥٠ |
| ئەبوفیدا ئیسماعیل کوری ئەییوب شازادەی کورد | ٥١ |
| سەرچاوە | ٥٣ |
| ئەدیبی: عەللامە حاجی مامۆستا مەلاحەسەن | ٥٤ |
| سەرچاوە | ٥٥ |
| ئاوات: بەڕیز سەید کامیل شا ئیمامی | ٥٧ |
| ئاوات و شیعرەکانی | ٥٩ |
| شیعر و هۆنە | ٦٠ |
| شەو | ٦١ |
| بەهار هات | ٦١ |
| شنەی بەهار | ٦٢ |

بەهاری تازە ٦٤
بەهار ٦٦
زەماوەندی بەهار ٦٨
خاسەکەو ٧٠
زستان ٧٢
وێنەی ئاوات ٧٣
ئیل‌بەگی لە روی تەرجەمەی ئەدیب الممالك فەراهانی یەوە ٧٤
نوکتە ٧١

«بێ» –
بەرزنجی: مەولانا عەللامە نۆدێی ٧٩
هۆنە لە پەسەندی پێغەمبەردا ٨٠
نوسراوەکانی نۆدێی ٨١
نوکتە ٨١
سەرچاوە ٨٩
بەرزەنجی: حەزرەتی شێخ کاکەئەحمەد عارفی ناودار ٩٠
ستایش ٩٢
شێخ رەزا وکاك ئەحمەد و موخلیس و کاکەئەحمەد ٩٤
شیعر حەمدی ٩٦
سەرچاوە ٩٧

«خێ» –
خانا: خانای قوبادی ٩٨
هۆنە و شیعر ١٠١
زانای ناودار خانای قوبادی ١٠٤
خانای قوبادی و خۆیندن ١٠٨
شیعر و هۆنە ١٠٩

ڕیبازی خانای قوبادی ١١١
شاعیر و تەنی ١١٤
هومام تەوریزی ١١٦
هۆنە ١١٦-١١٩
بیروڕای خانا کۆن نابێ ١١٩
ئەویندارى خانا ١٢١
لەبارەی میژوییەوە ١٢٣
نوکتە ١٢٤
وەزنی شیعری شیرین و خەسرەو ١٢٥
سەرچاوە ١٢٦
ئەدەبی کوردی نیزامی گەنجەوی ١٢٩
ئەدەب و هۆنە ١٣٠

«ڕێ» –
ڕەبیعی: ئوستاد مەلا محەمەد ١٣٣
ڕەزا کەلور: میرمحەمەد: ڕەزا کەلور، کرماشانی ١٣٨
سەرچاوە: ١٤٢

«زێ» –
زەهاوی: جەمیل صدقی زەهاوی ١٤٣
سەرچاوە: ١٥١
وێنەی پیری و ژیری زەهاوی ١٥٤

«سین» –
سەرەتا: نەتەوەی ورکێن؟ ١٥٥
سەرەتای وێژاوەری بە زاراوی لوڕی:(و تاریکە) ١٧٢
سەرچاوە ١٧٦

«شین» ـ
شاریکەندی: عەللامە، مەلاکەریم شاریکەندی: ١٧٧
سەرچاوە(کۆبە): ١٨٠
وێنەی شەهید شاریکەندی: ١٨١

«فێ» ـ
فەقێ: چریکەی فەقێ ئەحمەد ١٨٢
نوکتە ١٨٦
بیرورای ئەمیر شەرەفخان ١٨٧
بیرورای هەندێ لە مێژونوسان ١٨٨
نوکتە ١٩١
وێنە ١٩٤

«کاف» ـ
کۆکەیی: مەولانا مەلا مارف کۆکەیی ١٩٥
وێنەی شیعری کوردی ٢٠٣
شیعر بۆ سێلاو ٢٠٤
شیعری کوردی مەلامارف لە ستایشی خوادا ٢٠٧
برە شیعرێکی فارسی ٢٠٩
سەرچاوە ٢١٢
کوردعەلی: محەمەدکوردعەلی ٢١٣
سەرچاوە ٢١٧
وێنەی کوردعەلی ٢٢٠

«میم» ـ
ماجدی: زانای ناودار مامۆستا مەلا عیصامەدین ماجدی ٢٢١

سەرچاوە(کۆبە) ٢٢٧
محەمەدی: بەڕێز حاجی ماموستا مەلاعەبدوڵڵا محەمدی ٢٢٨
مودەریس: زانای ناودار، ئیمام شافیعی ڕۆژگار ماموٚستا مەلاکەریم مودەریس ٢٣٠
مەولەوی: مەلاعەبدولقادر مەولەوی مەهابادی ٢٣٦
سەرچاوە ٢٣٨
مەولەوی: مەلاعەبدوڵلامەولەوی ٢٣٩
نظریەی مەولەوی ٢٤٠
مەولاناسەیدمحەمەد کوردی ٢٤٣
سەرچاوە ٢٤٤
مەستوورە: ماەشەرەف خانم مەستوورەی کوردستانی ٢٤٦
مەستوورە کێ بوە و لە کۆی بوە؟ ٢٤٧
میرزاعەلی ئەکبەر و مەستوورەخانم ٢٤٨
مەستوورە ٢٤٩
غەزەل ٢٥٢
بە زاراوەی هەورامی ٢٥٣
سەرچاوە ٢٥٦

یێ –
یونس کاتب ٢٥٨
ساز و ئاواز و موسیقای کوردی ٢٦١
بەیت بێژان ٢٦٤
ناو یا نۆتی هەندێ لە گۆرانی.... ٢٦٩
بیروڕای مەلامەحمود بایەزیدی ٢٧٢
ئەمیر شەرەفخان ٢٧٣
سەرچاوە: ٢٧٥

# ئەبوحەنیفەی دینەوەری کورد

ئەبوحەنیفەی دینەوەری لە ویژاوەری و نەحو و واژەناسی و لە تاریخ و جوگرافیا و ئەستیرە و گیاناسیدا زور شارەزا بووە و سەیدجەلال تارانی ئەوی بە ریازی زانی سەدەی سیوەمی مانگی داناوە[1]

کە لە ئیسفەهاندا خەریکی رەسەدی ئەستیرەکان بووە و زیجی تەرتیب داوە.

ئەبوحەنیفەی دینەوەری کورد کە هاوشانی جاحیزە لە زانستی ئەقلّی دا تەلای دەستە و شاری روژگاری خوی بوە و زانستی شیمی داهیناوە و لە زوربەی زانستەکانی خولی خویدا دەسی بالای هەبوە و لە زانستی ریازیشدا نوسراوەی هەیە لە ٢٨١ کوچی مانگی و ریکەوتی ٨٩٥ زاینی وەفاتی کردووە.

**ئەبوحەنیفە ئەحمەد کوری وەنەند دینەوەری:**

نیوی ئەم زانایە و ناوی باوکی و کونیەی لە کتیبە کونە و تازەکاندا بەو جورەیە وا لە سەرەوە نوسیومانە، بو وینە کوری نەدیم لە ئەلفیهرست دا هەروای نوسیوە.[2]

چون لە دینەوەریش بوە، بە دینەوەری ناودارە. یاقوتی حەمەوی، ئەعلامی زەرکلی، میژوی ویژاوەری ئیرانیش باپیرەی ئەم دینەوەریەیان بە (وەنەند) ناوبردوە.[3]

ئەعلامی زەرکلی لە بابەت ئەبوحەنیفەی دینەوەریدا دەنوسی:

دینەوەری(...ــ٢٨٢=...ــ٨٩٥م) ئەحمەد بن داوود بن وەنەند،

---

١- گاهنامۀ سالی ١٣٠٧ بە نقل لە تاریخی ـ مەشاهیری کورد نوسراوی زانای ناودار ئوستادبابامەردوخ روحانی (شیوا)لاپەرەی ٨، چاپی ١٣٦٤،سروش، ج ١ـ

٢- محەمەد بن ئیسحاق نەدیم لاپەرەی ٨٦ چاپی ١٣٥٠ هەتاوی تاران.

٣- ئەعلامی زەرکلی: ج ١ لاپەرەی ١٢٣ چاپی شەشەم ١٩٨٤ ز.

ئەبوحەنیفە موهەندیس، مووەریخ، گیاناس، لە نەوابیغی رۆژگارە، لە ئەبوحەیانی تەوحیدی نەقڵ دەکا کە وتویەتی: ئەبوحەنیفە حیکمەتی فەلاسیفە و بەیانی عەرەبی پێکەوە کۆ کردۆتەوە و بە مجۆرەش ناوی نوسراوەکانی دەبا: ئەخبار تیوال لە مێژودا، ئەنوا کە ئەمەیان لە گەورەترین و پڕ بایەخترین نوسراوەکانی ئەبوحەنیفەیە، تەفسیری قورئان کە ١٣ جەڵدە، ماتلحق‌فیەالعامە، شێعر و شاعیران، فەساحەت، قسە لە حیسابی هێند، جەبر و موقابەلە، بولدان، اصلاح‌المنطق، و...ی نوسیوە. مێژونوسان زۆریان بە ئەبوحەنیفەدا هەڵگوتووە.[1] برۆکلمان لە وتارێك‌دا لە دایرةالمعارفی ئیسلامی‌دا نوسیویەتی: راست تر ئەمەیە کە بڵێن ئەبوحەنیفە ئەحمەد کوڕی وەنەند لە دەهەی یەکەمی سەدەی سێهەمی کۆچی مانگی لە دایك بووە. یاقوت لای وایە کە چار شەو لە مانگی ج ١ مابو لە شەوی دوشەمە ساڵی ٢٨٢ مانگی بارگەی بەرەو لای خوا تێکناوە.

هەندێ زانای تریش ٢٨١ و بە قسەیێ تریش لە ٢٩٠ وەفاتی کردووە.[2] دینەوەر لە سەدەی چارەمی کۆچی روی کردە وێرانی و لە سەدەی شەشەمدا دوای هێرشی تەیمورە شەلە بە تەواوی وێران بو.

دێمورگان و شتراویس چونەتە دیدەنی کەلاوەکانی شاری وێران کراوەی

---

١- تاج‌التراجم- خ وار شادالاریب ١٢٣:١ والجواهیرالمضیة١ :٦٧ وانباه‌الرواه ٤١:١ و خزانه‌الادب للبغدادی ٢٥:١ و ئەمیر مستەفا شەهابی، لە مەجەلەی مەجمەعی عیلمی عەرەبی ٣٤٦:٢٦ و تارێکی لە بابەت دینەوەریدا نوسیوە- بڕوانە مجلەالعرب ٢٩٥:٩ ئەم سەرچاوانە زەرکلی لە کۆبەی کتێبەکی خۆیدا نەقڵی کردون.

٢- دینەوەر، ناوی شارێکە لە نێوان کەنگاوەر و کرماشاندا بوە و بە ئەندازەی دو بەش لە سێ بەشی هەمەدان بوە و ماوەیەکی زۆر بە (ماە کوفە) ناودار بوە، پڕو تەژی بووە لە زانا و دانا و خواناس، لە راستیدا زانکۆیەکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە. هۆزێ شوهجانی کورد لەو ناوە و دەور و بەری دینەوەر ژیاون.

دینەوەر.

زانایانی شاری دینەوەر بە ناو بانگن. فەرید وە جدی لە دایرةالمعارف القرن الرابع عەشەر،[1] بێجگە لە ئەبوحەنیفە و کوڕی قوتەیبە، پێنج زانای تری دینەوەری ناو بردوە و یاقوت حەمەوی فەرمویەتی: کوڕی زۆر لە ئەهلی ئەدەب و حەدیس خەڵکی دینەوەرن.

ئیمام محەمەدغەزالی فەرمویەتی: دینی ئیسلام لە سەر چار ستون راوەستاوە، سێ لەوانە: زانایانی دینەوەری و شارەزۆری و زانایانی ئامیدی کوردن، ئەگەر خودا ئەو زانایانەی بە ئیسلام نەدابا لە وانە بوو فەرهەنگ و زانینی خانوبەرەی ئیسلام تێك بتەپێ.

**پلە و پایەی ئەبوحەنیفە دینەوەری.**

ئەبوحەنیفە دینەوەری لە زانستی جۆربەجۆرە و فەن و هونەری رۆژگاری باوی ئەو سەردەمە خاوەن نەزەر بوە و کتێبی نوسیوە. نەدیم لە ئەلفیهرستدا فەرمویەتی: ئەبوحەنیفە لە نەحو، هەندەسە، واژە و لوغەت، حیساب و ئەستێرە ناسیدا خاوەن بیر و ڕابوە و پانزدە جەڵد لە کتێبەکانی ئەوی بەم جۆرە ناو بردون:

١) کتێبی نەبات و گیاناسی.

٢) فەساحە.

٣) کتێبی ئەنوأ.

٤) کتێبی قبلە و زەوال.

٥) کتێبی بەحس لە حیسابی هێند.

٦) کتێبی رەد لە سەر(لُغْزةالاصفهانی ـ لُغْزة بە واتای رەسەدە).

---

١ – دایرةالمعارف قەرنی رابیع عەشەر ج ٤ پەڕەی ١١٥ چاپی چارەم.

٨) کتێبی بولدان.

٩) کتێبی جەمع و تەفریق.

١٠) جەبر و موقابەلە.

١١) کتێبی ئەخبارالطوال(تاریخی عومومی ).

١٢) وەسایا.

١٣)کتێبی نەوادری جەبر.

١٤) کتێبی شێعر و شاعیران.

١٥) کتێبی مایلحق فیەالعامە:

تەزکەرە نوسان و زانایانی تریش کتێبی دیکەشیان بۆ نوسیوە. یاقوت لە(مُعْجَمُ اُلْادبآءارشاد)دا[1] لەگەڵ ئەوەش کە قسەی خۆی لە نەدیم گیراوەتەوە، بێجگە لەو کتێبانەی وا لەبەرا ناو براون ئەم کتێبانەشی بۆ نوسیوە:

١٦) کتێبی باە.

١٧) کتێبی کسوف.

١٨) کتێبی اصلاحالمنطق. (نەسبنامەی کوردان)

لە پاشان لە قەولی ئەبوحەیان تەوحیدییەوە کتێبی لە تەفسیری قورئاندا بۆ نوسیوە بەم جۆرە ١٩ کتێبی داوەتە پاڵ ئەبوحەنیفە.

سەلاحەدین سەفدی کە لە ٦٩٦ لە دایك بوە و لە ٧٦٤ وەفاتی کردوە و (گۆستا و فلۆگێل)خۆرهەڵات ناسی ئەلمانی (١٨٠٢ـ ١٨٧٠ زاینی ) کتێبی تریان بە ناوی: (بەیان) و نامیلکەیەك لە پزیشکیدا بە نوسراوەی ئەبوحەنیفە زانیوە.

کاتێ سرنجی ئەم کتێبانە بدرێ جوان دەرئەکەوێ ئەو نوسخەی ئەلفیهرستی کوڕی نەدیم کە لای یاقوت بوە لەگەڵ نوسخەی چاپی ئیستادا

١- یاقوت: ارشادالاریب (معجم الادبا ج ٣ لاپەرەی ٢٦ تا ٣٢ دارالفکر بیروت ١٩٨٠ ز چاپی سێوەم.

جیایی هەبوە، گرینگی و بایەخی کاری ئەبوحەنیفە لە ریشتەی ریازی و ئەستێرەناسیدا دەرئەکەوێ.

ئیستا گەرەکمانە هەندێ لەبابەت واتا و ناوەرۆکی کتێبەکانی ئەبوحەنیفەوە بدوێین.

١) کتێبی نەبات:(کە لە ٦ جەڵدی گەورە دایە، ئەم پەڕاوە لە بابەت ناسینی ناوی ئەوجۆرە گیایانە کە لە شێعر و ئەدەبی عەرەبدا هاتون. ئەم کتێبە کەم وێنە و بە نرخە، هەر چون تا ئێستا بە داخەوە نوسخەی ئەسلی ئەو کتێبە گیر ئێمە نەهاتوە، بەڵام چەن بەشێکی لە کتێبەکانی موخەسیس: (إبنْ سَیِّدَە ) و شوێنەواری کوڕی بەیتار نەقڵ کراوە و ئەویان بە دایرةالمعارفی گیاناسی زانیوە.[1] ٢) کتێبی فەساحة لە زانستی بەلاغەدایە.[2] ٣) ئەنوأ لە بابەت ئەستێرەناسی و مەنزڵەکانی مانگ و شتە سیرەکانی ئاسمانە و زۆرّ جێگای سەرەنج دانی زانایانی ئەم زانستە بوە و پەسەندیان کردوە و ئەورەحمان سۆفی ئەستێرەناسی گەورەی سەدەی چارەم لە کتێبی « صورالکواکب »ی خۆیدا لەم بابەتەوە نوسیویەتی:

هەرچەن ئێمە لە زانستی ئەنوادا کتێبی زۆرمان دیوە، بەڵام تەواوترین و کاملترین ئەوانە لەم زانستەدا کتێبی ئەبوحەنیفەی دینەوەرییە.

٤) کتێبی قبلە و زەوال لەوە ئەچێ لەبابەت ناسینی قبلە و نیوەڕۆی شەرعی‌یەوە بێ.

٥ و ٦ـ کتێبی حیسابی دەور و وەسایا. ئەم دو کتێبە لەبابەت میراث و بەش بردنە، حاجی خەلیفە لە «کەشف ظنون»دا بی ئەوەی ناوی ئەو دوانە بەری

---

١ - بڕوانە دانیشنامەی ئیران و ئیسلام پەڕەی ٦٤٠ و ٤٥٧

٢ - نوکتە: إبنْ سَیِّدَە، لوغەت ناسی ئەندەلۆسی لە ٤٥٨ کۆچی وەفاتی کردوە و کوری بەیتار، دارو و گیاناسی ئەندەلۆسی سەدەی شەشەمی کوچی‌یە.

لە باسی میراتدا قسەی لێوە کردون.

٧) کتێبی ڕەد لە ( لُغْزةالاصفهانی ) ئەبوحەنیفە ئەم کتێبەی لە سەر ڕەدی ڕەسەدی کە ئیسفەهانی لەو ڕۆژگارەدا ئەنجامی داوە، نوسیوە و پڕار و هەڵاویژی لە سەر کردوە لە ڕاستیدا پیاچونەوەیە کە لەبابەت ڕەخنە گرتن و وەڵام دانەوەیەك کە ئەم دو زانایە لە یەکتریان گرتوە.

٨ و ٩ و ١٠- کتێبی بەحس لە حیسابی هێند و جەبر و موقابەلە و نەوادری جەبر لە ریازیدایە و هەندێ لە زانایانی ئوروپایی ئەوەیان بە ناوی (تەخت لە حیسابی هێند )دا باس کردوە.

١١) کتێبی جەمع و تەفریق، عەبدولمونعیم عامیر نوسیویەتی: ئەم کتێبە لە زانستی ریازیدا نییە، بەڵکو لەبابەت زانستی بەلاغەوەیە کە لە مێژەوەیە کەوتۆتە بەر سەرنج دانی زۆری لە نوسەرانی عەرەب.

١٢) کتێبی شێعر و شاعیران. تەزکەرە مانەندێکە، وێنەی کتێبی قوتەیبە، کە هەر بەم نێوە هەر لەو ڕۆژگارەدا نوسراوە، کوڕی قوتەیبە بە زاهیر چارساڵ دوای ئەبوحەنیفە ئەحمەد کوڕی داوود وەنەند واتا: لە ساڵ ٢٨٦ ی مانگی کۆچی وەفاتی کردوە.

١٣) کتێبی مایلحق فیەالعامة لە بابەت ئەو هەڵانەوەیە کە لە نێو بۆرەپیاوان و پیرەژنانەدا ڕوی داوە و بە شێوەی لحن‌العوام زبیدی و لحن‌العامة ابوحاتم سیستانی‌یە، زبیدی لە ٧٩ وەفاتی کردوە و سیستانیش لە ٢٤٨ وەفاتی کردوە.[1] سەرچاوە: لە ١٦ نوامبر ١٩٨٦ ز و ٢٥٩٨/٨/٢٧ کوردی و ٢٧ گەلاڕێزانی ١٣٦٥ هەتاوی ساڵی ٤ ژمارەی ١٤٩ ڕۆژنامەی شەهادەی کوردی مەبەستی جوان لە بابەت ئەبوحەنیفە دینەوەری بە قەڵەمی ( شەپۆل ) بڵاو

---

١- دینەوەر ناوی چومێکیشە کە لە کێوەکانی خۆرئاوای (کەندۆڵە) و باکوری سەر تەخت و بەشی سەنقور و کێوەکانی (خودابەندەلو) سەرچاوە ئەگرێ.

کراوەتەوە. مکتبةالاوقافالعامة ٤٢. خەتی: زەهەبی: سیرالنبلأ ٩٩:٩، الصفدی: الوافی ١٦٧:٥، ١٦٨، چاپی: معجمالمؤلفین بەرگی ١ نوسراوی عومەررەزا کەحالە بێروت ساڵی ١٩٥٧ زاینی،

کوری نەدیم: ئەلفیهرست ج ١ :٧٨، انباەالرواة ١ :٤١ ـ ٤٤، کوری ئەسیر: بیدایە: ١١ :٧٢، کوری ئەسیر: ئەلکامیل لە مێژودا ٧ :١٥٧، ئەلقورەشی: الجواهرالمضیئە ١ :٦٧، ئەبولفیدا: موختەسەر لە ئەخباری بەشەردا ٢ :٦٠، سیوتی: بغیةالوعاة١٣٢، محەمەد رەزاقومی: هدیةالاخبار ١٢، طوقان: تراثالعربالعلمی ١٥٣، ١٥٤، فیهرستی خدیویە ٧:٥، حاجی خەلیفە: کەشف ظنون ١٠٨، ٢٨٠، ٤٤٧، ٦١٤، ٦٦٤، ٩٠٧، ١٣٩٩، ١٤٠٧، ١٤٤٢، ١٥٤٨، بەغدادی: ایضاح المکنون ١ :٤٣، ٣٤٨، ٢ :٢٧٧، ٢٧٩، ٣٢١، ٤٢١، ٦٨٠، ئەنباری: نزهةالالباب ٣٠٥، ٣٠٦ دایرةالمعارف ئیسلامی تەرجەمەی عەرەبی جەلدی ٩ پەرەی ٣٧٥ و ٣٧٤، فەرید وەجدی دایرةالمعارف القرن الرابع عەشەر ج ٤ پەرەی ١١٥ چاپی چارەم.[1] گۆواری مەجمەعی عیلمی لە دیمەشق، هی مستەفا شەهابی ٢٦ :٣٤٦ ـ ٣٦٩، مەغربی: گۆواری مەجمەع لە دیمەشق ٢٩ :٣٧٤، ٣٨٦، ٥٣٧ ـ ٥٤٣، محەمەد حمیداللە: گۆواری مەجمەع لە دیمەشق ٣ :٤٠٩ ـ ٤١٥ ئەخبار تِوال بە عەرەبی: قاهرە، ١٩٦٠ زاینی، سوربی، وەزیریی گەورە، پەرەی ٤٦٧ و لوغەتنامەی دهخدا پەرەی ٤٣٨ موئەلفین کوتوبی چاپی فارسی و عەرەبی بەرگی ١ نوسراوی خانبابا مۆشار پەرەی ٣٤٠ چاپی ساڵی ١٣٤٠ هەتاوی.

دینەوەر ئێستا یەکێکە لە دیهستانەکانی چوارگانەی سەحنەی کرماشان و کەوتۆتە خۆرئاوای سەحنە، هەواکەی ساردە.[2]

١- Brockelmann; Encylopedie de L islam 1: 1004, 1005, 1004, 1005
1- Brockelmann:S,1:

٢- دینەوەر ئەونە زانا و دانای لێ هەڵکەوتووە هەر جەمەی هاتووە بۆوێنە: ناوی هەندێ لە زانایانی دینەوەری دەبەین: ـــ

# ئەمیر شەرەفخان بدلیسی

ئەوەی تا ئیستە زانراوە کەس بەر لە شەرەف خانی بدلیسی تێکڕای بەرهەمی خۆی بۆ مێژوی کورد و کوردستان تەرخان نەکردوە، دیارە هەر لەبەر ئەوەش پێویستە جێگەیەکی دیار لەم بەشەدا بۆ شەرەف خان و شەرەفنامە تەرخان بکەین.[1] شەرەف خان ڕۆژی ٢٥ شوباتی ساڵی ١٥٤٣ لەدایك بوە. میرشەمسەددینی باوکی لە هۆزی گەورەی (ڕۆژکی)یە. هەشت ساڵ پێش لەدایك بونی شەرەف خان غوسمانی‌یەکان میرشەمسەددینی باوکیان لە سەر

---

← ابن خازن دینەوەری، ابن سَننَی دینەوەری، ئەبوبەکر دینەوەری، ابن داوود، ئەبوبەکر کەسائی دینەوەری، ئەبوحەنیفەئەحمەد دینەوەری، ئەبوسەعد دینەوەری، ئەحمەد دینەوەری، (ئەبوبەکر سەراف). ئەبو جەعفەر دینەوەری، ئەبوعەباس ئەحمەد دینەوەری، ئەبوعەلی نەحوی ئەحمەد دینەوەری (حەنبەلی) ئەحمەد دینەوەری (موقری شیخ ئەبونەسر) جەعفەر دینەوەری (نەحوی ئەبومحەمەد) جەلیس دینەوەری، شەهدە دینەوەری (فخرالنسأ) کە لە زانستی فیقە و فەرموودە و خەت خوشی و دەنگ خوشی ناودار بوە (دەرسی بە ژنان و پیاوان کوتوە و لە ٤٨٥ لە دایك بوە و لە ٥٧٤ لە بەغدا وەفاتی کردوە. سائغ دینەوەری، عومەر دینەوەری قرمسینی (حافز ئەبوحەفس) محەمەد بورهان دینەوەری (ابن عبدالله) محەمەد دینەوەری (ئەبوبەکر)، محەمەد دینەوەری (ابن عبدالله) محەمەد دینەوەری (ئەبوعبدلله) محەمەد موقری دینەوەری (ئەبوبەکر) مەمشاد دینەوەری، یوسف گەچی دینەوەری، قازی ئەبولقاسم حاج نعمةالله دینەوەری: (موجریم جەیحون ئابادی موکری دینەوەری).

١ - بۆ ئەم بەشە کەڵك لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: چاپە جیاوازە کانی هەردوك بەرگی «شەرەفنامە»(بە کوردی و عەرەبی و رووسی)، ی. فاسیلیڤا، پێشەکی بەرگی یەکەمی چاپی رووسی «شەرەفنامە». مۆسکۆ ١٩٦٧، ل ١٣ ـ ٦٨، ی. فاسیلیڤا، پێشکەی بەرگی دووەمی چاپی رووسی «شەرەفنامە» مۆسکۆ ١٩٧٦، ل ١٢ ـ ٣٦ دوکتور م. شەمسی، شەرەفنامەی شەرەف خانی بدلیسی وەك سەرچاوەی مێژوی گەلی کورد، بە زمانی رووسی، باکۆ ١٩٦٧. د. کەمال مەزهەر، «شەرەفنامە» لە کوردناسیی، سۆڤیێتدا، ـ «شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی هەژار کردویە بە کوردی». لەچاپکراوەکانی «کوڕی زانیاری کورد»، نەجەف، ١٩٧٥، ل سەتوشێست ـ سەتوحەفتاوشەش، الدکتور کمال مظهر احمد، حول الشرفنامە و الطبعة الکردیة لهذاالأثرالکردی الخالد، جریدة«التاخی»، ٢٠ تشرین الثانی ١٩٧٣.

تەختی میری لابرد، ئەویش لە رقدا دایە پاڵ سەفەوی‌یەکانی دوژمنیان. لەبەر ئەوە شەرەف خان بەشی هەرەزۆری سەرەتا و ناوەندی ژیانی لەگەڵ گەورە پیاوانی ئێراندا بردە سەر. لە تەمەنی هەشت ساڵی‌یەوە باوکی ناردی‌یە پایتەخت، لەوێ خوێندی.

شەرەف خانی بدلیسی لە تەمەنی دوازدە ساڵی‌یەوە تێکەڵ بە کاری میری بو. ساڵی ١٥٥٤، واتە لەو تەمەنەیدا، کرایە میری سەلیان و محەممەد ئاباد لە ناوچەی شیروان کە کەوتونە باکوری ئازەربایجان. باوکی شێخ‌ئەمیری بلّباسی لەگەڵ نارد کە جێگەی دڵنیای بو. پاش سێ ساڵ شەرەف خان گوێزرایەوە هەمەدان کە محەممەد بەگی خاڵی فەرمانڕەوای بو. زۆری نەبرد هەر لەوێ شەرەف خان یەکێك لە خاڵۆزاکانی خواست. لە هەمەدان تا دەوروبەری سەرەتای ساڵی ١٥٦٠ مایەوە. ساڵی ١٥٦٦ نازناوی میری هۆزێ رۆژیکی پێ‌بەخشرا و لەو ساوە ماوەی دو ساڵی لە قەزوین لە کۆشکی شادا بردە سەر.

ساڵی ١٥٦٨ شەرەف خان بوبە فەرماندەی ئەو لەشکرەی راپەرینی خان ئەحمەد خان، لە لاهیجانی ناوچەی گەیلان لای دەریای خەزەر کە دایمرکاندوە. شەرەف خان لەشکری هەژدەهەزارەی سوڵتان هاشمی جێگری ئەحمەد خانی بەزاند، ئەو کارەی کۆتایی بە یاخی بونی راپەرینی گەیلان هێنا. بەڵام لەگەڵ ئەوەش تا بە تەواوەتی هێمنی نەگەڕایەوە ئەو ناوچەیە شا رێگەی نەدا شەرەف خان بگەرێتەوە پایتەخت، کە گەڕاشەوە زۆری نەبرد دیسان ناردی‌یەوە باکوری ئازەربایجان.

ساڵی ١٥٧٦ کە شائیسماعیل هاتە سەرتەخت، شەرەف خان کرایە میری میرانی هۆزانی کوردی ئێران. هەرچی کاری گەورەی کوردستان و لورستان هەبو بەو سپێردرا. بەڵام کە قزلّباشەکان شائیسماعیلیان بە سوننی دۆست تاوانبار کرد شەرەف خانی دور خستەوە نەخچەوان. زۆری نەبرد کە ساڵی ١٥٧٨ شائیسماعیل کوژرا و محەممەد خودابەندە هاتە جێگەی و ئێران کەوتە

**گێژاوی ئاژاوەیەکی گەورەوە، لە لایەکەوە پەلاماردانی ئازەربایجان.**

**عوسمانی‌یەکان توانییان** هەستی شەرەف خانی داخ لە دڵ بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، **تایبەت دوای ئەوەی توانییان** لە ڕێگەی خەسرەو پاشای میری **میرانی وانەوە پێوەندی لەگەڵ** دابمەزرێنن بەو جۆرە لە سەرەتای مانگی کانونی **یەکەمی دیسامبری ساڵی ١٥٧٨وە** شەرەف خان دایە پاڵ عوسمانی‌یەکان و بە خۆی و ٤٠٠ چەکدارەوە لە نەخچەوانەوە ڕوی کردەوە کوردستان.

لەو ساوە بۆ ماوەی دە ساڵ شەرف خانی بدلیسی لەو شەڕانەی سوڵتان مورادی سییەمدا بەشداریی کرد کە بۆ داگیر کردنی ناوچەکانی قەفقاس دژی ئێرانی‌یەکان هەڵگیرساندبو، ئەو کارەی بووە هۆی ڕەزامەندیی سوڵتان موراد کە بە نامەی تایبەتی سوپاسی خۆی پێ ڕاگەیاند. سوڵتان نازناوی خان و فەرمانڕەوایی ناوچەی بدلیسی بە خۆی و نەوەی بەخشی. شەرەف خان بۆ ماوەیەکی کورت کاری بدلیسی گرتە دەست و لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا خۆی بۆ مێژونوسینی کورد تەرخان کرد. و ئەبولعالی شەمسەددین بەگی کوڕی لە جێگەی خوێ دانا. جا لێرەدا گەر توزێك ئەوە بهێنینەوە یاد کە بە درێژایی مێژو زۆر بە دەگمەن هی وا هەڵکەوتون، لەبەر خاتری نوسین دەس لە هیچ شتێك، تەنانەت تەندرستی خۆشیان، دەست لە چمکێکی دەسەڵاتیان هەڵبگرن نەك هەموی، ئەوسا باشتر لە پایە بڵندیی شەرەف خانی بدلیسی تێ‌دەگەین.

بەو جورە شەرەف خان ٣٢ ساڵی ژیان لە ناو جەرگەی ڕوداوە گەورەکانی ئێران و تورکیا و کوردستاندا بردە سەر. یازدە ساڵی دوابەشی ژیانیشی بۆ خزمەتی مێژوی کورد تەرخان کرد.

تا ئێستە ساڵی وەفاتی شەرەف خانی بدلیسی بەتەواوەتی ساغ نەبۆتەوە. زیاء شەرەف خان کە یەکێکە لە نەوەی مێژونوسی گەورەمان و ئێستە وا لە لوبنان لەو نامە تایبەتی‌یەیدا کە لە وەڵامی مام هەژاردا نوسیویە دەڵێت شەرەف خانی باپیرە گەورەی ساڵی ١٦٠٣ یا ١٦٠٤ وەفاتی کردووە.[(١)] من پێم وایە شەرەف

خان بەر لەو سالانە مردووە. هەرچۆن لێکی بدەیتەوە دەبێت شەرەف خان دوای تەواوکردنی «شەرەفنامە»، واتە دوای هاوینی سالی ١٥٩٨ بە ماوەیەکی کورت کۆچی دوایی کردبێت، چونکە ڕێگەی تێناچێت ئەو پیاوەی لە پێناوی زانستدا دەسەلاتی خستە لاوە، دوای «شەرەفنامە» قەلەمیشی خستبێتە لاوە. وابزانم ئەم بۆ چوونە هێندێ‌تر خۆ دادەسەپێنێت گەر ئەوە لە یاد نەکەین کەوا شەرەف خان لە سالێك و تەنها چەند ڕۆژێك زیاتری نەویست بۆ دانانی بەرهەمێکی قوولی وەك بەشی دووەمی «شەرەفنامە» کە بە دەستخەت ٣٠٨ لاپەڕەی گەورەی پڕ کردۆتەوە.بێ‌گومان گەر ژیان مۆلەتی بدایە ڕشتەیەکی مرواریی ڕەسەنی تری پێشکەش کورد و زانست دەکرد. کە وابێ دەبێت شەرەف خان دوای مانگی نۆی سالی ١٥٩٨ بە ماوەیەکی کەم کۆچی دوایی کردبێت، یا لە تاو نەخۆشی پەکی کەوتبێت. نەخۆشی‌یەکیش زانایەکی وەك ئەو لە نوسین بخات دەگمەن مۆلەتی زۆری ژیان و مان دەدات. شەرەف خان بدلیسی لە هەڕەتی لاوی‌یەوە حەزی لە مێژو دەکرد و دەیویست خۆی بە نوسینی‌یەوە خەریك بکات. بۆ خۆی لەم بارەیەوە نوسیوەیە، دەلێت:

«من کە نوسەری ئەم ڕاپەڕانەم... [1]لە هەڕەتی جوانی و هەڕەمەی بەهاری ژیانمدا، لەدوای ئەوە کە دەستی ڕاست و چەپی خۆم ناسی و لە خوێندەواریدا هێز و پێزم شەیدا کرد و هەزارە و دولایی زانستی‌یە ڕوالەتی و نهێنی‌یەکانم یەکلا کردەوە، هەرچی بۆ دونیا و دینم پێویست بو لە هەر شتەی زۆر شتم زانی و بە سەر ڕاستی و کارامەیی کەوتمە سەر کار و باری دیوانی، لەو سەر و بەندەدا هەتا لافاوی وەڕەزی ڕوی تێ‌دەکردم، بە خوێندنەوەی چیرۆکان و دیرۆکان بەرم دەگرت.

---

١- چاپی کوردیی «شەرەفنامە»، ل ٧٩٠ ـ ٧٩١.

١- هەمو گوتەکانی شەرەف خان لە چاپەکەی مامۆستا هەژار وەرگیراون.

هەرچەند جاری تەم و مژی پەژارە و کەسەرم بە سەردا دەهات بە سروەی بیرەوەری روداوی رابردوان دەمرەتاند و دەرم دەکرد. هەرچەندی کزە و سۆزەی سارد و سری ناهومێدی نیازی وا بوایە بەلامدا تێپەرێ، بە پێدا چوونەوەی بە سەر هاتی میر و مەزنەکانی پێشو خۆم سەرگەرم دەکرد، تا وام لێ هات لەو هونەرە جوانەدا بومە بژاردە و لێدوانی‌یەوە بومە زمانتەرو پاراوێکی وەها کە دنەی دام و هێنامی‌یە سەر ئەو بروا و بیرە کە بە پێی توانا منیش چەند گەوێك بخەمە ئەو زنجیرەوە. ئەوسا(واتە لە هەرەتی لاویدا ـ ك.م) مرخی خۆم وا لێ خۆش کردبو کە لەم زانستە بەمایە و هێژا و پر بەهایەدا نوسراوێکی ئەوەندە بەنرخ و سەربەخۆ بخەمە رو کە هەرگیز بەر لە من دەستی مێژونوسانی پێش خۆمی پێ رانەگەیشتبی، ئەوەی من دەیخەمە بەر چاو کەسێ تر وەك خۆمی تێنەگەیشتبێ».

ئەم قسانە تەنها ئەوە راناگەیێنن کە شەرەف خان لە زووەوە خولیای مێژو کەوتبوە سەری، بەڵکو هەمان کات پلەی بەرزی خوێندەواریی ئەو زانایە و بروای زۆری بە توانا ودەسەڵاتی زانستیی خۆی نیشان دەدەن. ئەو قسانە لە راستیدایە کەم نرخاندنی رەوای «شەرەفنامە»ن.

شەرەف خان بۆ خۆی مەبەستی دانانی «شەرەفنامە»ی بەم جۆرە دیار کردووە:

«من بێتین و توان و بێدەست و زوان کەوتمە سەر ئەو خەیاڵە کە بە ئەندازەی وزە و توانای خۆم ئەوەندەی بۆم لوا لە باس و خواسی گەورە پیاوان و خاوەن ناوان و سەرداران و خونکارانی کورد و کوردستان کۆبکەمەوە و ئەوی لە مێژوی عەجەماندا خۆم دیتومە و ئەوەی لە پیاوە پیرە ژیرەکانی راست و بێدارەوە بیستومە، ناوی لێ بنێم «شەرەفنامە». هەمو نیاز و ئاواتیشم هەر ئەمەیە کە خانەدانە گەورەکانی کوردستان ناویان لە ناو نەچن.

ئاواتی بەرزی شەرەف خان بدلیسی هاتەدی، ئەو «شەرەفنامە»یەی

گەوهەری لێ دەبارێ چاوی کورد و زانایانی ڕۆشن کردەوە، بووە یەکێك لە سەرچاوە هەرە ڕەسەن و بایەخدارەکانی کتێبخانەی مێژوویی گەلانی ڕۆژهەڵات. «شەرەفنامە» لە دو بەش پێکهاتووە کە وا دیارە شەرەف خان لە ساڵی ١٥٨٨وە دەستی کردووە بە کۆ کردنەوەی سەرچاوە و زانیاری بۆیان. مانگی ئابی ساڵی ١٥٩٧ شەرەف خان لە بەشی یەکەمیان بۆوە. خاوەنی «شەرەفنامە» ئەو بەشەی بۆ مێژوی کورد و کوردستان، یا خۆی گوتەنی بۆ «یەکالا کردنەوەی بنج و بناوانی کورد و ڕون کردنەوەی باری ژیان و چۆنیەتی ئاکاریان بە درێژایی مێژو» تەرخان کرد. یەکەم چاپی ئەو بەشەی «شەرەفنامە» بریتی‌یە لە ٤٥٩ لاپەڕە.

بەشی یەکەمی «شەرەفنامە» لە بەشی دووەمی زیاتر سەرنجی ڕاکێشاوە و خوێنەران بە هۆی وەرگێرانی‌یەوە بۆ سەر زوانی کوردی زۆرتر ئاگادارین. لەبەر ئەوە وای بە پێویست دەزانین بەر لەوەی بکەوینە هەڵسەنگاندنی «شەرەفنامە» و دیار کردنی بایەخ و نرخی مێژوی سەرنج بۆ چەند لایەنیکی کەم زانراوی بەشی دووەمی ڕابکێشین.

شەرەف خان ڕۆژی ١٣ی ئابی ساڵی ١٥٩٧ دەستی کرد بە دانانی بەشی دووەمی «شەرەفنامە» و دەوروبەری کۆتایی ئاب یا سەرەتای ئەیلولی ساڵی ١٥٩٨ تەواوی کرد. زۆر جار ئەم بەشی دووەمەی «شەرەفنامە» بە «خاتیمە» ناو دەبرێت.

«خاتیمە» بۆ باسی سوڵتانەکانی ئالی عوسمان و پادشاکانی ئێران و توران و بەسەرهاتەکانی کوردستان لەنێوانی ساڵانی ١٢٨٧ و ١٥٨٧دا، واتە لە ماوەی سێ سەدەی ڕەبەقدا تەرخان کراوە،[1] کەوابێ ڕۆژگاری دامەزراندنی

---

١ - شەرەف خان سەرەتای بەشی دووەمی «شەرەفنامە»ی وەها دەست پێکردووە: «خاتمە در بیان احوال سلاطین حشمت آیین آل عثمان و پادشاهان ایران و توران...».

بنەماڵەی عوسمانی سەرەتا و رۆژگاری شەرەف خانی بدلیسی کۆتایی بەشی دووەمی «شەرەفنامە»یە. «خاتیمە» زۆرجار دێتە سەر گێڕانەوەی هەواڵەکانی سەردەمی هۆلاکۆ و چەنگیز و تەیمور و ئاقـقەرەقوینلو.

هەرچەندە بە بارست «خاتیمە» شتێکی ئەوتۆی لە بەشی یەکەمی «شەرەفنامە» کەمتر نی‌یە [1] و بە ناوە رۆکیش وەك ئەو رەسەن و دەوڵەمەندە بەڵام وەك وتمان، ئەو کەمتر سەرنجی شارەزایانی راکێشاوە.[2] هۆی ئەوە ئاشکرایە. زۆربەی باسەکانی بەشی یەکەمی «شەرەفنامە» کەس بەرلە دانەری توخنیان نەکەوتووە، لەبەر ئەوە هەرکەس کەم و زۆر خۆی بە مێژوی کوردستانی کۆنەوە خەریك کردبێت ناچار پەنای بردۆتە بەر.

بێ‌گومان ئەمە وا ناگەیێنی باسەکانی بەشی دووەمی «شەرەفنامە» کەم بایەخن. ئەو بەشەش پڕی‌یە لە باسی رِوداوی دەگمەن و هەواڵی رەسەن. بەڵگەی گرنگی وەك نامە و فەرمانی سوڵتان و شاکان کە هی وایان تێدایە دوایی بۆ مەبەستی سیاسی دەستکاری کراون و تێکدراون، «شەرەفنامە» و ئەوانەی لە پایەی بەرزی «شەرەفنامە» دان راستی‌یان وەك خۆی بۆ پاراستوین. جگە لەوە هەر ئەو بەرگە باسی گەلێك روداوی رۆژهەڵاتی ناوەراستی سەدەی شازدەی تێدایە کە شەرەف خان یا بۆ خۆی تیایاندا بەشدار بوووە یا لە دەمی بەشدارانی بیستووە، ئەو باسانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی مێژوییدا دەچنە خانەی سەرچاوەی رەسەنی باوەڕ پێکراوەوە. لێرەدا وەك بەڵگە چەند نمونەیەك دەخەینە بەر چاو.

---

١- یەکەم چاپی بەشی دووەمی «شەرەفنامە» ٣٠٨ لاپەڕەیە.

٢- زۆر جار دەقی فارسیی بەشی یەکەمی «شەرەفنامە» بە تەنها چاپ کراوە، وەك چاپی قاهیرەی ساڵی ١٩٣١ی و چاپی تارانی ساڵی ١٩٦٥ی. ساڵی ١٩٦٢ بەرگی دووەمی چاپی عەرەبیی قاهیرەی بڵاو کرایەوە، واتە پاش چوار ساڵ لە چاپی بەرگی یەکەمی. مامۆستا مەلاجەمیلی رۆژبەیانی و هەژاری شاعیر تەنها بەشی یەکەمی «شەرەفنامە» یان وەرگیراوە، یەکەمیان بۆ عەرەبی و دووەمیان بۆ کوردی.

به هۆی گەلێك سەرچاوەی کۆنەوە مێژونوسان ئاگادارن چۆن رۆکسلانەی بەرەگەز رووسی هاوسەری خۆشەویستی سوڵتان سلێمانی دادپەروەر (١٥٢٠ ـ ١٥٦٦) توانی وا لە سوڵتان بکات مستەفای کورە گەورەی کە لە یەکێك لە هەوێکانی بو بیکوژێت بۆ ئەوەی تەختی پاشایی بۆ سەلیمی کوری خۆی بمێنێتەوە. بەڵام بەرگی دووەمی «شەرەفنامە» نەبوایە کەس نەیدەزانی سەی محەمەدی میری هەکاری دەستی لە رێکخستنی ئەو پیلانە گەورەیەی ناو کۆشکی بە دەسەڵاتترین پاشای ئەو رۆژگارەدا هەبو، ئەو پاشایەی، ئەوروپا و ئەفریقا و ئاسیای هێنابووە لەرزین. شەرەف خان لە بەرگی دووەمی «شەرەفنامە»دا ئەو روداوەی بەم جۆرە تۆمار کردووە:

ساڵی ٩٦٠[1] سوڵتان سلێمانی غەزاکەر بۆ گرتنی ئێران ئەستەموڵی پایتەختی بەجێ هێشت کە کەژاوەی سوڵتان گەیشتە ناوچەی ئەرکەلێ و لەوێ دەوار و خێوەتی هەڵدا، میرسوڵتان مستەفای کوری بە لەشکرێکی گەورەوە لە ئەماسی یەوە هاتە دیدەنی.

رۆستەم پاشای وەزیری گەورە کە ترسی زەبر و دەسەڵاتی میری لێ نیشتبو بە یاریدەی سەی محەمەدی فەرمانرەوای هەکاری نامەیەکی ساختەی بەناوی شاتوهماسبەوە رێك خست و گەیاندییە سوڵتان. کە سوڵتان چاوی بەو نامەیە کەوت غەزەب گرتی و یەکسەر فەرمانی گرتنی میری دا و بە نهێنی خنکاندی».[2] نمونەیەکی تر: کە ساڵی ١٥٦٧ ئیسماعیلی دووەم هاتە سەر تەختی پادشایی گەنجینەی پڕ زێڕ و گەوهەری شاتوهماسبی باوکی خستە بەر دەستی شەرەف خان بو ئەوەی توماری سامانی ئەو گەنجینەیەی بۆ بگرێت.

---

١- مەبەست روداوەکانی ساڵی ٩٦٠ی کۆچی‌یە کە دەکاتە ساڵی ١٥٥٢ ـ ١٥٥٣ی عیسایی.

٢- جلد دوم از کتاب شرف نامه تألیف شرف خان بن شمس الدین بدلیسی که باتهام اقل عباد ولادیمیر ملقب ولیامینوف زرنوف در محروسه پطربورغ در دارالطباع آکادیمیه ایمپراطوریه سنه ١٨٦٢ عیسوی مطابق سنه ١٢٨٧ هجری مطبوع گردید، ص ٢٠٦، چاپی عەرەبیی قاهیرە، ص ١٨١ ـ ١٨٢.

دیارە هیچ سەرچاوەیەك ناگاتە ئەوەی شەرەف خان دەربارەی سامانی شاتوهماسبی نوسیون ئەو بە ژمارە و بە سەنگ باسی زیو و زێڕ و بەرگی ئاوریشم و چەك و جبەخانە و وڵاغی کە حیلەی کۆشکەکانی شاتوهماسبی کردووە. وەك دەڵێت ٣٨٠ هەزار تمەنی زیو و زێڕ و ملیۆنێك و ٨٠٠ هەزار مسقاڵ زیو و زێڕ و ٨٠٠ کڵاوی زیو و زێڕی دوای خۆی بەجێ هێشتووە، گوایە هیچ پاشا و سوڵتانێك.لە رۆژی هەڵهاتنی خۆری ئیسلامەتی‌یەوە بەرادەی ئەو کەل و پەلی گرانبەهای لێ بەجی نەماوە.[1] راپەڕینی گەیلان و دامرکاندنەوەی و لێدانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لەو باسە مێژوویی‌یە گرنگانەن کە شەرەف خان بۆ خۆی لە دروست کردنیاندا بەشدار بووە، بۆیەکا ئەوی ئەو لەبارەیانەوە نوسیویە باشترین سەرچاوەیە بۆ تێنگەیشتن و نرخاندنی روداوەکانیان. بە هەمان دەستور بایەخی مێژوویی ئەوی شەرەف خان دەربارەی شەڕی عوسمانی‌یان بۆ داگیر کردنی ناوچەکانی قەفقاس لەماوەی دە ساڵی نێوانی ١٥٧٨ و ١٥٨٨ دادەیگێڕێتەوەیەکجار زۆرە چونکە خۆی یەکێك بووە لە سەردارە گەورەکانی ئەو لەشکرەی داگیر کردنی گورجستانی پێ سپێردرا.

وێڕای هەمو ئەمانە «خاتیمە» سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ رون کردنەوەی گەلێك لایەنی مێژوی گەلی کورد، تایبەت ئەوانەیان کە پیوەندی‌یان بە روداوەکانی سەدەی شازدەوە هەیە، لە هەموشیان زیاتر دەوری کورد لە شەڕە قورسەکانی ئەو قۆناغەدا و باسی ئەو ناوچانەی کوردستان کە لەو رۆژگارەدا کەوتنە ژێر دەستی عوسمانی‌یەکانەوە. ئەوەی شەرەف خان دەربارەی ئازایی و نەبەردیی بوختی‌یەکانی قەڵای ئەرجیش دەیگێڕێتەوە شتێکی ئەوتۆی لە داستانی قەڵای دمدم کەمتر نی‌یە. شەرەف خان لە «خاتیمە»دا دەربارەی بەسەرهاتەکانی ساڵی ٩٥٩ی کۆچی (١٥٥١ ـ ١٥٥٢ی عیساسی) نوسیویە، دەڵێت:

---

١- «شەرەفنامە»، بەرگی دووەم، چاپی پیتەرزبورگ، ل ٢٥١ ـ ٢٥٢، چاپی قاهیرە، ل ٢١٩ ـ ٢٢٠.

«... ڕەمەزانی ئەو ساڵە لەشکری شاتوهماسب ڕووی کردە ویلایەتی وان و ئابلوقەی قەڵای ئەخلاتی دا. لەبەر ئەوە کە ئەو قەڵایە کەوتبووە سەر بەردی نارەق و ناپتە و وەستاکان لە هەر چوار لاوە کەوتنە لێدانی زێراب. ئەوانەی ناوقەڵاکە ناچار خۆیان دابەدەستەوە... دوای ئەوە شا ڕووی کردە ئەرجیش و فەرمانی دا بە توندی ئابلوقەی قەڵاکەی بدەن. قزڵباشەکان تەواو گەمارۆیان دا و چۆن توانییان کەوتنە شەڕ لە گەڵ ئەوانەی ناویدا. بەڵام ڕۆژهات و ڕۆژ ڕۆیی، ئابلوقە لە چوار مانگان تێپەڕی، زستان و سەرما و سۆڵە و بەفر و باران لە گەڵ زریان دەستی پێ کرد، شاتوهماسب کە بە خۆی و لەشکرییەوە لە چلەی زستاندا لە ناو خێوەتان کەوتبووە بەر بەفر و باران دەستی هەڵنەگرت، فەرمانی دایە پیاوەکانی هیچ دەرفەتێك (بو ئەوانەی ناو قەڵاکە ـ ك.م.) نەهێڵنەوە.

بەڕێکەوت ئەوسا کە چەند دەستەیەك لە بوختییەکانی وەك میربرایمی گورگیلی و پیاوەکانی لە ناو قەڵاکەدا بون و بە هیچ جۆر ئامادە نەبون خۆ بدەن نەدەستەوە، بە پێچەوانەی ڕۆمەکانەوە کە پاش ئەو هەمو بەرگرییە دەیانویست تەسلیم بن. ئەوان لە ژێرەوە لەگەڵ قزڵباشە ئابلوقە دەرەکاندا ڕێك کەوتن و گوریس و پەپژەیان بۆ شۆڕ کردنەوە و دەستەیەکیان لێ گەیاندنە ناوەوە وێکرا بە تیر و تفەنگ هێرشیان بردە سەر بوختییەکان کە نەیاندەویست دەست لە شەڕ هەڵبگرن و قەڵا بەدەستەوە بدەن، پەسێنویان دان و ناچاریان کردن بخزێنە لایەکەوە و ئەوجا بۆ خۆیان قەڵایان دایە دەست پیاوانی شاتوهماسب کە یەکسەر فەرمانی کوشتنی بوختییە پاڵەوانەکانی دا، هەر لەوێدا پێستی سەریان بە زیندویی گورون.[1] زۆر لایەنی تری «خاتیمە» شایانی پیاگوتن

---

١- هەمان سەرچاوە، چاپی پیتەرزبورگ، ٢٠٤ - ٢٠٦، چاپی قاهیرە، ل ١٠٨ - ١٨١، چاپی رووسی، ل ١٩٧ - ١٩٨.

و پیاهەڵدانن، جا خۆزیا خامەی ڕەنگینی هەژاری شاعیری هێژا ئەویشی دەکردە دیاری یەکی بەهاداری تر بو خوێندەواری کورد و کتێبخانەی کوردی و گەنجینەی سەرچاوە مێژوییی‌یە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات.

شەرەف خانی بدلیسی لە مەیدانی مێژو ناسیدا، بە سەنگ و تەرازوی بێگانە بەر لە سەنگو تەرازوی خۆمانە، شۆڕەسواری مەیدان بو، دەیزانی چۆن دەنوسێ و چی دەنوسێ و لە کوێوە ناو دڵی نیشان دەپێکێ. بۆ خۆی دەیگوت مێژو «لە سەروی هەمو هونەرانەوەیە» چونکە «پڕی‌یە لە ئامۆژگاری»، «بەسەرهاتی ڕابردومان دەداتەوە».

شەرەف خان بۆ دانانی «شەرەفنامە» کەڵکی لە گەلێك سەرچاوەی عەرەبی و فارسیی کۆن و ڕەسەن وەرگرتووە، قسە و باسی پیران و بەرهەمی شاعیران و گۆرانی شایەران و تاقی کردنەوەکانی خۆشی کردنە سەرچاوەی بە کەڵك. شەرەف خان وەستایانە ئەو کەرەستە دەوڵەمەندەی بە کار دەهێنا، زۆر بە وردی سەرنجی لێ دەدان، هەمو لایەکی هەڵدەسەنگاندن و تەتەڵەی دەکردن.ی. ڤاسیلیڤا لەم بارەیەوە نوسیویە، دەڵێت:

«وا پێ دەچێت نوسەر (واتە شەرەف خان ــ ك.م.) بە ئەوپەڕی دوودڵی‌یەوە دەیڕوانی‌یە ئەو هەواڵانەی (لە خەڵکی دەبیستنەوە ك.م.م) گومانی لە ڕاستی و دروستی‌یان نەبوایە ئەوسا بە کاری دەهێنان.[1] جا لیرەدا گەر بڵێین ئەم قسانەی ڤاسیلیڤا، وەك هەموقسەکانی تری بەرهەمی خەڵوەتی پازدە شازدە ساڵەین لەگەڵ هەرد و بەرگی «شەرەفنامە» دا ئەوسا کە، بێ‌گومان، زیاتر لە نرخ و بایەخیان تێ دەگەین.

بابەتەکی [2] و بێلایەنی، ئەو دو مەرجە گرنگ و پێویستەی سەرکەوتنی

---

١- «شەرەفنامە»، بەرگی دووەم، چاپی رووسی، ل ١٦.

٢- بابەتەکی = الموضوعیة

مێژونوس، ئاشکرا بە نوسینەکانی شەرەف خانەوە دیارن. ئەو کاتەی شەرەف خان دەستی دایە نوسینی «شەرەفنامە» پێوەندی لەگەڵ شاسەفەوی‌یەکاندا خراپ و لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی‌یەکاندا چاك بو، کەچی کە هاتۆتە سەرباسی هەر کامێکیان هەوڵی داوە بێ لایەن بێ نە شەرەف خان تا رادەیەکی زۆر وەك یەك بەشان و باهوی شاتوهماسب و سوڵتان موراددیدا هەڵداوە، خۆی لەوە کەڕ کردووە کە شا و سوڵتان شیر و تیریان لە یەك دەسوو. بۆ ئەو رۆژگارە کەم نەبو بە شاتوهماسب بگوترێت «پادشایەکی دادپەروەر و کامڵ و رەعیەت پەروەر بو».[1] ئەوانەی باسمان کردن و چەند هۆیەکی‌تری وەك ئەوان وایان لە ڤاسیلیڤا کردووە بڵێت «پێم‌وایە سەرچاوەیەك نی‌یە بەرادەی... «خاتیمە» بابەتەکی وا راست گۆیانە وێنەی ژیانی ناوەوەی ئێرانی نیوەی دووەمی سەدەی شازدەی بۆ کێشابین، تایبەت لەو رۆژگارە تاریکەیدا کە ساڵی ١٥٧٦ بە مردنی شاتوهماسب دەستی پێ کرد».[2] دیارە لەخۆڕاش نییە زانایەکی گەورەی وەك پێتروشێڤسکی «شەرەفنامە» دەگەیێنێتە پایەی سەرچاوە ئەرمەنی‌یە کۆنەکان کە کەس نی‌یە گۆمان لە نرخی زانستی بەرزیان بکات[3] ڤلیامینۆف زیرنۆف بە رستەیەکی زۆر کورت هیچی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە دەربارەی «شەرەفنامە» بیلێت. ساڵی ١٨٦٠ زیرنۆف نوسیویە، دەڵێت: «لە ماوەی دەوروبەری ٣٠٠ ساڵدا لە رۆژهەڵات هیچ بەرهەمێك نەهاتۆتە گۆڕێ بتوانێت شان لە شانی «شەرەفنامە» بدات».[4] وەك دواییش باسی دەکەین بایەخ پێدانی بێ ئەندازەی زانایان بە «شەرەفنامە» بەڵگەیەکی تری پایەبڵندیی ئەو سەرچاوەیە. دوکتور

---

١- «شەرەفنامە»، بەرگی دووەم، چاپی پیتەرزبورگ، ل ٢٥١، چاپی قاهیرە، ل ٢١٩ - ٢٢٠.

٢- «شەرەفنامە»، بەرگی دووەم، چاپی رووسی، پێشەکیی ڤاسلیڤا، ل ٢٢ ڤاسیلیڤا، ل ٢٢.

٣- ی.پ پیت. و شێڤسکی لێکۆڵینەوەی مێژوی پێوەندیی دەرەبەگی لە ئازەربایجان و ئەرمینیا لە سەدەی شازدەوە تا سەرەتای سەدەی بیست، بە زبانی رووسی، لێنینگراد، ١٩٤٩، ل ٣١.

٤- «شەرەفنامە»، بەرگی یەکەم. چاپی پیتەرزبورگ. ل ٩.

شەمسی [1] سەبارەت بەم باسە نوسیویە، دەڵێت:

«ئەم کارە بەهادارە (واتە «شەرەفنامە» ـ ك.م) سەرچاوەیەکی نایابە بۆ لێکۆڵینەوەی نەك تەنها مێژوی کورد بەڵکو هی ئازەربایجان و ئێران و تورکیا و وڵاتانی دراوسێی تری کوردستان. لە خۆڕا نی‌یە نوسەرانی چەرخەکانی دوای (شەرەف خان ـ ك.م.) لە «شەرەفنامە» زیاتر کەڵکیان وەرگرتووە وەك لە سەرچاوەکانی تر». [2] «شەرەفنامە» چەند بە ناوەرۆك دەوڵەمەندە هێندەش لە

---

١- ساڵی ١٩٦٧ دوکتور م. شەمسی لە ئامۆژگاری مێژوی سەر بە کوڕی زانیاری ئازەربایجانی سۆڤیەت بڕوا نامەی دوکتورای لە سەر «شەرەفنامە» وەرگرت. نامەی دوکتوراکەی «شەرەفنامەی شەرەف خانی بدلیسی وەك سەرچاوەی مێژوی گەلی کورد» ساڵی ١٩٧٢ لە کتێبێکی سەدوچل و سێ لاپەڕەییدا بە زوانی ئازەری چاپ کرا (مەمێد ئەسکەندەر ئۆغلی. شەرەف خانی بدلیسی «شەرەفنامە» ئەسەری کورد خەلگنن تاریخی منبعی کیمی، باکی، ١٩٧٢). بەر لەوەش کورتەی بە رووسی بڵاو کرایەوە. دوکتور شەمسی لەو بەرهەمەیدا گەلێك زانیاریی گرنگی دەربارەی «شەرەفنامە» و مێژوی کورد و کوردستان بڵاو کردۆتەوە کە شایانی نرخاندنی بەرزن. بەڵام لەگەڵ ئەوەش کەوتۆتە چەند هەڵەیەکی کەمەوە کە بۆ کاری زانستی وەك ئەوەی ئەو ئاسایین. شایانی باسە ڤاسیلیڤا وەستایانە وەڵامی ژمارەیەك لە هەڵەکانی دوکتور شەمسی دا وەتەوە (بڕوانە: «شەرەفنامە». بەرگی دووەم. چاپی رووسی. ل ١٩ ــ ٢٠). من لێرەدا دەمەوێت سەرنجی خوێندەواران و دوکتور شەمسی بۆ تەنها یەك راستیی بایەخدار رابکێشم. د. شەمسی شەرەف خان بدلیسی ساڵی ١٥٤٣ لە شارۆکەی گۆمی ناوچەی قەرەخرود لەدایك بووە. ئەمیر شەمسەددین بدلیسی باوکی کە لە هۆزی کوردی رۆژەکی‌یە دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی میرنشینی بە میرات بۆ ماوەی لێ سەندەوە ساڵی ١٥٣٥ هاتە ئازەربایجان. کاتێك لەگەڵ سەفەوی‌یەکاندا کاری دەکرد میرشەمسەددین کچی ئەمیر خان موسولوی خواست کە باوکی یەکێك لە سەردارانی قزلباش و چاودێری کەرانی شاتوهماسبی یەکەم بو . لەبەر ئەوە، شەرەف خانی بدلیسی لە باوکەوە کورد و لە دایکەوە ئازەربایجانی‌یە» (بڕوانە لاپەڕەی ٥ کورتەی نامەی دوکتورا کە بە زوانی رووسی). ئێمە هیچ لاریمان لەم قسانەی دوکتور شەمسی نی‌یە بە مەرجێك بەهەمان گەز کوتاڵی ئێمەش بپێون. لێرەدا تەنها یەك نمونەی پچوك دەخەمە بەرچاو. شاعیری گەورەی رۆژهەڵات و ئازەربایجان نیزامی گەنجەوی(١١٤١ ـ ١٢٠٩) کە تەنها بە زوبانی فارسی بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە بۆ خۆی بە شانازی‌یەوە گوتویە«دایکم لە ئەشرافی کوردانە». جا ئاخۆ دوکتور شەمسی نیوەی نیزامیمان دەداتێ تا ئێمەش نیوەی شەرەف خانی لە سەر سینی‌یەکی زێر پێشکەش بکەین.

روی زوبانەوە دەوڵەمەند و پتەوە. شەرەف خان بۆ خۆی لە سەرەتای بەشی یەکەمی «شەرەفنامە» دا دەڵێت مێژونوس پێویستە نوسەری «چاکی دەست و قەڵەم رەنگین» بێت. کەسێکی شارەزانییە بە وەدا نەنێت کە شەرەف خانی بدلیسی بە راستی نوسەرێکی چاکی دەست و قەڵەم رەنگین بو. با لێرەدا پەنا بەرینە بەر قسەی شارەزایانی خۆمان. هەژاری شاعیر کە بەشێکی تەمەنی لە میحرابی «شەرەفنامە» دا بردە سەر و بۆ خۆی شۆرەسواری فارسی و کوردی‌یە لەم بارەیەوە نوسیویە، دەڵێت:[1]

«ئەگەر ئەو نوسراوە فارسی‌یانەی لەو چاخەدا (واتە لە رۆژگاری شەرەف خاندا ـ ك.م.) نوسراون لەگەڵ فارسی‌یەکەی «شەرەفنامە» دا لەبەر یەکیان راگرین. گومان نامێنی کە شەرەف خان سەرتۆپی هەمو نوسەرانی فارسی زمانی ئەو زەمانە بووە و بۆ کەرەستەی شەرەفنامەکەی هیناوی‌یە پوختەی فارسیی ئەو سای گوڵبژێر کردووە و چەپکی سەر سەوەتەی ئەدەبیاتی فارسیی ئەو سەردەمەی نیشانی خەڵکی دونیا داوە.»

با ئەوەش بڵێین کە فارسیی ئەو رۆژگارە «بەرگێکی زۆر فش و فۆڵ و ناقۆڵای» لەبەر خۆی کردبو.[2] بەلای منەوە لە هەموی گرنگتر ئەوەیە کە شەرەف خانی بدلیسی بەو هەمو توانا و دەسەڵاتەیەوە لە خۆی بایی نەبو، وەك هەمو زانایەکی رەسەن زۆر سادە و ساکار بو. با گوێی لێ بگرین بزانین بۆ خۆی چۆن «شەرەفنامە» هەڵدەسەنگێنی: «لە زانایانی پیاو چاك و دڵپاك و بە وەج

---

٢- دوکتور شەمسی، کورتەی نامەی دوکتوراکەی بە زمانی رووسی، ل ٧، ٢٣ ـ ٢٤.

١- بەلای مامۆستا مەسعودمحەمەدەوە لە روی «دارِشتن و بە پێزی‌یەوە» شەرەفنامە کوردی‌یەکەی هەژار گەلێك لە فارسی‌یەکەی شەرەف خان بەهێزترە. مام هێمنی شاعیر لەو بڕوایە دایە کە «شەرەفنامەی هەژار دەبێ بکرێتە بەردی بناغە بۆ کوردیی ئەدەبی و زمانی یەکگرتومان» تۆ (بڕوانە: «شەرەفنامە»، چاپی کوردی، ل پەنجاونۆ، حەفتاودو).

٢- «شەرەفنامە»، چاپی کوردی، ل ٤٠

دەپارێمەوە زۆر بە وردی لە نوسینەکەم ورد بنەوە و ئەگەر پەشێوی‌یەکیان بەرچاو کەوت بە شێوەیەکی مەردانە بەراوردی بکەن. خۆ ئەگەر هەڵە و لەبیر چونیکم لەسەر دەدۆزنەوە هەر بەگاڵتە پێ کردن و تیر و تەشەر لێم نەقۆزنەوە، پیاوەتیم لەگەڵ بکەن و بە پارچەیەکی چاکتر و بە بزرگواریکی تازەتر و پاکتر بۆم پینە بکەن.»[1] خۆزگا ئەم قسە بەپێزانە دەبونە دەرس بۆ نەوەی شەرەف خان بدلیسی. لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە وا شەرەف خان هەرچەندە لە ڕێبازی مێژونوسانی رۆژگاری خۆی و پێش خۆی لای نەداوە و وەك ئەوان خۆی خستۆتە «ڕیزی بەرێزترینی دەرگەوانان و پاسەوانانی» پاشایان،[2] بەڵام لەگەڵ ئەوەش بە خۆ نازینی ڕەوا و بە جێی زۆر پێوە دیارە، ئەوەی لە زۆر شوێنی «شەرەفنامە» دا بە هاسانی هەستی پێ دەکرێ. شەرەف خان دڵنیا بو لەوەی «پرشنگی لاپەڕەکانی «شەرەفنامە» وەك تیشکی رۆژ» دەدرە و شێتەوە و «هەمو جیهان پڕ دەکاتەوە».

واش بو «شەرەفنامە» هەر زو سەرنجی زانایانی ڕاکێشا. لە رۆژگاری شەرەف خان خۆیەوە خوێندەواران کەوتنە نوسینەوەی رونوسی تری بەرگی یەکەم و دووەمی ساڵی ١٦٠٦ لە شاری کَلس حەسەنی کوڕی نورەددین لە ٣٢٧ پەڕەدا بە بێ‌دەستکاری رونوسی یەکەم ژمارەی «شەرەفنامە»ی کرد کە ئێستە لە کتێبخانەی بودلیانی ئۆکسفۆرد هەڵگیراوە. حەسەن بەگی یەزدی یەکێکە لە وانەی ساڵی ١٦٤٥ «شەرەفنامە»ی نوسیوەتەوە. ئیستە تەنها لە کتێبخانە ناودارەکاندا ٢٢ دەسنوسی «شەرەفنامە» هەیە. هیچ دور نی‌یە تا ئیستەش ژمارەیەکی زۆر لە دەسنوسە کۆنەکانی «شەرەفنامە» لە کوردستان خۆی یا لە

---

١- هەمان سەرچاوە، ل ٨.

٢- زۆر سەیرە کە خوالێخۆشبو محەمەدعەلی عەونی بەشێکی ئەم ڕستەیەی پەڕاندووە گوایە لەبەر ئەوەی لە خۆبایی بونی پێوە دیارە(بڕوانە:«شەرەفنامە»، بەرگی دووەم، چاپی قاهرە، ل ٤).

وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەبێت، چونکە وا دیارە دوای شەرەف خان بە ماوەیەکی زۆر هێشتا روناکبیران هەر «شەرەفنامە»یان رونوس کردووە. بۆ وێنە ئەو دەسنوسەی «شەرەفنامە» کە لە کتێبخانەی ماتینەدەرانی یەرێڤان هەڵگیراوە لە سەدەی هەژدە دا نوسراوەتەوە.

کۆنترین و بە نرخترین و راستترین دەسنوسی زانراوی «شەرەفنامە» ئەوەیان کە شەرەف خان بە دەسخەتی خۆی بە ناو «شەرەفنامە»ی تاریخی کوردستان»ەوە نوسیویەتەوە و ئێستە لە کتێبخانەی بۆلیان لە ئۆکسفۆرد هەڵگیراوە. رووسەکان دوای سەرکەوتنیان لەو شەرەیاندا کە لەگەڵ فارسەکان ساڵی ١٨٢٦ ـ ١٨٢٨ کردیان، کتێبخانەی بە ناوبانگی سەفەوی‌یەکانیان لە ئەردەبیلەوە گواستەوە پێتەرزبورگ. یەکێك لە کتێبە بە نرخەکانی دەسنوسێکی «شەرەفنامە» بو کە ساڵی ١٥٩٨ نوسراوەتەوە و شەرەف خان بۆ خۆی پیاچۆتەوە و مۆری خۆی لە سەر داناوە. ئەو دەسنوسە ئێستە وا لە کتێبخانەی گشتی لینینگراد. رونوسی تری «شەرەفنامە» لە موزەخانەی بەریتانیا و کتێبخانەی ئەستەموڵ و شوێنی تر هەڵگیراوە.

هەرزوو شارەزایان کەوتنە وەرگێرانی «شەرەفنامە» بۆ سەر زوبانی تر. ساڵ بە سەردانانی «شەرەفنامە» دا تێنەپەری کە دو جار کرایە تورکی. جاری یەکەم محەمەد بەگی ئەحمەد بەگی میرزا ساڵی ١٠٧٨ی کۆچی (١٦٦٧ ـ ١٦٦٨ی عیسایی) کورتەی «شەرەفنامە»ی وەرگێرایە سەر تورکی کە تا ئێستە دو دەسنوسی لێ دۆزراوەتەوە. پاش دەوروبەری ٢٠ ساڵ سامی ناوێك هەمو «شەرەفنامە»ی کردووە بە تورکی. وەك لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین «شەرەفنامە» وەرگێردرایە سەر ژمارەیەك زوبانی تری رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی.

بە هەمان دەستور زو «شەرەفنامە» بووە سەرچاوەی گەرێدە و مێژونوسانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا. حاجی خەلیفە کە بە کاتب چەلەبیش ناسراوە، چلەکانی سەدەی هەژدە بۆ دانانی «جیهان نوما» کەڵکی زۆری لە «شەرەفنامە» وەرگرت،

به تایبەت بۆ رون کردنەوەی باری جوغرافیای مەڵبەندەکانی کوردستان و ژیانی هۆزە کۆچەر و نیشتە جێکانی. دوابەدوای ئەو دەروێش محەمەدی زیللی کە بە ئەولیا چەڵەبی ناسراوە (١٦١١ ـ١٦٧٩؟) کەڵکی لە «شەرەفنامە» وەرگرت و چەند جارێك ناوی خۆی و خاوەنی لە بەرگی چوارەمی «سیاحەتنامە» بە ناوبانگەکەیدا هێناوە.[١] زۆری ئەبرد رۆژئاواییەکانیش بە «شەرەفنامە» یان زانی. هێربیلۆ یەکەم زانای ئەوروپاییەیە باسی « شەرەفنامە»ی کردووە کە لە رێگەی «جیهان نوما»ی حاجی خەلیفەوە بەبونی زانیوە. ساڵی ١٧٧٦ هێربیلۆ لەو کتێبەیدا بەزمانی فەرەنسەی بەناوی «کتێبخانەی رۆژهەڵات یا فەرهەنگی گشتی»یەوە دایناوە چەند جارێك ناوی «شەرەفنامە»ی هێناوە.[٢] کاربەدەستی دیپلۆماسی ناسراوی بەریتانیاییجۆن مالکۆلم (١٧٦٩ ـ ١٨٣٣) کە ماوەیەکی زۆری لە هندوستان و ئێران بردۆتە سەر یەکەم ئەوروپاییە دەسنوسی «شەرەفنامە»ی دەسکەوتووە و کەڵکی لێی وەر گرتووە بۆ دانانی بەرگی دووەمی ئەو کتێبەی کە بۆ مێژوی ئێران تەرخان کراوە.[٣] دوای مالکۆلم بە دەوروبەری بیست ساڵێك مێژونوسی فەرەنسەیی کاترمێر کەڵکی زۆری لە «شەرەفنامە» وەرگرت بۆ دانانی ئەو کتێبەی کە ساڵی ١٨٣٦ لە پاریس بە ناوی «مێژوی مەغۆلەکانی ئێران»ەوە بڵاوی کردەوە. «شەرەفنامە»ی شەرەف خانی بدلیسی زۆر زو سەرەنجی رۆژهەڵاتناسانی رووسی راکێشا خ.د. فرێن یەکەمین زانای رووسی بو کە ساڵی ١٨٢٦ لە یەکێك لە رۆژنامەکانی پێتەرز بورگدا باسی «شەرەفنامە»ی وەك «سەرچاوەیەکی مێژویی یەکجار گرنگ» کرد. هەر ئەو

---

١- بڕوانە: «کورد لە مێژوی دراوسێکانیدا. سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی»، وەرگێڕانی سەعید ناکام. کوڕی زانیاری کورد. بەغدا. ١٩٧٩، ل ٧٤، ٩٧، ١٠٣، ١٩١، ١٩٢، ٢٣٢، ٢٣٤، ٢٧٨، ٢٨١.

٢- بڕوانە: ژ.س. موسەلیلیان. بیبلیۆگرافیای کوردناسی ی. بە زمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٣، ل ٥٥.

٣- j. Malcolm, the histors of persia form the early period to the present time, 24 Vol. 2. London 1815.

سالەم. ڤۆلکۆڤیش بە درێژی باسی «شەرەفنامە»ی کردووە.[1] پاش سێ سالّ فرین لە یەکێك لە نوسینەکانیدا دیسان هاتۆتەوە سەر باسی «شەرەفنامە» و داوای کردووە بە زوترینکات دەقی فازسێکەی بڵاو بکرێتەوە بێدواخستن وەربگێرێتە سەر زمانیکی ئەوروپایی. دوابەدوای فرین ژمارەیەکی تر لە رۆژهەڵاتناسانی روسیيا داوای بڵاوە کردنەوە و وەرگێرانی «شەرەفنامە»یان کرد.

زانا و کاربە دەستی کۆڕی زانیاری روسیيا ڤلیامینۆف زێرنۆف (١٨٣٠ - ١٩٠٤) ئەرکی بڵاو کردنەوەی «شەرەفنامە»ی بە فارسی گرتە ئەستۆی خۆی و سالّی ١٨٦٠ بەرگی یەکەمی بە پێشەکییەکی بیست لاپەڕەیی بە نرخەوە بە زمانی فەرەنسەیی بڵاو کردەوە. دو سالّی پێ نەچو بەرگی دووەمیشی لەگەلّ پێشەکی یەکی فەرەنسەیی حەوت لاپەڕەییدا بڵاو کردەوە.[2] ئەم کارە هێند لە پایەی زانستیی ڤلیامینۆف زێرنۆڤی بەرز کردەوە کە نازناوی بەرزی ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری روسیيا لە سەری پێدرا.

لە ئەوروپا سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە «شەرەفنامە» بۆ یەکەم جار لە لایەن گ.أ. باربەوە وەرگێرایە سەر زمانی ئەڵەمانی و بەرە بەرە لە نیوانی سالانی ١٨٥٣ و ١٨٥٩ دا لەگەلّ پێشەکییەکی وەرگێڕ دا بڵاو کرایەوە. پرۆفیسۆر ف.ب. شارموا ٣٠ سالّ کاری بێوچانی بۆ وەرگێرانی بەرگی یەکەم و دووەمی «شەرەفنامە» بۆ سەر زمانی فەرەنسەی تەرخان کرد و لە چوار بەرگی سەر بە خۆدا بڵاوی کردنەوە. شارموا سالّی ١٨٦٨ بەشی یەکەمی بەرگی یەکەم و سالّی ١٨٧٠ بەشی دووەمی بەرگی یەکەم و سالّی

---

١- ك.ك. کوردوییڤ. کوردناسی. - «موزەخانەی ئاسیایی - لقی لێنینگرادی دەزگای رۆژهەڵاتناسیی کوڕی زانیاری سۆڤیت». مۆسکۆ. ١٩٧٢، ل ٣٨٦ - ٣٨٧.

٢- کاتی خۆی کوڕی زانیاری کورد هەر دوکیانی دەس کەوت.

١٨٧٣ بەشی یەکەمی بەرگی دووەم و ساڵی ١٨٧٥ بەشی دووەمی بەرگی دووەمی لە پیتەرزبورگ چاپ کرد. وەك ی. ڤاسیلیڤا دەڵێت ئەو کارەی شارموا «تا ئیمرۆش نرخی زانستیی خۆی لە دەست نەداوە».[1] هیچ کاتێك بایەخی «شەرەفنامە» وەك سەرچاوەیەکی گرنگ و رەسەن کەم نابێتەوە. لێرەدا ئەوەندە بەسە کە ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسیی کۆڕی زانیاری سۆڤێت ـ لقی لێنینگراد لە سەرەتای شەستەکانەوە ڤاسیلیڤای کاربەدەستی بۆ وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی هەر دو بەرگی «شەرەفنامە» تەرخان کرد. ڤاسیلیڤا ساڵی ١٩٦٧ بەرگی یەکەم و ساڵی ١٩٧٦ بەرگی دووەمی «شەرەفنامە»ی بە دو پێشەکیی قووڵەوە بڵاو کردەوە. رۆژهەڵاتناسانی سۆڤێت و دەرەوە ئەم کارە بەهادارەی ڤاسیلیڤایان بەرز نرخاند.[2] هەرچی ئامۆژگاری گەلانی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراستی سەر بە کۆڕی زانیاری ئازەربایجانی سۆڤێتە «شەرەفنامە»ی کردە باسی نامەی دوکتورای م. شەمسی کە ساڵی ١٩٦٧ تەواوی کرد.[3] دوکتور شەمسی جگە لە نامەی دوکتوراکەی زنجیرەیەك وتاری زانستیشی دەربارەی شەرەف خان و «شەرەفنامە» بڵاو کردوتەوە. وەك «مێژونوسی کوردی بە ناوبانگ شەرەف خانی بدلیسی»[4] و «باسی راپەرینەکانی سەدەی شازدەمینی هۆزە کوردەکان لە شەرەفنامەدا».[5] رون کردنەوەی باسەکانی جگە لە «شەرەفنامە» دوکتور شەمسی ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی کۆنی وەك «نزهةالقلوب»ی حمداللّٰهالقزوینی و

---

١- «شەرەفنامە»، چاپی رووسی، بەرگی یەکەم. ل ٢٣.

٢- بە وێنە بڕوانە گۆڤاری «گەلانی ئاسیا و ئەفریقا»، بە زمانی رووسی، مۆسکۆ، ژمارە شەش، ١٩٦٨، ل ٢٠١ـ٢٠٢.

٣- بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٢٥.

٤- بڕوانە گۆڤاری «هەواڵەکانی کوڕی زانیاری ئازەربایجانی سۆڤێت» باکۆ، ژمارەیەك، ١٩٦٧، ل ٦٧ـ٧٢.

٥- هەمان سەرچاوە، ژمارەیەك، ١٩٦٨، ل ٤ـ٦٤.

بەرهەمی مێژونوسانی سەردەمی شەرەف خانی وەکی قازی ئەحمەدی غەفاری بە کار هێناوە.

دەقی فارسی‌یەکەی «شەرەفنامە» لە قاهیرە و شوێنی تریش چاپ کراوە، هەر وەها بەرگی یەکەمی تا ئێستە دو جار بە عەرەبی بڵاو کراوەتەوە، جاری یەکەمیان ساڵی ١٩٥٣ و جاری دووەمیان ساڵی ١٩٥٨ لە بەغدا بەرگی دووەمیشی یەك جار بە عەرەبی ساڵی ١٩٦٢ لە قاهیرە بڵاو کراوەتەوە.[1] بە داخەوە دوای هەموان «شەرەفنامە» سەرنجی خاوەنی راستەقینەی خۆی راکێشا. ئەگەر کارەکانی مەلا مەحمودی بایەزیدیی لێ دەربکەین تا سەدەی بیستەم خوێندەوارانی کورد بایەخێکی ئەوتۆیان بە «شەرەفنامە» نەداوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دو زانای کورد (خوالێخۆشبو مامۆستا محەممەدعەلی عەونی و مامۆستا جەمیل بەندی رۆژبەیانی) «شەرەفنامە»یان بە زوانی عەرەبی بڵاو کردەوە. ساڵی ١٩٧٢ هەژاری شاعیر بە یاریدەی «کۆڕی زانیاری کورد» کە لێنێکی زۆر گەورەی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ کردەوە بەوەی بە زوبانی کوردی «شەرەفنامە»ی لە بەرگێکی جوان و رازاوەدا بڵاو کردەوە. هەژار بەو کارە گەورەیەی قەرزی نیشتمانی بە سەر خۆیەوە نەهێشت.[2] ناوی هەندێ لە زانایانی بدلیسی: شێخ ئەبو تاهیری بدلیسی لە پیرانی دەستگیری سەدەی نویەمە کە جامی لە نەفەحاتدا یادی کردوە و ئەوی بە یەکێ لە ئەولیای گەورە داناوە، مەولانا حوسامەدینعەلی بدلیسی کە تەریقەتی دەچێتەوە سەر عارفی رەببانی عەماریاسر بدلیسی و لە ٩٠٠ وەفاتی کردوە و خیوی جامع‌التنزیلە لە ٥ جەڵدا لە تەفسیری قورئاندا، مەولانا شاحوسین بدلیسی کە لە بدلیسدا مزگەوت و

---

١- دوایی دێینەوە سەر ئەم باسە.

٢- ئەم باسەمان بە تەواوی لە مێژوی نوسراوی دوکتور کەماڵ مەزهەر ئەحمەد پەرەی ١٠٤ تا ١٢٦ چاپی ـ ساڵی ١٩٨٣ زایینی وەرگرتوە، خوا لە کەندوکوسپ ئەو زانا مێژوزانە بپارێزێ (شەپۆل).

خانەقای بوە و ١٢٠ سالْ ژیاوە و لە ئاخری سەدەی دەیەمدا وەفاتی کردوە. شوکری بدلیسی، شاعیر، وێژاوەر و مێژوزان بوە، مەولانا خزر بەبەی خێزانی بدلیسی لە هۆزی بابانە و لە بدلیس تەفسیر و فەرموده و فیقهی شافیعی بە دەرس وتۆتەوە و لە ١٠٠٥ وەفاتی کردوە، مەولانا موسابدلیسی لە سەرەتای سەدەی یازدەهەم لە بدلیس مودەریس بوە، مەولانا محەمەد زەرقی سۆفی بدلیسی کە مامۆستا و موفتی و عارفێکی گەورەی ساڵەکانی بەر لە ١٠٠٥ی مانگی بوە. ئەمیر شەرەف خانی بدلیسی خیوی مێژوی شەرەفنامە، مەولانا عەبدولخەلایق خێزانی بدلیسی کە شیخ‌الاسلامی بدلیس بوە و عارف و شاعیر بوە و لە سەدەی دەیەم ژیاوە و ئەمەش چەن شێعر لە قەسیدەیەکی ئەو زاتە:

دار و دەوەنی پڕ گوڵ باخ و رەزی پڕ میوە
دەشت و دەری رەنگیوە، کێو و کەژی خەمڵیوە
بدلیسە مەکۆی رازان بۆ دڵبەر و چاو بازان
پێك هێنەرە بۆ نیازان جێی پەسنە لە لای چازان

مەولانا عەبدورەحیم بدلیسی لە سەدەی ٨ ژیاوە و کتێبی لە زانینی مەنتیق داناوە و کۆبەی لە سەر مەتالیع هەیە.

مەولانا شێخ عەمماریاسر لە ساڵی (٥٨٢ = ١١٨٦) وەفاتی کردوە کە پیری دەستگیری شێخ نەجمەدین ئەحمەد کوڕی عومەری خەیوفی بوە کە نازناوی تامةالکبری (بەڵای گەورە) بوە و یاسر مریدی ئەبونەجیبی سوهرەوەردی بوە کە لە ساڵی ٤٩٠ وەفاتی کردوە. مەولانا عەبدڵلا بدلیسی رەشك لە سەرەتای سەدەی ١١ ژیاوە و مودەریسی فێرگەی ئیدریسیە بوە.

مەولانا کەمالەدین حەکیم ئیدریس بدلیسی. مەولانا محەمەد بەرقەلعی بدلیسی، موشتاق ئەفەندی بدلیسی، زانا، عارف و شاعیر بوە و لە ١٢٤٧ی مانگی وەفاتی کردوە.



# ئەبوعەلی ئیسمایل قاڵی دیاربەکری

**٢٨٨ ـ ٣٥٦ مانگی = ٩٠١ ـ ٩٦٧ی زایینی[١]**

قاڵی بەر ئاوەژوی قیاس مەنسوب بە (قالیقلا) لە سەر وەزنی عالی سەرایە و یەکێکە لە شارەکانی دیاربەکر و مەنسوب بەو شارەیە.

ئەبوعەلی سمایل کوڕی قاسم کوڕی عیذون کوڕی هارون بەغدای، قاڵی یەکێە لە زانایانی ئەدەب و وێژاوەری و لە لوغەت و بێژەزانین دا پێشەوایە و خاوەنی کتێبی ئەمالی: کتێبی (نەودار) و کتێبی (مقاتل الفرسان) و هی ترە.

ئەبوعەلی قاڵی دیاربەکری لە گوندی (مەنازجیرد)ی، سەر بە دیاربەکرەوە لەساڵی ٢٨٨ کۆچی مانگی.و ٨٩٣ زایینی لە دایك بوە و [٢]لە سالی ٣٠٣ بە کاروانی قالیقلا چۆتە شاری بەغدا و بە قاڵی ناو بانگی دەرکردوە و لای مامۆستایانێکی وەکو زەجاج و ئەخفەشی گچکە و نەوتەوەیە زانستی وێژاوەری و ئەدەب فێر بوە و لە پاشان چۆتە ئەندەلوس و لای (مستنصرباللە) خەڵیفەی ئەمەوی پلە و پایەی بەرزی گیرکەوت و لە ساڵی ٣٥٦ کۆچی مانگی و ٩٦٧ زاینی لە قورتوبە بارگەی بەرە و لای خوا تێکناوە.

مەنازجیرد یامەلازگرد شارێکە لە سەر فوراتی خۆرهەڵات لە نێزیك دەریای ـ وان ـ دایە و (قاڵی قلا) سەر بە دیاربەکرە و لە نێوان تەرابۆزان و مەنازجیرد ـ ە ـ سەمعانیش هەروای نوسیوە. بەڵام عیمادەدین کاتبی ئیسفەهانی لە مێژوی سەلجوقی دا نوسیویەتی: قاڵی قلا ئەرزەن روم ـ ە.

ئەم زانایە چۆتە عێراق و لای ئەبوبەکر کوڕی دورەیدی ئەزودی و ئەبوبەکر کوڕی ئەنباری و نەفتەوەیە و لای کۆڕی دوروستوەیە خوێندویەتی و

---

١ ـ ئەعلامی زەرەکلی ج ١ لاپەرەی ٣٢١ چاپی ٦ ساڵی ١٩٨٤ز

٢ ـ ئەوە کە ئەبوعەلی قاڵی دیاربەکری لە ٢٨٨ ی مانگی لە دایك بوە قسەی خاوەنی معجم‌الادبا و عیون التواریخ و وەفەیات و ئەنباەالرواتە.

٢٥ سال لە شاری بەغا ماوەتەوە و لە شەعبانی ساڵی ٣٣٠ کۆچی‌دا لە ڕۆژگاری ئەورەحمان ناسر چۆتە مەغریب و لە شاری قورتوبە نیشتە جێ بوە ولەبەر ئەوەی لە بەغاوە چۆتە ئەوێ، بە ئەبوعەلی بەغدادی ناو براوە.

کوڕی خەلدون لە بابەت نرخاندنی کتێبی (نەوادر) نوسیویەتی: لە مامۆستایانی فەنم بیستوە کە بنچینەی ویژاوەری و ئەدەب لە چار کتێب دایە:

١- الأدب‌الکاتب ی کوڕی قوتەیبەی کورد و کامیلی موبەدید و بەیان و تەبیینی جاحیز و نەوادردی ئەبوعەلی قاڵی دیاربەکری کورد، هەرچی لەم چار کتێبانە بەدەرە شاخە و وەچە و لق و پۆپەی ئەدەبن. قاڵی (ئەبوعەلی) لە هەمو زانایانی خولی خۆی زیاتر لوغەت بێژە و نەحوی زانیوە و زانایان و ئەدیبان شێعری جاهیلیان لە ئەبوعەلی قاڵی نەقل کردوە و کەس بە ئەندازەی قاڵی شێعری جاهیلی لەبەر نەبوە. ئەبوعەلی قاڵی لای موستەنسەر، کوڕی ئەورەحمان ناسر زۆر خۆشەویست و بە ڕێز بوە و ئەمالی لەوێ نوسیوە.

* بەناوبانگترین نوسراوی ئەبوعەلی قاڵی دیاربەکری کتێبی: (نەوادر)ە. - لە ئەخبار و ئەشعار کە بە ئەمالی قاڵی ناودارە.

* کتێبی: مەمدود و مەهموز - زانایان وتویانە تائێستا کتێبێ وا لەم بابەتەدا ،دانەنراوە میکرۆفیلمی لە خەزانەی ڕوبات دا و نوسخەیەکی ڕەنگینی هەیە و هەندێکی لی چاپ کراوە.[1] □ باریع لە نوعەت دا بە شێوەی حەرفی ئەلف و بێیە کە زۆربەی کتێبە نوعەتەکانی لەم کتێبەدا کۆ کردۆتەوە کە پێنج هەزار بەرگە. تەفسیری سبع‌الطوال.

* ئەمسال کە بە پێی ئەلف و بێتکە دانراوە.

* کتێبێك لە بابەت وشتر و .....[2] * کتێبێك لە بابەت خشڵ بۆ ئینسان و

---

١- ئەعلامی زەرەکلی ج ١ لاپەڕەی ٣٢١ چاپی ٦ ساڵی ١٩٨٤ز.

٢- فەرهەنگ:

ناوەکانی وشتر: دو جۆرن: —

.....

* کتێبێك لە (فعلت و افعلت ) و شەرح لە سەر قەسایدی موعەللەقە.

☐ نوادر یا ئەمالی قالی.

☐ ئەمسال.

سەرچاوە:

نفح‌الطیب ٢ :٨٥ و بغیةالملتمس ٢٢٦ و فیات‌الاعیان ج ٦ پەڕەی ٢٠٤ و ٢٠٥ و ٢٠٦ ژمارە (٩٢) چاپی میسر و تەبەقەی ٢٠ و ابن‌الفرضی ١ :٦٥ و جذوةالمقتبس ١٥٤ و الروض‌المطار - خ. و فهرسةابن خلیفه ٣٩٥ و فیه‌اسمأ

---

← بە وشتریان وت: کۆ چەکت بو، لەوە لاّمدا وتی: خۆئەو بارەی خۆمە هەر لە خۆمە، وشتر: زۆر بە قنیاتە.

جۆری یەکەم:

١- سایە: وشتری مەعمولی (نێر و مێ).

٢- دەیلاخ: کەتەمەنی تا یەکسالاّنە بێ: نێر و مێ.

٣- لۆکچە: نێری تا دوسالاّنە با قورتم ئەدرێنێ ئیتر لەوەولا لۆکی پێ دەڵێن.

٤- ئاروانە: مێ‌یەی تا دوسالاّنە.

٥- لۆك: نێری لە دو سالاّنە بەرە و ژۆرتر.

جۆری دووەم:

٧- نەر و نەرمایە (جامباز).

٨- نەرچە: نێری تا یەکسالاّنە.

٩- نەر: کە تەمەنی لە دو ساڵە تێپەڕیبێ.

١٠- مایە: مێ‌یەی گەورە.

وشتر لە هەوای ساردا لە چلەی زستان بە بەران دێ و بەران دەکرێ.

لە ژێر زگی وشتری مایە و سایەدا مادەیەکی رەقی زۆر سەخت هەیە کە بۆ ئازار دانی دوژمن بە کار دێ.

شفرە لە چوار سالاّنە بە دوا لە وشتردا پەیا ئەبێ.

نەر و نەرمایە بە کارتر و رق ئەستورترن.

اکثر کتبه. و انباه‌الرواة ۱:۳۰٤ و دارالکتب ۷:۹٤ و فی دائرةالمعارف الاسلامیه ۱:۶۰۹ ـ ان (قالی قلا) هی التی کان یسمیهاالبیزنطیون و تذکرةالنوادر ۱۱۱. نەقڵ لە ئەعلام نوسراوی زەرەکلی ج ۱ چاپی ٦ بێروت پەڕەی ۳۲۱ و ۳۲۲. ساڵی ۱۹۸٤ ز ڕاهنومای دانشوەران نوسراوی سەید عەلی ئەکبەر بورقەعی پەڕەی ۲٦۸ و ۲٦۹ بەرگی دووەم چاپخانەی تابش قوم، خ‌الذهبی: سەیر نوبەلا. ۱:۱٥٤، ۱٥٥، کوڕی شاکرالکتبی: عیون تەواریخ ۱۲:۱/۱۲۹، ۱/۱۳۰، کتاب فی‌التراجم ۳۸، عام ۷٤۳، زاهیریە، فهرس‌المؤلفین بالظاهریه. لە ئەعلامی ئەلمونجید نوسراوە لە ۸۹۳ لە دایك بوە و لە ۹٦۷ لە قورتوبە وەفاتی کردوە و ئەبوبەکر زوبەیدی شاگردی قالی بووە لاپەڕەی ٥٤۳ ئەعلامی ئەلمونجید چاپی ۲٦ ساڵی ۱۹۸۲ز.

یاقوت: معجم‌الادبأ ۷:۲٥ ـ ۳۳، القفطی: کوڕی کەسیر: البدایه ۱۱:۲٦٤، ۲٦٥: سیوتی بغیةالوعاة ۱۹۸، الزبیدی: موختەسەر لۆغەویان و نەحویەیان ۳۸، کوڕی عیماد: شذرات‌الذهب ۳:۱۸، حاجی خەلیفە: کشف‌الظنون ۱٦٥، ۲۱٦، ۱۳۸۳، ۱٤٤۷، ۱٤٦۲، ۱۷٤۰، ۱۷۷۸، عبدالله‌الکبری: تەنبیە لەسەر ئەوهام (ئەبوعەلی قالی دیاربەکری) فی امالیه، فهرس دارالکتب‌المصریه(۳:۷ حمیدیه کتێبخانه ٥۷، کتێبخانه عاشر ئەفەندی ٤۸ خوانساری: روضات‌الجنات ۱۰۳، ۱۰٤، تاریخ‌الفکرالاندلسی ۱۷۲ ـ ۱۷٤ مقدمەی chiften vl: 226, Brockelmann: g, I: 139, s, I: 202, 203 arabes 681, 982, Ahlwardt:... verzei chniss der arabischen hands A. S. Fulton De Slane: Catalogue des manuscrits لکتاب‌التاریخ. م عمر یحی الکشاف ۳:۳٤۸ ـ ۳٥٥. نەقڵ لە معجم‌المؤلفین تراجم مصنفی الکتب‌العربیه نوسراوی عومەر ڕەزا کەحالە ج ۲ پەڕەی ۲۸٦ و ۲۸۷ چاپی بێروت بەرگی دووەم.

نوکتە: ئەبو عومەر- ی ڕەمادی لە ساڵەکانی ۳۳۰ی مانگی و ۹٤۲ی

زاینی چۆتە لای ئەبوعەلی قاڵی دیاربەکری و نەوادری لاخوێندوە، جا کاتێ ئەبوعەلی قاڵی دیاربەکری قەسیدەی (لامیە)ی خۆی بو دەخوێنێتەوە سەری سورماوە، لەو هەمووە واژە جوان و فەساحەت و بەلاغەتە کە لەو شێعرانەدا بە کاری هێناوە، ئەم قەسیدە لە بەحری کامڵ دایە و سەعالیبی سی شێعری لە (یەتیمەی دەهر)ی خۆیدا نوسیوەتەوە کە هەر ئەونەشی ماوە لە ۳۰۰ تا ۳۵۰ی مانگی و ۹۱۲ تا ۹٦۱ی زاینی لە ئەندەلوس بووە کە ئەورەحمان ناسر خەلیفەی ئەمەوی لە مەشریقەوە ئەبوعەلی قاڵی دیاربەکری بانگ کردۆتە ئەوی.[1]

---

١- دایرةالمعارف اسلامی پەڕەی ١٨٠ تا ١٧٩ ج ١٠.

# ئەمیر تەوەکول کامبوزیا کوردی زافەرانلو

١٢٨٢-١٣٥٣/٩/١٦

ئەم زانایە کوڕی ئەمیرباباخان موشیر دیوانە و لە تاران لە دایك بوە و بە فەیلەسوفی کەویر ناوداره و لە کوردانی زافەرانلوی قوچانە، سەرەتا و دەورەی‌ناوەندی: (موتەوەسیتە)ی لە تاران و مەشهەد خوێندوە و خوێندنی بەرزیشی لە تاشکەندی شورەوی لە رشتەی زانستی رامیاری دا تەواو کردوە.

کامبوزیا ئەکەویتە بەر قاڕ و قینی رەزاخان پەهلەوی و لە ساڵی ١٣١٤ی هەتاوی شار بەدەری ئەکەن بۆ زاهیدان و بە ناوی سەرۆکی‌یانەی دارایی زاهیدان دەس بەکار ئەبێ و دوای چەن رۆژ وازی لە کاری حوکومەت هێناوە و خەریکی وەکالەت بوە.

کامبوزیا زمانی کوردی قوچانی (کرمانجی ژورو) فەرانسەوی ، رووسی، ئالمانی، عەرەبی و فارسی و چەن زمانی تری ئەزانی.

کامبوزیا زۆر حەزی لە موتاڵای کتێب خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ئەکرد.

رۆژنامەی کەیهان [1] لە ژێر سەر دێڕی: مەسائلی مەردومدا نوسیویەتی: دوای مەرگی کامبوزیا(فەیلەسوفی کەویر) هیچکەس دەسی ناگاتە کتێبخانەی سیستان و بەلوچستان، درگای ئەم کتێبخانە کە ٢٧ هەزار کتێبی بە نرخی هەیە حەوتوی جارێك ئەکرێتەوە.

لەم ناوەدا ٦٠ جەڵد کتێبی چاپی و ٢١ جەلد کتێبی خەتی نوسراوی کامبوزیا دانراوە.

ئەمیر حەسەن کامبوزیا یەکێك لە ٢٨ فرزەندانی ئەمیر تەوەکول کامبوزیا بەر پرسیاری ئەو کتێبخانە ئەڵێ: باوکم لە ساڵی ١٣١٤ کە بۆ زاهیدان دوور

---

١- پەڕەی ١٥ رۆژی یەکشەمە ٢٧ی خاکەلێوە (نۆسان)ی ساڵی ٢٥٣٧ و ١٦ ئاوریلی ١٩٧٨ زاینی ژمارە/ ١٠٤٢٨

خراوەتەوە لە سێ کیلومیتری زاهیدان مەزرەعەیەکی سازدا و خۆی خەریکی کشت و کاڵ بوە و هەر جێگایە ئەم کتێبخانە گەورەی دامەزراندوە و بە وەسییەتی خۆیشی هەر لەم شوێنەدا نێژراوە و هەر وەکو ئەزانن بە پشتکار و لێبڕان و لێ نەوینی خۆی لە ناو ئەم کەویرەدا چاڵاوی قوڵی لێ داوە و ئەم بیاوانە ویشکەی کردۆتە بۆستان و گوڵ و گوڵزار کە پڕ و تەژییە لە گوڵ و ڕێحانە و بەرهەمی جۆربەجۆر.

خەلکی زاهیدان زۆریان ڕێز بۆ کامبوزیا دائەنا و زۆریان خۆش ئەویست، زانایان و لێکۆڵەران لە ئێران و دەرەوە ئەچونە دیداری کامبوزیا و زانستی لێ فێر ئەبون، کامبوزیا هەر کاتێ ڕێی بکەوتایەتە شارێ، ئەوەڵ سەری لە کتێب فرۆشی قەدیمیەکان ئەدا تا بتوانێ باشترین کتێب خانەکەی بکرێ، لەم بارەوە کتێبخانەی کامبوزیا لە ناو دڵی کەویردا لە باشترین کتێبخانەکانی ئێران دێتەژمارە. خاوەنی کتێبی حەرەکەتی تاریخی کورد بۆ خوراسان ئەنوسێ: کامبوزیا لە ماوەی ساڵی ١٢٧٨ی هەتاوی لە تاران لە دایك بوە و لە کوردانی زافەرانلوە.[1] کەلاتەی میرزا بابا کە لە لایەن باوەگەورەی کامبوزیاوە ساز دراوە هێنمان لە باشوری خور ئاوای قوچاندا ماوە.

کامبوزیا دوای دور خستنەوەی لە ساڵی ١٣١٤ هەتاوی بۆ زاهیدان لە کەنار کارێزێکی سوێر، کە لاتەیەکی: (مەزرەعەیەکی ) کڕی و بۆ ماوەی چل ساڵ خەریکی کشت و کاڵ بو لەو موچە و مەزرایەدا کامبوزیا مرۆڤێکی عەجیب بو، خۆی ئەو موچەی وا سازدا و بە خۆی و ژنەکانییەوە هەر یەك لە سوچێك کار و باری کشت و کاڵیان ئەنجام ئەدا، لە شێوبرین، وەردانەوە و چاندن و دروێنە کردن و دەسکەنە و گاو مانگا و ڕەشە وڵاخ بەخێو کردن، شیردۆشین، مەشکەژەندن، کەرە و ماست و پەنیر و کەشك دروست کردن و

---

١- حەرەکەتی کوردان بۆ خوراسان بەرگی ٢ لاپەرەی ١٤ تا ١٢ نوسراوی تەوەحودی چاپی ١٣٦٤.

گۆڵکاری و قەڵەمەلێدان و هەر کارێکی تر کە هەبوایی و ئەکرا ئەنجامیان ئەدا. کامبوزیا منالی زۆر بو، خۆی بە دەرس و دەوریان رائەگەیشت.

ئەم زانایە لە مێژوی خۆرهەلات دا، لە حیکمەت و ئوسول و دیانەتی ئیسلامدا زۆر کۆڵیوەتەوە و زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی لە چاپەمەنی خۆرئاوایەکاندا لە چاپ دراون.

کامبوزیا رۆحێکی گەورەی هەبو لە شورەزارێکی بێ سنووردا موچە و مەزرایەکی سەر سەوز و پڕ پیت و بەرەکەتی سازدابو کە نشانەی وزەی ئینسان بەسەر تەبیعەت و سروشت دایە.

کامبوزیا لە سالی ١٢٨٢ی هەتاوی لە دایك بوە و لە ١٣٥٣/٩/١٦ی هەتاوی بارگەی بەرەو لای خوا تێکناوە و لە کەنار کتێبخانەکەی لە موچەکەی خۆی، نێژراوە، بەلام تەوەحودی کەلیم اللّٰه (ئوغازی) [1] نوسیویەتی لە ١٣٥٤ وەفاتی کردوە.

رۆژنامەی ئیتیلاعات [2] نوسیویەتی:

ئەمیر تەوەکول کوردی زافەرانلو ناودار بە: (کامبوزیا) جوتیارێکی سادە، کە لە کەناری کەویری لوتدا لەگەل زانایانی پایە بەرزی جیهاندا نامەنوسی هەبو، چاوی لە دنیا پۆشی.

ئەو زانایە وەك جوتیارێکی سادە رۆژانە خەریکی کاری کشت و کال بو و عارەقەی ئەرشت و لە خێزەلان مەزرای پڕ پیت و بەرەکەتی ساز ئەدا و شەوانەش خەریکی خوێندنەوەی و تارگەلێك بو کە بە زوانی فەرانسەوی یا رووسی لە بابەت جوگرافیا و ئابوری‌یەوە نوسرا بون... لە چلەمین رۆژی مردنی کامبوزیا، بلاو کردنەوەی ئەم هەوالە، بۆ رێز دانان لە مەردێکە دور لە

---

١- پەراوەی حەرەکەتی تاریخی بۆ خوراسان پەرەی ٥١٥.

٢- ژمارە/ ١٤٥٨٠ بە بۆنەی چلەمین رۆژی وەفاتی (کامبوزیا)وە.

هەراوهوریای شارەکان لە دنیایەکی پڕ شکۆ کە مەردانە و وردانە بۆ خۆی سازدا بو ئەژیا.

ئەم زانایە کتێبی بۆ بە دەس هێنانی زانست و مەعریفەت ئەخوێندەوە و زانست لەبەر زانست فێر ئەبو و زانستی نەدەکردە هۆی خۆ نوواندن.

کامبوزیا لە موچە (کلاتە)ی خۆیدا کتێبخانەیەکی ۲۳۰۰۰ کتێبی پێك هێنا بو، ئەویش نەك کتێبی عادی، بەڵکو کتێبی زۆر بە نرخ و عیلمی و هونەری، کامبوزیا هەر لەو موچە و مەزرایەوە، لەگەڵ زانایان و پسپۆڕان و هوزانثانانی دنیا نامە گۆڕکێ و موکاتەبەی ئەکرد.

بۆ ڕێزدانان لەو زانا فەرزانە(میهری کامبوزیا)ی کوڕی کە مامۆستای زانکۆی تارانە، لەگەڵ کۆڕێ لە مامۆستایانی زانکۆی تاران و هەوال نێران و دۆستان و خزم و کەس و کاردا لە ڕۆژی چلەدا ڕێگای کەویریان گرتە بەر، زانایان و خۆرهەڵاتناسان و لێکۆڵەرانێ زۆر بۆ دیداری کامبوزیا ئەم ڕێگایەیان بریوە. هەواڵ دەری ڕۆژنامەی ئیتیلاعات ئەنوسێ: ئێمە لەگەڵ خانم: شەوکەت مەعسومە خێزانی کامبوزیای ڕەحمەتیدا کە ۲۷ ساڵ تەمەنی بو وتووێژێکمان پێك هێنا، خانم شەوکەت مەعسومەی کامبوزیا وتی: (یازدە ساڵانە بوم شوم بە ئوستاد کرد، ئەودەمە وا باو بو کچ لە تەمەنی کەمدا مێردی ئەکرد، هێمان، ئەم باوە لە هەندێ هەرێمی بەلوچستاندا هەرماوە و باوە ئەو دەمە ئوستاد سی ژنی سیغە و دو ژنی ئەقدی هەبو.

هەر لە سەرەتاوە ئوستاذ بە منی فەرمو: (کتێب دەرسی ژیانە) بەم قسە منی بۆ دەرس خوێندن دنەدا و لە سەرەتاوە قورئانی فێر کردم و لە دوایی‌دا بەرە بەرە فێری خوێندن بوم و بە کتێبخانەکەی ناسیاوی کردم.. خانم کامبوزیا هەروا ڕای گەیاندووتی: ئوستاد زۆری حەز لە لێکۆڵینەوە لە بابەت ئوسولی ئیسلام و نوسینی تەفسیری قورئان ئەکرد، سەرەڕای ئەوانە لێکۆڵینەوەکی زۆری لە مێژوی خۆرهەڵات دا ئەنجام داوە، کە ئەگەر ئەم کتێبەی چاپ کرێ بۆ

لێکۆڵەران و خۆرهەڵاتناسان زۆر بە کەڵك ئەبێ، (بالزان) لێکۆڵەری فەرانسەوی زۆری بایەخ بۆ ئەم لێکۆڵینەوە دائەنا و هەمیشە نامەی بۆ کامبوزیا ئەنوسی.

کامبوزیا سادە ئەژیا، جل و بەرگی سادەی لە بەر ئەکرد، سادە ئەدوا، بێدەعیە بو، فیزی نەبو.

نوێژی نەئەچو، لە پەروەردە کردن و فێرکردن و بار هێنانی مناڵەکانیدا زۆر ورد بو.

ئوستاد ٢٨ مناڵی بو کە لە وانە ٧ کوڕ و ٣ کچی لە من بو، لە بابەت نوسراوەکانییەوە ئەڵێن ٨٠ جەڵد کتێبی داناوە، هەر کاتێکیش کە لەو بارەوە پرسیاری لێ کراوە فەرمویەتی: (بۆ چاپیان هەر کاتێ چاویان پێدا ئەخشێنمەوە تێ ئەگەم نیازیان بە راستە و پاستە کردنی زۆرتر هەیە، تا کوێرە و کۆتەڵی بگیردرێ) یەکێك لە پەڕاوەکانی بە ناوی (بەلوچستان و هۆی وێرانی ئەوێ لە چاپ دراوە و لە میهری ١٣٥٩ لە تاران بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ئەتراکنامە مێژوی جامع قوچان نوسراوی رەمەزان شاکری - چاپی ئەمیرکەبیر تاران ١٣٦٥ پەڕەی ٢٣٧ - ٢٣٤.

مەجلەی راهنومای کتێب جەڵدی ١٧ ژمارەی ٧، ٨، ٩یساڵی ١٣٥٣.
حەرەکەتی تاریخی کورد بۆ خوراسان پەڕەی ٥١٥ تا ٥١٢ نوسراوی کلیم‌اللّٰه تەوەحودی (ئوغازی) چاپی گوڵانی ١٣٦٤ هەتاوی بەرگی دووەم رۆژنامەی کەیهان پەڕەی ١٥ یەکشەمە ٢٧ خاکەلێوە (نۆسان)ی ٢٥٣٧ و ١٦ ئاوریلی ١٩٧٨ز ژمارە ١٠٤٣٨ و رۆژنامەی ئیتیلاعات ژمارە/١٤٥٨ و رۆژنامەی شەهادەی کوردی ساڵی ٤ ژمارەی ١٣٦ لە ٢٦ ئوتی ١٩٨٦ زایینی و ٤ خەرمانانی ٢٥٩٨ کوردی و ١٣٦٥/٦/٤ هەتاوی بە قەڵەمی (شەپۆل) ئەم شەرحە، حاڵە بڵاو کراوەتەوە.

# ئەبوفیدا سمایل کوڕی ئەیوب

## ٦٧٢ - ٧٣٢ کۆچی ڕێکەوتی ١٢٧٣ - ١٣٣١

ئەبوفیدا سمایل خێوی حومات

مەلیك موئەیەد عیمادەدین ئەبوفیدا سمایل خێوی حومات کوڕی سوڵتان مەلیك ئەفزەل نورەدین ئەبو حەسەن، عەلی کوڕی سوڵتان مەلیك موزەفەر تەقیەدین ئەبولفەتح، مەحمود کوڕی سوڵتان مەلیك مەنسور ناسرەدین ئەبولمەعالی، محەمەد کوڕی سوڵتان مەلیك موزەفەر تەقیەدین ئەبو خیتاب عومەر کوڕی سوڵتان نوردەوڵە، شاهەنشا کوڕی سوڵتان مەلیك ئەفزەل ئەبوشوکر نەجمەدین ئەیوب، باوکی سوڵتان مەلیك ناسر، سەلاحەدین یوسف کوڕی ئەیوب کوڕی شادی کوڕی مەروانی کوردی هەزبانی روادی دوێنی (بتوین)ی کە میری دیمەشق بو و زۆری خزمەت بە مەلیك ناسر کرد لە شاری کرك و زۆری لەم بابەتەوە.خزمەت کرد و مەلیك ناسریش کردی بەمیری حومات و شاری حەڵەب.

ئەبوفیدا کوڕی عەلی موزەفەری دووەمە و کوڕی تەقیەدین مەحمود(برای سەلاحەدین) کوڕی نەجمەدین ئەیوب کوڕی شادییە و لە ٦٧٢ مانگی و ١٣٣١ی زاینی لە حەمات بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە ئەڵێن: دوای تەواو کردنی ئاداب و بەراعەت و زانستی فیقە و پزیشکی و مێژو جوغرافیا لە جەنگی خاجدارەکانا یارمەتی مامی خۆی داوە و کافرانیان لە خاکی ئیسلام راوناوە و بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لای مەلیك ناسر لە مەلیکانی میسرا بوە و لە ٧١٠ میری حومات بوە. جا دوای دو ساڵ چۆتە میسر و ناز ناوی مەلیك ساڵحیان پێداوە و لە ٧٢٠ ناز ناوی مەلیك موئەیەدی پێدراوە.

ناوی ئەبوفیدا و نوسراوەکانی لە زۆربەی کتێبە مێژو جواغرافییەکاندا هاتوە.

مێژو و ئەدەب و وێژاوەری و ئوسولی دینی زۆر خوێندۆتەوە و زۆر شارەزابوە و کتێبی زۆری لە زانستی فەلسەفە و پزیشکی و زانستی هەیئەت دا موتالا کردوە و شێعریشی وتوە.

بەلام شاعیر نەبوە، موسیقی و سەرەتای سازلێدانی باش ئەزانی.

ئەبوفیدا ئەیوبی زۆر بۆ زانایان و مەلا و فەقێیان چاك بوە و چاکەی لەگەلیان کردوە و لەوان نێزیك بوە و موچە و خەلات و بەرات و مانگانەی بۆ ئەوان بریوەتەوە، هەروا بە پیاوەتی و پیاوانە هەستاوە و دانیشتوە. ئەبوفیدا زانا و وێژاوەر بوە و لە زۆربەی عیلم و زانستەکانی باوی زەمانی خۆیدا دەسی بالای هەبوە، لە زانستی تەفسیری قورئان و ئوسول و نەحو و سەرف و فیقە و هەیئەت و مەنتیق و فەلسەفە و پزیشکی و تاریخ و تەقویمی شاران و ولاتاندا زانا و شارەزا بوە و لە سالی ٧٣٢ کۆچی مانگی و رێکەوتی ١٣٣١ زایینی لە دیمەشق بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە.

**نەسرەکانی ئەبوفیدا:**

١ـ موختەسەر لە ئەخباری بەشەردا چاپکراوە و بە مێژوی ئەبوفیدا ناودارە و کراوەتە فەرانسەوی و لاتینی و هەندێکیشی کراوەتە ئینگلیسی.

٢ـ تەقویم بولدان لە دو بەرگدا چاپکراوە و خورهەلات ناس رینۆ(Beinaud) کردویەتە فەرانسەوی.

٣ـ تاریخی دەولەتی خوارەزمی چاپی.

٤ـ نەوادری زانست لە دو بەرگ دا.

٥ـ کەناش خەتی لە زانستی نەحو و سەرف دا.

٦ـ مەوازین و چەن پەراوەی تریش.

٧ـ حاوی سەغیری قەزوینی لە فیقهدا کە کردۆتە شێعر: هونراوە.

٨ـ مەنزومەی کافی‌یەی کوری حاجیب لە نەحودا.

سەرچاوە: دائرةالمعارف بستانی و بەرکولی بەرگی ١ کتێبی موختەسەر لە ئەخباری بەشەردا چاپی ساڵی ١٣٧٥ کۆچی و ١٩٥٦ زاینی نوسراوی ئەبوفیدا پەڕەی ٥ و ٦.

خەتی: ئەسنەوی: تەبەقاتی شافعی ٧٨ر٧٩٠٢ر١٠ فهرس موئەلفین بالظاهریه. چاپی: کوڕی حەجەر: دورەری کامینه ١: ٣٧١ و ٣٧٣ و کوڕی کەسیر: بدایه و نهایه ٤: ١٥٨ و کوڕی شاکر کاتبی فواتالوفیات ١ :١٦ و ١٩ و روض المناظر، فی حوادث سنەی ٧٣٢ و آداب اللغه ١٨٧:٣ و الفهرسالتمهیدی ٢٥٣ و سُبْکی تەبەقاتی شافعی ٦: ٨٤ و ٨٦ و کوڕی تفری بردی: النجومالزاهره ٩: ٢٩٢ و ٢٩٤، تاریخی کوڕی وەردی ٢: ٢٩٧، کوڕی عیماد: شذراتالذهب ٦: ٩٨ و ٩٩، حاجی خەڵیفه: کشف الظنون ١ : ٤٦٨، ٦٢٧، ١٣٧٤، ١٤٦٥، ١٥٥٣، ١٦٢٩، فهرست خدیویه ٥: ٣٧، بەغدادی:ایضاح المکنون ٢: ٣٨٢، کوبرلی زاده محەمەد پاشا کتبخانه سنده، ٦٠، کتبخانه بشیرآغا ٣٥، فهرس دارالکتب المصریه ٨: ٢٢٦ ، ٢٢٧ محەمەد کورد عەلی قەدیم و حەدیث ٢٧٠ ـ ٢٧٣ لە دایرةالمعارف ئیسلامیه ١: ٣٨٦ نوسراوە ئەوەی وا لە تەقویم بولدانی ئەبوفیدا لە چاپ درابێ چەن جوزوی موتەفەریقەیە و فی جغرافیة ملطبرون ١: ١٤٤ کەلام لە سەر ترجمانی تەقویم بولدان و تەبەقاتە القدیمه، نەقڵ لە ئەعلامی خەیرەدین زەرەکلی ج ٢ پەڕەی ٣١٩ چاپی ٦ ساڵی ١٩٨٤ز وە نەقڵ لە معجم المؤلفین ج ٢ چاپی بێروت پەڕەی ٢٨٢ و ٢٨٣ نوسراوی عومەر رەزا کەحالە و بارون ماك کوکین دیلان: مقدمه تقویم البلدان...(شەپۆل)

maouscrits arabes 1: 287, 288, 393, Brockelmann: s, II: 44
arabes de I Escu rial 3: 179, 180, De Slane: Cataiogue des
Brockelmann: Encyclopedie de I *islam, I: 88, Les manuscrits

# ئەدیبی عەللامە حاجی مامۆستا مەلاحەسەن

ژیان ناپسێتەوە، تەبیعەت ئەستێور و قسر نابێ، رۆژ و مانگ و ساڵ و چەرخ بە دوی یەکدا رێچکە دەبەستن، زۆر، حەسەن ناو، لە دایك دەبن و چاو دەکەنەوە و، دەگەنێ، بەڵام کەم حەسەن دەبنە حاجی مامۆستا مەلاحەسەن ـ ی ـ ئەدیبی بە قسە کردن نییە، فیداکاری و گیانبازی و لە خۆ بوردنی دەوێ، کە لە فەقێیەتی دا، شەو نخونی بکێشێ تا زانست و زانیاری و مەعریفەت فێر بێ. بەڵێ: دەس لە خۆ بەردانی دەوێ، تا مرۆڤ بتوانێ بە تاڵی و سوێری رابێ و لەگەڵ سەختی بەرەنگار بێ، تا بتوانێ بۆ بەدەس هێنانی زانست و عیلم و مەعارف بە راتبەی فەقێ رەحمەتو، لێ بێ رابێ و بتوانێ لە راست ئەو هەموە، تەنك و کەند و کۆسپەدا ملە بە مڵانی بکا و نەترسێ و کۆڵ نەدا و نەبەزێ و ئەم گوندا و گوند و ئەم شارە و شاربۆ فێر بونێ فەرهەنگ و زانست هەڵوە دا بێ. زۆربەی مەلا و فەقێ وڵاتی کوردەواری بەم جۆرە سەختە خوێندویانە و لە گۆشەی مزگەوتێك یا کونجی خانەقایەك بە کوێرەوەری و نانی گاڵ و نانە رەقەی ناو فەقێیان دەرسیان خوێندوە و پێگەیون و خزمەتیان بە دینی پیرۆزی ئیسلام و زانست و فەرهەنگی کوردەواری کردوە.

حاجی مامۆستا مەلاحەسەن ئەدیبی ئێنسانێکی واقیعی و مەلایەکی خاوەن را و تەگبیر و ئاقڵ و ژیر و زانا و مەند و قوڵ و قسەزان و مەجلیس خۆشە و لە عیلمی مەنتێق و حیکمەت و کەلام و تەفسیری قورئان و مەعارفی ئیسلامیدا زۆر زانایە و روناك بیرێکی تەواوە و لە باری رامیاری و کۆمەلایەتی و ئابوری و فەرهەنگیەوە، خاوەن بیر و ژیرە و، زۆر حەز دەکا خەڵك لە بێفەرهەنگی

و نەزانی و نەخوێندەواری رزگار بکا، چون بە فەقێیەتی ژیاوە، دەردی نەداری و هەژاری و بن دەس بون باش ئەزانێ.

حاجی مامۆستا مەلاحەسەن ئەدیبی لە ساڵی ١٣٠٠ هەتاوی لە شاری سەقز (بەرزە) لە دایك بووە و لە ساڵی ١٣٢٢ هەتاوی لە فێرگەی باللك لای مامۆستا: زانای ناودار مەلاباقر- رەحمەتی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە و بۆ ماوەی ٨ ساڵ لە تورجان مودەریس بووە [1] (شەپۆل) لە ساڵەکانی ٣٤ و ١٣٣٥ی هەتاوی لە تورجان فەقێ ئەم مامۆستا زانایە بوە و زانستی مەنتیقی لا خوێندوە.

تەمەنی موبارەکی حاجی مامۆستا مەلاحەسەن ئەدیبی ٦٧ ساڵە حاجی مامۆستا مەلاحەسەن ئەدیبی لای مەلاکامل نەخشبەندی و مەلارەحیم هەوشار و لای مامۆستا مەلاحسام‌الدین ماجدی برای حاجی مامۆستا مەلاحەسەن ماجدی دەرسی خوێندوە و لە سەرە تاوە، لە دەرە زیارەتی خوار و مەلای مودەریس بووە و، سەرئەنجام لە تورجانەوە تەشریفی موبارەکی چۆتە شاری سەقز، سەر خانەقا و لە دواییدا بۆتە ئیمام جومعە و مودەریس و حاکمی شەرعی شاری سەقز، شوکر بۆ خوا حاجی مامۆستا مەلاحەسەن ئەدیبی ئێستا لە حاڵی ژیاندایە و بە عیلم و زانست و پەند و مەوعزە و تەدریس فایدە بە مسوڵمانان دەگەیێنێ و دڵیان بە نوری زانست و زانین نورانی دەکا، خوا نمونەی ئەم جۆرە مەلا زانا و گەورانەی وەك حاجی مامۆستا مەلاحەسەن ئەدیبی و حاجی مامۆستا مەلاعبداللە محەمەدی بپارێزێ تا زیاتر بە مسوڵمانان خزمەت بکەن.

سەرچاوە: ئەم مەوزوعە لە پەڕاوەی دانشمندان کورد لە خزمەتی عیلم و

---

١- **بڕوانە: ژیناوەری زانایانی کورد... یا گنجینەی فەرهەنگ و زانست لاپەڕەی ٤٤٧ چاپی تاران ساڵی ١٣٦٤ هەتاوی.**

دیندا به فارسی چاپ کراوه.

رۆژنامەی شەهادەی کوردی ٩ ژوئیەی ١٩٨٨ز وه ١٨ی گەلاوێژ (گران)ی ١٣٦٧ی هەتاوی ژمارەی ٢٢٨ به قەڵەمی (شەپۆل).



# ئاوات

## بەڕێز سەییدکامیل شائیمامی ئاوات

## ١٢٨٢ ـ ١٣٦٨ هەتاوی

خواناس و عارف و شاعیر و ئیماندارى ناو بە دەرەوەی بەڕێز سەییدکامیل شائیمامی زەنبیلی (ئاوات) لە ساڵی ١٢٨٢ هەتاوی لە ناویەك بنەماڵەی گەورەی سەر بە رماڵ و ئیرشاد و عالم و زانا لە دایك بوە، ئەم زانا خواناسە مەتین و بە ویقار و گەورە و دیندارە، نازناوی (ئاوات)ی لە شێعروتن دا بۆ خۆی هەڵبژاردوە، لە راستیشدا ئاوات و هیوایە بۆ شێعر و ئەدەب و هونەری کوردی. خوا ئەم زانا فەرهەنگ پەروەرە گەورە ببەخشێ. ناوی باوکی کامیل‌شا، خوالێخۆشبو حەزرەتی سەیید عەبدوالحەکیم کوڕی سەید عەبدول کەریم زەنبیلە، کە هەر دوکیان لە ڕێبەران و بە ڕێوە بەرانی تەریقەتی نەخشی و قادری بون. کامیل شا لە ساڵی ١٣٩١دا لە لای مەلامەحمودی ناودار بە مەلاڕەشە لە گوندی زەنبیل دەسی کردوە بە خوێندن و، کتێبە و ردیلەکانی عەرەبی و فارسی ئەو سەردەمەی خوێندوە جا پاش دو ساڵ لە خزمەت کاکی خۆیدا: حەزرەتی حاجی سەیید محەممەد نورانی شێخی زەنبیل چۆتە خزمەت مافی خۆی: حەزرەتی حاجی بابا شێخ سەیادەت لە ئاوایی جەمیان و دو ساڵیش لەم فێرگە خوێندویەتی و لەوێشەوە چۆتە فێرگەی تورجان لای حاجی مامۆستا: (مەلاسادق واثق باللّه) و لە دواییدا لەگەڵ شاعیری پڕ هەست و ورد و ناسك خەیاڵی کورد عەباس حەقیقی: چونەتە گوندی باغچەی سەر بە شاری مەهاباد لە فێرگەی زانای خواناسی گەورە مامۆستا ملاسەییدکەریم مودەریس بۆ خوێندن و خەریکی شێعر و تنیش بون. لە ساڵی ١٣٠٩ کامیل شا، لەبەر نەخۆشی باوکی ناچار دەس لە خوێندن هەڵدەگرێ و ژن دێنێ، لە سان ١٣١٣ هەتاوی باوکی بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە و کامیل شایش دوای ساڵێك چۆتە ئاشی چۆمی زەنبیل و ساڵێك لەوێ خەریکی

کشت‌وکاڵ بوه.

کامیل شا لە سەرەتای ژیانیەوە بە چەك و دەس و قەڵەم و شێعروتن بە دژی رژێمی حەمەرەزا شا کاری کردوە و راپەریوە و لە ۲ی ڕێبەندانی ۱۳۲٤ی هەتاوی لە گوندی گەردیگلان مامۆستا حاجی مەلاعەبدوالڵە محەمەدی مودەریسی ئەوێ بوو، شەپۆل و مەلاعەبدولکەریم شاریکەندی لەو سەردەمەدا لەوێ فەقێ بون. کامیل شا لە ساڵی ۱۳۲٥ کە لە گوندی گەردیگلان بو بە هۆی کرێگیراوانی رژێمی حەمەرەزای پەهلەوی (دەرکراو) خرایە بەندیخانە و دوای دو ساڵ ئازاردان بەندیخانەکانی (بۆکان)، (ورمێ) و (مەهاباد) لە ساڵی ۱۳۲۷ی هەتاوی ئازاد کرا لەو ماوەی وا زیندان بوە، کاکی پیاوانە و کوردانە دەسی داوەتە باڵی و سەرپەرەستی خاو خێزانی کامیل شای بە ئەستۆ گرتوە و (ئاوات) لە ساڵی ۱۳۲۹ ماڵی چۆتە جەمیان و لە ساڵی ۱۳۳۰ باری کردۆتە گوندی زەنبیل و لە ساڵی ۱۳۳۳ ماڵی چۆتە شێخ چۆپان. هەر لەو ناوچەیە و لە ساڵی ۱۳۳۳ بەملاوە چۆتە (قاقڵاوا)ی لای زەنبیل تا لە سەعاتی ۷ و ۱۰ دەقیقەی رۆژی یەکشەمە لە ۱۳٦۸/٦/٥ی هەتاوی بارگەی هەر لەو گوندە بەرەولای خوا تێکناوە هەر خەریکی عیبادەت و دینداری و شێعروتن و کاری کشت‌وکاڵ بووە.

# ئاوات و شیعرەکانی

ئاوات کە بە شاعیرێکی دیندار و پوختە و داهێنەر و و پڕ هەست و ناسك خەیاڵ و ئاگادار و نیشتمان پەروەر و عارف و خواناس دەناسرێ، شێعرەکانی بە تێکرا پڕ و تەژین لە واتای ورد و جوان و ناسك و دڵ و دەرون لاوێن و رۆح بزوێن، لە ناو شێعرەکانیدا شێعر و غەزەلی وێنەی غەزەلە ئاسمانییەکانی (نالی و مەحوی)مان زۆر دێنە بەر چاو کە ئەبنە هۆی روناکی گلێنەی چاو لە شیرینی و دڵگیریدا غەزەلە جوان و دڵ پەسەندەکانی (حەمدی)مان ئەخاتە بیر و، دڵ و مێشکمان ئاو و زاخاو ئەدا و تەلی دڵ و دەرون تەکان ئەدا و مرۆڤ بەرەوئاسمانی بەرزی بیر و ئەندێشەی جوان و رەنگینی واتای پڕ واتای خۆی رائەکێشێ و ئەباتە دوندی مانا و ئەندێشەوە.

کری شێعرەکانی مامۆستا(ئاوات) تار و پۆیەکەی لە ئاورێشمی گشت و خاوە، ئەڵێی کوڵکە زێرینەی تەنراوە.

چونکا هەمو کەرەستەی شێعرەکانی خۆماڵیە و لە واتا و بیری نامۆ و نەبان دورە پەرێزە.

مامۆستا(ئاوات) چون لە ناو بنەماڵەیەکی گەورە و فەرهەنگ پەروەر و دیندار و عاریف و خواناس لە دایك بوە و پەروەردە کراوە و دڵ و مێشکی بە زیکر و ناوی (اللّه و محمد «د ـ خ») پاراو کراوە، لە شێعرەکانی بۆنی خۆشی خواناسی و عیرفان و زانست و زانینی لێ ئەبارێ و ئەڵێی لە ناسکی و دڵ سوتاوی لە شاعیری حەکیم و گەورە و خواناس و فەیلەسوف و عارف گەورەی کورد عەبدورەحیم مەولەوی یا مەحوی ئیلهامی وەرگرتوە، جا ئەوەیە کە ئەو هەمو شێعر و غەزەلە خوشیك و پڕ واتاو و رەنگینانە لە بیر و ئەندێشەی پاك و خودایی ئەو هەڵ قوڵاوە و تافگە و قەڵپەزەی کردوە.

ئەگەر چاوێك بە دیوانەکەی کامیل شادا بخشێنین دەبینین کە بەشی زوری

شیعرەکانی لە ستایشی خوا و پێغەمبەر و دین و ئایینە، ئەم جۆرە شێعر وتنانە هەر لە مامۆستا(ئاوات) دەکاڵێتەوە.

**شیعر و هۆنە:**

ئەتۆ حەکیمی هەمو دەرد و دافیعی ئەلەمی
ئەتۆی کە شافیعی خاوەن گوناهی زۆر و کەمی
ئەتۆی کە رەحمەتەکەت گرتی دار و بەردی وڵات
وە خڕ، دەکەی بە سەخاو بەزل، سفرەکەی حەتەمی
وجودی تۆ بوە زیبی گوڵ و دڵی بولبول
بە بونی تۆوە گەیشت، بوو بە نوکەر و خەدەمی
ونەوشە گەردنی خۆی کرد بلند لە راستت زو
نەسیمی سوبح سەری کرد نەوی و دای قەسەمی
کە تا وجودی هەیە سەرنخون و مل کەچ بی
سیا پەردە بێ دائیم هەتاکو دێ عەدەمی
کە سۆسنیش وەزمان هات بڵێ منیش جوانم
سەبا بە ئەمری جەنابت شەپێکی دا لە دمی
تەماشا نێرگسی خۆشبەخت چۆنی تەرتیب دا
لە لایێ حوقەو کاغەز، لە لایەکیش قەڵەمی
لەبەر ئەوە کە بنوسێ لە مەدحی تۆ دەفتەر
بێتە زیبی چەمەن، خۆش بێ هاتنی قەدەمی

(ئاوات) لە هەمو جۆرە شیعرێکدا تەبعی خۆی تاقی کردۆتەوە بەڵام ئەبێ بڵێین مامۆستای غەزەلە، غەزەلی جوان.بە بەژنی واتا و مەعنادا کردوە و هاو دەنگی لە ناو ئاهەنگ و واتاکانی غەزەلدا جوان بەدی هێناوە، غەزەلەکانی زۆر خونجاون، هەر ئەڵێی گوڵی تازە پشکوتوی دەم بەهارن کە شەونمی ورشەدار،

غەزەلەکانی وەك ئاوی زولاڵی کوێستانی کوردەواری گیان پەروەر و ژیان هێنەرن.

لە عیرفانی و خواناسی دا تۆ دەڵێی: لە مەرمەڕی بلورینی شیعردا تاشراون.

**شەو**

نوری روخسارت وەدەرخە دەردی بێدەرمانە شەو
زوڵمەتی زوڵفت لە سەر روتە لە رۆژ میوانە شەو
دۆێ شکور مەردانە من ڕێم بردە ناو زولفی رەشت
تا بزانن خەڵکی مڵکی دڵ قەڵای مێردانە شەو
هەر لە ئێوارە هەتا رۆژ بێ‌وچان دێت و دەچێ
هەر لە دوی خورشیدی خاوەر وێڵ و سەرگۆردانە شەو
کوێر و نابینایە ئێستا ئەو بە تاوی رۆژی روت
بۆیە رەش پۆش و هەژار و مات و بەستەزمانە شەو
قەدری شەو چا بگرە چاوم، شەمع و پەروانە دەڵێن
سۆز و گریەی شەمع هەر شەو سوتنی پەروانە شەو
عاشق و مەعشوق لە رۆژدا خۆ دەپارێزن لە خەڵك
گەر پەنای چاکت دەوێ بۆ ئەو دووە بروانە شەو
هەستە (کامل) بەسیە بێداری برۆ لێی وەر کەوە.
تا وڵات بێدەنگ و باسە، تا لە رۆژ میوانە شەو

**بەهار هات**

بەهار هات تواوە بەفری ناو شاخەکان
شەماڵ هات گەشاوە خونچەی ناو باخەکان
زەینەمدا لە نێو باخ شۆخی وا دەگەڕێ

دڵ کــــەوتــــە کـــــوت چـــــاوم بــــۆی دەپــــەڕێ
باخــەوان لــە حــانــد رۆژ: دو چاوی قــەت هــەڵــنــایــە
دەڵـــێ چـــون ســـەرنـــجـــێـــك بـــدەم لـــەو بـــاڵایـــە
تـــا وڵات بـــێـــدەنـــگـــە بـــا خـــەوان نـــوســـتـــووە
تـــا بـــەهـــار ســـەوز و ســـور، فـــەرشـــی راخـــســـتـــووە
لــە ســـەر ئـــەو رایەخە ئــەمـــن و ئـــەو پـــێـــکـــەوە
هـــەڵـــپـــەڕیـــن، دانـــیـــشـــیـــن، وەر کـــەویـــن، ژیـــن ئـــەوە
تـــنـــۆکـــی ئـــارەقـــی لـــە ســـەر ئـــەو کـــوڵـــمـــانـــە
وە بـــزانـــم لـــە ســـەر گـــوڵ تـــنـــۆکـــی بـــارانـــە
هـــەڵـــلایـــە، هـــەرایـــە، لـــە نـــاو بـــاخ لـــە داخـــان
خاوەن بـاخ کـۆسـت کـەوتـو، سـەیـر ئـەکـا لـە بـاخـان
بـــەهـــار هـــات بـــەخـــێـــر بـــێ بـــە تـــەپـــڵ و تـــۆپـــەوە
بـــا بـــڕوا زمـــهـــەریـــر بـــە خـــۆی و ســـۆبـــەوە
ئـــیـــمـــامـــی، گـــشـــت تـــوواوە وەك بەفری کـــێـــو و شـــاخ
لـــە دوری یـــاری خـــۆی کـــەوتـــۆتـــە ئـــاخ و داخ

**شنەی بەهار**

بـــەهـــار و شـــنـــەی مـــایـــەی ژیـــانـــە
بـــە شـــنـــەی ژیـــاوە ئـــەم نـــیـــشـــتـــمـــانـــە
بـــەهـــار هـــێـــنـــەری مـــوژدەی خـــەبـــاتـــە
لابـــەری مـــەیـــنـــەت، هـــێـــنـــەری هـــاتـــە
ئـــاوری نـــەورۆزی پـــرشـــنـــگـــی ژیـــنـــە
بـــۆ گـــەڵ و بـــۆ هـــۆز گـــڕی بـــەتـــیـــنـــە

پیت و گریەی ئەو ژینی پێوەیە
بریسکەی خەبات هەر لەوێوەیە
ئاگری نەوروز یا تیشکی هیوا
روناك کەرەوەی تاریکی هەوا
گرپەی خوریەی دڵ، شەوقی زەوقی گەل
لەدەوری دالێن لاوان بە کۆمەڵ
کاتێکی خۆشە فەسڵی نەوبەهار
دوری لە نەیار، نزیکی لە یار
ئەو سەوز ئەکا تۆی رزگاری
بەرهەم دینی باغ بۆ کوردەواری
هێندێ دەرژێنێ، هێندێ دەروێنێ
بەو گەرم و ساردی لە خۆی دەنوێنێ
دو بەرەکی گەل دەرژێنێ سەر پاك
تۆوی یەکیەتی دەروێنێ لە خاك
بەهار بەخێری، دونیا گرتی رەنگ
رۆژی وەدەرخست لای برد شەوە زەنگ
بە تەپڵ و تۆپ و بە زەبر و زەنگە
دەی، سا، نەتەوەی کاوە درەنگە
بۆ پێشواز پاکو برازێننەوە
شنە تۆش کزریە، بلاوێننەوە
لە بێشکەی خەما رایژێنە تاوێ
بۆی دەرخە، کاتێ، هەتاوێ، ساوێ
ببوژێتەوە لەبەر تاو و ساو
تا بێتە جێگەی شانازی تەواو

فتیلەی رێگەی رزگاری پێیە
بەخێو کردنی یەکجار بەجێینە
با بێتە بەرهەم کۆرپەی نەتەوە
هیوای دوا رۆژی نەتەوە، بەوە
بۆ نیشتمان و بۆ گەل دەکۆشێ
لە رێی وان هەر چەند زوخاو دەنۆشێ
ئەوسا ئاواتی ئاوات دێتە جێ
شین دەبێ خەڵفی هیوای جێ بە جێ

**بەهاری تازە**

واهات بەهاری تازە شنەی بای شەماڵە دێ
ناقوسی ژینی پڕ لە هیوای کیژ و کاڵە دێ
قاسپەی کەوی بنار و کەژ و کێو و یاڵە دێ
کۆتر لە سەر رەوەز بەگمە و ناڵە ناڵە دێ
جیکەی مەلە، هەرایە، وشەی باڵی دا لە دێ

❁ ❁ ❁

شین بو زەوی یو مێگەلە مەر روێی بۆ لەوەر
پڕ بو لە کارە کارێ مەرێ شیو و دەشت و دەر
شوان کە پەنکی تازەیی خۆیان دەکەن لەبەر
هەڵدێنە نێو هەوارەوە کیژان بە جلکی تەڕ
بارانە، بایە، گورە گورێ هەوری تاڵە دێ

❁ ❁ ❁

رێنك چێغ و چادرن دەدرەوشن لە سەر چیا
وەك خاڵی رەش دەچن کە لە سەر رومەتی درا

رند و لە هەر کوێ ماکوڵی فرمێسکی هەڵرژا
بەو بۆنە چابو خۆ کوڵی دڵ تۆزێ دامرا
کاتی هەوارە، قیژەیی کابانی ماڵە دێ

❁❁❁

دونیا وەکو بەهەشتە سەراسەر بووە گڵوك
خونچە کە دەست نەخوردەیە وا بۆتە تازە بوك
هەر کەس کوڵێك بە روح نەکڕێ پێی دەڵێن چروك
کاتی نەماوە کاکە خەم و ئاە و نوکە نوك
کیژان لە گوڵ چنین و بزەی چاوی کاڵە دێ

❁❁❁

تیپی گوڵان گەیشت و وڵات بو بە زیو و زەر
بولبول بە جۆش و کوڵ لە نیوان شەو دەباتە سەر
شەونم لە سەر چڵویێ گوڵان کەوتبو بە بەر
نەرگس بە بەرگی زەردەوە هیناویە خەبەر
یانی گوڵاڵە سورە لە خوێندا شەڵاڵە دێ

❁❁❁

ئەمنیش هەژار و دڵ بە خەم و چاوەرێی پەیام
کێهە پەیام، پەیامی رەفیقانی وەك برام
پارامەوە لە خالیقی بون و نەبون، بەڵام
هەروا بە داخەوە گلەمە، هەر نەبو وەڵام
ویرانە ماڵ و حاڵ و سەدای کوندە لاڵە دێ

❁❁❁

خوێندی لە گۆی سووانەیی تالاری سەوز و سور
ویرانی کرد و تێکچو ناما کۆشکی پڕ سرور

دەگرێ دڵـی هـەژاری ئـیـمـامـی وەکـو تـەنـور
دەگرێ دەرێژێ خوێنی گەشی دڵ لە خـوار و
هەر کوێ دەچێ لە دوی ئەوان زاڵە زاڵە دێ

**بەهار**

لـەم سـەری ساڵە سـڵاو بۆ کـوێـسـتـان
بـو گـژ و گـیـا کـە لـە ئـاسـۆ وێـسـتـان
تـاق وجوت لـەشکـری پیادە و سـواران
پـێـشـرەوی هـێـزی بـەهـاران، دیـاران
چـوزەڵـەی هـەڵـز و کـەمـا و رێـواسـان
ژینـی لـە نووێن هـەمـو سـوك و هاسـان
بـە کـورِ و کـیـژ دەفـرۆشـن هـەرزان
لـە نـسـار و لـە تـەلان و بـەرزان
گـڵـە زەردە وەکـو جـاران بـەرزە؟
تێر و پڕ هەر لە کەما و گـیـا و هـەڵـزە؟
یا نە رو زەردە لـە حـانـد کـاتی بـەهـار
سـەر سـپی و پـیـرەژنـە سـەربـەدەوار؟
کـورە سوتـەش کـە بـڵـنـدە و زەنـوێـر
لـە گـوڵ و گـیـا و گـژی کـوێـسـتـانێ تـێر
سـەوز و شـیـن بـۆتـەوە وەك سـاڵـی زو؟
لـە خـەم و دەرد و پـەژاران دەرچـو؟
مـەرە سـوری لـە سـەرە و هـەڵـدەبـەزن
کـایـەیـانـە لـە سـەری کـار و بـزن
ئەو کـەرەت دێـمـەوە خـزاری لای خـۆم
بـۆ چـەم و کـێـو و کـەژ و سـارای خـۆم

روته هەر روتەڵ و بێ بەرگ و گییای؟
وەکو خۆت سارد و سڕ و بەرزە چییای؟
تۆ لە کۆیستانی، ئەدی کوانێ کەمات؟
کوانێ گندۆ رەت و مەندۆك و گییات
کوانێ بەیبونت و سوێسنە و شەوبۆت
پاش ملە هەقمە بڕازێنمەوە بۆت
هەمو کانیا و بۆتە جێی گاڵتە و گەپ
چاوی کوێرن چ لە راست و چ لە چەپ
کوانێ کار مامز و بزنی کێویت؟
نەخشی ئاسۆ گتە گورگ و رێویت
بەڵێ کوێستانی بەلام بێ کەڵکی
زەینێکی خۆت بدە کێوی خەڵکی
هەمو خەملێن بە گوڵوکات، جوانن
دڵگرن، جێی کوڕ و کیژ، لاوانن
داوەشێی بەردەمەکەت «بەردە قەلە»
شین و بژوێن و جووان، قیت و بەلە
خاوەنی کانییو ئاو، شیو و خڕە
لە گوڵ و گیا و وزەمەند تیر و پڕە
تۆش بڵند بویەوە بۆ ئاسمانێ
کانی ئاسمانێ نی، دەعیەت دانێ
وەرەوە خوارێ بە هیچی بەرزی
کێوێکی بەرزی، بەلام ناتەرزی

## زەماوەندی بەهار

وەرن سۆفی وەکو دەرویش بکەونە گاڵەگاڵ ئەمشەو
وەرە نێو باغی عیشرەت ئەی نەمامی چاردە ساڵ ئەمشەو
بدە جام و مەزەی ماچت لە کوڵم و لێوی ئاڵ ئەمشەو
بە سروەت پێدەڵێم چاوم کزەی دێ بای شەماڵ ئەمشەو
چزەی دێ جەرگی برژاوم بە بێ‌پولوو زوخاڵ ئەمشەو
دەڕی پیر موغان ئاوایە قاپی مەیکەدە وازن
جحێڵ و پیر و منداڵ مەیگوسار و بادە پەردازن
سوراحی کەیل و موتریب مەست و ساقی سادە و سازن
کوڕ و کاڵ دەم بە خەندەن، کیژ و کاڵ پڕ عیشوە و نازن
بزەی دێ غەمزە و ڕەمز و ئیشارەی چاوی کاڵ ئەمشەو
زەماوەندی بەهار کاتی سەیران و شەق و گوێنە
سەبا بەر بوکە زاوا عەندەلیب، پەردە کەنار جوێنە
دەسا بولبول لە پێشوازا بخوێنە داوەتی تۆیە
سەراسەر فەرشە چیمەن بۆ قدومی بوکی گوڵ بۆیە
زمانی گرتووە هەر چەشنی توتی کوندە لاڵ ئەمشەو
لە خەڵوەتخانەی خاڵ و بەڵەکدا خاسەکەو جوتن
لە سەر سفرەی چەمەن، شەونم مەیە، گوڵ جامی یاقوتن
شنەو سروەی بەیان تێکەڵ هەناسەم بون و ئەنگوتن
بە تەشریفی نەسیم شەو بۆ و نێرگس پاکی پشکوتن
لە خۆشیان بولبول و قومری دەکەونە قیل و قاڵ ئەمشەو

✿ ✿ ✿

ونەوشە لارە مل داما لە مەیدانا، بە تەنیایی
ئەوا نەسرین سەری بۆ پردەباز ڕۆنا، بە تەنیایی

ئەوا رۆژی لە قیس چو عاشقی شەیدا، بە تەنیایی
ئەوا هەر چاوە رێیە نێرگسی شەهلا بە تەنیایی
بەجارێ بو سپی چاوی بە ئومێدی ویسال ئەمشەو
شکۆفە پێکەنی روی کردە سوێسن یانی ها بگری
نەما ئەهریمەنی زستان وەلا چو شیددەت و قەهری
هەزار قەوس و قەزەح رابو بە رەنگی تاووس و چەتری
بەدەنگی بولبول و قومری تەماشا دڵ چلۆن دەگری
دەڵێ بگرن بە دڵ قەدری جەماڵی کیژ و کاڵ ئەمشەو
چنار گەییە چنور، پێچرا سنەوبەر پەرچەم و سونبل
ئەوی نەختێ لە کارا بو گەیشتە مەقسەد و مەنزڵ
بە تەنیا هەر «قزڵجی» کەوتە دوی خێڵ و نەگەییە دڵ
«ئیمامی»یش هەر وەکو بولبول بە هیوای پێکەنینی گوڵ
دەناڵێنێ لە سەر هەر چڵ بە یادی خەتت و خاڵ ئەمشەو[1]

- لە کانگای دڵمەوە لە دۆستی زانا و فەرهەنگ پەروەر و دڵسۆزم جەنابی مامۆستا مەلاساڵح - ئیبراهیمی محەممەدی (شەپۆل) زۆر سپاس دەکەم، کە بۆ لە چاپ دانی ئەم دیوانە لە هەر باروبابە تێکەوە یارمەتی داوم، ئەمەش ئەو دوعا بە خێرەی سەییدکامیل شائیمامی زەنبیلی: (ئاوات) کە بۆ وەڵامی مامۆستا (شەپۆل) بە شێعر دایناوە:

شەپۆل بە نامەت (ئاوات) ژیاوە
گرێی چەند ساڵەی دڵی کراوە
شەپۆلی وین بو، یا رێژنەی باران
یا شنە و کزەی مەیلەکەی یاران؟

---

١- بۆکان: ١٣٣٦ هەتاوی

یـا بـۆنـی خـۆشـی گـوڵـی بـەهـاران
نـەسیـم هـێـنـاویـە لـە کـۆهـسـاران
بـارانـی ئـەو سـاڵ بـە ئـەمـری بـاری
هـەمـو رەحـمـەت بـو بـۆ کـوردەواری
نـەرزێ ئـەو دەسـتـەی نـامـەی نـوسـیـوە
(ئاوات) سەر بەرزە کە لێت پرسیوە [1]

**خاسەکەو**

خـاسـە کـەوێ لەو کـەژە هـەڵ نـیـشـتـوە
خاڵی رەش و سوری بە جوت رشـتـووە
راوچـی هـەمـو لـەو کـەوە دەرکـەوتـووە
بۆچـی دزە، جـەردەیـە، کـێـی کـوشـتـووە
کێـهـە کـەسـی ئەو لـە ژیـان خـسـتـووە
مـاڵ و مـەڕ و زیـنـوەری کـێـی بـردووە
بـاعـیـسی قـەتـڵی چـیـە بـیـسـتـویـەتـی
ژینی بـە سـەر بـەسـتـیـە ویـسـتـویـەتـی
داوی چـەقـانـد تـا وەکـو ئـەو پـێـوە بـێ
چاڵ کەنە خۆی پێوە دەبێ، جێ بە جێ
چاکـە کـەداو دۆزە شـوکـور خـاسـە کـەو
دیـویـیـە، وریـایـە، بـە رۆژ و بـە شـەو

---

١- ١٣٦٥/٢/٣٠ هەتاوی. لاپەڕەی ٢٥٠ی دیوانی خوالێخۆشبو: سەیید کامل شا، ئیمامی زەنبیلی (ئاوات) چاپی یەکەم ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی تاران وێنەی دەستخەتی ئاوات لە ٦٥ و ٦٦ دایە.

بۆچی کەویش مافی ژیانی نیە
حەققی کەژ و کێوی جووانی نیە؟
بوچی ئەویش بۆتە برا کوردەکان
نابێ هەڵینێ نەفەسێکی ژیان
بێتەوە بەردەست و بە بێ باڵ و پەڕ
پێبکەنێ بیبەنە قەسری قەجەر؟
دەك نەفوسو بگرێ ئەجەل جێ بە جێ
وا کە نەتان بێ قەوەتی دەست و پێ
خاوەنی ئەو کێو و کەژە هەر کەوە
نەزم و نیزامی کەژ و کێو هەر بەوە
لێی گەڕێ با باڵ و پەڕی جوان بکا
لەو کەلە با بانگی رەفیقان بکا
بێنەوە کانیاوێ بخۆن ئاوی ساف
بۆ گەڕەیی سەر بنە بێنە مەساف
لێی گەڕێ دەندوکی بە بەرد تیژ بکا
غوورڕە بکاو بانگی کوڕ و کیژ بکا
کوڕ بە گوڕە گوڕ وەکو شێر و پڵنگ
کچ بەشنە شن بە خرینگە خرنگ
بێن و بڵێن خاوەنی کێوان ئەمەین
سورە دەنوکمان بە دەنوك شەڕ دەکەین
خاوەنی ئەم خاسە کەوەش هەر دەڵێ
راوچی دەبێ لەم کەژ و کێوە هەڵێ

**زستان**

زستانه، بەفره، حەشر، ولآت پر لە ناڵە ناڵ
دێوی سپی بە قینەوە هات، بۆتە پیرە زاڵ
هێند قورسە هێند گرانە هەڵسانی حەستەمە
وەك مۆتە، کە لە سەر سەر و سینگمانە مانگ و ساڵ
سەر سینگی گرتووین و هەناسە نەما بە کەس
کەوتوینە ژێر کلیلەوە دەبزوینەوە بە حاڵ
ئینسان لە ژورێ ماونەوە وەك کەوی قەفەس
وەك مەیتە پیرە لۆکێ لە عەرزا ببن شەڵاڵ
ماوین بەڵام چ مان بە خودا مەرگ خۆشترە
مەرگێکە نێوی ژینە، چ ژین، ژینی ترس و تاڵ
بێباڵ نەماوە گەردەرەتانی تەنانەتیش
باڵدارەکان فەقیرە هەمو کەوتوون لە باڵ
هەر پێکەنین بو کاتی بەهاران دەهاتە گوێ
هەر زیرە زیرە ئێستە لە سەرمان و زاڵە زاڵ
کیژان بە تۆیی کراسێ لە گەشت بون و گوڵچنین
ئێستێ لە خۆ وەکۆ وەدەکەن سەت سر و سیپاڵ
هێندەم تەمەن ببایە کە دەم دی بە چاوی خۆم
ئەو کاتە خۆشە دێتەوە سیسارك و پیرە داڵ
یادی بە خێرێ کاتی بەهار و کزەی شەماڵ
سەیران و شایی گرتنی لاوان و کیژ و کاڵ
چەند شۆخ و شەنگ و جوان و لەبەر دڵ دەچونە باغ
بەرز و بڵند و دڵبەر و لێو ئاڵ و چاو کەژاڵ

یادی بە خێرێ ئەو دەمە قاسپی کەوان دەهات
جوانیان دەڕشت نێرە ڕ مێ ڕیزە وردە خاڵ
ئەو کاتە، ئەو دەمانە کە خێڵ دەچنە بەندەنێ
یادیان بە خێرێ بێری بو کابانی گەورە ماڵ
جێ ژوان بە تاڵە، داخۆ کوڕ و کیژی نیشتمان
هێشتا لە بیریانە لە دڵ دادەکەن خەیاڵ؟
داخوا دوبارە دێتەوە گوێمان و دێ بەهار
دەنگی شووان و تورەیی بلوێر لە هەرد و یاڵ؟
داخوا دەگەینە فەسڵی بەهار و دەژینەوە؟
وەك گیا و گوڵ لە ژێر زەویا دێنە دەر منال؟
کاڵی «ئیمامی» تۆ تەمەنت زۆر،حەستەمە
بو ژانەوەت بە تاوی بەهار، موشکیلە و مە حاڵ



# ئێل بەگی

**٨٩٨-٩٦١**

ئەوانەی پێتۆڵ و ژیرن و دور دەبینن و لە سەر بیرن و بە چاوی دڵ تیشکی بەزەی خوایان دیوە و مێشکیان بەژەکی یەزدانی پەروەریوە لایان رونە: هەر کەس خوا دەستی بگرێ و نیازی بێ بەرزی کاتەوە و وەی لاوێنێ و دل خۆشی کا و خەمی لەبیر بباتەوە. هەر لە چاوڵێك نانێکدا تاجی بەختی لە سەر و لە سەر تەختی کامرەوا بونی دادنێ و لەبەر چاوی هەمو کەسێ خۆشەویستی دەکا و جێگای بڵیند و جوانی بۆ دادەنێ.

جاری وایش هەیە، مانگی چاردە بەو جوانی‌یە، کە نۆ بوکی ئاسمانی‌یە گیران و پەڵەی دێتە سەر. بەهاری وا خۆش و رەنگین هەیە. کە پایزی سارد و خەمگینی بەفران کەرێ دەبرن بە بای بەهار دەتوێنەوە. ئەوانە پەندن بۆ ئێمە و پەندە کەش زۆرە نەکەممە دەستێکی لە پێوار هەیە ژاری و تەیاری بەش دەکات و بەختیاریت کاری ئەوە و ئەویشە چارەت رەش دەکات.

ژیناوەری پڕ لە هەنگامەی ئێل بەگی جاف هەندێکە لەم مەبەستەمان.

دەماو دەم وا دەگێرنەوە و بڕواش وایە کە ئێل بەگی یەکێکە لە تیرەکانی هۆزی جاف و ئەو خاوەن هونەرانەی بۆ وردەکاری زۆر ئاگادار و دەربەند بە کارن. ناوبەند و داوی ئاورێشمی خاوی کەونە روداوی پیرە بابا ئێل بەگی جافیان بە دەمی گشت و سەری ئەنگوشتان خستۆنە باوو زۆر رێك و لە بار گشتیان کردەوە و دوڕ و یاقوت و لەعل و زومەرەد و چەور و شیرین و کوژی کەی شین و پیرۆز و شەوە و دانە مرواری واژەی پڕ گەشەی ناو کوردەواری‌یان پێ هۆندوتەوە و سینگ و بەرۆکی خۆیان بەو پێش بینایانەی ئێل بەگی جاف رازاندۆتەوە.

نەچیرەوان لە راز و هەوراز و لە بارزان و رازەوانی رازی بەرز و بێ پێ

پلیکەی تیشە شاخی لوس و هەڵچوی مێژوی دور و درێژ و بێ سنوری کوردەواری و بە لە باری بۆمان چونە دورِ پنجێك و ناو دەوەن و بە بەندەنان هەڵ گەڕاون وورد گەڕاون و چەند بەردا. و بەردیان کردوە و زەرد و هەردیان پشکنیوە و زۆر و زەوەندیان نوا ریوە و گەلێك قۆناغیان گۆڕیوە و لە لای زۆران لایان داوە و بەرە و ناو سۆران و گۆران رویان ناوە و رەسەنیان خستۆتە داو و ئاوایان لەبەر چاو داناوین کە ئێل بەگی جاف بە بنەچە کە ئەچێتەوە سەر هۆزی جاف. ئێل بەگی مرۆڤێکە وارەستە و عارف و خواناس و تەمەنی خۆی لە رێگای خواناسی و پیاو خاسی و تێکۆشان و جوان دوان و گۆشەگیری و لە سەر حەسیرنشینی و تێبینی و پێش‌بینی و جوان تێ روانی و ژیری بێ نەوایی و دڵ ئاوایی رابوردوە، ئەو شێعرانەی وا بە ناوی پێش‌بینی لەو هۆنەرە باهونەرە جێماوە میوەی رۆژگاری گۆشەگیری ئەوە کە وەك سوفیانی رۆژگاری خۆی لە چلە خانەدا بۆ چلەکێشان خۆی لە خەڵك دزیوەتەوە و چاوی دڵ و دەرونی روناك هەڵ گەراوە و بەرەکەتی خوایی تێخزاوە و گشت‌گیان و لەشی بە نوری خوا نورانی هەڵ کراوە. بەڵام ئێل بەگ لە کام هۆزی جافە؟ ئایا لە هۆزی جافی مرادی‌یە یا جوانرویی، دیارنییە، رۆژی لە دایك بون و مردنشینی باش نەزانراوە و راست دیاری نەکراوە. بەڵگە لە سەر ئەوە کە ئێل بەگی جاف یەکێك لە رابەرانی تەریقەتی عیرفان: (میستیك) و خواناسی بوە دارای مرید و مەنسوب و بیا و برە و بوە لە شێعرەکان و پێش‌بینیەکانیدا.

هەندێ لایان وایە ئێل بەگی جاف. خەڵکی گوندی (شلە و زالو ئاو)ە ـ کە ئێستا بەشێکە لە بەشەکانی (سنجابی)بەشی شارستانی (شائاوا = ئیسلام ئاوا)ی خۆر ئاوای ئوستانی (کرماشان)ە و ئەڵێن: ئێل بەگی لە تافی گەنجی و لاویدا چۆتە گوندی (زوار)ی ـ هەورامان و لەوێ ژنی هێناوە و خوا کورێکی پێداوە بە ناوی (مەلائەحمەد) کە (مەلاخدری رودباری) شاعیر و خواناس و

زانای ناوداری کورد و خاوەنی دو مەنظومەی بە ناوبانگی (دەوڵەت نامە) و (رۆلە بزانێ) - کوڕی ئەم مەلائەحمەدەیە.

شك و گومان نیە کە (مەلاخدر رودباری) کە لە ساڵی (١١٤٠ مانگی لە دایك بوە و لە (١٢١٠) بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە کوڕی ئەم مەلائەحمەدی کوڕی ئێل بەگی جافە - چونکە خۆی لە دەوڵەت نامە = ئیقباڵ نامە)دا کە لە ساڵی ١١٩٧ مانگی دایناوە ئەمەی راگەیاندوە.[1] دیارە ئەگەر ئەم چریکە و چیرۆکە بە راست بزانین ماوەی نێوان مردنی ئێل بەگی چاف تا هۆنینەوەی (دەوڵەت نامە) لە لایەن (مەلاخدری رودباری) نەوەی (٧٠) ساڵ بگرینە بەر چاو - ئەبێ بڵێن ئێل بەگی جاف لە ساڵی ١١٢٧ی مانگی وها و رۆژگاری سەفەوی‌یان بوە. کوردەکانی ئەهلی حەق: (یارسان) لایان وایە ئێل بەگی جاف مریدی خوالێخۆشبو خواناسی گەورەی ناودار (سەیید براکەیە و ئەڵێن: لە (دالاهۆ)ی لای گلکۆی (سەیید محەمەد ناودار بە (بابا یادگار) خەریکی چلەکێشان و خواناسی بوە و گەیوەتە حەقیقەت و خواناسی. کاتێ مرۆڤ بروانێتە وێژاوەری و سەبك و شێوەی شێعری شاعیرانی ئەهلی حەق وەکو دەروێش نەورۆزی سۆرانی کە لە سەتەی ١٣ی مانگیدا ژیاوە و کەسانێ‌تری وەك ئەو باش و روناك ئەبێتەوە کە ئێل بەگی جاف لە سۆفیانی ئەهلی حەق: (یارسان) بوە.

ئەڵێن: شانیعمە تولای وەلی قوتب و رابەری زنجیرەی نیعمە تولاهییەی کوردیش پێش‌گۆیی بە شێعر کردوە.

ئەڵێن: ئێل بەگی جاف لە ٨٩٨ی مانگیدا لە شارە زور لە دایك بوە و لە ساڵی ٩٦١ی مانگی لە ٦٣ی ساڵیدا مردوە.[2] هەمو ئەزانین لە پەراوەی

---

١ - بروانە کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد لە جهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست نوسراوی (شەپۆل) چاپی تاران گولانی ساڵی ١٣٦٤ هەتاوی.

٢ - بروانە مێژوی ئەدەبی کوردی عەلائەدین سەجادی بەغا چاپی ساڵی ١٩٥٢ ز - پەرەی ٥٣٦.

دینکورد و زەردەشت نامە و جاماسب نامە و دینی زەردەشتدا پێشگۆیی هەبوە و هەیە.

ئەمەیش پێشگۆیەکانی ئێل بەگی جاف کە خوالێخۆشبو ئەدیب الممالك فەراهانی کردویەتە فارسی.

**شێعر**

آدم از قول بزرگان مەبرون از زیر اَبْر
طاعت عالم کنم تا بشکنم بازار جَبْرْ
گرم کردم در تماشای پلنگ و شیر و بَبْرْ
منع نتوانم نمود از مردم بی‌تاب و صَبْرْ
این چنین بوداست و خواهد شد چنین ایدوستان
ناقەی لیلی روان در مرغزار آید همی
اسب آهن پای در تك راهوار آید همی
دلدل و شبدیز خسرو رهسپار آید همی
اسب آهن پای در تك راهوار آید همی

لەم شێعرانەدا ئیشارە بە پەیا بونی ئۆتۆمبیل و قەتاری رێگائاسن کراوە.

ئێل بەگی جاف لە شێعرەکانیدا هاتنی نادری هەوشار(١١٤٨ ـ ١١٦٠ مانگی) و هاتنی قاجار ـ فیتنە و فەساری دەورەی رەزاخان و کورەدەر کراوەکەی ئەکات.[1] نوکتە: بار تولد خۆرهەلاتناسی رووس لە کتێبی جوغرافیای مێژوی ئێراندا ئەنوسێ (شارەزور) رێگایەك لە قەسر شیرینی (لای

١- بڕوانە دیوتنی ئەدیب الممالك فەراهانی بە ئیهتمامی وەحید دەستگردی تاران ساڵی ١٣١٢ هەتاوی پەڕەی ٦٧٠ ـ ٩٧٣ دەڵێن: وەحید دەستگردی ئەو کەسەیە کە نەی‌توانیوە شێعرەکانی باباتایەری کوردی لوڕباش بخۆێنێتەوە و تیان بگات و خەیانەتی کردوە و شێعرەکانی باباتاریەری لوڕی کردۆتە پارسی.

کرماشان)ەوە ئەچو بۆ (شارەزور) لە جادەی گشتی جیا ئەبوەوە، ئێرانی‌یەکان بە (شارەزور) نیوەی ریگایشیان پێ‌وتوە چونکە نیوەی ریگای نێوان (مەداین = مادایین) پێتەختی مادەکان و (شیزە: تەختی سلێمان) ئاگردانی گەورەی مادەکان بوە. کە قوبادی پیرۆزی ساسانی دروستی کردبو.[1]

---

١ - بروانە گەنجینەی فەرهەنگ و زانست چاپی گوڵانی ساڵی ١٣٦٤ هەتاوی پەرەی ٨٢٣ تا ٨٢٥ نوسراوی شەپۆل بەرگی یەکەم.

# بەرزنجی مەولاناعەللامە نۆدێی

**١١٦٦ مانگی و ١٧٥٣ زاینی**

**١٢٥٤ مانگی و ١٨٣٨ =**

عەللامەی ناودار شێخ مارف نۆدیی: ئەم زانا خواناسە گەورە و ئەم قسەزان و هۆنەرە بێ وێنەیە بە بەرزترین پایەی فەزیلەت و مرۆڤانی و کەماڵ دو ئاکار و خوی چاکە و تەقوا و دین و زانست ئاراستە بووە.

ئەم بلیمەتە کوردە لە ١١٦٦ مانگی ورێکەوتی ١٧٥٣ مەسیحی لە گوندی (نودێ)ی شار باژێر (سلێمانی) چاوی بە دنیا هەڵێناوە، نێوی ئەم زانا خواناسە سەییدمحەمەد ناودار بە (کبریتی ئەحمەر) شێخ مارفی نودێ بە ١٤ پشت ئەگاتە سەر زانای ناودار سەیید عیسا بەرزنجی: مارف نۆدیی بە ناوبانگە. خوێشی بەم هۆنراوە لە بەرکوڵی: (الفرائد فی العقائد) هونراوەکەی خوێدا لە بابەت رەچەڵەکی خوێدا فەرمۆیەتی: قال فقیر من الرؤف محمد بن المصطفی المعروف.

شێخ مارف لە ریسای تەخمیس لە سەر (قەسیدەی بوردی‌یە) کە بە عەرەبی هۆنیویەتەوە ئەنوسی (سەیید عیسا بەرزنجی کوڕی باباعەلی هەمەدانی‌یە) کە باپیرە گەورەی نۆدیی‌یە بۆ ماوەیەك لە بەرزنجە بووە و لە پاشان چووەتە شار باژێر دانیشتووە.

شێوەی دەرس خوێندنی نۆدیی: عەللامە نۆدیی پەراوە سەرەتاییەکانی لای باوکی: (سەییدمستەفا) خوێندوە و ئەوسا چووەتە نێو فەقێیان لە فێرگەی شاری (قەڵاچوالان) لای زانای ناودار (ئەحمەد غەزائی) دوای ماوەیەك چووەتە فێرگەی (هەزارمێرد) [1] لای مەلامحەمەد ناودار بە (ئیبنو الحاج) و لە

---

١- ئەم هەزار مێردە گوندێکە دو سەعاتە رێگایە و لە باشوری شاری (سلێمانی) دایە.

١١٨٠ مانگی و ١٧٦٦ زایینی ئەچێتە فێرگەی گوندی بێتوش لای عەللامە(مەلاعەبدولّابێتوشی (بێتوش لە ٥٠ میلی باکوری سلێمانی‌دایە و تابیعی میرانی بابان بوە) مەلامارف دوای ماوەیەك ئەچێتەوە گوندی هەزارمێرد لای (ابن الحاج) و دوبارە ئەگەرێتەوە لای بێتوشی و زۆربەی ریسالە و نوسراوەکانی بێتوشی لای بێتوشی ئەخوێنێ و هونەری هۆنەری و شێعر و شاعیری و وێژاوەری و ئەدەبی لەو زانا پڕە بڕەبڕە وەرئەگرێ تا وای لێ‌دێ لەم زانستانەدا وەسەر مامۆستای خۆی (بێتوشی) ئەکەوێ، عەللامە نۆدێی زرەنگ، شیاو، شیرین زمان، زمان پاراو، قسەزان، بە هەستەوە تەبعێ خوا پێداوی هەبوە. نۆدێی زۆربەی نوسراوەکانی خۆی بە هەڵبەست داناوە، لە زۆربەی هۆنراوە و نوسراوەکانی نۆدێی بڕوا و ئیمان بە خوای تاقانە، فرِ بونی زانست و بیری قوڵی ئەدیبانە و بە کاکڵ بونی، لێ ئەبارێ، کە لە دڵ و دەرونێکی بێگەرد و لە وێژدانێکی خاوێن و عەشق و هۆگر بون و خو گرتن بە دام و دەزگای ئافەرینەشەوە بە خوێنەر رادەگەیێنێ و تێی دەگەیێنێ.

زانا و هۆزانی دڵسۆزی ئەم رۆژگارە مامۆستا محەمەد خاڵ لە نوسراوەکەی خوێندا بە ناوی (شێخ مارفی نۆدێی) لە لاپەرەکانی ١٨٩ تا ١٩٠ چاپی بەغا بە عەرەبی ئەم قەسیدە لەو ریسالە پارسی‌یەی وا لە پەسەندی پێغەمبەری مەزنی ئیسلامدا هۆنیویەتەوە هێناویەتی، بۆ نمونە:

درود رحمت یزدان همیشه صد هزاران باد
بر آن پیغمبر مرسل که کرد اسلام را بنیاد
حبیب گزیده حق طیب جمله علتها
محمد آنکه نور خدا شد نور او ایجاد
صفات مصطفی را کس نمی‌داند بیان کردن
همه ذرات عالم را که دارد طاقت تعداد؟

شەهر دو سرا احمد بر او قرآن فرود آمد
از او پر شد جهان از نور از او شد ملك دین آباد
خصائص دارد او چندان که در جز وی نشد پیدا
ز عالم اوست فردی، فضل دارد بر همه افراد
در اخلاق و شمایل هیچ ماننده نداشت احمد
زیاد مفجرات او شود غمگین عجب دلشاد
بصمت همچنین پیوسته کز یاران هزایرا
بکردن سیر هم سیراب ز صاعی آب و صاعی زاد
چون آنحضرت کی پیغمبرانرا این همه تشریف
کدامین را جناب حق چو وی انواع خلعت داد؟
گرفته بودن آفاق جهانرا پیش از او ظلمت
ازو در مشرق و مغرب هزاران روشنی افتاد
شب معراج حضرترا علوم لوح شد معلوم
ازو حرفی نشد پنهان و بس شد زین عطا دلشاد
بقرآن بهرامت کرد تفصیل همه احکام
بالفاظ گهردارش نظام دین و دنیا داد
نبی‌اللّه رسول‌اللّه حبیب‌اللّه خلیل‌اللّه
دل و جان و تن (معروف برزنجی) فدایت باد

**نوسراوەکانی نۆدێی:**

عەللامە نۆدێی زیاتر لە ٥٤ نوسراوەی داناوە و لە تەخمیسێکا کە بەسەر قەسیدەیە کەوە داینا وە و دراوی (مەحمود حەفید) [1] لە بەغا لە چاپ

---

١- مەبەست شێخ مەحمود ـ ی نەمر و پاتشای کوردستانە

دراوه ناوی هونراوه و نوسراوەکانی نۆدێی ئەم زانا خۆش خەتە هەرەزانایەی تێدا ناو براوه، بەم جۆره:

١- فەراید لە عەقاید نۆدێی لەم هۆنراوەدا عەقایدی نەسەفی لە ٥٨ فەریده و ٤٩٠ هونراوەدا لە سالی ١١٨٥ مانگی و ١٧٧١ مەسیحی لە گوندی (قەڵاچوان) هۆنیویەتەوە و لە ١٣١٤ مانگی و ١٨٩٧ مەسیحی کە سەیید ئەحمەد فایز بەرزنجی گولە زەردە راقەی کردوە لە شاری موسڵ لە چاپ دراوه. ئەم کتێبە لە زانستی کەلامە واتا: لە زانستی حیکمەتی تایبەتی خواناسیدا نوسراوه.

٢- فەریده لە بڕوادا.

٣- زادالمەعاد لە مەسائیلی عەقیده و بڕوادا.

٤- (قطرالعارض لە ٤٢٢ شێعر لە زانستی میراتا نوسراوه و لەگەڵ (کەشف العامض) شەرحەکەیدا لە ساڵی ١٣٥٧ مانگی و ١٩٣٩ مەسیحی بە حاشیه و کۆبەی زانای ناودار عەللامە عەلی قزلجی: (تورجانی زاده) لە ١٤٠٣ پەڕەدا لە بەغا لە چاپ دراوه.

٥- (سلم الاصول لە (علم الاصول الفقه)دا و لە ١٣١ شێعر دایه.

٦- عەقدالدرر لە زاراوەی ئەهلی ئەثەردا کە نۆدێی پەراوەی (نخبه الفکر) نوسراوی (ابن حەجەر عەسقەلانی) لە ٢١٠ شێعر هۆنیوەتەوه و عەللامە عەلی قزلجی کۆبەی لە سەر نوسیوه.

٧- تەرسیف مەبانی لە نەزمی تەسریف زەنجانی کە بە دنەدانی مامۆستاکەی: «عەللامە عەبدوڵای بێتوشی» دەسی داوەتە هۆنینەوەی ئەم پەراوانه.

٨- شامیل لە عەوامیلدا کە نۆدێی عەوامیلی جورجانی لە ١١٨٩ مەسیحی لە گوندی (قەڵا چوالان) هۆنیوەتەوه.

٩- آغراب نەزمی قەواعیدی ئیعراب.

١٠ـ (كفايەالطالب) نەزمی كافییەی ئیبنو حاجیب شارەزوری، نۆدیی ئەم پەڕاوەی لە ١٩٨٣ شیعرا هۆنیوەتەوە و سێ مەبەستی گرینگی عیلمی نەحوی لێ زیاد كردوە(١ـ موسەغەر ٢ـ مەنسوب ٣ـ جەمع: كۆ) لە سالّی ١٢٢٣ مانگی و ١٨٠٨ مەسیحی ئەمەی هۆنیوەتەوە.

١١ـ قوتوفی دەوانی لە حروفی مەعانیدا.

١٢ـ فەتح الموەفەق لە عیلمی مەنتیقدا.

١٣ـ تفتیح‌العبارات فی توضیح الاستعارات، نۆدیی ئەم پەڕاوەی لە سالّی ١١٨٣ مانگی لە قەلاّ چوالان لە ١٦٦ هۆنراوە هۆنیوەیەتەوە و لە ١٣٥٥ مانگی و ١٩٣٩ مەسیحیدا لەگەلّ شەرحەكەیدا بە ناوی (علم البیان) لە بەغا لە چاپ دراوە.

١٤ـ هۆنینەوەی ریسالەی عەزودییە لە زانستی وەزعدا.

١٥ـ نەزمی ئادابی مونازەرە.

١٦ـ (عمل الصیاغه فی علم البلاغه) كە ١٠٨ هۆنراوەیە.

١٧ـ فتح‌الرحمن فی علمی المعانی و البیان كە لە ٣٧٤ هۆنراوەدا هۆنراوەتەوە.

١٨ـ غیث‌الربیع لە عیلمی بەدیعدا، نۆدیی ئەمەی لە ٢٤٤ هۆنراوەدا هۆنیوەتەوە.

١٩ـ جەوهەرالنزید لە زانستی قەواعیدی تەجویدا.

٢٠ـ فتح المجید لە زانستی تەجویدا.

٢١ـ تەنویرالبصایر لە دوری كردن لە گوناهی كەبیرەدا.

٢٢ـ روض الزهر لە مەناقیبِ آلِ سەییدی بەشەر.

٢٣ـ عقدالجوهەر لە سەلات و سەلام ناردن بۆ شەفیعی رۆژی مەحشەر.

٢٤ـ (نظم العروض) لە فەنی عەرۆزدا كە نۆدیی لە ١٧٥ هۆنراوەدا بە جوانترین شێوە هۆنیوەیەتەوە.

٢٥- تەنویرالعقول لە ئەحادیثی رەسولدا.

٢٦- تەنویرالقلوب لە مدیح عَلاّم الغیوبدا.

٢٧- ئەحمەدیيە عەرەبی بە کوردی کە لە ساڵی ١٣٥٤ مانگی و ١٩٣٦ی مەسیحی لە بەغا لە چاپ دراوە و لە ئێرانیش دوبارە ئۆفست کراوەتەوە.

٢٨- هەمزیيە ناتەواوە.

٢٩- (جوهرالاسنا لە سەلەوات و ئەسمأ الله الحوسنا).

٣٠- تەنویرالضمیر.

٣١- ئەزهارالخمائل.

٣٢- فتحالرزاق.

٣٣- راحة الارواح.

٣٤- شرح الصدر.

٣٥- کشف الاسف.

٣٦- روضة الفنأ.

٣٧- کشف البأسأ.

٣٨- تعریف بە ئەبواب التعریف.

٣٩- شرح نظم الاستعارات.

٤٠- (اوثقالعرا).

- سراجالوهاج.

- وسیله الوصول لە عیلمی ئوسولدا.

- برهانالجلی لە شەرحی مەناقیب حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبوتالب.

- المصباحالمحجه و اقامةالحجه لە وەڵامی ئەوانەی وا رەخنە لە نەسەبی سادات بەرزنجە ئەگرن.

ئەم زانا بلیمەتە کوردە خۆش خەتە، ئەم چەن قەسیدەشی تەخمیس کردوە:

١- (بانەت سوعادُ) ئەم قەسیدەیە لە لایەن محەمەد ساڵح ئیبراهیمی

محەمەدی (شەپۆل) کراوەتە فارسی. هۆی ئەم کارەش ئەوە بو لە دەورەی فەوقی لیسانس لە زانستگەی ئیلاهییات و مەعاریفی ئیسلامی زانکۆی تاران لە سالّی ١٣٤٨ هەتاویدا مامۆستایەکمان هەبو، کە تەفسیری قورئانی پێی ئەوتین رۆژێك لە سەر ئایەتی (... الا ان یعفون سورەی بەقەرە ئایەتی ٢٢٧ ـ قسەی ئەکرد کەچی (یعفون)ەی بە جەمعی موزەکەر واتا: کرد، منیش لێ وەجواب هاتم و پێم وت: مامۆستا! (یعفون) ئەگەر جەمعی موزەکەر با(ن)ەکەی لە (ئەن)ی ناسیبە دەرِوێی و حەزف دەبو، ئەمە جەمعی موئەنەسی غایبە، دیتم تێناگا. وتم مامۆستا! ئایەتەکە ئاوایە: (الا اَنْ یعفُونَ اَوْ یَعفُوا الذی بیده عقدة النکاح...) خودی (أَوْیَعْفُو) بەلّگەیە بۆ ئەوە کە (یعفون) بۆ مێیە نەك بۆ نێر (بۆ مینەیە، نەك بۆ نێرینە) روانیم هێمان بۆی نەچوەتەوە سەر یەك نازانێ لە ریشەی (عفو یعفو)ە هەر لە سەر قسەکەی خۆی سور بو، منیش بۆ گەنجەفە وتم: مامۆستا لە کوردەواریدا. ئەلّێن: (دیارەگای نێر بەگون ئاناسێ!) بۆ یشم وەرگێزایە سەر زوانی پارسی و وتم تۆشگای نێر بەگون دەناسی، هەمو دانیشجویەکان لە قاقای پێکەنینیان دا.

مامۆستا یەکی ترمان هەبو ناوی ئالاغا بوو خەلّکی شاری کرماشان بو، زۆر بە دەعیە بو لای وابو ئاسمان کون بوە و ئەوی لیهاتۆتە خوارێ بەلّام وا نەبو، دەرسی وێژاوەری عەرەب و قەسیدەی (بانت سعادُ)ی پێ ئەوتین. منیش لە روی ئەو تەخمیسەی عەللامە نۆدێی کە عەللامە مامۆستا خالّ خۆشیی کردبو، هێنامە سەر زمانی فارسی و (پۆلی کۆپیم) کرد و بە هەر دانیشجۆیەك نوسخەیەکم دا دە ی، کاتێ نۆبە دەرسی مامۆستا هات نوسخەیەکم پێشەکش بە مامۆستا کرد، ئیتر لە فرە کەوت و لەوە بە دوابێ ئەزمون (نومرەی ئەلفـوبیستی) لە دەرسەکانی خۆی بۆ دائەنام «دوای ماوەیەك ئەو قەسیدەیەم بە تەخمیسەکەی عەللامە نۆدێی هێنایە سەرزمانی کوردی و ئامادەی چاپە و هەروا قەسیدەی بوردیەم بە کوردی واتا کردوە و.[1] شیعر:

(آیـات حـق مـن الـرحـمـن مُـحـدَثَـةُ (٩١)
قـدیـمـة صـفـة الـمـوصـوف بـالـقـدم)

(بوصیری)

لـه لای خـواوه کـه هـات آیـاتـی حەق حـادیـسـه
قـەدیـمـیـشـه چـونـکـا وەسـفـه بـۆ خـوایـی قـیـدەم
آیـات ثـابـتـات کـه آن مُـنْـزَلْ از خـداسـت
لـیـکـن قـدیـم‌دان صِـفَـةُ مـن لَـهُ الـقِـدم

(محی‌الدین‌محمد)

جامی ئەڵێ:

آیـت حـق کـأو ز رحـمـان آمـده بـر وی فـرود
آن قـدیـم اسـت و بـود آنـوصـف مـوصـف قـدم

واتا: ئایاتی قورئان حەقە لە لایان خواوە نازڵ بووە و بە ئیعتیباری ئەلفازی مونزەلە، لە زوانی جوبرەئیلەوە حادیس و نۆیە، بەڵام بە ئیعتیباری مەعانی و کەلامی نەفسی قەدیمە، چونکا لە ئەوسافی زاتی باری تەعالایە یانی سیفەتی یەکێ لە سیفاتی خودایە بە واتایێ‌تر: (واجب الوجود قدیم بالذات، و ئەوسافی ثبوتییەی) خوا وەکو:(حەیات، عیلم، کەلامی نەفسی، قودرەت، ئیرادە و... قەدیمی بالزمانین) ٢ـ یەکێکی دیکە لەو تەخمیسانە تەخمیسی بوردی‌یەیە ٣ـ لامیەالعجم. ٤ـ مضریە. ٥ـ و یا من ٦ـ وأأنعم نوسراوی ئیمامی شافیعی و سێ قەسیدەی تریش بە ناوی: (مبتداه علی قافیة من النغمات الکوردیه، پارسی، لە سەر نەغەماتی کوردی، عەلامە نۆدینی هەمو ئەمانەی زۆر جوان و رەوان و خونجاو، و گونجاو هۆنیوەتەوە. عەللامە نۆدی کە یەکێکە لە زانایان و

---

←١- لە بن هەر شێعریکی عەرەبیدا شێعریکی کوردی، لە قەسیدەی بوردی هۆنراوەی مەلامستەفای سەفوەت و شێعریکی حاجی مەلاخالید موفتی‌زادە، موفتی کوردستان بە زاراوەی هەورامانی بۆنوسیوە.

که لە مێرانی کورد و جیهانی ئیسلامەتی و لە ساداتی بەرزنجەیە و لە ساڵی ١٢٥٤ی مانگی و رێکەوتی ١٨٣٨ی مەسیحی لە شاری زانایان و هۆنەران و هوزانفانانی سلێمان بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە و لە بان تەپۆڵکەی گۆرستانی (سەیوان) لە نێزیك گڵکۆی سلێمان پاتشای بابان نێرراوە و ئێستا ئەو تەپۆڵکەیە بە ناوی عەللامە نۆدێی ناو نراوە.

# حەزرەتی نۆدێی (نودهی) بەرزنجی

محەمەد مارف کوڕی مستەفا کوڕی ئەحمەد نۆدێی شارەزوری بەرزنجی شافعی.

بە فەرمودەی مەولانا مەلامحەمەد قزڵجی تورجانی زادە شێخ محەمەد مارف تەریقەتی لە شێخ قوتنی [1] و شێخ قوتنیش لە شێخ قازانی تەریقەتی وەرگرتوە، و شێخ [2] قازانی لە ١٣٠٣ کۆچی مانگی وەفاتی کردوە کە شاعیر بە عەرەبی، بۆ شینی شێخ قازانی وتویەتی: رابەرێك بو، تەریقەتی روناکتر کردەوە، دەریای ئەسراری خوا بو و پۆشرا. هەم نێو (ذبیح اللّٰه) تاریخ و ستایشی تۆم کرد (لفقدك اسمعیل قد بکت السمأ، بۆنەمانی تۆ ئەی ئیسماعیلی زەمان، ئاسمان گریا. لەوە ئەچێ کەرتی دووەم تاریخی وەفاتی شێخ قازانی بێ بەڵام بە حیسابی ئەبجەد ئەکاتە ١١٠٤ ـ کە لەگەڵ تاریخەکەی سەروە رێك ناکەوێ. [3] شێخ مارف نۆدێی هەر وەکو لە دیباجەی فەرائد لە عەقایددا فەرمویەتی ناوی محەمەد مارف بوە و کوڕی سەییدمستەفایە و باباعەلی کوڕی شەهابەدین یوسف برای باباتاهیر: (لور) عۆریان هەمەدانی بوە و لە زەمانی تەیمورەشەلە، ژیاوە و زۆربەی تەمەنی خۆی بە سەیاحەت و سەفەر رابوردوە و لە ساڵی ٧٨٦ی کۆچی وەفاتی کردوە و سێ کوڕی بە ناوی (سەیدمحەمەد نوربەخش، شێخ موسا و شێخ عیسا) بوە، مناڵ و نەوەی شێخ موسا و شێخ عیسا لە ساڵی ٧٦٠ی کۆچی لە رۆژگاری ژیانی باوکیاندا چونەتە گوندی بەرزنجە. [4] بە ریوایەتی کتێبی تەعریف نوسراوی عەللامە محەمەد قزلج

---

١- (قوتن: پەمۆ ـ دەرە ـ دۆڵی پەمۆ، کە ناوی گوندێکە لە نێزیك سلێمانی)

٢- قازانی مەنسوبە بە گوندی (قازان قایە)، کەوتۆتە جنوبی خۆر هەڵاتی سلێمان.

٣- کۆبەی رۆژبەیانی لە سەر مێژوی سلێمانی

٤- دەسخەتی کتێبخانەی شێخ مەحمود حەفید نەمر.

تورجانی زاده: ساداتی بەرزنجە لە نەسڵی شێخ عیسای کوڕی باباعەلی هەمەدانین.

لەم سولالە پاکە ژمارەیەکی زۆر لە نەوابیغ و زانای ناودار هەڵکەوتوە. مەولانا شێخ محەمەد مارف نۆدێی کە بە کبریتی سور ناوبراوە، مەولانا عەللامە سەیید بابا رەسول و سەییدمحیدین نوسەری کتێبی (الاعلام و بحرالانساب) سەیید محەمەد کوڕی سەییدرەسول کە دارای تەئلیفاتێکی پر بایەخن لەم بنەماڵە زانا و گەورەن . حەسەن نۆدێی بەرزنجی کوری عەللامە محەمەد نۆدێی کە لە ساڵی ١١٧٥ی مانگی لە دایك بوە و لە ١٧٦١ی زایینی لە گڵەزەردە، وەفاتی کردوە.

سەرچاوە: خێوی رسائل القلوب ـ محەمەد ئەمین زەکی تاریخی سولەیمانی ٢٤٥ و ج ٣ لاپەڕەی ٢١٩ معجم المؤمنین رەزا کەحالە چاپی بیروت.

تاریخی سلێمانی ٢١٩ ـ ٢٢٤ و مشاهیرالکرد ٢: ٢٠١ و المستدرك علیالکشاف ٣٧٦ و شێخ معروف النودهی البرزنجی چاپی بەغا نوسراوی مەولانا شێخ محەمەد خان خوابی پاریزێ، شێخ محەمەد خان لە ١٩٠٤ زاینی لە دایك بووە و تا ئێستا دە دەوانزە کتێبی بە کوردی و عەرەبی نوسیوە و لە چاپیش دراون. نەقڵ لە ئەعلامی خەیرەدین زەرەکلی چاپ ٦ ج ٧ پەڕەی ١٠٥ و ذەیلی کشف الظنون ج ١ پەڕەی ٣٧ و بەرکوڵی پێنچینەی قەسیدەی بوردییە، شێخ مارف نۆدێی Princeton 4719 و ایضاح المکنون ١: ٣٧ و ٦٦ ط البغدادی: هدیةالعارفین: ٢: ٣٦٩ و ج ١٢ لاپەڕەی ٤١ معجم المؤمنین متراجم مصنفی الکتب العربیە نوسراوی عومەر رەزا کەحالە، چاپی بیروت ـ ١٧ سپتامبر ١٩٨٥ زاینی ساڵی ٣ ژمارەی ٩ شەهادەی کوردی بە قەڵەمی (شەپۆل) مەبەستی جوان بڵاوکراوەتەوە.

# بەرزنجی شێخ کاك ئەحمەد عارفی ناودار

## ١٢٠٨_١٣٠٥ مانگی

ئەم زانا خواناسە گەورە بەناوبانگە کوڕی زانای بەناوبانگ شێخ مەعروفی نۆدێی‌یە. ئەم عارەفە فەیلەسوفە گەورە خودایيە کە ساڵی ١٢٠٨ی مانگیدا لە شارە زانست پەروەرەکەی، هەڵمەت و قارەمان و زانا و فەیلەسوف پەروەری سلێمانی لە دایك بوە. ئەم زانا گەورە لای باوکی زانستەکانی ئاینی فێر بوە و لە دینداری و پارێزگاری و لە خوا ترسیدا مەشهوری ڕۆژگارە و یەکێك بوە لە مورشیدە پایە بەرز و تەرزەکانی ڕچەی قادری ـ لە زانستی تەفسیر و فەرمودەی پێغەمبەر و فیقە و مەعارفی ئیسلامیدا دارای تەئلیفاتێکی زۆر و گرینگ و موفیدە، زیاتر لە ١٢٠ ڕسالەی بە زوانی پارسی نوسیوە و لە ساڵی ١٢٩٩ی مانگی لە شاری بەغا شەش ڕسالەی ئەم زانایە و لە ساڵی ١٣٥٥ی مانگیدا (١٢) ڕسالەی تر، لە شاری نەجەفدا لە چاپ دراوە، ئەم زاتە لە ساڵی ١٣٠٥ی مانگی لە شاری سلێمانی بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە و لە مزگەوتی گەورە کە خۆی لەوێ تەدریسی کردوە نێژراوە و گڵکۆکەی مەزار و زیارەتگەی مسوڵمانانە.[1] مامۆستا مەلا(عبدالکریم مدرس) ئیمام شافعی زەمان [2] لە سەرەتای مەکتوباتی کاك ئەحمەد شێخ [3] بە کوردی نوسیویەتی: کاك ئەحمەدی شێخ ٩٧ ساڵ ژیاوە و لە خزمەت باوکیدا ئادابی تەریقەتی

---

١- بروانە ئەمین زەکی: مێژوی سلێمانی پەرەی ٢٢٤ مێژوناسی کورد ئەمین زەکی لە ساڵی ١٨٨٠ زاین لە شاری سلێمانی لە دایك بوە و لە ساڵی ١٩٤٨ی زاینی لە ٩ی تەموزدا لە بەغا وەفاتی کردوە و لە شاری سلێمانی لە گردی سەیوان نێژراوە.

٢- لە ساڵی ١٣٢٣ مانگی ربیع الاول لە کاتی بەهارا لە گوندی (تەکیە)ی سەر بە(خورماڵ)ی کوردستانی گەرمێن لە دایك بوە.

٣- چاپی ساڵی ١٩٨٤ ز

قادری و ئیرشاد و ئیجازەی دەرس و تنەوەی علومی دینی وەرگرتوە و خزمەتەکانی ئەمزاتە بۆ ئیسلام و موسولْمان بە کورتی بەم جۆرەن:

١ـ تەدریسێکی زۆرباشی کردوە و گەلْی خوێندەواری خاوەن بەهرەی پێگەیاندوە و ئیجازەی تەدریسی پێداون.

٢ـ لە سەر مەسلەکی پۆستنشین ئیرشادێکی موافیقی کیتاب و سوننەتی پێغەمبەر، ئەنجام داوە و گەلْی کەسی وەکو شێخ حەسەنی قەرەچێواری بەرزنجی و کەسانیتری لە تەریقەتا پێگەیاندوە.

٣ـ مزگەوتی گەورەی سلێمانی هەمیشە پڕ بوە لە مسولْمانەکانی مەنسوبی ئەوزاتە و خەریکی قورئان خوێندن و زیکر و یادی خودا و عیبادەت کردن بون.

٤ـ سفرە و خوانێکی بێدرێخی بۆ نانی مریدان بە تایبەت بۆ فەقێ و حافیزانی قورئان و سالیکانی ئادابی تەریقەتی راخستبو.

٥ـ هەمیشە بۆ ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە و بۆ ناوبژی کردن و ئاشت کردنەوەی هۆزە کوردەکانی شار و لادێ و ئاشت کردنەوەی بنەمالْە و خێزانیش تێکۆشاوە.

٦ـ هەمیشە لە دایرەکانی حوکومەتا ئیعمالی نفوزی کردوە و چوە بە هاوار و بانگی خەلْکی لێقەوماو یا ستەم لێکراواندا.

٧ـ کاک ئەحمەدی شێخ وەك چون بە فەقێ و مەلا و مرید و مەنسوبا لە مزگەوتی گەورە راگەیشتوە چەن هۆدەشی بۆ ئەوانە وا قورئانیان لەبەر ئەکرد، تەرخان کردبو و مامۆستایشی بۆ راگرتبون و خەرجی هەموشیانی کێشاوە، بەم جۆرە ئەو فەرزەکیفایەی لە کوردستانا گرتبوە ئەستۆ، تەنانەت خەلْکی سلێمانی وا بار هێنابو، هەر مالْێك کە وەزعی مالْی چاك بوە، قورئانخوێنێکی راگرتبو تا قورئانیان بۆ بخوێنێ.

٨ـ کاك ئەحمەدی شێخ لە ماوەی ژیانیدا هەموو رۆژێ کۆڕی وەعز و

ئیرشادیشی بوە و (مەکتوبات)ی نوسیوە بۆ شار و دیهات و دەوارنشینان، بۆ ئەوەی لە ئەسڵ و فەرعی ئاینی ئیسلام حاڵی و شارەزابن.

مامۆستا مەلاکەریم مودەریس، نوسیویەتی: وا مەشهورە ٩ مەکتوبی نوسیوە. بەڵام ١٢٠ مەکتوبی نوسیوە و بۆ رێنوێنی، بەم لاولایدا ناردوە و تەنانەت فەرمانیشی داوە بە مسوڵمانانی رابگەینن و بۆیان بخوێننەوە. من (شەپۆل) مەکتوباتی کاك ئەحمەدم بە چاپی دیوە کە شێخ مەحمودی نەمر لە چاپی داوە. مامۆستا مەلاکەریم مودەریس لە سەرەتای بەرگی یەکەمی مەکتوباتی کاك ئەحمەدی شێخدا بە کوردی نوسیویەتی: بە تێکرا ٥٥ مەکتوبی کاك ئەحمەدم لە ١٩٧٥ ز کۆ کردەوە و دو بەرگیشم لای حاجی شێخ ئیبراهیمی قادر کەرەم گیر کەوت و پوختەم کردن وەرم گێرانە سەر زوانی کوردی.

شێخ رەزا تاڵەبانی [1]

لە ستایشی کاك ئەحمەدی شێخدا زۆر بە جۆش و خرۆش و بەرز و تەرز بە باڵای واڵای مەعنەوی کاك ئەحمەدی سلێمانیدا شێعری وتوە و لام وایە کەس نەیتوانیوە بیگاتێ و لەم جۆرە ستایشەدا کەس لە شێخ رەزا پێش نەکەوتوە کە فەرمویەتی:

**ستایش:**

مەربوتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی
خۆزگەم بە سەگی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی
ئەو قودوەی ساداتە کە سوکانی سەماوات
شەریانە لە سەر سوجدە لە بەر مەرقەدی پاکی
ئەو مەرقەدی وا لایە کە وەك عەرشی موعەلا

---

١- لە ١٢٥٣ مانگی و ١٩٣٥ ز لە دایك بوە و ١٩٠٩ زاینی مردوە.

مەحفوفە بە زواری مەلەك، دەورەی شەپاکی
بۆ دەست و عەسا نازکەکەی داغە دەرونم
قوربانی عەسای دەستی دەبم، سول و سیواکی
دنیا لە دوای حەزرەتی شێخ ژێر و زەبەر بێ
وەك تاجیکەی و، جامی جەم، بەختی زوحاکی
دەرحەق بە حەفیدانی ئەدەب، لازمە زینهار
قوربانی حەفیدانی دەبم بابی و داکی
بەم حالە پەریشانەوە باز (اَشْهَدُ بِاللّٰه)
شێعرت تەرەب ئەنگیزە (رەزا) شاعیری چاکی

ئەگەر بە وردی بڕوانینە ئەم ستایش نامە رونگایەك دێتە بەر چاوت کە بارەگای بەرز و تەرزی کاك ئەحمەدی شێخت دێتە بەر چاو، کە فریشتە و پەری پۆل پۆل و دەستەدەستە دێن بۆ دیدەنی و زیارەت، وەك ئەمە چاوت لە سێبەری شاپەڕی ئەو پەریانەیە کە بە سەر گومەزی ئەو شێخەوە، کە بارەگاکەی دیمەنی بارەگای کەی و نیگارستانی جامی جیهان‌نمای جەمشید و نگێنی گوشتاسب شای هەیە. کە شێخ بۆ ڕازاندنەوەی ئەو گومەز و بارەگایە نەماوە، جا ئەوەیە ئەویش لای وایە ئیتر پێوستە دام و دەزگای جهانی ئافەرینشیش بپێچرێتەوە چونکە ئیتر دوای کاك ئەحمەدی شێخ هیچ ناهێنێ و بێ‌بایەخە و لە دواییدا شاعیر زۆر بە شانازیشەوە دەڵێ (رەزا) شێعرەکانت لە کانگای دەرونەوە ئاهەنگ ئەگێرێت و بە ڕاستی، ڕاستی فەرموە چونکا، کەس وا دیمەنی ستایشی نەڕازاندۆتەوە.

کاك ئەحمەدی شێخ لەو مەکتوباتانەی خوێندا بە ڕاستی لە بابەت ئیثباتی زاتی خوا و ئیثباتی یەکیەتی خوا و زات و سیفاتی خوادا دادی قسەی داوە و زۆر بەرز و ورد لە بابەت زانستی کەلام و ئەقاید و ئیدئۆلۆژیکیەوە دواوە و مامۆستا مەلاکەریمی مودەریسیش خوا بیپارێزێ، جوان هێناوەتە سەر زوانی کوردی. لە سەر مسوڵمانان لازمە بیخوێننەوە و فێری بن حاجی کاك ئەحمەد

ساڵی ٢٤٠٥ ك و (١٧٩٣ ز) له شاری سلێمانی له دایك بوه و له ساڵی ٢٤٩٩ ك (١٨٨٧ ز) هەر لەوێ له ٩٤ ساڵیدا وەفاتی کردوه.

مامۆستایان ئەمین زەکی و شێخ محەمەدی خاڵ نوسیویانە گۆیا حاجی کاك ئەحمەد له ٩٨ ساڵیدا وەفاتی کردوه [1] ئەم هەڵە لەوەوەهاتوه کە مامۆستا ئەمین زەکی تەمەنی حاجی شێخ کاك ئەحمەدی بە ساڵی هیجری لێك داوەتە بێئەوەی جیاوازی دەرۆژی ساڵەکان بگرێتە بەر چاو.

مامۆستا شێخ محەمەدی خالیش کە ساڵی لە دایك بون و وەفاتی حاجی کاك ئەحمەدی گۆڕیوەتە سەر (میلادی) و ١٧٩٣ی بۆ یەکەم و ١٨٨٧ی بۆ دووهەم داناوە، تەمەنی هەر بە ٩٨ ساڵ لە قەڵەم داوە. [2] شێخ رەزا (رئیس‌الشعرا) بو ستایشی کاك ئەحمەد:

کەس نەماوە بە غەیری کاك ئەحمەد
شەیخ مەعروف و عالیمی ئەرشەد
چاکە ئێستا دەکا لە بۆ کوردان
تەرجەمەی شەرع و ئایەتی قورئان

موخلیس و کاك ئەحمەد (تەخمیسی پارچەیەکی بەناوبانگی شێخ رەزا لە لایان «موخلیس» - حاجی مەلا رەسوڵی دیلێژەوە)

هەر کەس کە ئەکا خزمەتی ئەو پیرە بە چاکی
مەحفوزە لە دونیا لە جەهەننەم نیە باکی
ئەم ئەرزە وەکو ئەرزی حیجازە بە پاکی
مەربووتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی

---

١ - بروانە محمدامین زکی، مشاهیرالکرد و کردستان، الجزأ الثانی، القاهرە، ١٩٤٧ ص ٢٢٤، محمدالخالّ، الشیخ معروف النودهی البرزنجی، بەغا، ١٩٦١، ص ١٩٩.

٢ - بروانە گۆواری کوری زانیاری کورد بەرگی ١ بەشی یەکەم ١٩٧٣ زاینی پەرەی ٣٨٤.

خۆزگە بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی
ئەترافی زەریحی کە ئەکا نوری تەجەللا
لەو نورە کە لاحول و لاقوەتە ئیللا
بیللاهی لە بۆ جەمعی مەلەك بۆتە موسەللا
ئەو مەرقەدە وا لایە کە وەك عەرشی موعەللا
مەحفوفە بە زوواری مەلەك دەورەیی شوباکی
نەجمێکە لە بۆ ئەهلی هودا بو بە عەلامەت
تاجێکە لە سەر فەرقی هەمو زومرەیی سادات
وەك «حەزرەتی غوسە» بە هەمو کەشف و کەرامات
ئەو قودوەی ساداتە کە سوکانی سەماوات
شەریانە لەبەر سوجدە لەبەر مەرقەدی پاکی
باعیس بە فیراقی چ عەجەب زار و زەبونم
بەو نەوعە کەوا مونتەزیری کاسی مەنونم
بێشوبهەیە من موتەسیفی وەسفی جنونم
بۆ دەست و عەسا نازکەکەی داخە دەرونم
قوربانی عەسای دەستی ئەبم سۆل و سیواکی
ئەو سیلسیلە وا نەسلە لە بۆ ئەحمەدی موختار
تەعزیمی وەها لازمە وەك زومرەیی ئەبرار
لەو نەسلە هەرچی بوغزی هەیە جێی سەقەرە و نار
دەرحەق بە حەفیدانی ئەدەب لازمە زینهار
قوربانی حەفیدانی بم و بابی و داکی
چی تابیعی ئەو بێ لە حەیاتی بە کەدەر بێ
عەیش و فەرەح و لەززەتی هەر لەحزە هەدەر بێ
بۆ مردنی هەر لەحزە پەیاپەی بە خەبەر بێ

دونیـا کـه لـه پـاش حـەزرەتـی شـێـخ ژێـر و زەبەر بـێ
وەك تـاجـی کـەی و جـامـی جـەم و بـەختـی زوحـاکـی
شـێـعـرێ کـە لـە بـۆ مـەدحـە نـەتـیـجـەی هـەیـە لـیـلـلا
خێـرێ کـە لـە بـۆ هـەجـوی تـەمـاع بـێ نـیـیـە کـەڵـلا
(مـوخـلـیـس) لە (رەزا) رازی‌یـە ئـەی جـەمـعـی ئـەخـیـلـلا
بـەم حـاڵـە پـەرێـشـانـەوە بـاز ئـەشـهـەد و بـیـلـلا
شێـعـرت تـەرەب ئـەنـگـێـزە (رەزا) شاعـیـری چـاکـی

«موخلیس» هەر لە خۆشەویستی شێخاندا خۆشی دێڕێکی لە شێعرەکەی شێخ رەزا زیاد کردووە و نوسیوی‌یە:

هـەر کـەس لە حەقی مورشیـدی موخـلیـس هـەیە بـوغـزی
لایـەق بـە سـەگـی دۆزەخـە ئـەو پـیـسـە کـەلاکـی
مـەدینـەی موڵکی بابان (موخلیسا) یەعنی سلێمانی
کە جێی دو حەزرەتی وابێ دەبێ وەك کـەعبە تولّلابێ

تەنانەت هیجری دەدەش لە سەر باسەکانی توحفەی سلێمانیدا لە سەر باسی (دودمان بابان، أساسِ سلێمانی)یەوە، یەکسەر دەچێتە سەرباسی (ساداتِ‌کرام) و بە شێخ مارفی نۆدێ و کاك ئەحمەد دەست پێدەکات.

**شێعری حەمدی**

بۆ سەرداری کورد شێخ مەحمودی حەفید مەلیکی کوردستان:

یـا مـەدیـنـە بـێـنـەبـی بـێ یـا نـەجـەف بـێ بـێـعـەلـی
شاری غەزنەش ئێستە بێـمەحـمودە وەك (داریکـەلی)

نوسراوەکانی: ١ـ فتح‌الجواد فی بیان فضائل‌الجهاد لە ٣ جەلددایە.

٢ـ مەکتوبات (چار روبعەی شەرع) بە فارسی کە مامۆستا مەلاکەریم مودەریس خوا بی پارێزێ لە دوو بەرگدا کوردویە بە کوردی.

٣ـ ٦ ریسالە لە یەك جەلددا لە ١٢٩٩ لە بەغا چاپکراوە و ١٠ ریسالەش

له یەك جەڵدداد له ۱۳٥٥ چاپكراوه.

سەرچاوه: بەغدادی: هدیةالعارفین ۱: ۱۹۲، ۱۹۳ و معجم‌المؤلفین نوسراوەی عومەر رەزا كەحاله ج ۱ چاپی بیروت پەرەی ۱٥۸ كه دەنوسی:

احمد بن محمد معروف بن احمد الحسین النودهی البرزنجی الشهر زوری، الشافعی، القادری، النقشبندی الشهیر بكاكه، توفی بالسلیمانیة فی المحرم، من تصانیفه فتح الجواد فی بیان فصائل الجهاد و میژوی سلێمانی و دەور بەرەی و دیباچەی مەجموعه رەسایلی شێخ كاك ئەحمەد كه له چاپخانەی عززی نەجەف چاپ كراوه تاریخی له دایك بونی شێخ كاك ئەحمەد ۱۲۰۸ کۆچی نوسراوه. گۆواری ئامانج ژمارەی ۱۷ ساڵی ۳ چاپی ۱۳٦٦ هەتاوی لاپەرەی ۱۰ تا ۱۲ به قەڵەمی (شەپۆل) و هەروا له ۱٥ی ئوكتوبر ۱۹۸٥ زاینی ساڵی ۳ ژمارەی ٤ شەهادەی كوردی له بابەت كاك ئەحمەد سولەیمانی بەرزنجی (قدس سره) مەبەستێ جوان به قەڵەمی (شەپۆل) بڵاوكراوەتەوه.

# خانای قوبادی

١١١٦-١١٩٢

زانای ناودار

شیعر و هۆنه

بـه نـام ئـەو کـەس (شـیـریـن) ئـەرمـەن
پـەیـدا کـەرد (فـەرهـاد) پـەیش بـی بـه کـۆکـەن
هـەر سـوب تـا ئـیـوار نـەپـای (بـیـسـتـون)
تـەقـقـەی قـولـنـگـەش یـا وا بـه گـەردون
نـەراش چـەنـدیـن جـەور، چـەنـد جـەفـا بـەردەش
ئـاخـر بـه نـاکـام ئـەروا سـپـەردەش
(تـعـالـی) جـەسـونـع پـەروەردگـاریـش
جـەکـار شـیـریـن شـیـریـن کـرداریـش [1]

ئەم شیعرانە زۆر لە شیعرەکانی نیزامی شاعیرانەتر و دڵگیرتر و ئەویندارانەتر و بە سۆزترن. پاریزگاری و پاراستنی شوێنەواری پڕ پیت و بەرەکەتی فەرهەنگ و بێژە و وێژە و ئەدەب و هونەر بێ‌ئاسەواری گەورە و پڕ نرخی گەورەکانی ئەندێشە و هونەری کوردی ناگونجێ.

ئەگەر بە جوانی و بە وردی سەرنج بدەینە کەوشەنی پەرەداری زمان و هونەر و بێژە و ئەدەبی زمانی کوردی، چاومان بە ئاسەواری نوسەران و هەستیاران و خولقێنەرانێ زۆر دەکەوێ، هەر وەکو زنجیرە کێوەکانی کوردستان، خاوەنی چەن دوند و لوتکەن. و بڵندترین و بەرێزترینی ئەوانە لە لقی هونەر و هۆنەدا کەسانێکن وەکو نالی، حەکیم ئەحمەد خانی خانای قوبادی، مەولەوی مەعدومی، مەلا پەرێشان و حەکیم وەفایی و مەلای

---

١- دیوانی خانا چاپی کوڕی زانیاری کورد ساڵی ١٩٧٥ی زاینی لاپەرەی ١

جزیری...

بە واتایێ‌تر بە درێژایی مێژوی ئیسلامەتی و لە هەر دەورانێکدا لە هەر چەشنە زانست و هونەرێکدا کە باوی رۆژ بوبێ بە دەیان کوردی سەنگین و دەست رەنگین هونەر نومایی‌یان تێدا کردوە و ناویان دەرکردوە، تەنانەت زۆرێ لەو کوردە بە ناوبانگانەی کە ناچار بون بە زمانی بێگانە و نامۆ واتا: بە زمانی غەیری هاورەگەزی خۆیان بنوسن و بخوێنن، گەلە خاوەن زمانە بێگانە کە لە سەر خۆی حیسابی کردون و ناوی کوردی لێ سڕیونەتەوە، جا سەرەڕای ئەمانەش کە لە کورد داگیر کراون هێشتا لە سەر روپەڕەی مێژوی گەلە بێگانەکاندا هێندمان کوردی دانا و زانا ماون کە خۆمانیان پێوە رابنێین و بە راشکاوی بە دنیا بڵێین ئێمەش لە کاروانی ژیار و شارستانیەتی مرۆدا، دەستە چیلەی خۆمان هێناوە، لە هونەری شێعر و شاعیریشدا هەر هۆیان داوەتەوە، لە هیچ کاتێکدا کوردستان بێ شاعیر و وێژەوانی خۆشخوان و قسە رەوان و وێژاوەر و فەیلەسوف و عارف و خواناس و زۆرزان و هۆزان نەبوە.

جاهەر چەندە وەك حاجی قادری رەحمەتی فەرمویەتی: (لەبەر بێ‌دەفتەری وِن بوین و فانی) بەڵام ئەگەر لە هەشتێك مشتێك) و لە (کۆشکێ خشتێکیش) ماوە هێشتا هەر زۆر دەوڵەمەندین بەڵگەشمان ناوی زۆرێ لەو بلیمەتانەن کە لە مێژودا ماون، هەر وەکو: زەینەدین ئامێدی کە لە ٧١٤ی مانگی وەفاتی کردوە و شەش سەت ساڵ بەر لە لوی برای یا لویی برایل فەڕانسەوی، خەتی بریلی بو کوێران داهێناوە: [1] یا جابان ـ ی کورد و ئەبو بەسیری کوڕی یا شێخ ئەحمەد ناودار بە بێژە و فەرهەنگی موتەحەڕیك، عەللامە کەماڵەدین هەولێری ئیبنی رەسول ساوجبلاغی کە زانستی ریازی وەکو مێو وابووە لە دەستیاندا یا

---

١- مجلە‌المقتبس ـ همش الاعلام ج ٥ لاپەڕەی ٦٣ و هدیە‌العارفین ج ٢ لاپەڕەی ١٤٢ مەشاهیری کورد ئوستاد بابامەردۆخ رۆحانی لاپەڕەی ٩٨ ج ١ چاپی تاران

مەحیدین خەلاتی کە لەرسەدخانەی مەراغە کاری کردوە یا ئیمام ئەورەحمانی خازینی کە لە کۆنگرەی جەبر و ریازی و زیجدا لە ئیسفەهان بەشدار بوە یا شێخی ئیشراق یا دەبیر کەلۆر: غولام رەزا ئەرکووازی، سەی سالە ماهی دەشتی، ترکە میرۆ، دەس و قەڵەم جوانی کورد و بنیات نەری خەتی شکستەی نەستەعلیق، میرزا رەزای کەلۆر و دەیان شاعیر و هونەرمەندی بێنا و نیشانی تر.

ئێمە بەلگەی تەبع نازکی شێعر و هەڵبەستەی منالانی کوردەواریمان لەبەر دەستدایە و دەزانین کورد لەم هونەرە جوانەدا چەند وەستا بووە و تا ئێستاش بە پێی توانا چەند وەستا ودەست رەنگینە.

# خانای قوبادی

خانای قوبادی لە هۆزی کوردی گۆرانە و هەستیار و هۆنەر و ئەدیب و چامە وێژ و کەم وێنەیە، لە نەزمی چریکە و چیرۆکی کوردیدا ئاسەوار و ئەشعارێکی زۆری لە خۆی بە یادگار بو ئێمە بەجێ هێشتوە کە بە داخەوە بەشێ لەوانە ون بون و فانی، یەکێ لە شوێنەوارە بە نرخەکانی خانا مەنزومەی شیرین و خەسرەوە کە لە سالی ١١٥٣ ی مانگی بەزاراوەی گۆرانێ دایناوە.

**هۆنە و شێعر:**

ئەورو کە خامەی عەنبەر شەمامە
وەش بۆ کەرد جەموشك ئینشای ئەی نامە
تەئریخ هیجرەت (ختم المرسلین)
موتیع دیوان شەرح، شەرع و دین
رۆی دوشەمە بی (ذی حجە الحرام)
هەزار و پەنجا و یەکسەد سی تەمام

دیارە ئەم شاکارە تەنیا چیرۆکی دڵداری و تراژدیا و ئەوین و عەشقی خەسرەو و شیرین یا رەنجی بێوەری فەرهاد و تێهەڵقورتاندنی پروتەژی لە نەگبەتی شێرۆی کوری خەسرەو لە ژیانی باوکیدا نیە، بەڵکو شاکارێکی ئەدەبی و هونەرییە، لە چریکەی داستانی کوردیدا.

لەو شێعرانەی خانا کە بو ئێمە جێماوە لە (حەوت بەند)ەکەی بە جوانی دەردەکەوێ کە خانا مەلا و زانایەکی ئاگادار بوە و مەسەلەی (جەبر و ئیختیار و عیلمی کەلام و ئارا و ئەقایدی موعتەزیلە و ئەهلی کەلامی بە وردی بەیان کردوە، خانا بەشان و باڵی (نیزامی گەنجەوی) هەڵ گوتوە و خوێ باش ناسیوە و تێگەیوە کە زانا و هونەرمەند، بۆ هەمیشە لە ژێر خاك و خۆڵی پێنەزانیدا نامێنێتەوە، جا پیاوانە ئاتەکی لێ دەکا بەلادا و بەدانستە دێتە مەیدان

و بەرهەمێکی جوان و پڕ واتای، وەك چریکە جوانەکەی نیزامی بەدی ئەهێنێ و فەرهەنگ و شێعری کوردی پێ غەنی دەکا و تەنانەت وا نیشان ئەدا کە ئەم ئەرکەی لە غەیبەوە خراوەتە ئەستۆی و دانانی شیرین و خەسرەوەکەی بە گۆی رایەڵی فەرمانی سروش و غەیب دائەنێ:

**هۆنە و شێعر:**

ئەورو کە خامەی عەنبەر شەمامە
وەش بۆ کەرد جەموشك ئینشای ئەی نامە
تەئریخ هیجرەت (ختم‌المرسلین)
موتیع دیوان شەرح، شەرع و دین
رۆی دوشەمە بێ (ذی حجه‌الحرام)
هەزار و پەنجا و یەکسەد سی تەمام
ناگا جە وەختی مینای سوبحدەم
جە جام خورشید رەوشەن بی چون چەم
جە پەردەی ئەسرار لامەکان ماوا
سروشێ بەی تەور بە گۆشم یاوا
واتەن: هەی شوعەرای خۆش نەزم و شێوە
جانشین قەیس پەی لەیلا لێوە
چێش مەبۆ چون نەزم (نیظامی)ی دوڕ سەنج
بە لەفز شیرین بە بێ‌لارە و لەنج
جە وەسف فەرهاد شیرین و پەروێز
باوەڕی بە رەقس خامەی عەنبەر بێز
عەیبەن پەی تۆ دانای دوڕشناس
دەمی چون سەڕاف یاقوت و ئەڵماس

جـەی بـازار عـەشـق جـەڕای پـڕ هـۆشـی
مـەشـغـوڵ بـێ بـە کـار جـەوهـەر فـروشـی
حـەیـفـەن وێـنـەی تـۆ جـەواهـیـر بـارێ
نـەکـەرۆیـەی وێـش ڕەنـگـیـن بـازارێ
خـاتـرەت جـەم بـۆ جـەوهـەری لاڵ سـەنـج
دانـای دورشـنـاس، گـەنـجـور کـۆی گـەنـج
هـەرکـەس وێـنـەی تـۆ گـەوهـەر پـارشـەن
دانـا و بـوزورگـان خـەریـدار شـەن
گـوشـاد کـەرزوبـان جـەواهـیـر بـارت
تـا گـەرم بـۆ زەریـف سـەودای بـازارت
وەرنـە دەوران تـۆ جـە بـێـکـاری
عـومـرێ بـە زایـە و بـە بـۆش مـویـاری [1]

راستە خانا خۆی بە پەیرەوی نیزامی گەنجەوی داناوە بەڵام کاری خانا لە هی نیزامی بەرزترە، خانا بە نیشاندانی دیمەنی جوان و وەسفی ورد و دەربڕ و رەوان بێژانەی خۆی گۆشت و دەمار و پێست و توێژی ناسك و لەتیف و زێڕینی بە شیرین و خوسرەو بەخشیوە و خوێنی گەش و مایەی ژیان و گیان و رۆحی بە بەرا کردوە.

شیرین و خەسرەوی خانا (٥٥٢٦) شێعرە و هی نیزامی (١٩٦٠) شێعرە بە پێی چاپی ئازەربایجان.

خانا لە کاتی قسە کردن لە شیرین و خەسرەو، راز و نهێنێکی زۆرمان لە بابەت شیرین و خەسرەو، فەرهاد، شیرۆیە، دەس و پێوەندی دەربار و کوڕی جەنگ، راوێژ، رابواردنی ئەوانە، بە شێوەیەکی جوان و ئەدیبانە لە چوارچێوەی

١- دیوانی خانا چاپی کوڕی زانیاری ١٩٧٥ز لاپەڕەی ١٢ و ١٣.

چریکەکەدا بۆ خوێنەر دەردەخاو لە کارەساتی ئەو سەردەمەی دەگەیێنی، ئەوەی ئەم چریکە دەخوێنێتەوە لە هەستی شانازی خانا بە خۆی، بە کورد، بە کوردەواری، ئاگادار ئەبێ... داد پەروەری، جوری حوکمڕانی، رەژیمی کۆمەڵایەتی، ئابوری، رامیاری، جوری بیر کردنەوە، تێ‌ڕوانین و هەلوێست لەگەڵ خەڵك، راو، شکار، ئاژاوە، ئاسایش، شایی، شین، و ژیانی ئەو سەردەمەی کوردەواری بە جوانی بۆ ئاشکرا ئەبێ، ئەمەیە کە نرخێکی تایبەت بە شاکارەکەی خانا ئەدا و ئەیباتە سەرێ کە بە رونی پەردەی لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژگارە لە ناوچەی کوردەواریدا هەڵداوەتەوە و راستی بۆ خوێنەر دەرخستوە.

زانای ناودار خانای قوبادی

خانای قوبادی لە هۆزی پاشاکانی باجەلان و نەوەی قوباد بەگی حاکمی دەرِنی و دەرەتەنگە، بە فەرمودەی ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی، قوباد بەگ حاکمی ئەم قەڵایا نەبوە: دەرِنێ، دەرەتەنگ، حەلوان: زەهاوی ئێستا، سدان، دەوان، ئالانی، پاوە، رەوانسەر، باسکە، قەڵای زنجیر، زربانێکی [1] خانا لە حودودی ١١١٦ی مانگی لە دایك بوە و لە ساڵی ١١٥٣ی مانگی شیرین و خەسرەوی بە تەواوەتی بە شێعر داناوە(دەرِنی یا دەرِنە شارۆڵکەیەك بوە لە جێی کوێستانە هەواری هۆزی باباجانی لای باکورهی - (لوشە) کە وێرانەکەی ماوە، وەلی دێوانەش ئەو شاعیرە گەورە ناوداره لە هۆزی باجەڵانە و خەڵکی دەرِنێیە) خانا زۆر زانا و هۆزان و عالم بوە بە تایبەت لە عیلمی فیقهـ و مەعارفی ئیسلامی و فەلسەفە و کەلام و عیرفان و ئەدەبدا شارەزا و خاوەن دەسەڵات بوە، شێعر و هۆنەی خانا سەهلی مومتەنیعە.

لە تەفسیری قورئانیشدا زانا بوە و هەندێ لە قورئانی بە شێعر واتا و بەیان

---

١- شەرەفنامە لاپەڕەی ٥٨٩ ئوفستی ١٩٨١ ئێران

کردوه، هەندێ لە مەلایانی ئەمەیان بە دڵ نەبوە و خەڵکیان لێ هانداوە و بە ناچار بەرە و ئەمیرنشینی بابان کۆچی کردوە و لە ساڵی ١١٩٢ی مانگیدا هەر لەوێ بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە.

خانا: کار و باری جەنگ، سواری، راو، شکار وە لە ئاداب و رسومی باوی پاشاکانی باجەڵانی بنەماڵەی باوانی خۆی شارەزا بوە و زۆریش حەزی لە داب و دەستوری کوردەواری کردوە.[1] زانا و شاعیری لورستان کاك ئەسفەندیاری غەزەنفەری لە کتێبی ئەدەبی لورسان[2] نوسیویەتی، ئێمە لە لورستاندا زۆر ئاسان شێعر و هۆنەی خانای قوبادی دەخوێنینەوە و لەگەڵ زمانی لەکی نێزیك و یەکە و ئەمەش پەرەدار بوون و غەنی بوونی واژەی لەکی دەگەیێنێ، کە توانیویەتی زمانی باستانی و پەهلەوی بەم شێوە چاکە بە میرات بۆ ئێمە راگرێ و مەسنەوی گەیشتنی شیرین و بۆلای فەرهاد لە کاتی مردندا و چریکەی رۆیشتنی خەسرەو بۆ باغ لەگەڵ غوڵاماندا ـ خۆم لە رادیو (خورەم ئاوا)دا،خوێندۆتەوە.

مام هێمن محەمەد شێخەل ئیسلامی شاعیری ناوداری رەحمەتی لە پەسنی شاکاری خانای قوبادێ دا لە پاشە رۆك لە لاپەرەی ١٥ نوسیویەتی:

بەڵێ: لە دەریای بێ‌لێوار و بێ‌کەنار و پڕ شەپۆلی شێعردا، مەلە دەکەم و لە گوڵزاری رەنگاورەنگی ئەدەبدا گوڵ دەچنم، تەمەنم لە نوێ نوسراوەتەوە. ئەو خۆشی و شادیە هەمو شیرین و خوسرەوکەی خانا قوبادی بۆ منی هێناوە، کە برای زۆر بەڕێز: کاك محەمەد مەلاکەریم بە دیاری بۆی ناردوم.[3] م–

---

١ - نوکتە: زنجیرەی پاشاکانی باجەڵان لە ئەردەڵانەکان کۆنترێ و نیزیکەی پێنسەت ساڵ بە سەر (زەهاو)ی کۆن و هۆزین، شێخان، بی کورە، قۆرەتو، سەرقەڵا، جێگیران کۆپەسا، هەرێمی پشتکۆ، بەمو، محەللە، جوانر و ورە و انسەردا لەو پەڕی هێز و دەسەڵاتدا، میری یان کردوە، بە فەرمودەی ئەمیر شەرەفخان بدلیسی جارجارە حوکمیان تا دینەوەر ئەرۆی.

٢ - چاپی ١٣٦٤ لاپەرەی ٣١٣.

ئەورەنگ لە لاپەڕە ٧ بەرکولی شیرین و خەسرەو [1] نوسیویەتی: «خاناو نیزامی سەرەڕای هاوبیری و شاعیری، هاو رەگەزیش بون، چون نیزامی فەرمویەتی:

گـر مـادر مـن رئـیـسـەی کـرد
مـادر صـفـتـانـە پـیـش مـن مـرد

نیزامی باوکیشی لە کوردەکانی شافعی مەزهەب بوە هەر ئەوە بوە ئەم کورەکاری ئەو کوردەی کردوە، کە بیر و فەرهەنگیان یەك بوە، بۆ منیش (ئەورەنگ) مایەی سەر بەرزییە، کە لە ڕێگای پێوەندی نیژادی لەگەڵ ئەو گەوهەرە تابناکانەوە بە ئەندازەی خۆم بۆ نیشان دانی بار و بەری ئەوان کارم کردوە.

نوکتە: لێکۆڵەران بە پێی ئەم شێعرە ڕایان گەیاندوە کە ناوی دایکی حەکیم نیزامی (رەئیسە) بوە، هەرچەندە سەعید نەفیسی بۆ گیرە شێوێنی دەڵێ (رەئیسە) ناوی خاس و تایبەت نیە، بەڵکو ناوی عامە و بە واتای: (رەئیس - ی ژن)ە و مەبەستی نیزامی ئەوە بوە کە دایکی لە سەروکەکانی هۆزی کورد بوە. نیشانی تر ئەمەیە کە نیزامی لە شوێنێکدا لە (ئەسکەندەرنامە) دەیەوی بڵێ: کە مەبەستی ئەو لە ساقی، موغەنی و مەی و مەیخانە و مەیلانە، تەنیا مەعانی مەجازی و ئیستیعاری ئەوانەیە، دەنا قەت، ئەهلی خەمر و شورب نەبوە، بە شێوەی کوردان بە تەڵاق، تەڵاقی ژن سوێندی خواردوە:

«گـر ز مـی شـدم هـرگـز آلـوده کـام
حـلال خـدا. بـاد بـر مـن حـرام»

ئەم جورە سوێند بە تەڵاق خواردنە، خۆی نیشانی ترە بۆ کورد بونی حەکیم

---

←٣- مام هێمن (محمدامین شیخ‌الاسلامی) شاعیری ناوداری کورد لە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی لە گوندی لاچین نیزیکی مەهاباد لە دایك بووە و لە رۆژی هەینی ٢٩ خاکەلێوەی ١٣٦٥ی هەتاوی بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە.

١- چاپی ١٣٤٨ هەتاوی و رێکەوتی ٢٥٨١ کوردی مادی.

نیزامی گەنجەوی، چونکا لە نێو هیچ گەل و هۆزێکدا، وەکو، کوردان بە تەڵاق سوێند ناخۆن، دیارە ئەم سوێند خواردنانە، خۆی نیشانەی ڕێز دانانی زۆرە بۆ ژن کە وا سوێندی پێدەخۆن.

ئەڵێن باوکیشی کورد بوە: بە تایبەت کە بەهرامنامە (حەوت پەیکەر)ی بە (میرعەلائەدین گڵپەی) ڕەوادی ئاخرین سەرداری کورد کە لە بنەماڵەی (میرئەحمەد یەل) بوە پێشکەش کردوە و نیزامی ئەو ئەمیر کوردەی زۆر خۆش ویستوە و نیزامی عەلائەدینی بە سولەیمانی زەمان ناو بردوە لە وە ئەچێ ئیشارەیەك بێ بە سولەیمان پێغەمبەر کە دەڵێن بەلقیسی لە شاری شنۆوە هێناوە و شوێنێك ئێستا لە نێزیك شاری شنۆ بە ناوی بەلقیس هەیە، و عەلائەدین لە شنۆ و ڕەوان دژ: (رویین دژ) حوکومەتی کردوە و زۆر بە هێز و وزە دار و دادگەر فەرهەنگ پەروەر و ڕەعییەت خۆشەویست بوە و زۆری ڕێز بۆ زانایان و دانایان و شاعیران و هەستیاران داناوە و نان بدە و خاوەن خوان و سفرە ڕەنگین بوە جا ئەوەیە نیزامی زۆری خوش ویستوە و بە شێعر لە پەسەندی ئەودا دەڵێ:

چون اشارت رسید پنهانی
از سراپردهٔ سلیمانی
بر گرفتن چو مرغ بالگشا
تا کنم بر در سلیمان جای
در اشارت چنان نمود برید
که هلالی برآورد از شب عید
پادشاهی که ملك هفت اقلیم
دخل دولت کند به وی تسلیم
حجّت مملکت بقول و بقهر
آیتی در خدا یگانی دهر

خسرو تاج بخش تخت نشان
بر سر تاج و تخت گنج فشان
محمده مملکت علاالدین
حافظ و ناصر زمان و زمین
مهدیی کافتاب این مهد است
دولتش ختم آخرین عهد است
رستمی کز فلک سواری رخش
هم بزرگ است و هم بزرگی بخش
بحر و بَرّ هر دو زیر فرمانش
بَرّی و بحری آفرین خوانش (١)

له ناوچەی گەنجە، بە ردەع یا بەرزەعە کە بە قسەی یاقوت نو فرسەخ لە گەنجە دور بوە و موغان و کهستان کوردی تیا بوە.(٢)

**خانای قوبادی و خوێندن**

ئەگەر بە وردی بروانینە رۆژگاری پێشو سەرنجێك بە بار و دۆخی خوێندنی مەلا و فەقێیاندا بە دین زۆر بە رونی بۆمان دەردەکەوێ کە: بەر لە چاو هەڵێنانی خانای قوبادی بە ژیان، فەقێ و مەلا و میرزا و خوێندوار لە حوجرە و خوێندنگەکانی ئەو سەردەمەدا لە پاڵ خوێندنی مەعارفی ئیسلامیدا ئەدەب و فەرهەنگ و زمانی کوردی بە دەرس ـ خوێندراوە و زمان و زاراوەی گۆرانی کە خانا شیعری پێ وتوە زمانی خوێندن و نوسین و زمانی

---

١- دیوانی حەکیم نیزامی گەنجەوی لاپەرەی ٥٠٤ تا ٥٠٩ چاپی انتشارات زرین تاران بە سەرەتای دوکتور معین فەربێ تاریخ.

٢- معجم‌البلدان ج ١ لاپەرەی ٣٧٩ نوسراوی یاقوت بن‌عبدالله حەمەوی کە نوسیویەتی: لەبەر دەعە (پەردەدار) دەروازەیەك هەیە کە بە دەروازەی کوردان ناوداره و زانایانێکی زۆری لێ هەڵکەوتوە بە تایبەت لە زانین راویانی حەدیسدا لاپەرە/ ٣٧٩ ستونی ٢ چاپی ٩٥٩، زاینی.

ڕەسمی و باوی ئەو سەردەمەی کوردەواری بووە.

بۆیە خانا بە ڕاشکاوی فەرمویەتی:

**هۆنە**

بـە لەفـز کـوردی، کـوردسـتـان تـەمـام

پێش بـوان مـەحفـوز بـاقـی و الـسـلام [1]

خانای قوبادی بەر لەو تاکە شێعرە لە بابەت شانازی کردن بە زبان و ئەدەبی کوردی کە شیعرەکانی وەکو بوکی جوان ڕازاوە بێ دەفەرمی:

**شێعر و هۆنە**

بـە تـوغـیـان دەرد بـێدەرمـان عـەشـق!

بە توفـان سەدد ئـەسر مـەینەت عەشـق

وینەی (نیظامی) سەیقەل دەر زەینەم

بە سورمەی دانیش ڕەوشەن کەر عەینەم

تـا کـە مـاجـەرای شـیـریـن و خـوسـرەو

سەنگ تاشی فەرهاد، سەرگوزەشت ئەو

باوەرۆ، وە نـەزم خـاستـەر جـە گـەوهـەر

بـە ڕەشـح خـامـەی شـۆخ بـۆ عـەنـبـەر

هەرچـەن مـواچـان فـارسـی شـەکـەرەن

کـوردی جـە فارسی بەل شـیـریـن تـەرەن

مەعلومەن جەدەور دونیای بەد ئەندیش

دڵـشـادەن هـەر کـەس بـە زوان وێـش

مـەعلومەن هـەر کـەس بە هـەر زوبـانـێ

بـواچـۆ نـەزمـێ جـە هـەر مـەکـانـێ

---

١- دیوانی خانا چاپی کوری زانیاری کورد ١٩٧٥ر لاپەڕەی ١٤.

وینەی عوروسان زێبای موشك چین
بکەرۆش جە حوسن عیبارەت شیرین
خاریخ جە مەعنی نەبۆ مەزمونەش
کریا بۆ چون شێعر (جامی) مەوزونەش
جەلای خیرەدمەند دڵ پەسەند مەبۆ
شیرین تەر جە شەهد شیرەی قەند مەبۆ
چە عەرسەی دنیای دون بەد فەرجام
بە دەستور نەزم (نیظامی) تەمام
بە لەفز کوردی، کوردستان تەمام
پێش بوان مەحزوز، باقی (والسلام)...[1]

لەم برە شێعرانە جوان دەردەکەوێ خانا شارەزای هەڵسەنگاندنی شێعر و هونەری ئەدەبیش بووە، شێعری پڕ واتا و رێکی بە باش داناوە کە وەکو بوك رازاوە و جوان بێ و ناوەرۆك و مەزمونی چاك بێ، چاکە، ئەنا، نابێتە شێعر.

خانا نوسین و دانانی شێعر بە زمانی کوردی بە شانازی و ئەرکی سەرشانی ئەزانێ و دەڵێ: هەر چەند وتویانە: زمانی فارسی وەك شەکر شیرینە، ئەبێ لەم دنیا بەد رەفتارەدا هەر کەس بەو زمانەی وا خوا پێی داوە بنوسێ و شێعر و هۆنە بڵێ چونکا خودایش لە قورئاندا فەرمویەتی (و من آیاتَهَ خلقُ السمواتِ و الارضِ و اختلافِ اَلْسِنَتِکُمْ و الوانِکم ان فی ذالك لآیات للعالمین.)[2] جا هەر لەبەر ئەمە خانا رازی شیرینی (شیرین و خەسرەو)ی بە کوردی هۆنیوەتەوە تا خەڵکی کوردەواری بە تێکڕا سود و بەهرەی لێ وەربگرن و بە زمانی زگ ماکی لەو چریکە رەنگینە بگەن.

---

١- دیوانی خانا چاپی کوڕی زانیاری کورد ١٩٧٥ز لاپەڕەی ١٤ و ١٥.

٢- سورەی رووم ئایەتی ٢٢.

**هۆنه**

یارەب بە فیراق فەرهاد کۆ کەن
بە خورشید حوسن شیرین ئەرمەن
بە ئیستیلای عەشق خەسرەو پەرویز
بە خۆش خەرامی گوڵگون و شەبدیز
بە خامەی موشکین شاپور چینی
بە ناز شیرین، بەو نازەنینی
بە ساز و بە لەحن شۆخ نیکیسا!
بە نەبیر ئاهەنگ موجیزەی عیسا(١)

تەنانەت خانا کاتێ باسی دەنگی خۆش و ساز و ئاوازیش دەکا مەبەستی وردی رەوان ناسیمان بۆ دەردەخا کە فەرمویەتی:

بە ساز و بە لەحن شۆخ نیکیسا!
بە نەبیر ئاهەنگ موجیزەی عیسا

لەم شێعرەدا ئیشارە بە مە کراوە، هەر وەکو زانستی رەوان ناسی دەڵێ: دەنگ و ئاوازی خۆش موعجیزە دەکا و هەر وەکو حەزرەتی عیسا نەخۆش و مردو دەبوژێنێتەوە و لە مردو رزگاری دەکا.

**رێبازی خانای قوبادی**

شاعیرێکی وەکو خانا کە رازاوەترین چریکەی ئەوین ساز ئەدا و باشترین شانۆی ئەویندارانە دەخاتە بەر چاو، مرۆڤ ئەگەر بۆ نێو دڵ و درونی ئەم هۆنەرە خاوەن هونەرە رێگا پەیا بکا، خانا بە مرۆڤێکی زاهید، خۆ پارێز، کە لە دنیا دەسی بەرداوە، خوگر لەگەڵ قورئان و فەرمودە، سالیك، عارف ئەویندار و زانایەکی خوا ناسی دێتە بەر چاو، خانا لەم رێبازەدا ئەوەندە لە دنیای سەیر

---

١- دیوانی خانا چاپی ١٩٧٥ز کوری زانیاری کورد لاپەرەی ١٤-٣: کسش گێر.

و سلوك خۆی ڕەتاندوە، لە پەروەردە کردنی شانۆی ئەوینی مەجازی و عەشقی ئەم دنیایەی ئەم لای پێنیشان بدرێ، سەر کەوتوە.

چریکەی شیرین و خەسرەو لە باشترین و لە بارترینی چیرۆك و چریکەی مەنزومی کوردییە و موغازەلات و ئەوینی ئەو دو دڵدارەیە و لە هەمان کاتدا تراژدیای شەهیدی ئەوین ـ فەرهاد، فەرهادی فەرهاد تاش و تیشە وە دەس و ناکام نیشان ئەدا.

هەرکاتێ لە چریکەی ئەویندارانە لە ئەدەبی کوردیدا قسەبکرێ مرۆڤ دەکەوێتە بیری چریکە و شاکاری (مەم وزین)ی فەیلەسوفی ناودار: ئەحمەدی خانی و شیرین و خەسرەو ـ ی شاکاری زانای بلیمەت خانای قوبادی، خانا مودافیعی ئەوینی ئینسان بە ئینسانە یا بە تەعبیری عورەفا، لایەنگری عەشقی مەجازییە و ئەم خۆشەویستییەش لە قورئاندا دوپاتەی لە سەر کراوە، کە فەرمویەتی (وَ مِنْ آیاتِهِ اَنْ خَلق لکم من انفسِکم ازواجاً لِتَسْکُنوا الیهَا و جَعلَ بینَکم مودَةً و رحمة) لە نیشانەکانی خوایە کە بۆ ئێوە لە خۆتان هاولفی بۆتان ئافەریدە کردوە تا بە هۆی ئەوانەوە، ئارام بگرن و لە نێوان ئێوەدا دۆستی و ڕەحمەتی ساز داوە پێغەمبەریش لە سەر ئەم خۆشەویستیە، دووپاتەی کردوە کە فەرمویەتی هەرچی مروڤ بڕوای زیاتر بێ زیاتر حەڵاڵی خۆی خۆش دەوێ (کلما زاد الرجل ایمانا زاد حبا لنسوته) یا فەرمویەتی (حبب لی من دنیا کم ثلاث: النسأ ـ و الطیّب و جعلت قرّة عینی فی الصلوة) لە دنیای ئێوە سێ شتم بۆ خۆشەویست کراوە: ژن، بۆنی خۆش و نوری چاوم لە نوێژ دایە، سەرنج ڕاکێشە (محی‌الدین ابن عربی) لە (فصوص الحکم) ئەو کتێبە بە نرخەدا، لە شەرحی ئەو فەرموودەیەدا نوسیویەتی: (پێغەمبەر فەرمویەتی: ئەم خۆشەویستییە لە خۆمەوە نیە چونکا خۆشەویستی ئەو پێوەندی بە خواوەیە) کە مرۆڤی بە وێنەی خۆی ئافەریدە کردوە، پێغەمبەر تەنانەت لە خۆشەویستی حەڵاڵی خۆیدا خۆشەویستی خوای لەبەر چاو گرتوە، بەر لە ئیبنی عەرە بیش بوعەلی سینا

حەکیمی ناوداریش سەرنجی داوەتە شوێنی دانان عەشق لە سەیر و سلوك و شهودی حەقدا و مەسەلەی عبور، لەمە جازەوە، بۆ حەقیقەت، سینا لە کتێبی ئیشارات و تنبیهاتی خوێدا دەنوسێ عارف نیازی بە ریازەت هەیە و ریازەتیش بۆ سێ ئامانج دەڕوانێ:

١ـ دور خستنەوەی ناحەق لە ڕێگای حەق.

٢ـ نەفسی ئەممارە بکرێتە فەرمانبەری نەفسی موتمەئینە.

٣ـ پاك و لەتیف کردنەوەی دڵ و دەرون بۆ بێداری و ئاگاداری، ئامانجی ١ بە هۆی خۆ پارێزی بە ڕاستی بەدەس دێ. ٢ بە هۆی عیبادەتی پڕ بە دڵ و دەرون، ئامانجی سێهەمیش بە هۆی بیر و ئەندێشەی چاك و پاکەوە بەدەس دێ؛ و تاری چاك، رەفتاری چاك، پندار و بیر کردنەوەی چاك، هەروا بە هۆی عەشقی پاك و بێخەوش کە لەودا جوانی و جەماڵ حوکم ئەکا، نەك هێزی شەهوەت، خانایش لە سەیر و سلوکی خواناسانەدا عەشق و ئەوینی قەبوڵە.

خانا لە سەرەتای شیرین و خەسرەودا، بە پەسنی خوا و پێغەمبەر دەس پێ دەکا و لە باسی پێغەمبەردا دەچێتە سەر میعراج، بەلای منەوە یەکێ لە هۆی دەرکی واتای حیکمەت هەر ئەمەیە، چونکە میعراج تەنیا تاقە ڕوداوێك نیە میعراج ئەوەیە، کە پێغەمبەر تا سەر سەرەوە، ئەروا و خوا ئەبینێ، یانی هەر کەس ئەبێ بڕواتە میعراج، ئەمە زەریای وەحیە، بۆ پێغەمبەر ئەمە ئەزمونێکە بۆ پێغەمبەر، ئەوە دەریایە، ئێمەیش بەرەی مرۆڤ ئەبێ بڕوین لەو دەریایەدا کاسە و گلێنەی خۆمان پڕ بکەین و ڕوح و گیانی خۆمانی پێ بێراو بکەین هەر وەکو خانا بە زمانی کوردی ئەم ڕاز و ڕەمزەمان نیشان ئەدا، شێنکەی کەس بێدانەی عەشق و ئەوین، نارۆێ سەوز نابێ، تەنیا خانوی عەشق و ئەوین، جێگای ئارا و قەرارە و بەس، عەشق مرۆڤ لە باری مەنفی لە سەر سەربانی ئیشراق، دائەنێ: عەشق و ئەوین لە ئەندامەوە دەس پێ ئەکا، تا ئەگاتە ئەندامەکان و لە وێنشەوە بە گیان و ڕۆح و سەرەنجام بە موتڵەق: (خوا) ئەگا، عەشق و ئەوینێ،

که به دوای رەنگ و رواڵەـــدابێ، عەشق و ئەوین نیە، سەرەنجام ئەبێتە هۆی نەنگ و بەدناوی مرۆڤ لە خوی راستی مرۆڤانی دەشواتەوە.

جۆرج لۆ کاچ دەڵێ: جوانی و خوشیکی، مرۆڤ لە پەستی و پووان و سووان و تیاچون رزگار دەکا لەم بابەتەوە ئەبێ بڵێم: کە زێبایی و جوانی مۆغەرەی پشتی یەك تابلۆی نەخش و هۆنە و شیعرە.

زۆربەی خوێنەران عادەت و خویان بەوە گرتوە، کە لێکۆڵەران، شوێنەواری هونەروەرانیان، بۆ شی بکەنەوە و جوانی و خوشیکی و نوکتە وردەکانیان بۆ بخەنە بەر چاو، ئەم کارە لە سەرانسەری دنیا بۆتە باوە هونەروەر، ئەگەر، لە هونەری خۆیدا جۆرێ عارف و ناسیاو نەبێ، هونەروەر نیە هونەروەر ئەبێ بێترس، دەرد و رەنجی خۆی بە باشی بدرکێنێ و هاواری خۆی دەر ببرێ، عەشق و ئەوین، لە مێژودا، هەڵەبجەیە کە رۆژنامە نوسان، لە رۆژی مردنیدا بە بێدەنگی لێ بێدەنگ ئەبن.

خانا، گیان و رۆحی خۆی کردۆتە مایە و هەوێنی ئەم شاکارەی، بۆیە وا بەرز بۆتەوە و چوەتە ناخی ئاسمان و پلەی قاب قەوسەینی تەی کردوە.

سەرچاوەی هونەر: باوەڕ و دین و ئەقیدە و مەزهەبە، کە لە دەرونی مرۆڤدا جۆش دەخوا و بە شێوەی هونەر جا شێعر بێ یا نەخش و نیگار، هەڵ دەقوڵێ و تاڤگە ئەکا، خانا هەمو ئەمانەی تێدا بوە.

خانا ناسین، لێرەوە دەر دەکەوێ، کە خانا بە خۆی ناسیاو بوە، خۆی بە شاعیرێ بەرز و ئاوێنەی غەیب داناوە، کە ئیلهامی، بە دانانی ئەم شاکارە، پێکراوە، تا فەرهەنگی کوردی پێغەنی بکا.

**شاعێر وتەنی:**

«لە سیحری قسەدا وەها تەواوم
کە ئاوێنەی غەیب بۆتە ناوم»(1)

بە بیروڕای من ئەوپەڕی هونەروەری و قووەتی بەیانی خانای قوبادی لە

مەسنەوی شیرین و خەسرەودا بە جۆرێکی‌وا دیارە نەك تەنیا شاکاری خانا بەڵکو یەکێ لە شاکارەکانی ئەدەب و هونەری غەنایی و بەڵکو بەرزتر و تەرزتر لە هەموان بێ، ئەم شاکارە ئەونە پڕ و تەژییە، لە نوکتەی وردی لەتیف و زێرین و زەریف کە مرۆ کش و مات دەمێنێ، کە بەرزی ئەم هونەروەرە، تا چ پایە ئەبێ بەرز بێ، کە شاکارێکی وای بەدیهێناوە، شاکاری عەللامەئەحمەد خانی و مەلای جزیری و شاکاری خانای قوبادی، نالی، مەولەوی، وەفایی، هەر وەکو گەوهەرێکن ورشەورش بە سەر دوند و لوتکەی بەرز و تەرزی ئەدەب و هۆنە و شێعر و هونەری کوردەواری نورئەفشانی و گزینگ داوێن و زانست بڵاو دەکەنەوە و گرشە گرشیانە.

رازاندنەوەی شانۆی جوان و دڵاوا و دڵاوێن لەگەڵ کەڵك‌وەرگرتن لە زانستی باوی ڕۆژ و زاراوەی حیکمەت و فەلسەفە و عیرفان یەکێکە لە تایبەتی‌یەکانی کەلامی خانای قوبادی و ئەو زانا و دانایانەی وا ناومان بردون. دیارە لە ڕۆژگاری ساسانیدا زمانی پەهلەوی لە پەهلە گیراوە،[1] باو بوە، تەنانەت گوڵ‌واژەیەکی زۆر لە سەلمان فارسی، کە لە سەقیفەی بەنی ساعد بە زاریدا هاتوە (کردیت، نەکردیت، کارێکتان کرد، کە نەدەبو بیکەن) کەم ئەم جۆرە واژانە، لە زاراوەی باواندا باو بووە و ئێستاش هەرماوە.

هۆنە و شێعری کوردەواری لەو ڕۆژگارانەدا، دو بەیتی‌یەکانی باباتاهیری عوریانی لوڕە، کە بەپێی زاکۆن و ڕێزمان و قاعیدە دەبو لە سەر وەزنی شێعری ڕۆژگاری ساسانی، یانی ١٢ بین: (هەجا) دانرابن، بەڵام لە پاشان ئەدیبان

---

←١ - ئەم شێعرە هی «شەپۆل»ە.

١ - پەهلە: «پاڵەوان ـ قارەمان» ئەم واژە لە زمانی کوردیدا هێی ناوە راستی واژە ئەبێتە ئەلف وەك شهر: شار، شاهنامە: شانامە، پهلوان: پاڵەوان، تهران، تاران، پەهلیش بۆتە: پاڵ کە بە واتای کەنار و جانبییە، ئەشگونجێ (پارت) بوبێتە پاڵ کە لە کوردیدا گۆڕاوە. ئەعلام باستان لە زمانی کوردیدا، نوسراوی کاك مستەفا کەیوان، لاپەڕەی ٢٤٩ تا ٢٦٠ یەکەمین کونگرەی تەحقیقاتی ئیرانی ساڵی ١٣٥٠.

بەرەبەرە، بە خەیاڵی ئەوە، لە وەزنی شیعری ئەوانەدا کەم و کوڕی هەیە، دەسیان لێداوە و ئەوانەیان بردۆتە بەحری عەروزی وردی (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل) و گۆڕیویانن و بە خەیاڵ واژەی ئەدەبیان، لە جێگای واژەی ڕەسەنی ناوچەیی داناوە، بە تایبەت وەحید دەستگردی کە زاراوەی کوردی لوڕی[1] نەزانیوە، کردویەتە فارسی.

ئەبێ بڵێین: ئەم جۆرە شێعرە ١٢ـ هەجا و بینانە، کە ئێستا لە ئەدەبیاتی کوردەواریدا هەیە، یادگاری ئەشعاری ڕۆژگاری ساسانی، بە تایبەت مانەویە.

یەك دو وێنەی ئەوانە، لە لایەن ئوستاد دوکتۆر وامقی کرماشانی‌یەوە، تەرجەمە کراوە، جا هەر بۆیە دەڵێن: زمانی نیزامی گەنجەوی زمانی پەهلەوی، یا کوردی ئازەری بوە و دایکی کورد بوە و کوردیش خۆی، هۆز و نەتەوەیەك، لە ڕەگەزی ئاری و ئێرانی‌یە.[2]

هومام تەوریزی کە لە سەدەی ٧ و ٨ی مانگی‌دا ژیاوە بە زمانی پەهلەوی ئازەری کوردەواری شێعری بە چاپکراوەیی لێ‌بەجێماوە.

**هۆنە:**

وەهـــــار، وول و دیــــم یـــــار خـــــۆش بــــی
ئـــەوی یـــاران مــــە ول بــــی، مــــە وەهـــــاران
واتـــا: بـــەهـــار و گـــوڵ بـــە ڕوی یـــارەوە خـــۆشـــە
بـــێ‌یـــاران نـــە گـــوڵ هـــەیـــە و نـــە بـــەهـــاران

---

١- مناقب الطالبین کە ئیمامی دەیەم دوعای خێری بۆ کوردە لوڕەکان کردوە کە چاکەیان لەگەڵدا کردوە؛ هەر بە کوردی لوڕیش ناوی بردون.

٢- حەمدوڵڵا موستەوفی کە لە سەدەی ٨ی مانگیدا ژیاوە، لە پەسنی مەراغەدا نوسیویە: «خەڵکەکەی سپی پێست و حەنەفی مەزهەب و پەهلەوی زمانن». مارکوارت خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی لە کتێبی ئێرانشاردا نوسیویەتی: «زمانی پەهلەوی حەقیقی زمانی ئازەریە، کە زمانی نوسینی ئەشکانیەکانە. ـ ئەشکان، گوندێکە لای شاری سەردەشت».

واژەی دیم لە «دیمە شۆرە»دا ماوەتەوە کە بە واتای: دەم و چاو، روە.

**هۆنە:**

بە میهرت هەم بشی خۆش گیانم ئەز دەست؛
لووانت لاوجمن دیل و گیان بەست؛
واتا: لە بەر خۆشەویستیت گیانیشم لە کیس ئەچێ؛
فریوی لێوت دل و گیانی بردم

واژەی «گیان، لووان، دیل، بشی» کوردی پەتین.

عیزەدین بن عادل بن یوسف تەوریزی کە لە سەدەی ٨ی مانگیدا ژیاوە بە زاراوەی پەهلەوی ئازەری دەڵێ:

سەحەرگاهان کە دیلم تاوەگیری
جە ئاهەم هەفت چەرخ ئالاوە گیری

واژەی تاوەگیری، ئالاوە، دیلم، ئالاوەگیری، جێگای سەرنجن گەنجە کە جوزوی بەردعە بوە، ئەبێ نیزامی گەنجەویش شیعر و هۆنەی کوردی و ئازەری لێ بەجێمابێ، بەڵام تا ئەم دەم و چاخە لە ئێمە مانانیان بزر کردوە.

شەمسی مەغربی ناودار بە مەلامحەمەد شیرین بە ئازەری ـ کوردی فەرمویەتی:

سەحەرگاهان کە چەشمەم تاوەگیری
کەهان ئەج ئاویی چەشمەم لاوە گیری
ئەنان خوناوە ئەج چشمان بوارەم
کە گیتی سەر بە سەر خوناوە گیری
دیلە اویان چو من سامانە بگرت
چو من بەر بوم هەمبە اویانە بگرت
بە جز اویان نەوینم بین بەر و بوم
بەر و بومم هەمە اویانە بگرت

خانا ئینسانێکی دیندار و زانا و خەڵك خۆشەویست بووە و زۆر حەزی لەوە کردوە مرۆڤ پێکەوە باش بن و حاکم و میر و گزیر دادگەر و دادپەروەر بن و لە باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و چاکە و چاکەکردنەوە هەرەوەز بۆ یەك بکەن تا دادگەری کۆمەڵایەتی لە هەر بار و بابەتێکەوە، دابین بکرێ.

**هۆنە**

مەعلوم بۆ جە لای بوزورگان دەور
هەر کەس عادل بۆ چون هورمز بێ طەور،
بەرگوزیدەی زات حەیی ئەکبەرەن
مەحفوظەن جە نار ئەر صەد کافرەن

خانا دەڵێ ئەگەر میر و پاشا دادپەروەر بن، ئەگەر رژیم لە نێو کۆڕ و کۆمەڵدا بۆ دابین کردنی سود و قازانجی کۆڕ و کۆمەڵ هەڵسورێ و لە خزمەت خەڵكدا بێ، زەوی بۆن خۆش ئەبێ و لە باتی گوڵ، گەوهەر دەڕوێنێ، بەڵام ئەگەر حوکومەت زاڵم و ستەمکار و بەدفەڕ بێ و بیر لە سود و حەسانەوەی گشتی نەکاتەوە، وڵات وێران ئەبێ و خەڵك روی خۆشی و حەسانەوە نابینن.

**هۆنە**

بەڵێ جە خانای عەطارید خامە
مونشی وەصف زوڵف عەنبەر شەمامە
بە سەمع شەریف بشنەو، حیکایەت
ئەر قەسدەش خێرەن والی ویلایەت
بە جای گوڵ، زەمین ماوەرۆ، گەوهەر
سەنگ مەبۆ بە لاڵ، خاکەش بە عەنبەر
ئەر والی بێ عەدڵ، شەرارەت پێشەن
بەدجینس، بەدکار، دور جە ئەندیشەن

ولَگەی مەملەکەت کەی مەعمور مەبۆ
ئەیمەنی و راحەت جە خەلق دور مەبۆ

ئەوەیە خانا بە ئەرکی سەرشانی حاکم و ئەمیری دەزانێ کە دادگەر بن و لەگەڵ ژێردەستاندا بگونجێن و دڵی خەڵك راگرن و ئەبێ لەوە بترسن کە دوعا و نزای ستەم لێکراوێکیان لێ بکەوێتە کار و ئاە و نزولەی مەزڵومان بیانگرێ و تونبەتونیان بکا، ئەوەیە، کە شێعر و هۆنە و بیری خانا کۆن نابێ و هەمیشە لە نێو دڵ و دەرونی خەڵکدا بڵێسە دەسێنێ.

**شێعر**

واتەش: ئەی خوسرەو، دانای خێرەدمەند
وێنەی بابای وێت چێش مەبۆ یەك چەند
چەنی سوپاهی و نۆکەر بسازی؟
بترسی جە مەرگ، مەزڵوم بنوازی؟
دەمێ هەم بە عەدل مسکێنان کەر شاد
مەملەکەت بە عەدل دادت کەر ئاباد
حەزەر کەر جە چەنگ سەرهەنگ ئەجەل
قەڵای زیندەگیت بکەرۆ قەبەل...
خۆف کەرە، خوسرەو، سوبحێ یا ئێوار
دوعای مەزلومی لێت بگنۆ بە کار

**بیروڕای خانا کۆن نابێ**

خانا لای وایە ئەبێ بۆ چارەکردنی کەند و کۆسپ لەگەڵ خەڵك بە راوێژ و تەگبیر و پرس‌وجۆ بجولێنەوە، تەنیا لە رێگای راوێژەوە کۆمەڵ بەرەوپێش ئەڕوا و سەر ئەکەوێ و کار مەیسەر ئەبێ، تاك هەر چەند ژیر و پربیریش بێ، بێ تەگبیر کردن بە خەڵك، ئەکەوێتە نێو زەل و پیاوی دەوێ شەل دەرچێ لە

زەل، ئەمەیە کە دەبێ بڵێین شێعر و بیر و قسەی خانا، پاشا و میر و حاکم فێری حوکومەتداری ئەکا و دەیانخاتە سەر ڕێگای مرۆڤایەتی.

**شێعر**

بــەڵــێ دەســتــورەن نــە عــەرصــەی دەوران
وەختــێ کــار ســەخــت ڕۆ دۆنــە ئــینــســان
ئــەر چــون ئــەفــلاتــون مــوشــکــاف مــەبــۆ
فــرێ پــێــش خــەریــك هــەم خــەرکــاو مــەبــۆ
خــەســرەو کــەرد بــە هــۆش ڕەوشــەنــی ضــمــیــر
ئــەی کــارە بــە دەســت روجــوع تــەدبــیــر
پــەی چــێــش؟ مــەواچــان: یــە، پــەنــد پــیــرەن
تــەحــلــیــل مــوشــکــول، هــەر، بــە تــەدبــیــرەن

خانا لە شیرین و خەسرەودا زۆربەی پەردەکانی ساز و ئاواز و موسیقای ناو هێناوە و ئەمە شارەزایی خانا لەم هونەرە نیشان ئەدا «ساز، چەنگ، نەی، دەف، عود، بەربەد، سەنتور، ماهور و...» هەروەهاش لە زۆر موناسەبەدا لە زاراوەی ئەستێرەناسی و عیلمی هەیئەت، قسە ئەکا و زانایی و دانایی خۆی لەم عیلمەدا دەر ئەخا. ئەوەیە، کە دەڵێن: خانا، زانایەکی پایەبەرز بووە، هەر وەکوو ئەم زاراوانە: «زیج، ئوستورلاب...».

هەروەها هەر کەس شیرین و خەسرەو بخوێنێتەوە، تێدەگا کە خانا لە زانستی ئابوریشدا زۆر شارەزا بووە و قسە لە عەرزە و تەقازا و بەدفەڕیی ئیحتیکار و شاردنەوەی رزق و ڕۆزی خەڵك دەکا و نەهی لەو کارە بێفەڕانە دەکا و ڕێگایان نیشان ئەدا تا گرانفرۆش و کەمفرۆش و موحتەکیر نەبن و بێگزی و فزی و بێزوڵم و زۆر و ملهوڕی لەگەڵ خەڵکدا بە مرۆڤایەتیەوە بژین تا دۆستایەتی و ڕەحمەت و برایی و یەکیەتی لە نێو خەڵکدا بەدی بێ و ئاژاوە و ناکۆکی و نارێکی نەمێنێ. ئەوەیە، کە دەڵێ:

### هۆنه

پەی چێش؟ کە دنیا، یە، بازاڕشەن
هەر جینسێ دو کەس خەریدار شەن
بەی تەورەن دەستور جە لای سەوداگەر
بەهای ئەو جینسە مەبۆ گرانتەر
بەڵێ جە لای ئەهل دانای دیاری
خاس نیەن کەرۆ تیێز بازاڕی
مەتای هەر کەسێ خەریدار شەن
ئەر زو بوەرشۆ، صەرفەی کارشەن
دەوڵەمەند ئەوەن کالآی وێش داینم
چون رەواجەش، بۆ نەکەروش قایم

### ئەوینداری خانا

لە خوێندەوەی شیرین و خەسرەوی خانا بە جوانی دەردەکەوێ کە خانا گیرۆدەی ئەوین بووە لەو شوێنەی کە باسی هۆی هۆنینەوەی ئەم کتێبە ئەکا و دەڵێ:

### هۆنه

واتەن: هەی شوعەرای خوش نەزم و شێوە
جانشین قەیس پەی لەیلا لێوە

خانا خوی کردۆتە مەجنون و گیرۆدەی لەیلا بووە و لە شێعرە هەستبزوێنەکانیشی وا دەرئەکەوێ کە گڕی ئەوین لە دروونیدا گڕی گرتوە، بۆیێ وا سۆز توانیویێتی عەشق و ئەوین بە کەلامی جوانی خۆی برازێنێتەوە و سۆزی دەرونی دەربخا.

**شێعر و هۆنه**

بــەڵــێ، زۆر عــەشــق ضــەرب پــەنــجــەی فــەرد
ســەدد ئــەســکــەنــدەر مــەکــەرۆ بــە گــەرد
بــەرق شــۆڵــەی عــەشــق نــە روی عــەرسەی دەور
بــگــەنــۆ بــە هــەر کــەس چــون تــریــشــقــەی هــەور
تــا زهــور ســەخــت رۆی «یــوم‌الــقــرار»
مــەکــەرۆش وە پــەنــد واتــەی رۆژگــار
ســود ســودای عــەشــق دایــم گــریــانــەن
قــیــنــاتــەش هــەر زۆخ جــەرگ بــوریــانــەن
شــەڵــلا کــەس ســەرســام ســەودای عــەشــق نــەبــۆ!
مــنــەت زەدەی دەرد مــەجــنــون مــەشــق نــەبــۆ!

خانا لە تاقی کردنەوە، لە ژیانی خویدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامە کە رژیمی ستەمکار و زاڵم حوکم دەکا و دادگەری لەنێو بردوە و بەرەی مرۆڤ توشی کەند و کۆسپ هاتوە، دادگەریی نەماوە و زوڵم و زۆرویژی جێگای گرتۆتەوە و مرۆڤایەتی و پیاوەتی باوی نەماوە.

**هۆنه**

خــانــا، بــۆ، وەســەن زوبــان درازی
کــۆن ئــەو ســاحــیــب عــەدل تــۆ پــیــش بــنــازی
کــۆتــاکــەر، ئــەی حــەرف بــە دەواندەو
ویــردەر، بــە فــەرمــان دڵــگــیــر خــەســرەو

خانا زۆر لە جەور و ستەم و زۆرویژی و ملهوری بێزار بووە و هەر وەکوو ئەبدال بە دوای دادپەروەر و دادپەروەریدا، هەڵوەدا بووە و ژیانی خۆش و مرۆڤایەتی بۆ کۆمەڵ لە سوێنگەی دادگەرییەوە داناوە و زانیویەتی، جا ئەوەیە کە خوا فەرموویەتی: «اعدلوا هو اقرب للتّقوی».(١)

جە گەرمی ئافتاو عەدل ئینصافەش
جە بەرق شمشیر خارا شکافەش
گرگ و میش جە عەدل ئەو جەمین چون شەم
صیغەی ئیخوانی وەندشان وە هەم
بە شاهیش مەردوم بەو طەور بین خورسەند
بە عەدل و دادش مووەردەن سەوگەند
سەنگ دڵەی سەخت ظالمان شوم
نەرم بی جە قورص ئوستورلاب موم
زەراعەت جە نور ئەو زولف بۆ عەنبەر
یەك بە صەد مەكەرد بەڵكە زیادتەر.

خانا تەنانەت لای وابووە سەنگ و تەرازوی هەڵسەنگاندنی خەڵك لای خوداش دادپەروەری و نادادپەروەرییە و مرۆڤی دادپەروەری بە بەهەشتی داناوە، هەر چەندە كافریش بێ.

**لەبارەی مێژوویی**

لەبارەی مێژوویی لە شیرین و خوسرەوی خانا دەردەكەوێ كە لە سەردەمی خانادا سەبیلە و قەندەی توتن‌كێشان گەیشتۆتە كوردستان كە سۆزی دڵی شیرین لە دوری خوسرەو بە دوكەڵی توتنی توند، دەشوبهێنێ كە دەڵێ:

**هۆنە**

جە دمای یەك ساڵ طوغیان كەرد دەردەش
سەودا چون دوی توند تەماكۆ بەردەش

كە لە حودودی ساڵ ١٦٥٠ی زاینی سەت ساڵ بەر لە دانانی شیرین و خوسرەوی خانا، توتن و تەماكۆ رۆیشتۆتە ئێران و كوردستان و لە سەر

---

←١- سورەی مائدە ئایەی ٨.

حەڵاڵی، یا حەرامی توتن و قلیان و قەنە و سیغار و جگەرە مقۆمقۆی ئاخوند و مەلا پەیا بوە.

**نوکتە:** شێعر و هۆنەی عارفانە، قەسیدەی لە ناحەزی: درۆ، زمانلوسی و دزێوی گەیاندە ئەوپەڕی بەرزی پەند: لێکۆڵینەوە و تەحقیق.

O هەروەها شێعری عارفانە، غەزەلی لە عەشقی شەهەوانیەوە، گەیاندە محەبەتی پاك و روحانی، کە لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بێ.

هۆنەی خواناسانە: مەسنەویشی کردە هۆ بۆ فێرکردنی عیرفان و خوی چاك و ئەخلاق، کار و کردەوەی باش و چاك و خوا پەسەند و خەڵك پەسەند.

مرۆڤ بو بە «خلیفةالله» بۆ جامیعەتی سیفاتی کەماڵی ئەکمەل: بە تایبەت لە نەشئەی نەباتیدا: جا ئەوەیە عارف و خواناس و شەهیدی ناوداری ئیسلام «حوسەین بن مەنصور حەللاج» پڕ بە دڵ هاواری کردوە: «اناالحق» شێخی شەبستەری لە گوڵشەنی رازداری گەیاندوە، ئەم واتایە، کەشفی ئەسراری موتڵەقە: «خوایە» کە وتویەتی: «اناالحق» چونکە بێجگە لە حەق کەسێ نیە: بەڵێ: من حەقم، هەمو زەڕاتی جیهان هەر وەکو مەنسور هەمو حەق حەقیانە، ئەی بۆ دەڵێن «انالله» بەڵام «اناالحق»ی حەلاجی بەختەوەر، ئەدەینە دواوە و مونکیری ئەبی؟

انا الحق کشف اسرار است مطلق
به جز حق کیست تا گوید انا الحق
همه ذرات عالم همچو منصور
تو خواهی مست گیر و خواه مخمور[1]

---

١- دیوانی شێخی شەبستەری پەڕەی ٧٠ ئوفسێتی ١٣٦٧ و ڕۆژنامەی کەیهان ڕۆژی چوارشەمە ١٦ گەلاوێژی ١٣٧٠ی هەتاوی لاپەڕەی ٦ ژمارەی ١٤٢٥١.

## وەزنی شیرین و خەسرەو

شیرین و خەسرەو مەسنەوییەکە لە سەر وەزنی «مفاعلین مفاعلین مفاعِل» دانراوە و لە بەحری هەزەج ـ ی مەقسوردایە و خانایش ئەم کێشەی نیزامی هەڵبژاردوە، زۆریش کۆشاوە، تا ڕەنگ و ڕوی کوردی و خۆماڵی بداتێ، بێجگە لە شیرین و خەسرەو، هەفت بەند، موناجاتنامە، دیوانی غەزەلیات، ئەسکەندەرنامە و چەن ئاسەواری تریشی هەیە.

لە ناوچەی گەنجە، بەردەع یا بەردەعە کە بە قسەی یاقوت نۆ فرسەخ لە گەنجە دور بوە و موغان و کهستان کوردی تیا بوە.

سەید تاهیر سەیدزادە هاشمی [1] نوسیویەتی: خانا بێجگە لە خوسرەو و شیرین و هەفت بەند لە نەعتی ڕەسولی ئەکرەمدا «د ـ خ»... موناجاتێکی زۆر شیوا و نازەنینی هەیە کە لە «هۆرە چڕەکانی» بیستوە.

قەدیم موتڵەق قەدیم موتڵەق
یا قایم بە زات قەدیم موتڵەق
حەیی بێ زەواڵ قەیوم بەرحەق
نیگارەندەی نەخش نە تاق ئەرزەق
لاهوت بێ شەریك بینای بێ مانەند
یەکتای بێ نەزیر بێ میسل و پەیوەند
واجبەلوجود لائەحساسەنا
مونەزەه جە عەیب، عاری جە مانا
مونشی ڕەقەمسەنج ئینشای شادی و زەرق

---

١- شاعیری ناودار سەید تاهیری هاشمی لە ساڵی ١٢٩٢ ی هەتاوی لە دێی دەوڵەت ئاوای سەر بە ناوچەی کرماشان لە دایك بوە و لە ڕۆژی جێژنی قوربان لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا لە ١٣٧٠/٤/٢ ی هەتاوی لە شاوی کرماشان وەفاتی کردوە.

بێپەروا جە تەعن ئەشیای تەخت و فەوق
بەخشەندەی بوزورگ بێباك جە تانە
نازكێش زومرەی خویش و بێگانە
بۆ بەشق ئەو شا، بێحەدد سیفاتەن
باعیس ئیجاد گشت مەخلوقاتەن
باجەتی (بۆ حاجەتی) سەیید خەتمولمورسەلین
شای قابەقەوسەین رەبەلعالەمین
بە حەق ئەرباب شەو زیندەداران
بە ئیخلاس پاك تاعەت گوزاران
خانای قوبادی موسیبەت بارەن
فریفتەی شەیتان شوم بەدكارەن
جە فیتنەی شەیتان شەیتەنەت پێشە
جە شومی ئی نەفس دور جە ئەندێشە
تا یەومولمەمات نیگەهداریش كەر
عیلاج دەردان شەرمەساریش كەر
پەی چێش نافەرمان شێت مەغرورەن
چون بێ دەوڵەتان جە تاعەت دورەن
مەگەر هەم بە روحم چون تۆ رەحیمی
عەمیمولئیحسان عەتا عەزیمی
بیۆ بە ئیخلاس گوناكاری ئەو
ئی كەمخزمەتی و شەرمەساری ئەو
وەر نە بە زاتت جە لای زات تۆ
مەكەرۆن رۆی حەشر من شكات تۆ ...[1]

سەرچاوە: ١ـ قورئانی پیرۆز ٢ـ شیرین و خوسرەو چاپی كۆڕی زانیاری ٣ـ

شەرەفنامە ٤ـ ئەدەبستان ژمارەی ٢٠ ٥ـ ناوەندی موتالەعات و تەحقیقاتی میللی وەزارەتی فێرکردن و بارهێنانی ئێران لە بابەت ئازەربایجان، نوسراوە کە بە داخەوە شیعرە کوردییەکانی هومامم لە دیوانەکەی هومامدا لە چاپەکەدا قرتاوە ٦ ـ دیوانی شەمسی مەغریبی ٧ـ ئەعلامی دوکتور موعین ج ٥ ٨ـ معجم‌البلدان ج ١ لاپەڕەی ٣٧٩ نوسراوی یاقوت بن عبدالله حەمەوی کە نوسیویەتی: لە بەردەعە (پەردەدار) دەروازەیەك هەیە کە بە دەروازەی کوردان ناودارە و زانایانێکی زۆری لێ هەڵکەوتوە بە تایبەت لە زانین و راویانی حەدیسدا. لاپەڕەی ٣٧٩ ستونی ٢ چاپی ١٩٥٩ زاینی. ٩ـ خوسرەو و شیرین ئامادە کردنی م- ئەورەنگ ١٠ـ رۆژنامەی کەیهان ٣٠ خورداد «زەردان»ی ١٣٧٠ هەتاوی ١١ـ بەرگی دووەمی گەنجینەی فەرهەنگ و زانست نوسراوی «شەپۆل» کە ئامادەی چاپە ١٢ـ شەهریارانی گومنام نوسراوی ئەحمەد کیسرەوی ١٣ـ مناجاتهای جاویدان و حەدیقەی سولتانی کاك محەمەد عەلی

---

←١ - نوکتە: «ئەحمەد کەسرەوی» شارەکانی ئازربایجان بەمجۆرە ناو دەبا: ئالان، ئاران دەشتی چەمی ئالازان، شیروان، چەمی کریا کورد، ئەرەس = ئاراز، خەپلە: «قبلە» موغان، پەرسەوە «بەردەعە»: کە پێتەخت بووە و پەردەداریشیان پێ وتوە: گەنجە، یا بە قسەی ئیبنی خورداد بە بەریدولجبال، ماوای، مادیی چکۆڵە و گەورە، جرزان (گورجستان) کە ئازربایجان لە سەدەی ٣ تا زەنگان، سەڵماس، خۆ، موغان، وەژمان، بیلقان، مەراغە، ئەریز، تەورێز، بەرزە، شاپور خاست، خانە، میانە، مەرەندی، گوڵسەرە، بەرزەند، پەرەدار بوە: «ابن‌الفقیه؛البلدان» یا بە قسەی «ئیستەخری» خاوەنی «احسن‌التقاسیم فی معرفة‌الاقالیم» «چەمی‌کرد» «نهرالملك» ئەرەس، تەفلیس قەڵا، خەنان، شامخور، جنزە: «گەنجە» بەردیج: «بەرزیخ، بەردەع یا بەرزەعە» شاماخی، شیروان، باکۆیە، شابران، دەربەند: خەپلە (قبلە)، شکی، مەلازگرد، ورتان، ئابخازە، شامکور، گەنجە، یا بە قسەی «نزهة‌القلوب» تەورێز، ئوجان، خەڵخاڵ، تەسوج، ئەردەوێڵ، دارمەزین، شارود، مشکین، ئەنار، ئەرجاق، ئەهەر، تەکلیفە، خەیاو، دەراورد، قەلحە کهران، کلیبر، گیلان، فسلون، مەردان قوم، نەورەز، خۆ، سەڵماس، ورمێ، شنۆ، سەراو، میانج: (میانە)، گەرمرود، مەراغە، دیهخوارقان، نیلان، مەرەند، دزمار، زەنگیان: (زەنجان)، زنوز، ئازاد، ماکۆ، ئاران، کە لە نێوان چەمی کر و ئاراز دایە.

سولتانی، زانا و نوسەری خۆشەویستی کورد، خوا بیپارێزێ. ١٤ـ پاشەرۆك، مام هێمن موکریانی. ١٥ـ گوڵزاری ئەدەبی لورستان، نوسراوی کاك ئیسفەندیاری غەزەنفەری ئومەرائی، چاپی ١٣٦٤ هەتاوی.

ئەم وتارە لە ژمارەی ١٠ ساڵی ١٣٧١ ئاوێنە بە قەڵەمی «شەپۆل» بڵاوکراوەتەوە.

# ئەدەبی کوردی نیزامی گەنجەوی

ئەبو محەمەد نظام‌الدین ئیلیاس کوڕی یوسف کوڕی زەکی کوڕی موئەیەد ناودار بە حەکیم نزامی یەکێ لە شاعیرە گەورەکانی کوردە کە بە فارسی شیعری وتوە و لە حودودی ٦١٥ی مانگی هەر لە گەنجە وەفاتی کردوە، هەرچەند هەندێتر ساڵی لە دایك بون و وەفاتی گەنجەوی‌یان بە «٥٣٥ ـ ٥٩٩» داناوە.

نزامی هەر وەکو زۆربەی خەڵکی کورد پەیڕەوی ڕچە و ڕێبازی ئیمام شافعی بوە و دنیاگەردان و سەیاحانی بێگانە دیانیان بەمەدا ناوە.

هەر وەکو حەکیم ـ ی گەنجە خۆی ڕایگەیاندوە دایکی لە کوردەکانی گەنجە بوە و کوردەکانیش زۆربەیان ئەهلی تەسەننونن، تەنیا کوردەکانی لای کرماشان و هەندێتر پەیڕەوی ڕێبازی ئیمامی و شیعەن.

زنجیرەگەلێ لە کوردەکان، وەکو زنجیرەی شەدادیان دوای داهاتنی ئیسلام تا ساڵی ٤٦٨ی مانگی لە ئازربایجاندا حوکومەت و میری‌یان کردوە، نزامی لە لەیلێ و مەجنونەکەی خوێدا لە بابەت دایکیەوە دەڵێ:

**شێعر**

«گـــر مــــادرم آن رئــــیـــــســـــه کــــورد
مــــادر صــــفــــتــــانــــه پــــیــــش مــــن مــــرد»

لێکۆڵەران بە پێی ئەم شێعرە ڕایانگەیاندوە کە ناوی دایکی حەکیم نزامی «ڕەئیسە» بوە، هەرچەن سەعید نەفیسی بۆ گێرەشێوێنی دەڵێ، «ڕەئیسە» ناوی خاس و تایبەت نیە بەڵکو ناوی عامە و بە واتای: «ڕەئیس ـ ی ژن»ە و مەبەستی نیزامی ئەوە بوە کە دایکی لە سەرۆکەکانی هۆزی کورد بوە.

خاڵی نیزامی ناوی عومەر بوە کە نیشانەی سوننی بونە.

«گــــر خــــواجــــه عــــمــــر کــــه خــــال مــــن بــــود
خــــالــــی شــــدنــــش وبــــال مــــن بــــود»

بەڵگەیێتر بۆ سوننی بونی نزامی ئەوەیە کە لە هەمو شوێنەوارەکانی نزامیدا بە ناو و ستایشی خوا دەس پێئەکرێ و بەدوای ئەوەدا نەعتی رەسول«د- خ» دەس پێدەکا، کەچی شاعیرانی شیعە دوای نەعتی رەسول زۆر بە غلو لە بابەت حەزرەتی عەلی «ع»یەوە ئەدوێن.

نیشانێتر ئەمەیە کە نزامی لە شوێنێکدا لە «ئەسکەندەرنامە»دا دەیەوێ بڵێ: کە مەبەستی ئەو لە ساقی، موغەننی و مەی و مەیخانە تەنیا مەعانی مجازی و استعاری ئەوانەیە، ئەنا قەت ئەهلی خەمر و شورب نەبوە، بە شێوەی کوردان بە تەڵاقی ژن سوێند دەخوا:

**شێعر و هۆنە:**

«گـــر ز مـــــی شـــدم هـــرگـــز آلـــوده کـــام
حـــلال خـــدا بـــــاد بـــر مـــن حـــرام»

ئەم جۆرە سوێند بە تەڵاق خواردنە، خۆی نیشانێ ترە بۆ کوردبونی حەکیم نیزامی گەنجەوی، **چونکە** لە نێو هیچ گەل و هوزێکدا، وەکو، کوردان بە تەڵاق سوێند ناخۆن.[1]

**ئەدەب و هۆنە**

تاڤگە و فووارە سەر ئەخاتە سەر هێزی جازیبەی زەوی

✱✱✱

لە کاتی شەودا ئەستێرەکانم بە خۆر و نوری رۆژ پاك کردەوە

✱✱✱

شەهاب رۆحی سەرگەردانی بەن دوێخێنە کە لە شەوا لە ئاسماندا بە دوای

---

١- سەرچاوە: رۆژنامەی کەیهان، لاپەڕەی ١٦ پێنجشەمە ٣٠ی خورداد ١٣٧٠ی هەتاوی و ٧ زیحەجەی ١٤١١ مانگی و ٢٠ ژوئێن ی ساڵی ١٩٩١ز و ٣٠ زەردان ـ ی ٢٦٠٣ کوردی و بەرگی دووەمی گەنجینەی فەرهەنگ و زانست نوسراوی «شەپۆل» لاپەڕەی ٣٥٠ تا ٣٥٨ کە ئامادەی چاپە(شەپۆل).

مەلافەی تەڕی هەورەکاندا، ئەگەڕێ

*** 

ئاوێنەیەك، لە خۆوە مرۆڤ زل بکاتەوە زمانچەورە

***

کیژی مافورەکەر، نرخی گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی مافورەکەیە

***

قولابی ماسیگرییان لە روی پێچکەی کتێکەوە ساز داوە

***

گەنداو دەستی گرت بە رۆخانەوە و خزییە دەریا

***

بەهار کاتێ چاوی بە گوڵدانی بێگوڵ کەوت شەونم گریا

***

مرۆڤی سەحەرخێز لەبەر پێێ رۆژ راست ئەبێتەوە

***

بەفر کەمەری دار و باغەوانی پێکەوە شکاند

***

هێزی جازیبە نەردیوانی کوتا بە عەرزدا

***

تکە و قەترەی باران بە خەتێکی عابی ئاسمان و زەوی لێك جیا کردەوە

**وەسفی خەیاڵ**

ئەو رۆژەی وا کێو خێزەرەی کردبو، رۆژ لە کەل سەر نەکەوتبو.

***

کاتێ کە بەردی چەخماخەم تەواو دەبێ بە شەمچە هەڵیدەکەم.

❋ ❋ ❋

فرمێسکێ کە خەوی دزی دیبو زۆرەزۆر دەگریا.

❋ ❋ ❋

مرواری گوم کراوم بردە بەر پەنای چاوم.

❋ ❋ ❋

کاتێ کە هەور دەگریا، دڵ و دەرونی زەوی فێنك دەبوەوە.

❋ ❋ ❋

کاتێ بە دەمپایی هەورەوە چومە سەربان، دڵی پلوسك لەرزی.

❋ ❋ ❋

ئەستێرەیەك کە نەیدەڕوانیە ژێر پێی خوێ کەوتە سەر عەرز.

❋ ❋ ❋

کاتێ کتك مرد، ماسییەکانی نێو حەوز خۆیان خستە حەوشە.

❋ ❋ ❋

ئەستێرەیەك کە وەڵامی سەلامی لەنتەری نەدایەوە کەوتە خوارێ.

❋ ❋ ❋

فڕۆکەیەك کە بێنزینی تەواو بو، کەوتە داوی کوترباز.

❋ ❋ ❋

ماسییەك کە بە قولاپەوە گیری کردبو لە کێبەرکێی هەڵبەزیندا یەکەم هاتەوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی شەهادەی کوردی ژمارەی ٣٦١ و ٣٦٢ ساڵی ٩ و ١١ی مانگی پەرانی ٢٦٠٣ کوردی بە قەڵەمی «شەپۆل».

# مامۆستا مەلامحەمەد رەبیعی

**١٣١١ مانگیی**

هیچ یەکێ لە ئۆگردارانی بەرنامەکانی کوردی رادیۆ کرماشان نییە کە دەنگی خۆش و ئاموژگاری و قسە جوان و پڕ بایەخاکانی مامۆستا مەلامحەمەد رەبیعی لەو رادیۆوە نەبیستبێ و شتی لێ فێر نەبوبێ و لە بەرنامەکانی کەڵکی وەرنەگرتبێ چونکە ئەتوانم بڵێم لە ساڵی ١٣٤٥ هەتاوی‌یەوە تا ئێستا لانی کەم حەوتەی دو سێ بەرنامەی ئامۆژگاری و ئەدەبی و هونەری بە دەنگی خۆش و زوڵاڵ و ئاسمانی خۆی بۆ ئەوینداری بەرمانەکانی بڵاو نەکردبێتەوە. دیارە ئۆگرانی بەرنامەکانی تا ئێستا هەزاران نامەیان لە مامۆستا مەلامحەمەد رەبیعی نوسیوە و پرسیاریان لێ کردە و وەڵامیان دراوەتەوە، چ لە بابەت فیقهی ئیسلامی و مەعارفی دینی و مەبەستی وردی فەلسەفی لە بابەت خواناسی و زانست و دینەوە.

مامۆستا مەلامحەمەد رەبیعی ئینسانێکی خۆ بە کەم زان، قسەخۆش، زانا، قورئان لە سینگ، سەخی و قانیعە، زۆر حەز ئەکا برەو بە دینی ئیسلام و فەرهەنگ و قورئان و زمانی کوردی بدرێ و لەم رێگایەشەوە زۆر ئەکۆشێ و زۆریش خۆی ماندو کردوە و ئەم زانایە شەهامەتی ئەخلاقی زۆرە و قسەخۆش و رۆحسوك و رەزاشیرین و نوکتەدان و لە سەر دین سورە.

مامۆستا رەبیعی کوڕی خوالێخۆشبو مەلا عەبدولحەکیم کوڕی خوالێخۆشبو مەلامحەمەد رەبیعی‌یە و لە ساڵی ١٣١١ هەتاوی لە گوندی «دراسپ» مەڵبەندی دیواندەرەی کوردستان لە دایك بوە و لە پێنج ساڵیدا قورئانی لای دایکی خوێندوە و لە پاشان سەرەتای صەرف و نەحوی لای باوك و مامی زانای خۆی خوالێخۆشبو مەلامەحمود رەبیعی فێر بوە. جا دوای وەفاتی مەلا مەحمودی مامی لە فێرگە و حوجرەی فەقێ‌یاندا لە کوردستانی

ئەمدیو و ئەودیو لای مامۆستاکانی زانستی دینی فێری زانست و مەعاریفی ئیسلامی بوە و لە ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی لە خزمەت ئوستادی زانا و لێکۆڵەر، خوالێخۆشبو سەیید عەلائەدین حوسێنی «قُدِسِ سِرُّهُ» لە فێرگەی «قشلاخ سپی» کوردستان ئیجازەی مەلایەتی و ئیفتای وەرگرتوە و لە لایەن شورای بەرزی وەزارەتی فێرکردن و بارهێنانەوە بە رەسمی گەواهی‌نامەی ئیفتا و تەدریسی پێدراوە و بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە گوندی قشلاخ سپی‌دا خەریکی دەرز وتنەوە بە فەقێیان بوە و پەندی موسڵمانی داداوە و کاروباری دینی و شەرعی خەڵکی بەڕێوەبردوە و ئیمامەتی جومعە و جەماعەت و هەڵسوڕاندنی دەفتەری ئیزدیواج و تەڵاقی بە ئەستۆ بوە. لە ساڵی ١٣٤٥ بە ناوی قاری قورئانی مومتاز لە موسابەقەی جهانی قورئان خوێندندا لە پاکستان بەشدار بوە و لە نێو قورای ٢٢ وڵاتدا مەقام و پلەی دووەمی بە دەس هێناوە و دوایی گەڕاوەتەوە بۆ تاران و لە رادیۆ تەبلیغی بەرنامە دینی‌یەکانی بە زمانی کوردی پێ‌سپێردراوە و لە مەدرەسەی ئەردەوێڵی‌یەکان و مزگەوتی عیماددەوڵە خەریك قورئان و تەجوید فێرکردن بە خەڵك بوە و لە ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی دینی چۆتە کرماشان و لە ڕێگای رادیۆ خەریکی ڕێنوێنی مسوڵمانانی کورد زمان بوە و لە بار و بابەتی ئیسلام و ئەحکام و لە مزگەوتی گەورەی ئیمامی هومام حەزرەتی ئیمام شافیعی خەریکی وەعز و تەبلیغ بوە.

لە ساڵی ١٣٥٧ بۆتە خوتبەخوێن و ئیمامجومعەی مزگەوتی گەورەی شافعی شاری کرماشان. مامۆستا رەبیعی لە دە ساڵی‌یەوە خوی داوەتە شێعر وتن و نوسین و جارجارە بە زمانی کوردی و فارسی شێعری وتوە و لە ساڵەکانی رۆژگای فەقێ‌یەتی‌دا لە شێعر وتن و تەرجەمە و نوسین غافڵ نەبوە و لە ساڵی ١٣٥٠ بەم لاوە گرینگی‌یەکی تایبەتی بە نوسین داوە و ئەشعاری خۆی بە زوانی کوردی و فارسی و عەرەبی لە دیوانێك‌دا بە ناوی «چهار فصل» کۆ

کردۆتەوە.

ئەم زانایە تا ئێستا ئەم کتێبانەی نوسیوە:

١- ئاوێنەی ئیسلام، ساڵی ١٣٦٤ ی هەتاوی

٢- سُنَت و بِدْعَت

٣- هشتِ اُرْدیبِهِشْتْ

٤- سراب عشق و اعتیاد

٥- عالیجناب گوریل

٦- مسائل و دلائل

٧- مالکییەت لە ئیسلامدا

٨- راهنمای اِزْدِواج

٩- رسالةالقارعة لە طلاقدا

١٠- الاحسان فی تجویدالقرآن

١١- چهار فصل: بە زبانی عەرەبی، فارسی، کوردی



ئێمە وەکو ئەرکێکی شەرعی لە سەرمان پێویستە
خوێندنەوەی کوردی فێربین و فەرهەنگی خۆمان بناسین:

١٢- داستان
١٣- موج اف ام - فارسی
١٤- عشقێ که بێپایانه - به فارسی
١٥- جمعەی رەش - به فارسی
١٦- خانوادۀ کوچك - فارسی
١٧- تفسیری سورەی فاتحه - به کوردی
١٨- تفسیری جزوی اَوَلِ سورەی بَقَرَه - به کوردی
١٩- بەچەکەی بنیادەم، - به کوردی
٢٠- دکانداران تەریقەت، - به کوردی
٢١- گنجینەی گوهر له حَدیثْدا
٢٢- چهار فصل - دیوان شعر
٢٣- کتێبی حەزرەتی عوسمان

گۆیا کتێبی بەچکەی بنیادەم له لایەن ناوەندی ئینتشاراتی فەرهەنگی سەلاحەدینەوە له ورمێ له ژێر چاپ دایە.

«ئاوێنەی ئیسلام» یەکەم نوسراوی ئەم زانایەیە که له چاپ دراوە.

ئەم شەرحە حاڵەمان له کتێبی ئاوێنەی ئیسلام که له ئاخری کتێبەکەدا چاپ کراوە، وەرگرتوە، بەرواری ١٣٦٤/٨/٢٠ هەتاوی و ١١ نووامبری ١٩٨٥ زاینی له بابەت ناساندنی کتێبی ئاوێنەی ئیسلام له ٢ سپتامبر ١٩٨٦ز- ژومارەی ١٣٧ ساڵی ٤ شەهادەی کوردی به قەڵەمی «شەپۆل» مەبەستی جوان بڵاو کراوەتەوە.

# میرزا محەمەد رەزا کەڵوڕ، کرماشانی

**١٢٤٥ ـ ١٣١٠ مانگی**

کەلورِ یا «کەڵهورِ» قسەزان و نەقاڵانی هەڵوەدای شوێن شوێنەواری کوردەواری، وەچە و تۆمی سام و زاڵ و رۆستەمی بە گورز و گۆپاڵیان، کە ورد ورد بە بیر دۆزیوە و رابوردوی کەڵهورِانیان بە بەر مێشکا تێپەڕیوە، لایان وایە، کەڵهورِ تیرەیەکن، لە تۆرەمە و نیژادی گودەرزیِ گیو، کە ئەو گیوە لە رۆژگاری پاتشایانی کەیانیدا بە سەر «بابل پاتەختی کەلدانیان» رادەگەیشت.

**نوکتە:** مەبەست گۆدەرزی کوڕی «گەشواد»ی کوڕی گیوە کە ئەو گیوە وەزیری کەیکاوس بوە و دو کوڕی بە ناوی «گیو» و «رەهام» بوە.

رەهام یا مامە رەهام لە سەر فەرمانی «بەهمەن» ئەسفەندیاری کەیانی کە نازناوی «ئەردەشێر» بوە، لەشکری بردۆتە سەر شام و «بیت‌المقدس» و میسر وە ملی لە وێرانکاری و کوشتار و زۆرداری ناوە و هێندەی «بەنی ئیسرائیل» کوشتوە کە بە خوێنیان ئاشی گێڕاوە، مێژونوسان بە «بەخت‌النصر» ناویان بردوە، جا لە پاش ئەوەی کە رێرەوی خۆی تەخت کردوە، چۆتە سەر تەخت و لەو رۆژەوە ئەو مەڵبەندە بە دەست بەرەی نەوەی ئەوە و ئەو هۆزی لەوان کەوتۆتەوە، ئێستا بە گۆران ناسراون.

**نوکتە:** یەك لە چار لکی کورد ناوی «کەڵوڕ: کەڵهورِ»ە هەندێ لایان وایە ئەم تیرە سەر بە کلاهوری پاڵەوانی فەرمانڕەوای پێشوی مازەندەرانن کە، کەیکاوس ویستی بیخاتە ژێر فەرمانەوە و بە رۆستەمی زاڵدا نامەی بۆ ناردوە و فەرمانڕەواکە زۆر توند وەڵامی داوەتەوە و هەڕەشەی کردوە. بەڵام «کەلاهور» وای کرد کە دانەوێنێ و وتی: ئێمە دەرۆستی رۆستەم و پاڵەوانەکانی نایین. شانامە لە چەن جێگەدا ناوی ئەو «کەلاهور»ەی بردوە. وەك دەڵێ:

شێعر:

کەلاهور، کە لافاوە، بۆ لەمپەران
هەمو، نازی هەربەو بو، مازەندەران
کەلاهور، پەیا بو، وەکو شێری نێر
سەریدا لە سەرداری ئازا و دلێر
کە پەنجەی دە پەنجەی کەلاهور پەڕاند
هەمو ناخونی، وەك خەزەڵ هەڵوەراند

ئەشگونجێ لە ناوی «کەڵ وەران» وەرگیرابێ کە بە کەڵەگا دەڵێن. کەڵورِ و گۆران بە بەرەباب لێك جیان بەڵام پێکەوە دەژین.

راونسون دەڵێ: «کالا؟ و کەڵهورِ» لێك نیزیکن. کەڵهورِ خۆیان زۆر بە رەگدار دەزانن و لایان وایە، وەچەی: مامەرەهام «رەهام»ن. کە ئەویش «بەختالنصر»ی ناودار و داگیرکاری دەوڵەتی «جولەکە»یە. لە راستیشدا ناوی «جولەکانە» لە ناو کەڵهورِاندا زۆرە و دوریش نییە ئاینی جولەکەشیان، هەندێك لە ناو خزابێ. کەڵهورە ناوی لکێ کوردی کرماشانە.

میرزا محەمەد رەزا کوری محەمەد رەحیم بەگە، کە لە سەر دەستەکانی سوارەی ئەو لقە لەو هۆزە بوە. شەرحی حاڵی لە «المآثر و الآثار»[١] نوسراوە. وا دیارە ئەم میرزامحەمەد رەزا کرماشانییە، لە ناودارانی خۆش‌نوسانی رۆژگاری خۆی بوە لە خەتی نەستەعلیقدا و ئەوی گەیاندۆتە خەتی عەلیهیرەوی و میرعماد سەیفی قەزوینی.

لە ژمارەی ٧ی «گۆڤاری یادگار»یشدا شەرحێك لە بابەت میرزامحەمەد رەزا کەڵهوری کرماشانییەوە نوسراوە و کورتەکەی بەم جۆرەیە: میرزامحەمەد رەزا کرماشانی لە ساڵی ١٢٤٥ی مانگی لە کرماشان لە دایك بوە و لە منداڵیدا

---

١- پەڕەی ٢٠٣ و ئەستونی ٢.

به پێی داب و دەستوری هۆزەواری ناو کوردەواری خەریکی فێربونی سواری و تیرئەندازی بوە و لە نەتیژەدا زۆر ساغ و خۆش‌قلافە و بە شان و شکۆ بوە و لە کاتی سواری و تیرئەندازی‌دا بریندار ئەبێ و گوێ‌یەکیشی کەڕ ئەبێ، جا دوای رابواردنی رۆژگاری گەنجی ئەوینی خەت‌خۆشی و جوان‌نوسین ئەکەوێتە ناو کەللە و مێشکی و لای ئاغامحەمەدی تارانی کە لە مامۆستایانی خەت بوە کەتیبەی ئێزارەی مزگەوتی شای «سابیق»ی تاران بە خەتی ئەوە و میرزامحەمەدی خوانساری شاگردی ئاغامحەمەد ناو براو، بۆ ماوەیەك خەریکی مەشق بوە، تا لە سوێنگەی لێهاتویی و شیاویی‌یەوە، لەو دو مامۆستایە، وە پێش کەوتوە و بۆ فێربوونی جوان‌نوسی چۆتە قەزوێن و ئیسفەهان و لە قەزوێن لە روی خەتی میرعیماد لە ناو یەکێك لە گەرماوە (حەمام)ەکاندا و لە ئیسفەهانیش لە «تەختی پولاد» لە کەتیبەی تەکیەی میر، بە زاراوەی خەت‌خۆشان «چردە = رونوسی» هەڵگرتوە و خەریکی مەشق بوە تا لە شێوەی «نەستەعلیق»دا بۆتە مامۆستایەکی دەس‌نیشان و هاتە تاران و نیشتەجێ بوو. ئاوازەی ناوداری و خەت‌خۆشی گەیشتە گوێی ئەم و ئەو، ناسرەدین شای قەجەر بانگی کرد تا ببێتە ئەندامی یانەی چاپەمەنی،[1] بەڵام بەڵێنی نەدا و لەو خانوە چکۆڵەی وا لە تاران هەیبو رازی بو و خەریکی نوسینەوەی کتێب بو، بە مورەکەبی چاپی مەشقی بە مناڵان ئەکرد و کورە دەوڵەمەندەکانی فێری خەت‌خۆشی ئەکرد و لە دەوڵەت موچەی وەرنەدەگرت، مەناعەت و قەناعەت و مەزنی و گەورەیی خۆی ئەپاراست و بە دنیا و سامانی ئەم جهانە پێکەنینی دەهات و زۆر هونەروەر و هونەردۆست و پاکداوێن بو، وە تەمەنی شەریفی خۆی زۆر بە شەرافەت و پیاوانە بردە سەر.

ئەگەر بە خواردەمەنی رۆژانەی خۆی لە ماڵەوە دڵنیا با، هەر کەس کە بۆ

---

١- گۆواری یادگار ژمارەی ٧ لاپەرەی ٣٩ و ٥٦.

زیارەتی ئەچو بێ نان خواردن نەیدەهێشت بڕوا، زۆر بە دڵ و دەرون و دڵاوا و دڵلاوێن و سەخی بو، بە کوردی و بە کورتی بڵێین: دوژمنی نانی خۆی بو، هەرگیز بە تەنیا و بێمیوان نانی نەخواردوە و چەن فەقێی لە خەتخۆشیدا پێگەیاندوە، یەك لەوانە ئاغامورتەزا نەجم‌ئابادی‌یە.

میرزامحەمەد ڕەزا کەڵهور شێعری جوان ئەزانی و جارجارەش شێعری فەرموە، بەڵام نازناوی بۆ خۆی هەڵنەبژاردوە.

ئەڵێن: لە ٢ شەمەی ٥ی مانگی شەعبانی‌ساڵی ١٣٠٠ی مانگی، بە ڕودەربایسی لەگەڵ شاناسرەدین قەجەردا ئەچێتە مەشهەد و نوسینی نوسخەی ئەسڵی «ڕۆژنامەی هومایون» ئەگرێتە ئەستۆ و لە ٥ شەمە ٨ی زیحەجە ئەگەڕێتەوە بۆ تاران و لە ئازارە وەبای تارانا لە ڕۆژی هەینی ٢٥ مانگی موحەرڕەم لە ساڵی ١٣١٠ی مانگی، بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە و لە گۆڕستانی حەسەن ئاوا[1] نێژراوە.

محەمەدعەلی کوڕی و بەرجیس و عەزرای کچی کە لە نەرگس خانمی ژنی بون تا چەن ساڵ بەر لەمە لە تاران مابون. میرزا محەمەد عەلی لە بانگی سپە ئەندام بو. ڕۆژنامەی ئیتیلاعات[2] هەواڵی مردنی بانو عەزرای نوسیبو، لەوە دەچێ کە یەك دو ڕۆژ بەرلەوە مردبێ.

**دەس‌نوسەکانی کەڵهور:**

١- ڕساڵەی غەدیریە: مەلاجەعفەر قاری، تاران، سەنگی، نەستەعلیق خەتی کەڵهوڕ ٢- سەفەرنامەی شاناسرەدین قەجەر، بۆ کەربەلا: تاران ١٢٨٧ مانگی، سەنگی، وەزیری، خەتی کەڵهوڕ ٢٨٧ پەڕە ٣- سەفەرنامەی دووەمی شاناسرەدین: تاران ١٣٠٠ مانگی، سەنگی، نەستەعلیق خەتی کەڵهوڕ.

---

١- «جێگای ئاتەش نیشانی ئێستا: مەیدانی حەسەن ئاوا «مەیدانی تەوحید - ی نوکە»

٢- ساڵی ٢٠ ژمارە «٦٠٧١» چاپی ٣ی ڕەجەبی ١٣٦٥ی مانگی

**سەرچاوە:**

١ـ مەکارم الآثار لە ئەحواڵی پیاوانی دو سەتەی ١٣ و ١٤ی کۆچی مانگی. پەڕەی ١٢٥٩ و ١٣٦٠ ژمارە ٦٦٥ چاپی ساڵی ١٣٥٢ هەتاوی، بەرگی ٤.

٢ـ گۆڤاری یادگار ساڵی یەکەم ژمارە ٧ پەڕەی ٣٩ و ٥٦.

٣ـ شەرەفنامە بە کوردی، پەڕەی ٥٩٢ و ٥٩٥ بەرگی ١، چاپی دووەم، تاران ساڵی ١٩٨١ زاینی.

٤ـ المآثر و الآثار پەڕەی ٢٠٣ ـ ٥ رۆژنامەی ئێران ژمارە «٧٨٠» ساڵی ١٣١٠ مانگی ـ ٦ ـ موئەلیفینی کوتوبی چاپی فارسی و عەرەبی نوسراوی خانبابامشار پەڕەی ١٩٤ چاپی ١٣٤١ هەتاوی بەرگی ٣.

# جەمیل سدیقی زەهاوی

شۆڕەسواری زانست و فەلسەفە و ئەدەب و شیعر و هونەر، پەسەندیدەی هونەروەران و سەر تەریدەی بەختەوەران و شارەزای هەمو ڕێ و شوێنان و مامۆستای سپی، وەخوێنان، لە کر و نەخشی زانست و حیکمەت و دیندا، تەونگەری کرژ ڕێس و کوڕی خواناس و زانای ناودار عەللامە مەلامحەمەد فێضی زەهاوی هەڵبژاردەی خاندانی ناس و دیاردە و دڵڕوناك و ئاکار و زاناچاکی ئەم ئاو و خاکە، گوڵی پشکوتوی سروەی شادی ناو کوردەوای، ناودار بە جەمیل صیدقی زەهاوی شاعیر و فەیلەسوفی گەورەی ئەم ڕۆژگارە لە ساڵی ١٢٨١ی کۆچی و ١٩٣٦ زاینی بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە.[1]
جەمیل صەدقی زەهاوی، بۆ ماوەیەك لە ئەستامبوڵی تورکیا خەریکی دەرس‌دانەوەی فەلسەفەی عەرەب بوو لە هەمو پلە و پایەکانی حوکومەتی‌دا کاری کردوە.

صدقی زەهاوی لایەنگری دابین‌کردنی مافی ژنان بوو، لەو ڕێگایەشدا زۆری خەبات کردوە و دیوانی شێعری بە عەرەبی هەیە و بە زمانی کوردی و فارسیش شێعری زۆرە.

جەمیل صدقی زەهاوی لە سەرەتای مانگی میهر: «ڕەزبەر= بەران = میزان»ی ساڵی ١٣١٣ی کۆچی هەتاوی بە نوێنەری حوکومەتی عێراق لەگەڵ شاعیری کوردی ناودار «ئەحمەد حامید مەعروف ڕەصافی» (١٨٧٥ـ١٩٤٥ زاینی) کە لە بەغا کۆنەڵی بۆ چەقاوە و چارینەکانی حەکیم عومەر خەیامی کردۆتە عەرەبی و چونەتە تاران و لە جەژنی هەزارەی لەدایك بونی «فیردەوسی

---

١- عەلامە مەلامحەمەد فەیزی موفتی زەهاوی خەڵکی سەرپێل زەهاوی لای کرماشان و یەکێك لە موسلیحانی ڕۆژگاری خۆی بو.

توسی» بەشداری‌یان کردوە.[1] صدقی زەهاوی کوڕی گەورەی زەهاوی گەورە محمد فیضی موفتی زەهاوی‌یە. خانەدانەکەیان لە خانەدانەکانی ڕەسەن و گەورەی کوردەواری‌یە. جەمیل صدقی زەهاوی زانستەکانی شەریعەتی ئیسلامی و ویژاوەری کوردی. عەرەبی لە فێرگەی باوکیدا خوێندوە و فێریان بوە و لە سوێنگەی هۆشی خوا پێداوی و لەبەر زرەنگی و حازر زیهنییەك کە لە زانست و زانیاریدا هەیبوە، زۆر زو گوڵی کردوە و لە ناو خەڵکدا دیاربوە و زۆریان ڕێز بۆ داناوە. ئەو سەرەڕای زمانی کوردی، زمانی عەرەبی و فارسی و تورکیشی زانیوە و لە ڕۆژنامەنوسی‌دا دەستێ باڵای هەبوە و چەن پەراوەشی لە زانستی جۆراوجۆرا نوسیوە.

جەمیل صدقی زەهاوی کاتێ لە جەژنی هەزارەی لەدایك‌بونی فیردەوسیدا بەشداری کردوە، برە شیعرێکی بە فارسی لە سەر وەزنی شانامە داناوە و خوێندویەتەوە کە دو شێعری ئەوەڵی ئەو برە شیعرە ئەمەیە:

بـــه فـــــردوســـــی از مــــن ســــلامـــــی بـــریـــد
پـــس از عـــــرض حـــــرمـــت پـــیـــامـــی بـــریـــد
کـــه ای شـــاعـــر خـــفـــتـــــه در زیـــــر خـــــاك
نـــهـــــان از نـــــظــــر دور از جــــان پـــــاك

---

١ - عەللامە مەلامحمد موفتی زەهاوی باوکی جەمیل صدقی زەهاوی لە ١٢٠٨ی کۆچی مانگی لەدایك بوە و لە ١٨٩٠ زایینی وەفاتی کردوە و نازناوی شێعری «فیض» و مامۆستای عەلامە مەولانا عەلی قزڵجی تورجانی بوە کە ١٢٢٥ی کۆچی مانگی لەدایك بوە و لە ڕۆژی دوشەممە چاری ذیحجە ساڵی ١٣٩٥ کۆچی بەرەولای خوا کۆچی کردوە. موفتی زەهاوی لە زانستی ویژاوەری و ئەدەبی و زانستی دینی و مەعارفی ئیسلامیدا بێ‌وێنە بوە و هەر لە بەر ئەمەش بۆماوەی ٣٨ ساڵی ڕەبەق موفتی بەغا و ئەو ناوەناوە بوە و هەزاران فتوای لە ڕچەی فیقهی ئیمامی شافیعیدا بۆ مسوڵمانان داوە.

(بڕوانە ژیناوەری زانایانی کورد... یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست چاپی تاران ـ چاپخانەی مەهارەت ساڵی ١٣٦٤ کۆچی هەتاوی.«شەپۆل»

جەمیل صدقی زەهاوی لە سەرەتاوە لە مەجلیسی مەعاریفی بەغا دەس بەکار بوە و لە دواییدا بۆتە ئەندامی کۆڕی نوسەرانی رۆژنامەی «زەورا» و ئەوسا بۆ ئەندامی مەحکەمەی ئیستیناف هەڵبژێردراوە و سەرئەنجام بە ناوی ئەندامی کۆڕی رامیاری و سیاسی نێردراوەتە «یەمەن» و لە فێرانکۆی فەلسەفەی عەرەبی «ئیسلامی» لە فێرانکۆی سەڵتەنەتی ئاستانە، بۆ وتنەوەی وێژاوەری عەرەبی لە «دارالفنون»دا بۆتە مامۆستا و لە دوا تەمەنیشدا بۆ ئەندامبونی مەجلیس و کۆڕی نوێنەرانی حوکومەتی تورکانی وەسمانی هەڵبژێردراوە.

جەمیل صدقی زەهاوی ئەم کتێبانەشی نوسیوە.

١ـ کائینات لە فەلسەفەدا

٢ـ جاذبیە و تەعلیلی ئەوە لە زانستی تەبیعیدا

٣ـ موجمەلی میما ئەراو...

ئەمانە بە پەخشان و بڵاوەن، دیارە بەمانە و نوسینی ئەمجۆرە زانستانە پلەی زانیاری باش دەرئەکەوێ.

ـ بە شێعر و هەڵبەستیش ئەمانەی داناوە:

١ـ «اَلْکَلِمُ الْمَنْظُوم»

٢ـ چارینەکانی زەهاوی و دیوانی شێعر و شتانیتر.

زەهاوی لەبەر ئەوەی زۆری شێعر داناوە و بەلەز شێعری وتوە، قەسیدەکانی هەمو لەیەك پلەدا نین لە جوانی و بە هێزیدا؛ لە زۆربەی قەسیدەکانیدا یەکبونی واتا و مەبەستی لە دەس داوە. زۆرێ لە بیروڕای حوکەما و ئەندێشەی زانایانی لە بابەت دنیاوە لە شێعرەکانی خوێدا گونجاندوە.

فاخوری مێژوی لە دایك بونی جەمیل صدقی زەهاوی ١٨٦٣ی زایینی و رێکەوتی ١٢٨٠ی کۆچی و تاریخی فەوتیشی ١٩٣٦ زایینی و رێکەوتی ١٣٥٥ـ١٣٦٥ کۆچی مانگی نوسیوە.

خوالێخۆشبو حاجی میرزا ئەحمەد دیوان بەگی شیرازی دانەری حەدیقەی

شوعەرا لە ساڵی ١٢٩٧ی کۆچیدا ئەچێتە عێراق و ناوی عەللامە مەولانا موفتی زەهاوی و جەمیل صدقی. زەهاوی لە شێخ عەبدولعەزیز عاصم سەنەندجی «سنەیی» بیستبو، ئەچێ زیارەتیان بکا بەڵام بۆی رێنەکەوتبو بیانبینێ و هەندێ لە شێعرە فارسییەکانی ئەو باوك و کوڕە لە عاصم سنەیی وەرئەگرێ و لە حەدیقەی خۆیدا ئەینوسێ. ئەمەش هەندێ لەو شێعرانەی وا لە حەدیقەی شوعەرادا نوسراون، لە غەزەلەکانی موفتی زەهاوی:

**غەزەل:**

نه همین جای زحل بالاتر است از مشتری
می‌دهد هر نحس را بر سعد گردون برتری
دل چو شد از زنگ کثرت صاف وحدت نقد اوست
شیشهٔ ما را صفای خویشتن باشد پری
تو نه اوئی و نه بی‌اوئی اگر می‌جوئیش
بایدت از خویشتن هم بگذری هم نگذری
تو مثال سایه‌ای و او مثال آفتاب
هر قدر کز خویشتن خالی شوی از و پری
دختر رز هست عقل آدمی کابین او
گشته محروم. او وصالش زاهد شهر از حری
امتی را زاهد ابله به خود دعوت کند
شخص واحد گشته هم گوساله و هم سامری

**چارینه**

عمرم به‌عبث صرف فنون خوانی شد
دانش همه عیب خویشتن‌دانی شد
کاری که از او هیچ. پشیمان نشدم
در مدت عمر خود پشیمانی شد

**دوباره**

انصاف مجو ز طبع ابنای زمان
ناسازی و ناسزا بود عادتشان
دورت فکنند باشی از راست چو تیر
بر دوش کشندت شوی از کج چو کمان

له بابەت جەمیل صدقی زەهاویشەوە، دیوان بەگی ئەنوسێ: ناو و ناوچاوان جوانە و کوڕی مەولەوی محەمەد فیض: «موفتی زەهاوی»یە، ئەم کوڕە لە فێرگەی باوکیدا پەروەردە کراوە و فێر بوە و بار هاتوە ئێستا کە پێمان لە ساڵی ١٢٩٧ی کۆچیدایە تەمەنی نەگەیشتۆتە بیست ساڵە، ئەڵێن: هەمو زانست و زانیاری‌یەکانی باوکی فێربوە و زمانی زگماکی کوردی و زوانی فارسیش ئەزانێ، هەرچەن لەناو عەرەب و تورکا هەستاوە و دانیشتوە. ئەمەش وێنەی شێعری فارسی، کە لە عاصم سنەیی وەرگیراوە و لە حەدیقەی شوعەرادا لە چاپ دراوە.

**غەزەل**

عاشق یکتا نمی‌باشی الا ای دل چرا
می‌شوی هر لحظه بر معشوقه‌ای مایل چرا
می‌کنی از امر ایزد خویش غافل تا به کی
دوری از حق می‌کنی، گیری ره باطل چرا
هیچ غم اندر دل دیوانگان گویند نیست
از من مجنون نمی‌گردد غمت زایل چرا
گر نداند مرغ چون در می‌رهد از غمی
آنقدرها رقصد از شادی چو شد بسمل چرا
در درون توست مطلوب تو ای مجنون زار
بهر لیلی می‌دوی اندر پی محمل چرا

دختر رز هر شبی صد کس به کار می‌بردش
می‌شود انسان بدینسان فجعه‌ای مایل چرا

**دوباره**

بی‌رقیب اندر جهان دار کو
اندرین گلشن گلی بی‌خار کو
گر فکند از رخ نقاب آن آفتاب
دیده‌ها را طاقت دیدار کو

**دوباره**

گل گریبان پاره از تاب جمال کیست خود
بلبل از عشق گل این‌گونه نالان گشته است

**پیره‌مێردی نه‌مر**[1] له‌ رۆژی هه‌ینی رێكه‌وتی ١٩٥٠/١٨/٢٥ی زاینیدا بەم برە شێعرە شینی بۆ جه‌میل صدقی زەهاوی گێڕاوە و فەرمویەتی:

**شیننامه**

تەوەكولی نەبو ئەمسال ئەوەندە خوێن باری
تەعامولی نەبو هەور ئەكەوتە گریە و زاری
فەلەك بۆ خاكی ئەبێژایەوە بە سەرمانا
مەلەك بو كە چاوی دەیەشا وا لە گریانا
بە بای زەهاوە بەهاران كە هەوری رەش ئەگری
بە شینی بلبلە گریانی شەونم و هەوری
هوزاری گوڵشەنی ئەم خاكە پاكە بۆ تاك بو
فەزای ئەدەب بە چرای شێعرەكانی روناك بو

١- لە ١٢٨٨ی كۆچی مانگیدا لە سلێمانی لەدایك بوە و لە ١٩٥٠/٦/٥ زاینی بارگەی بەرەو لای خوا تێكناوە.

به باڵی شیعر و ئەدەب شاهبازێکی میعراج بو
شەهی سەریری ئەدەب فەلسەفەیشی سەرتاج بو
ئیتر نەماوە ئومێدم لە داری دنیادا
بگاتە ریزی صدقی کەس لە شاری «زورا»دا
به میصرەعێکه، دەمی مەرگ و تەرجەمەی حاڵمان
کسوف رۆژە «زەهاب» زەهاوی لای عالمان[1]

هەروەها له رۆژی ٢٧ مایسی = مارسی ١٩٧٣ زاینی پیرەمێرد له شاری بەغا لە ئاهەنگی رۆژی چلەی مردنی جەمیل صدقی زەهاوی بەشداری کردوه و به کوردی و عەرەبی شیعری خوێندۆتەوە، ئەمەیش شیعرە کوردیەکانی پیرەمێردی نەمر، که به بۆنەی چلەی صدقی زەهاوی فەرمویەتی:

باوەڕ ئەکەم کە لایانی بڵند نامرێت و ئەژی
جاران بە خەو بو، ئێستە بە دیمانە هاتە دی
چەندە گیانی مردو بانگ ئەکرێ و گفتوگۆ ئەکا
فەن بۆ ژیان هەتا سەر گیان جستوجۆ ئەکا
بڕوانە ئاسمان بوەتە پەلکی زەرد و سور
گیانی زەهاوییە کە ئەدرەوشێتەوە لە دور
گوێم لێیە بانگ ئەکا کە بەخێر بێن بە کۆمەڵی
ئەم هاتنەتان نیشانەیە بۆ رەنگی یەکدڵی
شادم بە مەیلەوە یادی ئاوارەییم ئەکەن
دیارە بە قەدری خوێندنەوە بەرز ئەبێت وەتەن

---

١ - نوکته: «زورا» به واتای بەغا و ناوی رۆژنامەیەکیش بوە کە صدقی زەهاوی تێیدا نوسیوە. «ذەهاب» به واتای رۆیشتن و کۆچ کردوە ـ بە حیسابی ئەبجەد میصرەعی دووەمی دێری دوایی هەڵبەستەکە، ئەکاتە ساڵی ١٣٥٤ی کۆچی مانگی کە ساڵی کۆچی دوایی جەمیل صدقی زەهاویە.

هـەتـا حــورمـەتــی گــوزەشنـتـە بـێ، تــازە پـێ‌ئـەگـا
خـوێنـی حـەمـاسـەت هـەڵدەقـوڵـێنـی لـە نـاو رەگـا
دەرکــەوت زەهـــاوی وا لـــە دڵـــی ئـــێـــمـــەدا ئـــەژی
چـەنـد بـەخـتـیـــارە، دیـارە کـە ئـاواتـی هــاتـە دی
سـەد ساڵـی‌تـر بپرسـی، جـەمـیـل صـدقـی وا لـە کـوێ؟
دەنـگـی بـڵـنـدی خـۆی لـە هـەمـو شـێـعـری دێتـە گـوێ
نــاڵـێـم کـە هـەیـکـەلـێـکـی بـبـێ، وێـنـە مـردوە
دیـوانـی شـیـعـری چـاکـتـرە نــاودار و زیـنـدوە
جـاران بـە شـێـعـری ئـەو بـو کـە «فـیـردەوسـی» نـاسـرا
فـیـردەوس بـو بـە هـەواری دو فـیـردەوسـی وەك بـرا
کـاك جـەمـیـل بە یـادی جـەمیلـت بـو کـە شـێـعـر هـات
راوەسـتـە زۆری نـەمـاوە کـە مـنـیـش بـێـمـە لات




بهار «ملك‌الشعرا محمد تقی بنِ مَلِكُ‌الشعرا» که یەکێك له لێکۆڵەران و ئوستادی زانکۆی تاران و شاعیرێکی بەناوبانگه و له ١٨٦٦ی زاینی لەدایك بوه و لە ١٩٥١ی زاینی‌دا مردوە، شیننامەیەکی زۆر جوان و پڕواتا و موفەصەلی بە شێعری فارسی بۆ گێڕاوە و لە دیوانەکەی خۆیدا لە چاپی داوە.

شیعر

قـرنـهـا بـگـذشـت تـا آمـد زهـاوی در وجـود
نـیـز چـون او بـاز نـارد قـرنـهـا دَوْرِ زمـان
گـر بـه مـرگـش صبـر بنمـائیـم از بیـچـاره‌گیـست
وان بـه‌واقـع یـأس و نـومیـدی اسـت نـی صبـر و تـوان
شـد زهـاوی خـسـتـه و زیـن دهـر پر غـوغـا گـذشـت
دسـت‌افـشـان پـای‌کـوبـان از سـر دنـیـا گـذشـت
زان حـکـیـمـان کـهـن کـی چـون زَهـاوی شـعـر نـو
در وطـنـخـواهـی و آبـادی و عـمـران دیـده‌ای؟
دجـلـه‌ی بـغـداد بـر مـرگ زهـاوی خـون گـریـسـت
نی خطا گفتـم کـه شـرق از نیـل تـا سیـحـون گریست
اشـك ریـزان شـد عـراق از مـاتـم فـرزنـد خـویـش
هـمـچـو یـونـان کز غـم هـجـرانِ اَفْلاطُـونْ گـریـسـت
زیـن بـلای عـام یـعـنـی مـرگ سـلـطـان سـخـن
مـردم شـهـر بـه شـهـر و بـدو، در هـمـان گـریـسـت
از غـم شـعـر روانـش فـکـر از گـردش فـتـاد
در فـراق طبـع پـاکـش لـفـظ بـر مـضـمـون گـریـسـت
زدْ گـریـبـان چـاك، نـظـم و ریـخـت بـر سـر خـاك، نـثـر
از غـم او هـر یـکـی مـوزون و نـامـوزون گـریـسـت
دوش بـرخـاك مـزارش خـیـمـه زد ابـر بـهـار
خواست تا در هجرش از چشم «بهار» افزون گریست

**سه‌رچاوه‌كان:**

زه‌هاوی، دكتور معین، په‌ڕه‌ی ٦٦١ جه‌ڵدی ٥ ئه‌علام، تاران، ١٣٦٢
هه‌تاوی. گۆڤاری یادگار په‌ڕه‌ی ٩٢ ژماره ٩٢ ژماره ١ و ٢ چاپی تاران

خەرمانان و میهر «رەزبەر» ساڵی ١٣٣٧ هەتاوی و گۆڤاری یادگار پەڕەی ٦٤ و ٦٥ ژمارە ٩ چاپی تاران، گوڵانی ١٣٢٦ هەتاوی. ئەبێ بزانین لە ١٥ی ئاوریلی ١٩٨٦ زاینی و ٢٦ دار ١٣٦٥ هەتاوی و ٢٦ خاکەلێوەی ٢٥٩٨ کوردی ساڵی ٣ ژمارەی ١١٧ی رۆژنامەی شەهادەی کوردی شەرحی جەمیل زەهاوی بە قەڵەمی «شەپۆل» بڵاو کراوەتەوە.

ئەلمنجد فی‌الادب و العلوم ـ معجم‌الاعلام پەرەی ٢٣٥ چاپی پانزدە ساڵی ١٩٥٦ی ز. پەڕەی ٧٢٨ مێژوی وێژاوەری زمانی عەرەبی نوسراوی حەنافاخوری تەرجەمەی عەبدولمحمد ئایەتی، چاپی ١٥ی ئاذر ١٣٦١ کۆچی هەتاوی تاران. حدیقه‌الشعرای دیوان بەگی ـ دەس‌نوسەکانی شێخ عبدالعزیز عاصم سنەیی ـ مێژوی ئەدەبیاتی عەرەب نوسراوی ئوستاد ئەحمەد تورجانی‌زادە ـ پەڕەی ٣٠٨ تا ٣١٠ چاپی ١ رەشەمەی ١٣٤٨ کۆچی مانگی و گەنجینەی فەرهەنگ و زانست نوسراوی شەپۆل چاپی ١٣٦٤ هەتاوی، بەرگی ١، چاپی یەکەم، تاران.

«خەتی» فهرس المؤلفین بالظاهریه «چاپی» محمدامین زکی: تاریخ السلیمانیه ٢٥٣ـ٢٥٦، رفائیل بطی: الأدب المصری ١ :٥ـ٦٦، محمد جمال الهاشمی الادب الحدید ٤٧ـ٦٦، فهرس‌دارالکتب المعریه ٣:١٣١، ١٥٦، ٧:٢٠٥، سعد مخائیل: آداب المصر ١١٣ ـ ١٢٦، عباس محمود العقاد: ساعات بین‌الکتب ١٩٥ ـ ١٩٩، خیری العمری: شخصیات عراقیه ١ :٦٥ـ٨٤، سرکیس: معجم المطبوعات ٩٧٨،٩٧٩ رفائیل بطی: سحرالشعر ٤ـ١٦ : الموسوعه العربیه ٣٨٣، الفاخوری: تاریخ الادب العربی ١٠٢٩، القاموس العالم ١ :٤٠،٤٢، سرکیس: جامع التصانیف ٧٤، سامی الکیالی: الراحلون ٦١ـ٧٣، محمد صبری: شعراء المصر ٢ :٢٣ـ٤٦، الزیات: وحی الرساله ١ :٨١،٨٤، محمد یوسف نجم: مقدمه دیوان الزهاوی، الخفاجی: مذاهب الادب ١٧٣ ـ ١٨٠، المکتبه البلدیه، فهرس الفلسفه ١٩،

الدليل المراقى الرسمى لسنه ١٩٣٦ م س ٨٧٤ «م» الرساله بالقاهره ٣٤٨:٤، ٣٤٩، ٣٥٨، ٣٥٩، ٧٠٣، ٧٠٤، عبدالوهاب الامين: الرساله ٤:٧١٠ الرساله ٣٥٥:٥، ٣٦١، ٣٦٢، ٣٨٧ـ٣٨٥، ٤٠١، ٤٠٢ اكرم زعيتر: الرساله ٤٢٤:٥، الزيات: الرساله ١٤٤٢:٥، ٤٤، صلاح‌الدين الناهى، الرساله ٥٠٦:٥، ٥٠٧، يحيى محمدعلى: الرساله ١٠ :٢٧٣، ٢٧٤، محمد رجب البيومى: الرساله ٢٠ :١٠٥٤ـ١٠٥٦، ١١٠١، شمس الاسلام بتونس ١ :١٠٩، مهدى المقلد: الطليمه ٢ :١٨٨ـ١٩١، العرفان ١٠ :٩٢، ١٩٦، ١٥، ١٠٤٢، العصبه بسان باولو ٢ :٢٦٣، اسماعيل مظهر: المصور ١٠٨٣ـ١١٠، الفتح ٥٠٤:٥، سليم طه التكريتى: الكتاب ٨ :٧٠ ـ ٧٧، الكتاب: ١٠ : ١٠٣٠ نجدت فتحى صفوف: الكتاب ١١ :٢٨٦، ٢٩٦، سامى الدهان: مجله الاذاعه السوريه عدد ١٦ ايار ١٩٥٤م، المراة الجديده بيروت ٢٥٤:٤ـ٢٦٢، المستمع العربى س ٩، ع ١٣، ص ١٠ قدمر: المقتطف ٨٧ :٣٧٥، ٢٧٦: اسماعيل ادهم: المقتطف ٩١ :٣٧٠، ٣٧١، المنار: ١٣ :٨٤١ـ٨٤٦، متيرفا ٣٨٣:١، ٢ :٣٣٥، خليل الهنداوى: منيرفا: ٥ :٥٥٣ـ٥٥٦، المواهب بالارجنتين س ١٠، ع٧، س ٣٤ـــ٣٨، انـبــراس ١ :٢٧٥، ٢٧٦، ٢ :٣٦٨، الـهـلال ٤٤ :٧٤٦ـ٧٤٨، رفائيل بطى: الهلال س ٥٥، ع ٣، ص ١٢٥ ـ ١٢٩ «ج» عبدالحليم محمد: السياسه الاسبوعيه ع ٢٤٩، ص١٧. SIII: 483
Brockelmann:






الزهاوي في شيخوخته (١٢٧٩ - ١٣٥٤ هـ = ١٨٦٣ - ١٩٣٦ م) في بدء كهولته

في ٣ تشرين الاول سنة ١٩٢٤

ارسلت اليكم في كتابي قبل هذا عددا من
الرباعيات وهي نماذج للبقية وقد وقع
في لفظ رباعيتين خطأ والصواب كما يأتي ،

ليتنا في مكاننا نستقر ليتنا في المسير لا نستمر
ليتنا كالاعشاب نبعث اخرى بعد الف من السنين تمر

نموذج من خطه ٢ اخوكم
جميل صدقي الزهاوي

انا فوق الثرى ارى اقدمينا وارى بعد تحتها محتذينا
وبسهل لا شيء ارسل طرفي مارى القادمين والذاهبينا

وفي الختام واهدا السلام
في ١٢ مارت سنة ١٩٢٥
جميل الزهاوي

جميل صدقي الزهاوي نموذج آخر من خطه :

نەقڵ لە الاعلام خەیرەدین زەرەکلی لاپەرەی ١٣٧ چاپی شەشەم ساڵی ١٩٨٤ی زاینی بەرگی دوەم.

## سەرەتا
# نەتەوەی لور کێن؟

وەك مێژو دەڵێ ناوی لور بۆیێ بە سەر ئەو کوردانەدا براوە وەختێ خۆی لە «کول»ی مانرود ژیاون و لە دواییدا لەبەر زاوزو، وەچەیان هەستاوەتەوە و جێگایان بەر تەنگ بووە و دەستە و تیرە تیرەیان لێ جیا بۆتەوە و هەر یەکێ روی کردۆتە لایەك؛ یەکێك لەو هۆزانە، شازادەکانی فەزلەوەیە ـ ە ـ کە بە لوری گەورە ناودارن، لە کتێبی «زبدة التواریخ»دا[1] نوسراوە کە ئەوانە بۆیێ ناوی لوریان بە سەردا، براوە: لە مەڵبەندی «مانرود» گوندێك هەیە ناوی: «کول»ە لە ناو دەربەندی کولیشدا شوێنێك هەیە «لور»ی پێ دەڵێن، مەڵبەندی لورستان بە ناوی لوری گەورە و لوری بچوك ناوی دەرکردوە، لە ساڵی ٣٠٠ی مانگی و رێکەوتی ٩١٢ی زاینی «بەدر» بە سەر لورستانی گەورەدا حوکومەتی کردوە و برا چکۆڵەکەیشی کە بە ئەبومەنسور ناوداره بە سەر لوری چکۆڵەدا حوکومەتی کردوە. لورد کێرزۆن لە پەراوەی جیهانگەری لە ئێراندا دەنوسێ: لور کێن و لە کۆیوە هاتون؟ ئەمە، مەتەڵۆکێکە، هێشتا حەل نەبووە کە جەماعەتێك بێ تاریخ یا بێ‌وێژەوانی و بێ‌وێژاوەری مابنەوە و هۆزی لور نەناسرابێ[2] لە تاریخی بەختیاریدا رێبوارێك بە ناوی «ریچ» دێتە بەرچاو کە لە دو ناوچەی لورستان و کوردستاندا گەڕاوە و لور ـ ەکان بە کورد ئەزانێ[3] زانای گەورە ...

---

١- زبدة التواریخ سێن. دوانیان بە فارسی‌یە و یەکێکشیان بو تورکی‌یە. یەکەم لە تەمڵا ... بایسەنقور میرزای نوسیوە و ساڵی ٨٣٤ مردوە، ٢ جەماڵەدین محەمەد کوڕی عەلی کاشی دا... ٨٣٦ مردوە، ٣ مەلا مستەفا سافی کردویەتە سەرباری تاج‌التواریخ و تا ساڵی ١٠٢٤ چاپ و ... کۆبەی عەلی عەونی پەرەی ٦١ و ٦٢ چاپی ١٩٨١ز

٢- جیهان گەڕی لە ئێراندا.

٣- تاریخی بەختیاری.

ئەمین زەکی» نوسەری کتێبی «کورد و کوردستان» کە لە ساڵی ١٩١٦ی زاینی چۆتە لوڕستان دەڵێ: لەوێ لەگەڵ خەڵکی لوڕستان بە زمانی، کوردی قسەم دەکرد و ئەوانیش بە زمانی کوردی وەڵامیان دەدایەوە و بە کوردی لەگەڵیدا دەدوان و دەئاخاوتن.[١] هەروا «مُرُوجُ الذَّهب» بە ریوایەتی مەسعودی ئەم بیروباوەڕەی هەیە کە لە لێکۆڵینەوەیەکدا «تاج العروس» لوڕی بە کورد داناوە، هەروا خاوەنی کتێبی جیهانی موسلیمین، خەڵکی لوڕستان و کەریمخان زەندی بە کورد ناو بردوە.[٢]

**وێژە و وێژەوانی یا ئەدبیات:**

لە بابەت وێژەو وێژەوانی لە دیاری لوڕستاندا هەرچەن ئەبێ زۆر بە وردی قسەی لێ بکرێ، بەڵام ناتوانین لەم نوکتە چاو بپۆشین کە لە بابەت بەراورد کردن و هەڵسەنگاندنی هۆنە و شێعری کوردەواری لەتەك شێعری دەورەی جاهیلی لە هۆنە و شێعری شاعیرانی وەك ئیمروئولقەیس و شەنفەرە و عەمری کوڕی کولسوم و کەعبی کوڕی زوهەیر و حاریس کوڕی حەلەزون کە لە یەك جەوهەر بیروباوەڕی دەشتنشینی شوێنی وەرگرتووە، لەگەڵ ئاسەواری لوڕ کە هەر وەك سورود و سوروشی بێگەرد بێدار کونەندەیە، لە نێوانیاندا بەراوردێ بکرێ و ئەوسا بە تەرازوی هەستی بێگەرد، کە شێعری عەرەب لە دەشت و بیاوانی ویشك و گڕەگڕی گەرمای سوتێنەر سەرچاوەی گرتووە، لە تەك هۆی موسبەتی شاعیرانی کورد و لوڕ کە لە چیای بەرز و تەرز، تاڤگە و

---

١- کورد و کوردستان نوسراوی ئەمین زەکی کورد.
٢- کتێبی جیهانی موسلیمین نوسراوی شێخ مستەفا راهنما چاپی ١٣٤١ی هەتاوی لاپەڕەی ٩٢ تا ٨٨ مەسئەلەی کوردستان و کەریمخانی زەند.

ئاوی بەخۆڕێنی ژینهێنەر و دیمەنی دارسانی و جەنگەڵ و لێڕ و لێڕەواری خەمڕەوێنی کوردەواری، بەرزی و تەرجیحێ بەیان بکرێ، بۆ وێنە میر نەورۆز کە لە نەوەزای شاوێردیخانی ئاخرین ئەتابەکی لوڕە کە پایەبەرزترین شاعیری ئیحساسی لوڕە، بە یارمەتی بیری جوان و تەژی و دارماڵ لە عاتیفە و هەست و ئیحساس لە جوانترین ئاسەواری مەنزومەی خوێندا، خۆی کردۆتە نوێنەری بێچون و چرای ئەم تەعەهودە ئاگاهانە، ئێمە وادار بەم باوەڕە دەکا کە ئەگەر ژینگەی موناسب و هەلومەرجی ڕۆژگار دەرەتانی پێ بدایێ، ئێستا ئێمە لە مەیدانی، مەیدانداری شێعر و ئەدەب: وێژاوەری کوردەواریدا زیاتر لەمە، ئەمانتوانی مەترەح بین و لە چاو بدەین، ئەوانەی کە لەتەك گیان و ڕۆحی واژە و وێژە و وردەکاری زاراوەی لوڕیدا ناسیاون، چاك دەزانن کە بەیان و شێعری نالی، وەفایی جزیری و خانی و میرنەوروز لە شێعری بادیەنشینانی دەورەی جاهیلەتی عەرەب کە تەعالی شێعر لە خوێن و گیان و لەشیاندا شەپۆل ئەدا و ئەجوێ کەمتر نابێ، ئەگەر زیاتر و تەرزتر نەبێ، هەر بەو ڕەسایی و دڵچەسپی و گیرایی و پتەوییە کە پڕ و تەژیشە لە کەرەستەی بەدیع و ڕەوان و لوس و لەباری، کە گەیشتۆتە پلەی کشگیری. لێرەدایە کە ئەبێ بڵێین کە دەنگدانەوەی نەغمە و چریکە جاویدانیەکەی نوێنەری پەرێشانی ئەوە، مەبەست میرنەورۆزە، ئەو قارەمانێکی تێنشکاوە، کە بە یادی ئارەزوگەلی ڕابوردوی دەژی و بە وێنەی تاشە و گابەردی کێوی سەخت و لە ڕاست ناکامیدا بە لەز هەروەك ڕابوردوی لە کەلێن و کاژێری تاریك و ڕونی دڵیدا زەمزەمە و خوڕەخوڕ و هاژەهاژی بەفراوی چەم و ئاوی هەڵدێری لوڕستان و نێو شێو و دۆڵی کێی کوردەواری دێنێتەوە یاد و لە یەك چریکەی پڕ دەنگ و ئاواز، دەس دەکا بە خوڵقاندنی ئاسەواری جوان و دڵڕەوێن کە لە وزەی کەم شاعیری ئیحساسیدایە، مەنزومەیەکی زۆر دڵڕفێنی جوانی هەیە، کە لە بەحری هەزەجی موسەدەسی سالمی «مفاعیلن، مفاعیلن، مفاعلن»دایە.

قنو خیال از خاطر شیرین گذر کن
خاطرش چون خاطرم زیر و زبر کن
ذرهای از قسهر آتش خانه دل
در دلش زن تا شود چون مرغ بسمل
رشتهای از آه من در سینهاش کش
تا شود پیچان چو مو بر روی آتش
سر بسته در بیخ گوشش، در نهانی
عرض کن از رازها چیزی که دانی
کمای ستمگر یار بدکار دل افکار
ظاهری با یار، یار و باطنی مار
کی شکست این سرخ لعل آبدارت
کی به تاراج خزان داده بهارت
کی دریده پرده شرم و حجابت
کی گلت افشرده تا ریزد گلابت

میرزا ئەوزی قسە و پەسنێکی لە بابەت گەنجی و لاویدا هەیە کە دەڵێ:

در جوانی تن توانا دیده بینا
پنجه گیرا، پشت خارا، دل چو مینا
زور بازو، تاب زانو، قوت سنگ
موی مشکین، بوی مشگین، روی گلرنگ
چهار عنصر چون ترازو راست موزون
سرد و گرم و خشک و تر باهم چو معجون
عمر کم فرصت بپرید از دست چون طیر
چون خیال و خواب کم اصل و سبک سیر (١)

یا غولامرەزا ئەرکەوازی کە موشاویر و تەگبیرکاری حەسەنخان والی پشتکو،

بووە، کە لە مەنزومەی ناودار بە حەوت بەند، بەرز بونەوە و عیرفان و وەحدەتی وجود بە خەڵك نیشانئەدا، کە دارای پایە و پلەیی بەرز و تەرزە کە گۆیا لە لایەن حەسەنخان والی پشتکۆوە دەخریتە زیندان و هەروەك لە نێو هۆزی لەکدا قسەی لێدەکرێ لەو ماوەی کە ئەرکەوزای لە بەند و زینداندا بووە موناجاتنامە «گازە» یەکی لە حەوت بەندا، داناوە، پێشەوایانی دینی و پێغەمبەر و حەزرەتی عەلی کردۆتە تکاکار و گازەی لە خوا کردوە تا بەڵکو لە زیندان بەربێ و گۆیا لە دوای هۆنینەوەی حەوت بەندەکە لە بەند و زیندان ئازاد ئەبێ. ئەو حەوت بەندە ئەوەندە بە سۆزی دڵ هۆنراوەتەوە کە شاعیر گەیشتۆتە «سدرةالمنتهی»ی وەحدەتی وجود لە عیرفان و خواناسیدا و لە یەك تەبەلوری عەینیدا ئەو بۆ لای نیهایەتی بێنیهایەت رادەکێشێ و مەستی بادەی عیشق و ئەوینی زاتی پاکی خوا ئەبێ و ئەو حەوت بەندە بە «موشکیل گوشایی، موشکیل گوشایی» دەس پێدەکا.

لە شانۆو واژە جوانەکانی ئەم هۆنە رەنگینە سەردەمی شکایەتی مەسعود ـ سەعد سەلمان لە زیندانی «نای» و «مەرەنج» دینێتەوە بیر، بۆ وێنە کە دەڵێ:

بـــیـــنـــای لامـــەکـــان، بـــیـــنـــای لامـــەکـــان
قـــادر قـــودرەت، بـــیـــنـــای لامـــەکـــان
ئیـلـتـیـجـام وە تـۆن یـا سـیـرری سـوبـحـان
بـــە خـــاتـــەم بـــدەر لـــی بـــەنـــد زیـــنـــدان
یـــارەب زوڵـــم ژە عـــەدل تـــۆ قـــەبـــاحـــەتـــەن
شـــەو خـــووا و دیـــم گـــشـــت عـــەلامـــەتـــەن
پـــەنـــام هـــەر تـــوئـــی یـــەکـــتـــای بێهـــەمـــتـــا
وەی بـــەنـــد زیـــنـــدان مـــن بـــیـــوم رەهـــا...

---

←١- دیوانی میرنەورۆزی بە خۆش کردنی ئیسفەندیار غەزەنفەری ئومەرایی

وتمان و زانیمان کە لەو هۆنە عاریفانە پڕ لە گازندە بە هەستی پاك و بێخەوشی بەندەگی تا نێو سنوری فەنا لە حەقدا، دەتاوێتەوە؛ ئەوەیە، خوا بە هاواریەوە دەچێ و حەسەنخان والی خۆی لە بەند رزگاری دەکا و ئەینێرێتەوە سەر کارەکەی جاران و کاریٚ وایش دەکا، کە ئەرکەوازی بە کیژە دڵ لاوێنە ئەویندارە، دڵ براوەکەی بگا و ببنە حەڵاڵی یەکتر.

یا هادیبەگ لە هۆزی ساکی ناودار بە شایق لورستانی کە دیوانێکی چوارهەزار شێعری هەیە، بۆ نمونە دەڵێ:

ز کویش چون روم در هر قدم بی‌خود ز پا افتادم
چو مخموری که مست از خانه خمار برخیزد

لە غەزەلێ‌ترا فەرمویەتی:

کشیدم بارها با او به خلوت، جام زاهد را
پی انکار می رندان عبث کردند بدنامش

یا عەبدوڵڵا سوڵتان چگنی لوڕزادە کە لە پیاوەگەورەکانی سەتەی ١١ی مانگی بووە و حاکمی بەشێ لە ویلایاتی خوراسان بووە.(١)

یا مامۆستای زانست وعیرفان و سەردەستەی هۆنەران و بێژان، زانای مەزنی کوردستان «مەلا پەرێشان»ی دینەوەری ـ لوڕ و لوڕزادە. عەللامە مەلا پەرێشان یەکێکە لە زانایانی پایەبەرزی عیلم و زانین کە زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکی باش زانیوە، مەلا پەرێشان خواناس و عارفێ گەورە بووە کە عالەمی هەستی و بون بە ناوی تیشکێ لە زاتی کاملی خوا ئەزانی. هەروەك هەمو خواناسانی دیکە مەلا پەرێشان لە زاتی حەقدا تیشك و تیرێژی

---

١- جوغرافیای تاریخی و مێژوی لورستان، کاك عەلی ساکی بە نەقڵ لە مجمع الفصحای هدایەت و رۆژنامەی کەیهان رۆژی ٥شەمە ١٣٧٢/٦/٢٥ی هەتاوی و ٢٨ی ربیع ی ١ ساڵی ١٤١٤ی مانگی ژمارە ١٤٨٦٦ بە قەڵەمی کاك ئیرەج کازیمی کوڕی عەلی ئەسغەر کازیمی مومەوەند و گوڵزاری ئەدەبی لوڕستان نوسراوی کاك ئیسفەندیار غەزەنفەری ئومەرایی چاپی ١٣٦٤ی هەتاوی.

وجودی خوا ئەبینێ و کەماڵی موتڵەق کە خوایە بە بێخەوش و کەم‌وکوری ئەزانێ. بێشك مەلا پەریشان لە سوێنگەی بیری ورد و ئەندیشەی جوان و خوایی گەیشتۆتە دوندی حەق و حەقیقەتناسی، مەلا، لای وایە تەواوی عالەمی بون و جیهانی هەستی تیشکێکە لە وجودی زاتی حەق‌تەعالا. ئەو لە ڕێگای عیشق و ئەوینا بە زاتی حەق گەییوە و ئەم ڕێگای بۆ گەیشتن بە خوا لە ڕێگای فەلسەفە و ئەقڵ بە باشتر و ئاسان‌تر زانیوە، بە بیروڕای ئەو ئینسان تەنیا مەوجودێکی خاکی نییە، بەراوەژوی بیری ماددی و هەندێ باوڕی فەلسەفی کە لایان وایە کە تەنیا تەبیعەتە و ئەوسا لە دەرونی ئەم تەبیعەتەدا ماهییەت دەس ئەکا بە گۆڕان و پووان و سوان. ئەو قەت، کەماڵی ئینسانی تەنیا بە پێگەیشتن و و تەواوبونی ئەقڵ نازانی، بەڵکو پێگەیشتنی بەمە ئەزانێ کە مرۆڤ بە هەمو حەقیقەتی وجودیەوە بگەڕێ، تا ئەگاتە خوا هەروەك خوا فەرمویەتی «یا ایهاالانسان انك کادح الی ربّك کدحا فملاقیه»[1] بۆ گەیشتن بەمە، حەکیم و فەیلەسوف لە ئەقڵ یارمەتی وەردەگرێ، بەڵام عاریف و خواناس بۆ گەیشتن بەمە، بڕوای بە کار و کردەوە و تێکۆشان و ڕەنجدان بەخۆ و بە پاك و بێخەوش‌ڕاگرتنی گیان و لەش و لارە. دیوانی مەلا پەریشان و بیر و بڕوای عرفانی دەوروبەری ژینگەی ژیانی مەلا، هەروەك زەریای بێ‌پایانی شەپۆلی داوە و لە قووڵایی زوڵاڵی ئەم زەریایە دوڕ و مەرجان و مرواری دانەی زل زل و بەنرخ گیر دێ، کە دڵ و دەرونی بەستێنی وێژە و وێژەوانی و وێژاوەری ئێمە، بە کردەوە و جاویدان رایدەگرێ بە موعجیزە و کش‌گێڕی خواناسان ئەم حەرەکەتە جەوهەریە کە مرۆڤ بە خودا پەیوەند ئەدا، لێرەدایە، کە ئەبێ بڵێین ئەم خواناسە، شەیدایە کێیە؟ کە بە یارمەتی ئەقڵ و دڵ و دەرونی عیرفانی باڵی فڕینی بۆ لای عەرشی خواناسی گرتوە و بە نەردیوانی خواناسیدا سەرکەوتوە و

---

١- سورە ئینشیقاق ئایەی

گەیشتۆتە لوتکە و دوندی سەرسەرێ.

مەلا پەریشان لە رۆژگاری حوکومەتی تەیمور و شاڕوخی کوڕی تەیمورەشەلە ژیاوە، نەعیمی ئەستورابادی دەڵێ مەلا پەریشان خەڵکی دلفانە و لەگەڵ خاوەنی «مشارق الانوار: شێخ رەجەب بورسی» هاوچەرخ بووە و بۆ ماوەی پەنجا ساڵ پێکەوە دۆستی و پەیوەندەیان هەبووە، هەروەك خۆی بە شێعر دەڵێ:

شێخ رەجەب بورسی، وەئەو، گشتِ قورسی
ئەو، لە وەحدەت حەرفێ ژ من پورسی
پەنجا ساڵ، طریق خزمەتم گوزاشت
جر زوەیەك، رشتە، جەربەزە، نیاشت

شێخ رەجەب بورسی لە ٨٠١ی مانگی ژیاوە، جا بەو پێوندانە مەلا پەریشان دەبێ لە نیوەی یەکەمی سەتەی هەشتەمی مانگی ژیابێ و تا سەرەتای سەتەی نۆیەم لە ژیاندا بووە و بە شێعر لە پەریشاننامەدا دەڵێ:

من ژ بسم اللە، من ژ بسم اللە
ابتدا مەکەم من ژ بسم اللە
پەریشاننامە ذکر مەکەم للە
نە ئەڕای هەرکەس، بەل فەنا فی اللە
لا رطب، لا یابس الا فی کتاب
کتاب دەرج هەمە وە فَصَلَ الخِطاب
ظاهر هەر شێء لە کەتم عەدەم
اللە ئەرباب حدوث ژ قدم
آب و باد و خاك ئاتەش زاهیرەن
عونصور بێ‌ئیمکان مەعناش باهیرەن

زەمـــانـــێ ایـــام جـــاهـــلـــیـــت بـــێ
نـــەبـــێ هـــات ژ بـــعـــدْ نـــازل بـــێ نُـــبـــێ

لە خوێندنەوەی ئەشعاری مەلا پەریشان وا دەردەکەوێ لە سەر ڕێبازی فێرگەی حوروفییە بوبێ و ئەم ڕچەش لە سەرەتای سەتەی هەشتەمی مانگی لە حودودی ٧٧٨ تا ٧٩٦ یەکێ بە ناوی «فضل‌الله» حەلال خۆر ئوستوربادی.[١] دایهێناوە. پەیڕەوانی حوروفییە بە ئەسالەتی پیت و حەرف باوەڕیان هەیە، بۆ وێنە مەلاپەریشان بە شێعر دەڵێ:

وەسـف بـەنـدەگـی بـزان سـێ حـەرفـەن
حـەرفـی سـی، کـەلام و نـەحـوی، صـەرفـەن
ژە «واو» ودود، وەفـــا بـــنـــکـــەر زەبـــت
ژە «صـاد» صـەبـر، صـەفـا، بـکـەر زەبـت
«ف»ێ فـەقـر و فـاقـە، فـەنـا وامـحـل
خـــــیـــــرالـــــکـــــلام مـــــاقـــــلَ و دل

---

١ - لە ٧٤٠ لەدایك بووە. کە باوەڕی وابووە کە دوای پێغەمبەر «دخ» درگای وەحی بەسراوە، تەنیا پیاوانی وەك ئەو لە ڕێگای خەودیتنی ڕاستەوە، کەڵك وەربگرن و لە کتێبی خەونامەی خوێدا دەڵێ لە ساڵی ٧٨٦ لە باغی صوفیان لە بروجرد چۆتە نێو خەو دیتنی بەڕاستی. وە زاهیر بونی حەقی لە «نبوت، ویلایەت و ئولوهیەت»دا کورت کردۆتەوە، حەڵاڵ خۆر بە بیروڕای خۆی بە جۆرێکی سەیر و سەمەرە ئایەتەکانی قورئانی دەردەخست و دەیوت کلیلی ئەم مەتەڵە، لە دەس مندایە و خەڵکێکی لە خۆئاڵاندبوو بیدعەتێکی ساز دابو، کە بوە هۆی ئەوە کە بە فەرمانی کوڕی تەیمورە شەلە لە ساڵی ٧٩٦ی مانگیدا کە خەریکی نوسینی جاودانە نامە بوە هەروەك «مەنصوری هەللاج» و «عین‌القضات» بکوژرێ، ئەڵێن دوای حوروفیان، نوختەوەیهیان سەریان هەڵداوە کە لە باتی واژە، کایەیان بە نوختە کردوە و بە خەیاڵ ڕەمز و ڕازی قورئانیان دەرخستوە، ئەم باوەڕەش لە فەقێکانی فەزلوڵلا ئوستورابادی، حەڵاڵ خۆرەوە سەرچاوەی گرتووە ـ یادداشتی حیسامەدین زیایی لورزادە، واژەنامەی گورگانی، مەحرەمنامەی سەیید ئیسحاق ـ ڕۆژنامەی کەیهان ژمارەی ١٤٨٦٦ـ ٥ شەمە ١٣٧٢/٦/٢٥ی هەتاوی بە قەڵەمی کاك: ئیرەج کازیمی و مێژوی مەشاهیری کورد، بابامەردۆخ ڕۆحانی.

عەللامە، مەلا محەمەد ناودار بە مەلا پەریشان کە بە ئەبولقاسمیش ناوبراوە هەروەکو لەبەرا رامانگەیاند لە زانینی تەفسیری قورئان، ئوصولی فیقە، فەلسەفە، کەلام، حیکمەت، مەنتیق، ویژاوەری، بەلاغە، صەرف، نەحو، هەیئەت و هونەری شیعر و شاعیریدا زۆر شارەزا بووە و لە هۆنە و شاعیریدا زۆر زەبەردەست بووە. ئەتوانین بێژین ئەو زاتە تاقە ئەستێرەیەکی پرشنگدارە، کە لە ئاسۆی ئاسمانی بەرز و تەرزی بەرەبەیانی وەیژەی کوردەواریدا گزینگی لە شاخ و چیاکانی لوڕستان داوە، بە گرشە و ورشەی پرشنگ‌هاویژی جوان و رەنگینی خۆی دیمەنی گوڵزاری دیوانی ویژەوانانی کوردستانی رازاندۆتەوە، تاکە حەکیم و هۆنەرێ لە نێو هۆنەرانی کوردستان کە توانیبێتی پێ‌بنێتە جێ‌پێی مەلا، تەنیا حەکیم «مەولەوی کورد»ە. ئێوە و خوا ورد لە واتای ئەم شیعرە بیربکەنەوە، کە مەلا پەریشان لە پەسنی حەزرەتی حوسین «ع»دا دەڵێ:

ئەی شەمسَ الضُحیٰ، ژ، تەشنەگی زەرد
ئەی گولگون قەبای مەعرەکەی نەبەرد

مەلا پەریشان لە نیوە هۆنراوەی یەکەمدا بەڕاستی هەرای کردوە، چونکا بە تەشبیهێکی سادە، واژە و ئەلفازێکی رەوان جێگای بەرزی ئەو جەنابە و کارەساتی شەڕی کەربەلای هەڵداوە، بە بێ‌ئەوەی کە بۆ جۆر کردن و رێکخستنی مانا و واژە بگەڕێ و رەنج بە خۆی بدا. مەلا پەریشان لە هۆنەدا گەیشتۆتە دواپلەی فەساحەت و بەلاغەت و زمان تەڕ و پاراوی، ورد بیربکەنەوە تا بزانن چلۆن پلەی بەرز و خەباتی مەمدوحەکەی نیشان‌ئەدا کە دەڵێ:

جەددی تۆ «خەلیل» رەهبەری ئەنام
یەك قوربانی کەرد ئەویش ناتەمام

لە نیوە، شیعری دوەمی ئەم هۆنەدا بەڕاستی بەرزی خەیاڵ و توانایی و وزەی هونەری و هۆنەری دەربریوە، چونکا «یەك قوربانی کرد ئەویش ناتەمام» بێجگە لەوەی کە پەیام و مەبەستەکەی بە چەشنێکی بێ‌وێنە و پڕواتا راگەیاندوە، خوێنەر

و بیسەرەیش، وەها بێدار دەکاتەوە، تا بزانن دواشانۆ، لە هۆنەی دواییدا چییە و چلۆنە؟ ئەوەیە بە راشکاوی دەڵێ:

هـــەفـــتـــاد و دو تـــەن قـــوربـــانـــی کـــەردی
حـــەقـــقـــا، نـــەرای حـــەق مـــەردانـــی کـــەردی.

ئەوەیە کە ناچار هاوار دەکەین ئەم زانا بەرزە چلۆن توانیویەتی ئاوا جوان و سەرنجڕاکێش ئەو شێعرە سادە و تەژی لە واتای قووڵ و بێبنە لەو واژە رەوان و ئاسانانەدا جێگا، بکاتەوە، کە بێوردبونەوە هەموکەسێ لە واتایان بگا.

ئەستێرەی پرشنگداری ناوچەی لوڕستان، شەشسەت و پەنجا ساڵ بەر لەمە، بە عیلم و عیرفان و زانست و زانین، دیمەنی جوان و شیرین و رەنگین و دڵڕفێنی جیهانی کوردەواری، رازاندۆتەوە و نور و چرای عیلمی تێدا رۆشن و روناك هەڵکردوە، مەلا پەرێشان لە مولەمەعات، غەزەل، ئیستیعارە و تەشبیە و بەیان و مەعان و بەدیعدا بە سەرتۆپی شاعیرانی کوردی دائەنرێ، بە تایبەت لە سەتەی هەشتەمی مانگی بەملاوە، مافی مامۆستایی پێدراوە. ئێوە لەم پارچە بە ساقی نامە ناودارە ورد بنەوە و باش بیری لێ بکەنەوە، کە مەلا پەرێشان دەڵێ:

ســـاقـــی بـــاوەرۆ جـــامـــێ پـــەی مـــەســـتـــی
لـــەو دەم مـــەســـتـــی یـــەن ژ بـــان هـــەســـتـــی
جـــامـــێ کـــە مـــەغـــزم بـــاوەرۆ وە جـــۆش
دنـــیـــا و مـــافـــیـــهـــا بـــکـــەم فـــەرامـــۆش
نـــە، ژەو بـــادەی بـــەزم حـــەریـــفـــان رەد
مـــەنـــهـــی مـــن الـــلـــە مُـــضِـــلِّ خـــیـــرەد
مـــەســـتـــان مـــەجـــاز، دیـــوەن مـــەســـت نـــیـــەن
هـــەوا پـــەرســـتـــان، خـــودا پـــەرســـت نـــیـــەن
ژەو بـــادەی بـــێ‌غـــەش خـــومـــخـــانـــەی دێـــریـــن
شێـــر مـــەردئـــەفـــگـــەن تـــەڵـــخ لـــەب شـــیـــریـــن

بدەر، تا یەکجا، پاك ژ گونا بووم!
مەستی، باوەرۆ، فەنا فیاللە بووم
موسوڵمانی کەر، من تەشنە کامەم!
کافری زوهدەم مورید جامەم
فیدات بام ساقی، تەڕ زوانم کەی!
من دەردەدارم، دەوای گیانم کەی!
ژ جام تەوحید یەکجا مەستم کەی!
زەڕەی نابودم، بەڵکە هەستم کەی!
بدەر بنۆشم وەیاد مەستان!
پەنجەی ئیبلیس پێچ هەواپەرستان
ساقی، پڕ بکەر جام یەك مەنی
بەڵکە بگزەرم ژ «ما»و«مەنی»

هەرچەندە لە بارەی توانایی و بیر و هۆش و زانایی و کارایی بێوێنەی عەللامە، مەلا ئەولقاسمی پەریشانەوە قسە بکەین و بدوین و ستایشی بکەین هێشتا ناگەینە جێگایێ کە بتوانین بڵێین ئەومان بە جیهانی عیلم و زانست و هۆنە و هونەر ناساندوە، ئەو ئەجلاتر لەوەیە، ئێمە بتوانین ئەو کارە بکەین، ئەوانەی وا ناسیاویان بە شێعرەکانی ئەو هەیە، جوان بۆیان دەر دەکەوێ کە مەلاپەریشان بۆ ڕێكوپێككردنی واژە و واتا، نیازی بە بیرکردنەوە نەبووە، کەچی جوانترین وشە و مانای بەکار بردوە کە لە سەهلی مومتەنیع دەچن، هەروا لە تەشبیهات و ئیستیعاراتدا وەها بەهێز بووە کە هیچ کەس لە کاتی خوێندنەوە یا بیستنی شێعرەکانی ئەودا ناچێتە نێو ئەو بیرە کە ئەوە تەشبیە یا ئیستیعارەیە، تا خۆی بۆ زانینی واتاکانی بە لێکۆڵینەوە خەریك بکا، هەر لە کاتی خوێندنەوە یا بیستنی شێعر و هۆنەکان لە واتا و ناوەرۆکی دەگەن و تەشبیە و ئیستیعارەی هۆنەکانیشان بە ئاسانی بۆ دەردەکەوێ، لەمەوە موعجیزە و

کش‌گیری شێعر و شاعیری مەلا دەر دەکەوی.

لەم پارچە جوانە کە لە ستایشی حەزرەتی حوسێندا«ع» فەرمویە، ورد تێ‌بفکرن:

ئـــەی ئـــەســـڵ ســـابـــت بـــاغـــی ســـیـــادەت
وەذبـــح عـــظـــیـــم دەشـــت عـــبـــادەت!
ئەی شـمـس‌الـضـحـی ژ تـەشـنـەگـی زەرد
ئـەی گـوڵـگـون قـەبای مـەعـرەکـەی نـەبـەرد!
ئـــەی ســـابـــت قـــەدەم شـــوجـــاع رۆی رەزم
ســـەروەر، مـــەردان، ســێـــر صـــاحـــێـــو عـــەزم!
ئـــەی ســـابـــت قـــەدەم، مـــەود مـــومـــتـــەحـــەن
شـــاهـــی کـــەم ســـپـــا، نـــە صـــەحـــرای مـــیـــحـــەن!
کـــەس چـــون تـــۆ صـــابـــر، وە بـــەلا نـــەوی
مـــوبـــتـــەلا، وە دەشـــت «کـــەربـــەلا» نـــەوی
جـــەددی تـــۆ «خـــەلـــیـــل» رەهـــبـــەری ئـــەنـــام
یـــەك قـــوربـــان کـــەرد ئـــەویـــش نـــاتـــەمـــام
هـــەفـــتـــاد و دۆ تـــەن قـــوربـــانـــی کـــەردی
حـــەقـــقـــا، نـــە رای حـــەق مـــەردانـــی کـــەردی.

عەللامە مەلا پەرێشان لە دەورەی سەفەوی‌یەکاندا ژیاوە، ماوە و دەرەتانی زۆر کەم بوە، دەنا دەیتوانی دور و گەوهەر و مەرجانی بەنرختر و تەژی‌تر لە واتا و مانا بخوڵقێنێ، هەروەك خۆی فەرمویەتی:

عـــیـــبـــارەت تـــەنـــگـــەن بـــدەر مـــەعـــافـــەم
وەر نـــە مـــەتـــالـــیـــب عـــومـــدە مـــەشـــکـــافـــەم

شێخ مەلا عەلی کرماشانی لای وایە، مەلاپەرێشان خەڵکی دینەوەری لای کرماشانە، زیبا جۆییش، هەر لای وایە کە خەڵکی دینەوەرە، سەید عبدالحجتی

بەلاغی خاوەنی کتێبی: رابوردوی شمس‌العرفانی تارانی کە لە ١٣٦٩ چاپکراوە و ئێستا نوسخەیەك لە خانەقای نعمةاللهی لای حاجی عبدالحسینی ذوالریاستین لە کرماشاندا هەیە و لە پەڕەی ١٧٥ لە بابی «پ» دا نوسراوە کە: مەلا پەرێشان ناوی مەلا محەمەدە و خەڵکی دینەوەری لای کرماشانە. دانیشتوانی شاری نەهاوەندیش دەڵێن نەهاوەندی‌یە و بە ئەبولقاسمیش ناو دەبرێ، لە بەر زانایی و پیاوچاکی خەڵکی ناوچەکانی کرماشان و خورەماوا و زۆر شوێنی دیکەیش ویستویانە مەلا بکەنە خەڵکی لای خۆیان. ئەگەر مرۆڤ ورد بنوارێ ئەمەی بۆ دەردەکەوێ زمانی بناغەیی و وێژە و وێژەوانی کوردی لە هەموو ناوچەکانی کوردەواریدا شێوەی «گۆرانی یا هەورامی» بووە، بۆ وێنە مەلا مەنوچەری کۆلیوەند، لورستان، ترکەمیر، عەللامە و خواناسی مەزن حەزرەتی: میر محەمەد صالح حوسەینی ماهیدەشتی، خان ئەڵماسخان، میرزا شەفیع، مەلا حەقعەلی سیاپۆش «فەیلی»، بابا تاهیر عوریان، ئەحمەد داواشی، ئەفسەر بەختیاری، نادر هەرسینی، سەید یەعقوب، مەلا صالح دزفولی، مەلا رۆستەمی ئیسلامی، عاریف و خواناسی گەورە ئەرکەوازری، میرزا حوسێن بەنان، لە هۆزی سیاپوشی ئەلەشتەر، شامی کرماشانی، بێسارانی، صەیدی هەورامی، وەلی دێوانە و خانای قوبادی و... بە شێوەی گۆرانی (هەورامی) شێعریان وتوە، جا ئەگەر بڵێن مەلا پەرێشان خەڵکی نەهاوەند یا ناوچەی ئەلەشتەری خورەماوایە، کۆسپێك نایەتە پێش. خانای قوبادی لە حودودی ١١١٦ی مانگی لەدایك بوە و لە ١١٩٢ی مانگی وەفاتی کردوە و زۆر بە شانازیەوە دەڵێ:

هەرچەند مەواچان فارسی شەکەرەن
کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن

لە پاشان لە سەرتاسەری ناوچەی کوردەواری مەلا و فەقێ و میرزا، کورەشێخ و تورە ئاغا و خوێندەوار کە لە حوجرە و مزگەوت لە پاڵ خوێندنی مەعارفی

ئیسلامیدا، ئەدەب و فەرهەنگ و زمانی بە دەرس خوێندووە و زمان و زاراوەی شێعری گۆرانی کە خانا شێعری پێوتوە، زمانی خوێندن و نوسین و زمانی رەسمی و باوی ئەو سەردەمەی کوردەواری بووە، بۆیێ خانا بە راشکاوی فەرمویەتی:

بــە لــەفـظ کــوردی، کــوردســـتـــان تــەمــام
پــێــش بــوان، بــاقـــی والـــســـلام[1]

سەرچاوە: دیوانی مەلا پەرێشان بە دەسخەتی حوسێن قاجار، سەفەری ١٣٢٦ی مانگی، یا سەرەتایێ بە نوسینی حەسەن نامی کوڕی «شێخ‌الاسلام» خەڵکی سەنگور ١٣٣٨ی مانگی = مەلاپەرێشان لە هۆزی قەیاسوەندە، کە لقێکە، لە هۆزی کۆلیوەند و دانیشـوی شاری قەزوێن بووە و ناوی میرزا محەمەدخان ناسراو بە پەرێشانە. هەندێ دەڵێن: مەلا لە هۆزی خەمسەی گەڕوسە. دیوانی مەلا بە شێوەزمانی گۆرانی یا هەورامی‌یە و واژەی لوڕیشی تێدایە. گەنجینەی فەرهەنگ و زانست: ژیناوەری زانایانی کورد... نوسراوی محەمەد صالح ئیبراهیمی «شەپۆل» لاپەرەی ٧٣٣ تا ٧٨٠ چاپی تاران ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی ـ گوڵزاری ئەدەبی لوڕستان چاپی ١٣٦٤ی هەتاوی، نوسراوی ئیسفەندیاری غەزەنفەری ئومەرایی ـ دیوانی خانا بە چاككردنی ئوستاد محەمەد مەلا کەریم و گۆواری ئاوێنە، لاپەرەی ٤٠ تا ٤٥، ژمارەی ١٠، ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی بە قەڵەمی شەپۆل- مێژوی مەشاهیری کورد ج ١ -

---

١- سەرچاوە: زبدة‌التاریخ، مروج‌الذهب مەسعودی، شانامە، جیهانگەری لە ئێراندا، تاریخی بەختیاری، کورد و کوردستان نوسراوی ئەمین زەکی، مەناقب الطالبین کە دەڵێ: ئیمامی ١٠ عەلی کوڕی زەید کاتێ لە ترسی عەرەبی دین‌دوژمن روی کردۆتە لوڕستان و خەڵك خزمەتێ زۆریان پێ‌کردوە، بۆ لوڕەکان دۆعای خێری کردوە وتویەتی: خودایا تۆئەم کوردە لوڕانە بپارێزی و لێیان خۆش‌بی. ژیناوەری زانایانی کورد... نوسراوی شەپۆل، چاپی ١٣٦٤، گوڵزاری ئەدەبی لوڕستان، رۆژنامەی کەیهان، شەرەفنامە.

چاپی ١٣٦٤ی هەتاوی عەلـلامە بابا مەردۆخ رۆحانی لاپەڕەی ١١٣ـ لوغەتنامەی دیهخودا پیتی - ر- پەڕەی ٢٩١- رەوضات جینان کە شێخ رەجەب بورسی یا «حافظ البرسی» بە زانا و نورسەری داناوە، کە «مشارق الانوار و لباب الایمان و مشارالامانی» لە ٨٠١ی مانگیدا نوسیوە- نەقلّ لە جوغرافیای تاریخی لوڕستان، نوسراوی کاك عەلی سالّحی پەڕەی ٦٩- مەحرەمنامەی سەید ئیسحاق و شەرەفنامە و ئەمین زەکی. و نیکیتین: کورد و کوردستان، لاپەڕەی ٣٨٨ تا ٣٩١. ئەم وتارە بۆ کۆنگرەی کوردناسی لە بابەت زانایانی کرماشان و فەرهەنگ و وێژاوەری و ئەدەبیاتی لوڕ نوسراوە کە لە بابەت ١٤و ١٣٧٢/١٠/١٥ی هەتاوی لە تاران لە تالاری فەرهەنگسەرای بەهمەن خوێندراوەتەوە

«شەپۆل»



# سەرەتای ویژاوەری بە زاراوەی لوڕی

هەموو دەزانین کە شەرەفنامە زمانی کوردی بە چوار زاراوە، دائەنێ: کرمانجی، کەلهوڕی، گۆرانی و لوڕی. زانایان بە هەندێ ئاڵوگۆڕ ئەم دابەشکردنەیان قەبوڵە، کۆمەڵە رامیاریەکان کە خۆیان بە فەیلی، [کە زمان و زاری فەیلی خۆی بنەزارێکی لوڕییە] ناو دەبەن، خۆیان بە کورد ئەزانن. هۆنەکانی باباتاهیر بە بنزاری لەکین، هۆنراوەکانی فۆلکلۆری لەکی، فەیلی و بەختیاری لەگەڵ ئاوازی کەمانچە، تەنبوور و دەهۆڵ و زوڕنا لە بیچمی فۆلکلۆری کوردەواری خۆ دەنوێنێ. تۆ بیر لەم هۆنراوە فۆلکلۆریانە بکەوە:

ستــره و پــەنـطــه روون خــاس ئــەلـت کــەفـێ
خـوەشـاڵ، وەو کـەسـەی، شـەو ئـەڵات خـەفـێ
بــار غــەم هــاتــگــە بـــوه وه پـــەژارەم
بـوســه ژان ســەرد چـگــەســه گــلارەم
لــــه دورەوە، دومــبــی وەتـــم یـــه یـــاره
گــلارەم کـــور بـــو یـــه خـــوو ریـــێواره

یا ئەم هۆنراوە فۆلکلۆریە کە دوکتور محەمەد موکری لە فەرهەنگی ناوی مەل و پەلەوەرەکاندا نەقڵی دەکا:

جـفـتـێ چــاو دیـری جـور پـیـالــەی چـیـنـی
خــودا، داســه پـیــد، وەلـیــد نــەسـیـنـــی
خــوەم کــرمــاشــانــی یــارم قــەصـریــه
مــوبـتــەلا بـوویـمــه تــەقـسـیـرم نـیـیـه
حــەیـف لــه کـرمــاشــان چــاڵــه زەمـیـنــه
بـێـسـتــون خــاســه جـێـگــەی شـیـریـنــه

لە پرسە یا چەمەرە و کۆتەڵدا کاتێ گوێ لە (رارا) یا (موور) بگری کە زیاتر بە

زاری لەکی و فەیلی‌یە و بە هۆی پیاو و ژن لە کاتی کوژرانی پیاوێکی ناودار یا جوانەمەرگێك لە نێو دڵسووتانی خزم و نیزیکانی مردوەکە بە دەنگ دەخوێندرێ، دەنگی کۆتەڵی کۆنی کوردەواری دەدا.

گەورەترین موورئار لە نێو لەکدا (عەینەلی)یە لە کرماشان، عەزیز لەلەموش و جەلیل‌یان و مەریەم بلاون، بەرچاوترن. لە سینگ‌کوتانی عاشورای لورنەژاد و مەنسورجۆڵا، ناسراون و ئەم دوو کەسە، دەنگیان بۆ گۆرانی و ستران زۆر خۆش و زوڵاڵە و شیعری گۆرانی‌وتنیان یا فۆلکولۆرە یا شیعری تەمکین کرماشانیە. رارا جۆرە پرسەیەکی دیکەیە کە لە ناوچەی لەکستان و لە ئیلامدا باوە و هەر وا ماوە، کە هۆنەی بە سۆز و لاواندنەوە لە لایەن رارابێژێکی پیاو دەخوێندرێتەوە. ناسراوترین رارابێژ شەمشیر و کەوی‌یە، لە ئیلام بەناوبانگ‌ترین چریکە و بەیتەکان بەیتی «قەیەم‌خێر»ە کە تا ئێستا لە لایەن هونەروەرانەوە کراوەتە گۆرانی و ستران و بە دەنگ و ئاواز دەخوێندرێتەوە، ئەم بەیتە باسی ئافرەتێکی کوردی قارەمان و ئازا دەکا، کە بە دژی رەزاشا راپەڕیوە و لەگەڵ هۆزەکەی ئاوقەی پیاوکوژەکانی رەزاخان بووە.

ئەم بەیتە لە پەسنی چاوی جوان و گەش و باڵای بەرز و تەرزی قەیەم‌خێر و ئەگریجە و بریقەبریقی تفەنگی ئەڵمانی و شاخە بەرزەکانی لورستاندایە و بەیتێکی لیریك و حەماسی و غەنایی‌یە و بە ئازایی و نەبەزی و سوارچاکی ئەم ئافرەتە کوردەدا هەڵدەڵێ.

بەیتی عەلی دۆس کە بنزاری لەکیە قسە لە سۆزی دڵداری دەکا.

بەیتی «دی‌بلال و عەبدولمحەمەد لەلەری» لە ناوچەی بەختیاری بەناوبانگە و بە بنزاری بەختیاری نوسراوە و چیرۆك و چریکەیەکی ئەوینداری و زۆر بە سۆزە.

بەیتی شرین‌جان، لە نێو هۆزی پاپی باوە، کە بە وێنەی شەڕەشیعر لە نێوان دو لقی هۆزی پاپی دانراوە، کە جارجار بە وێنەی هەجوە و جاروباریش لە

جوانی و پێ‌هەڵدان بە شۆخ و شەپاڵەکانی خۆیاندایە.

«سیت بیارم» زیاتر لە نێو لەکدا باوە و لە کاتی زەماوەندا دەخوێندرێ.

## پەند یا پەندی پێشینیان:

قائید بەختیاری ٢٠٧ پەندی لە (فەرهەنگی بەختیاری)دا کۆ کردۆتەوە و لە ١٩٨٩ی زاینی بە پیتی لاتینی لە چاپی داوە.

١- بیو وە کوڵم پات پەتیە

٢- پیلت (پوڵ و دراوت) بەل ئافتاو، خوەت بێشین سا: پوڵ و دراوت با لەبەر هەتاو بێ و خۆت لە بن سێبەر بە.

☐ کتێبی دوەم (ضرب‌المثل‌های بەختیاری) یە کە جەنابی کیانوش کیانی هەفت لنگ لە ١٩٩١ی زاینی لە ٧٩ پەڕەدا لە چاپی داوە و ١٦٦ پەندی بن زاری بەختیاری لقی هەفت لنگی‌یە و بە فارسی فەرهەنگیلەی بۆ نووسیوە.

١- هیشکە نیگو دو مو تورروشە: کەس ناڵێ دۆی من ترشە.

٢- سەوزەفا بە دهوون گا شیرین بۆ: سەوزە و گیا بەدەم گا شیرین بێت.

١- داڵکە بوینە و دویٚەت گە بخوازە.

٢- داڵك دۆز یا سینە خوەی یا سینە کوتی[1] کاكعەلی ئەشرەف دەروێشان لە کتێبی ئەفسانە و مەسەلی کوردی، خۆیدا هەندێ چیرۆکی جوانی کرماشانی و سەنقوری کۆ کردۆتەوە و لاوان و گەنجانیشی هانداوە کە گەنجینەی بەیت و باوی ناوخۆ کۆ بکەنەوە.

شانۆ: حەواس پلوك کرماشانی شانۆی «قەلاسانە»ی بە کوردی نوسیوە.

لە بابەت فەرهەنگەوە: قائد بەختیاری لە ١٩٨٩ زاینی‌دا فەرهەنگی

---

١- ئەم دو پەندە کاكمحەمەد عەلی سوڵتانی لە جوغرافیای تاریخی و تاریخی موفەسەلی کرماشان هێناویەتی.

بەختیاری بە بنزاری بەختیاری لە چاپ داوە.

□ فەرهەنگی لۆغاتی مەنسوریان کە بەبن زاری فەیلی بە قەلەمی حاجی «حبیب‌الله مەنسوریان» لە ١٩٩٠ زاینی لە شاری ئیلام لە چاپ دراوە.

□ واژەهای ئەسیلی نەهاوەندی لە لایەن خاتون منیر (عبدالله) لەکیان لە ١٩٩٠ی زاینی لە چاپ دراوە.

□ فەرهەنگی لوری: بە هۆی کاك‌حەمید ئیزەدپەنا لە چاپ دراوە.

□ فەرهەنگی لەکی: لە ساڵی ١٩٨٨ز لە چاپ دراوە.

□ پەرتەو کرماشانی (عەلی‌ئەشرەف تەوبەنی)، بە کوردی شیعری زۆرە و دیوانی شیعری هەیە و زۆریٚ لە شیعرەکانی کراونەتە گۆرانی.

بۆ وێنە پەرتەو دەڵێ:

شار کرماشان دیار عیشقە خاپوری نەکەین
خەرگ کو بنیشم خاك و ئاوم هەر یەسە
گشت کەسم دەردت وە کۆڵم نوير ديدە راسەکەم
م چ بویشم تا تۆ نەزانی ئەزاوم هەر یەسە

□ شامی کرماشانی (شامراد موشتاقی) کە لە ١٩٢١ زاینی لە کرماشان لە دایك بووە و لە ١٩٨٣ بارگەی بۆ لای خوا تێکناوە. شامی کوێر بووە، شیعری زۆربەی شاعیرانی لەبەر بووە، بەناوبانگترین هۆنەی شامی (کرانشینی)یە. دیوانی شامی بە چەپکەگوڵ لە چاپدراوە.

شامی دەڵێ:

زانی چەن نەفەر هایمە یەی حەسار؟
من ئویشم پەنجا، تو بویش: پەنجا و چوار
درێژ و کۆتا، کاردار و بێکار
سوب لە خەو هەڵیسیت لە گۆشەی حەسار

بیس نەفەر، وساس، تەك داسە دیوار
حەڤدە ئافتاوە نریاسە قەتار
بایەد پەی نوبەت بلیت بسینی؟
داد وەهەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

**سەرچاوە:** دیوانی شامی، چاپی سروش، چاپی ١٣٦٦ی هەتاوی ـ فەرهەنگی لەکی و فەرهەنگی لوڕی نوسراوی حەمید ئیزەدپەنا ـ فەرهەنگی بەختیاری ـ فەرهەنگی لۆغاتی مەنصوریان ـ شانۆی قەڵاسانە ـ جوغرافیای تاریخی و تاریخی موفەسەڵی کرماشان، نوسراوی کاکمحەمەد عەلی سوڵتانی ـ ضرب‌المثل‌های بەختیاری ـ سیت یارم ـ بەیتی شیرین جان ـ بەیتی عەلیدۆس ـ بەیتی قەیەمخێر. فەرهەنگی ناوی مەل و پەلەوەران لە زاراوەی خۆراوای ئێراندا، نوسراوی دوکتور محەمەد موکری، چاپی ١٣٢٦ی هەتاوی و تیری ٢٥٥٩ مادی نەشریەی ژمارەی ٥ی ئێران‌ناسی: نەقڵ لە گۆواری سپێدە / ژمارەی ٢ ساڵی ١٩٩٣ی زاینی بە سەرنوسەری کاکئەورەحمان پاشا زانا و ویژەوان ـ لاپەڕەی ١٢ تا ١٥ بە قەڵەمی نوسەر و زانای دڵسۆز کاك فوئاد فەیلی خوا بیانپارێزێ. «شەپۆل»[1]

---

١ - ئەم وتارە بۆ کونگرەی کوردناسی لە بابەت زانایانی کرماشان و فەرهەنگ و وێژاوەری و ئەدەبیاتی لوڕ نووسرلوە کە لە ٤ و ١٣٧٢/١٠/٥ی هەتاوی لە تاران لە تالاری فەرهەنگسەرای بەهمەن خوێندراوەتەوە(شەپۆل).

# عەللامە شاریکەندی

شەهیدی زانا و ناودار «مەلا عەبدولکەریم» مستەفاپور کە بە شاریکەندی ناودارە، لە ٤/٧/ ساڵی ١٠٣٥ هەتاوی لە گوندی قاجر لەدایك بووە و لە ٣ (نوسان) خاکەلێوەی ١٣٦١ هەتاوی لە مەهابادی موکری شەهید کراوە.

شەهیدی زانا مەلاعەبدولکەریم لای زانای ناودار عەللامە حاجیمامۆستا مەلاحسێن مەجدی ئیجازەی مەعاریفی ئیسلامی وەرگرت و لە دوایبدا لە مزگەوتی مەولەوی مەهاباد خەریکی تەدریس و خزمەت بە دینی ئیسلام بو. شەهیدی ناودار مەلاکەریم لە عیلمی لوغەت و ئەدەب ویژاوەری عەرەبی و فارسی و کوردی دەسی باڵای هەبوو، زبانی ئینگلیسیشی ئەزانی و زۆر زیرەك و ژیر و دیندار و نیشتمانویست بوو، لە باری رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوریشەوە کاری کردبوو، زۆر ئازا و نەترس بوو، زۆری حەز لەوە دەکرد کە خەڵك باسەواد بن و فەرهەنگیان بڕواتە سەرێ و لەم رێگایەدا زۆر دەکۆشا و بە بیر و ژیر بوو، ئەم وێنە حەوتویەك بەر لە شەهید بوونی گیراوە، خوا بیبەخشێ: لە زستانی ١٣٢٤ی هەتاویدا خوالێخۆشبوو شاریکەندی لەگەڵ شەپۆل و جەنابی مەلاتاهای حیکمەتی و مەلا رەحمانی تاهیری لە گوندی گەردیگلان لای حاجی مامۆستا مەلاعەبدوڵڵا محەمەدی ئیمامجومعەی ئێستای شاری سەقز پێکەوە دەیانخوێند. ئەوانەی بە رەحمەت چوون خوا بیانبەخشێ و ئەوانەی وا ماون خوا لە کەند و کۆسپ بیانپارێزێ.

زۆر گەڕاین تا شیعر و نوسینەکانی شەهیدی زانای خوالێخۆشبو مەلاکەریم مستەفاپور(شاریکەندی)مان گیر کەوێ بە داخەوە هەر ئەمانەمان گیر کەوت کە پێشکەشتان دەکەین.

چـــو از حـــق بـــودەام هـــر دم طـــرفـــدار
مـــرا حـــق بـــودە هـــر دم لاجـــرم یـــار

چو دانی شعر زیبا ساختن چند
از آن پس زندگی را باختن چند
تو چندی زین سپس راه وفا گیر
طریق صدق ارباب صفا گیر
مکن ضایع سجایای خداداد
چو مردان شریف و نیك بنیاد
که از دست رود روز جوانی
سرآید وقت عیش و کامرانی
ندامت آن زمان سودی ندارد
شکست کار بهبودی ندارد
در این فرصت همی کوش و همی دان
بزن مشتی چو در دست است میدان
چو داری قوه کسب کمالات
مشو راضی که مانی در جهالات
نهان ناگفته را ناگفته سازم
دڕ ناسفته را ناسفته سازم
بگیرم آنچه را آید به کارت
کنم در راه دانش رهسپارت

**زانای ناودار شاریکەندی ئەم چەن شیعرەی خوالێخۆشبوو، زانای ناودار مەلاغەفووری خاکی تەخمیس کردوە.**

بە گەرمی ئاوری سینەم عەجەب دڵ بۆ نەبرژاوە
بە سەیفی قاطعی هیجری رەگی مل چۆنە نەبراوە
لە دوری میهری وەك موهری وجودم غەرقی خوێناوە
لە توغیانی قەتاری ئەشکی لێڵم بێئەسەر ماوە

موسافرخانەیی چاوم دەڵێی سیلاوە لێلاوە
سەرم گێژی خەیالاتە لە سەحرا و بادیەی مەیلا
وەکوو مەجنونی سەرگەشتە لە عیشق و سۆزشی لەیلا
سەفینەی زاتەکەی ماتەم غەرق بوبوو لە ناو سێلا
دڵم کەوتۆتە زاری و گاه گاهێ شین و واوەیلا
بە زەعمی من لە خەودا شەو پەری خۆیان نیشان داوە
تەماشای شەعشەعەی دو نەرگسی کاڵی پڕ ئازەرمی
دەڕێژێ خوێنی موشتاقانی مەفتوونی بە بێشەرمی
بە بێ هاویشتنی تیری موژەی قەلبم دەکا زەخمی
خەریکی جەزبی رۆحە کافرەی زوڵفی بە بێرەحمی
لە زومرەی زاهیرە گەر چاوی فەتتانی دنەی داوە
عەقڵ حەیران و شێواوە لە هەر دەشت و دەرەو هەردێ
لە بۆ دەفعی غەم و ئەندوە و زوڵمی ئاخ ببێ مەردێ
بە ئەنفاسی مەسیحایی لە سەرمان هەڵکرێ دەردی
بە نێشی عەقرەبی ئەگریجەکانی دڵ چریکەی دێ
لە سەممی زوڵفی رەشماری دەڵێی زوخاوی چێژاوە
لە کەیوانی فەلەکڕا تا دەگاتە سەحنەیی خاشاك
لە ئینسان و مەلەك جن و تیورە و وەحشی و ئەسماك
نییە وەك من بناڵێنێ بە توند و تۆڵی و چالاك
بە ئاهی سوبحگاهیم کەوتە جونبش خەیمەیی ئەفلاك
بزانن ئاسمان چەرخی بە خۆڕایی نەشۆراوە
کە ریشەی میهرەکەت دەپسێ وەکوو پەشیمینەیی بێشۆ
بە ئاوی قەهر و بێلوتفی مەزیدی عیللەتە مەیشۆ
بەرز بوو دوکەڵی ئاهم لە دەرك و پەنجەرە و حەوشۆ

لە ترسی ئاوری کورەی دەروونی من شەوی ئەوشۆ
چرا بەرقی کورەی نازی هەتاکوو رۆژ نەسووتاوە

**ئەمەش برە شیعرێ دیکە لە هۆزان مەلاغەفوور خاکی کە زانای شەهید شاریکەندی بە کوردی تەخمیسی کردوە:**

نەخۆشە تایری رۆحم چ زۆرە عیللەت و زامی
چەقاندی بەیرەقی هیممەت دەنێرێ پیاو و پەیغامی
دەڵێ نایە وصوڵی مەقصەدی دڵ وەختێ و هەنگامی
بڵێی هەر وا بناڵێ عەندەلیبی دڵ بە ناکامی
بڵێ پێی دوگمەیی سینەی لە بۆ کێیە ترازاوە؟
ئەگەر سەرکەیتە پێ سەد رۆژەرێ لەو دائیرەی راکەی
بە مەعلوومی کە دەتکێشێ کەمەندی زوڵفە تاتاکەی
منیش گیرۆدە بووم بەینێ بە قەیدی ئاڵ و والاکەی
وتم سەروی جیهانئارا ئەرێ تۆ بی و خودا تاکەی
وتی (خاکی) دەزانی تۆ گەلێ پێت لێ هەڵێناوە
لە زومرەی ئاشقان را من گەلێ بێئەرزش و نێوم
ئەگەرچی تۆی لە دونیادا رەئیس و خاوەن و خێوم
نە ماڵم زێری مەسکوکە نە صاحیب گەوهەر و زێوم
لە رۆح شیرینترم دەس ناکەوێ هاتۆتە سەر لێوم
دیاری شوانە ئاڵەکۆکی بۆ چێژنانە هیناوە[1]

---

١ - سەرچاوە: ئەم شەرحە حاڵە لە لایەن کاك سەیید محەمەد صەمەدی مەهابادی بە دیاری بۆ (شەپۆل) نێردراوە و کراوەتە کوردی و لە رۆژنامەی شەهادەی کوردی لە رۆژی سێشەممە ١٦ ژوئیە (تەموز - جولای ) ١٩٨٨ز- و ٢٥ گران (گەلاوێژ)ی ٢٦٠٠ ك و ٣ محرم ١٤٠٨ و ١٣٦٧/٥/٢٥ ساڵی ٥ ژمارە.٢٢٩ بە قەڵەمی (شەپۆل) بلاو کراوەتەوە.

- کتێبی دانشمندان کورد لە خزمەتی عیلم و دیندا، دیاری کاكسەیید —



— محەمەدی صەمەدی بە فارسی.

# چریکەی فەقێ ئەحمەد

ئەم چریکە پڕ و تەژییە لە ئازایی و نەبەزی موسوڵمانێك کە لە رێگای دین و ئیسلامدۆسی ئاوارە بوو توشی کەند و کۆسپ ئەبێ، ئەم رووداوە لە ئاوایی (داریشیمانە) قەوماوە و چریکەی دو برایە بە ناوی (فەقێ‌ئەحمەد و خدر) کە لە رۆژگاری تورکانی وەسمانی لێیان قەوماوە و لە لایەن هۆزی بلباسەوە توشی دەربەدەری و غەریبی دێن و لە ماڵ و نیشتمانی خۆیان ئاوارە ئەکرێن. ئەو بلباسانە لە مەڵبەندی پژدەر زۆر بەهێز و خاوەن دەسەلات بوون. فەقێ‌ئەحمەد کە پیاوێکی لێهاتوو و ژیر و ئازا و کۆڵنەدەر بووە، لە رقا گوندی داریشیمانەی خۆی بەجێ‌دێڵێ و سوێند ئەخوا هەتا وزەیەکی وا پەیا نەکا کە بتوانێ تۆڵەی خۆی لە زۆرداران بسێنێتەوە، نەگەڕێتەوە زێدی خۆی، ناچار ئەچێتە ئەستەمبوڵ و پاڵ ئەدا بە تورکانی وەسمانی‌یەوە و لەو سەردەمەدا سوڵتانی وەسمانی لەگەڵ حوکومەتی ئینگلیس و وڵاتە ئوروپایەکاندا لە جەنگدا بووە. لەو رۆژگارەدا وا باو بووە، لە شەڕا دوو کەس بە گژ یەکتریندا ئەچوون، بەم واتایە: یەك نەفەر لەلایەن تورکانی وەسمانی و یەکێکیش لە لایەن فەرەنگەوە ئەهاتە مەیدان. وەك ئەگێڕنەوە یەکێك لە پاڵەوانەکانی فەرەنگ لەو دەم و رۆژگارەدا دێتە مەیدانی جەنگ و بۆ ماوەی پێنج رۆژی رەبەق بەرانبەر بە سوارەکان و پیاوە جەنگیەکانی تورك رائەوەستێ و هەرکەسێك لە پیاوە جەنگی‌یەکانی وەسمانی کە ئەچێتە پێشەوە لە ئەسپ ئەیخاتە خوارێ و جێ‌بەجێ ئەیکوژێ!

فەقێ ئەحمەد بە سوڵتانی وەسمانی ئەڵێ: ئەگەر بفەرموی: من ئەچمە مەیدانی و بە دیلی بۆت کەلەپچە ئەکەم. سوڵتانیش: ئەڵێ برۆ، لام وایە ئەو دوژمنە تۆقێنەرە، بە کوردێ وەك تۆ ئازا و لێهاتوو نەبێ ناگیردرێ و بەندی بە ئاوا نادرێ.

فەقێ‌ئەحمەدیش سوار بوە و چەکی هەڵگرتووە و رکێفی لە ئەسب داوە و بە پرتاو رووی کردۆتە سوارەی فەرەنگ و دەرفەت و دەرەتانی لێ بڕیوە و لەسەر کۆی زین هێناویەتە خوارێ و سواری سەرسینگی بووە، یەخەی دائەدڕێ تا بیکوژێ تەماشا ئەکا و ورد ئەبێتەوە بۆی دەرئەکەوێ کە ئەم قارەمانە نەبەزە ئافرەتە. هەستاوە، چونکا کورد لە هیچ دەور و زەمانێکدا حازر نەبووە، دژ و نەیاری خۆی بە زەعیفی بکووژێ هەرچەن دوژمنانی ئیسلام زۆر بێ‌روحم و بێ‌بەزەیین و کوردیان بە فڕ و فێڵ گرتووە و لە کاتی کزی و لێقەوماناکوشتوە و قات و قڕیان خستۆتە ناو موسوڵمانانەوە، کاتێ فەقێ ئەحمەد دەسی لە کوشتنی ئەو کچە فەرەنگە هەڵگرتووە ئافرەتەکە ئەڵێ: چون تۆ ئەوەندە پیاوی، دەسم بگرە ئەبمە مارەبڕ و حەڵاڵ و خێزانت، فەقێ‌ئەحمەدیش دەسی ئەگرێ و بە خۆشییەوە ئەو نەچیرە شێرکوژە ئەباتە لای سوڵتانی تورکی وەسمانی، سوڵتان بەرەوپیری فەقێ ئەحمەد ئەچێ و ماچی ئەکا پێی‌ئەڵێ: هەرچیت لە من بوێ ئەددەمێ، فەقێ ئەحمەد ئەڵێ:

تەنیا حوکمی فەرمانڕەوایی (داریشیمانە) و ئەو ناوە ناوەم بدەرێ، ئەویش میری (داریشیمانە) و ئەو ناوەی بۆ مۆر کردوە، فەقێ‌ئەحمەد پیاوێکی بێ‌فیز و خۆ بەکەم زان بووە، ئەنا ئەگەر داوای میرمیرانی کوردستانی بکردبایێ، بۆی مۆر ئەکرا. بەڵێ فەقێ ئەحمەد لە لایەن سوڵتانی وەسمانی‌یەوە، حوکمی وەرگرت و زۆر بە خۆشییەوە لەگەڵ ئەو ژنە ئینگلیسییە کە ناوی (کیغان) بووە گەڕاوەتەوە داریشیمانە، سەر موڵك و ماڵی خۆی. چەن جار فەقێ‌ئەحمەد لەگەڵ بڵباسەکانا بۆتە شەڕی، جارێکیان چارسەت پێنسەت سواری بڵباس دێنە سەر گوندی داریشیمانە تا ماڵ و سامانی فەقێ ئەحمەد بە تاڵان بەرن، لەو سەردەمەدا فەقێ ئەحمەد خۆی لە ماڵ نابێ و (کیغان) بە تەنیا دەسی داوەتە چەك و بەرەنگاری بڵباسەکان بووە و ئەیانشکێنێ، لە دواییدا خەڵکی (داریشیمانە) کۆ ئەکاتەوە و پێیان ئەڵێ: خەڵکینە فەقێ ئەحمەد لە کاتی شەڕی

ئیسلام و فەرەنگدا گیانی منی کرێوەتەوە و ئێستا کە من توانیم ئەم بلْباسانە بشکێنم و بیانتارێنم و نەمهێشت (داریشیمانە) تالآن بکەن بەم کارە قەرەبوی چاکەی فەقێ‌ئەحمەدی مێردم کردۆتەوە و چاکەی ئەوم داوەتەوە، هەرچەن دو کورم بە ناوی (باباسلێمان) و (بوداخ‌کیغان) لە فەقێ‌ئەحمەد هەیە، بەڵام چون ئەو موسوڵمانە و منیش فەلەم ناتوانین تا سەر بۆ یەك بین، وا من سەری خۆم بەرەو ماڵە باوانم هەڵدەگرم، لە زمانی منەوە بە فەقێ‌ئەحمەد بڵێن: بە دوم نەکەوێ، ناگەڕێمەوە. ئەمەی وت و ماڵئاوایی لە خەڵکەکە کرد و رکێفی لە ئەسپ دا و هەر وەك با و بۆران رۆیی و بە چاوتروکاندنێك بزر بو، جا کاتێ فەقێ‌ئەحمەد هاتەوە ماڵێ و ئەم قسانەی بیست پەژارە و غەمی زۆر دای‌گرت. ناچار زۆر بەلەز سوار بوو کەوتە شوێن (کیغانی خێزانی) لە دۆڵ و شیوی (خدران) لە ناو پڕدەریانا کیغانی گرتەوە و هاواری لێکرد کچێ نەی‌کەی، ئەوە کاری کردوان نییە! کیغان خانمیش وەڵامی دایەوە و وتی: لێبڕاوم بڕۆمەوە ماڵە باوانم، تکایە لەوە زیاتر خۆت ماندوو مەکە و مەیێ پێشەوە ئەنا ئەتکوژم. تیرێکی لە فەقێ‌ئەحمەد هەڵکرد و ئەیدا لە شەپکەی شانی فەقێ ئەحمەد و ئەیخا، کیغان ئەڕوا بەڵام چاکەی فەقێ ئەحمەد ئەکەوێتە بیری، بەتایبەت کە دو کوریان لێك هەبووە، (کیغان) دڵی نەرم ئەبێ و ئەگەڕێتەوە سەر لاشەی فەقێ‌ئەحمەدی مێردی و برینەکەی تیمار ئەکا و دەسی ئەگرێ و لە دۆڵ و نشێوەکە ئەیهێنێتە سەر چەقی رێگایەك دایئەنێ، بەڵکوو رێبوارێك تووشی بێ و بیباتە ناو گوندێك و خۆشی کەنەوە، لە پاشان کیغان بەرەو ئینگلیستان بۆ لای ماڵە باوانی ئەڕوا، کاتێ فەقێ‌ئەحمەد برینەکەی سارێژ ئەبێ و چاك ئەبێتەوە، بە دوی کیغانی خێزانیدا ئەڕوا تا ئەگاتە شاری ماڵە باوانی‌کیغان، لە نێزیك شار دەنگی شایی و هەڵپەڕکێ و گۆوەند و زەماوەند دێتە گوێ، جڵەوی ئەسپەکەی شل ئەکا و ئەسپەکەی روو ئەکاتە درگای ماڵەپیرێژنێك و رەق رائەوەستێ، فەقێ ئەحمەدیش دائەبەزێ و ئەچێتە ژووری و دوای حەسانەوە لە خانە

خۆی‌کەی داوا ئەکا و ئەپرسێ ئەرێ! ئەم شایی و بەزمە چییە؟

پیریژنیش پێی وتووە: کچی میر چبوە شەڕی موسوڵمانان و تازە گەڕاوەتەوە و شووی بە ئامۆزای خۆی کردووە، شایی و زەماوەندیانە.

فەقێ ئەحمەد تکای لە پیرێژن کرد تا بیباتە ناو ئەو شایی و زەماوەندە، ئەویش بۆ ئەوەی نەیناسن جل و بەرگی ژنانە لەبەر فەقێ ئەحمەد ئەکا و ئەیباتە هۆدەی بووك و زاوا. لەو کاتەدا زاوا لە کیغان نیزیك ئەبێتەوە، یەك زللەی لێ ئەدا و ئەڵێ: تۆ بۆخۆت بە موسوڵمانان دۆڕاند، تۆ خوێریت و شیاوی من نیت. کیغان بەو شەپلاغە و بەو قسە ناخۆشانە، دڵی پڕ ئەبێ و کوڵی گریان دایئەگرێ و ئەونە پیش ئەخواتەوە زمانی زگماکی خۆی لە بیر ئەچێتەوە و بە زمانی کوردی هاوار ئەکات و ئەڵێ: «ئاخ فەقێ ئەحمەد! لە کوێی؟!» کاتێ فەقێ ئەحمەد ئەم هاوار و ئاخ و ئۆخە ئەبیسێ وەك هەورەبریسکە باوەش ئەکا بە کیغانەی خێزانیدا و ئەیفرێنێ و سواری ئەسپە بۆرەی ئەکا بۆ کو ردەواری ئەگەڕێنەوە و دێنەوە داریشیمانە و بەخێر و خۆشی ژین ئەبەنە سەر و پژدەر و ناوچەی (مەرگە و ماوەت)یش ئەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

ئەڵێن: لە دوای مردنی فەقێ‌ئەحمەد باباسلێمان کوڕە گەورەکەی لە جێگای باوکی دائەنیشێ و ئەبێتە میر و مەزنی ئەو ناوە و چەن ناوچەی دیکەیش لە کوردوستانا ئەخاتە بن فەرمانی خۆی، بە پێی مێژو مێژینەی میرەکانی وڵاتی سلێمانی ئەچنەوە سەر ئەم باباسلێمانەی کوڕی ئەم فەقێ ئەحمەدەی وا باسمان کرد.

نووسەری ناودار . د . ناجی عەبباس لە سیپارەی زنجیرەی هۆزی فەیزوڵڵابەگ لای بۆکان[1] فەقێ ئەحمەد بە باپیرەگەورەی ئەو هۆزە ئەزانێ و

---

١ - لە ئەسڵدا ئەم باسە لە لایەن زانا و شاعیری ناودار جەنابی کاك حەسەن صەلاح (سۆران)ەوە لەگەڵ زانایەکی ئەڵمانی بە ئەڵمانی نووسراوە و د . ناجی عەبباس هێناویەتە سەر زمانی کوردی.

دەڵێ:

زنجیرەی باوانی هۆزی فەیزوڵابەگی تا ئەو رادەی وا دیارە بەم جۆرەیە: فەیزوڵابەگ کوڕی ئەورەحمان‌بەگ کە بە ئەورەحمان بەگی موکری ناودارە کوڕی مستەفابەگی دوەم، کوڕی مستەفا بەگی یەکەم واتا: مستەفابەگی پێبازی کوڕی ئەحمەدخان بەگ، کوڕی محەممەدخان بەگ، کوڕی میرسەیفەدین، کوڕی میرەباتشای کوڕی، باباعومەری ناودار بە بابامیری کوڕی فەقێ ئەحمەدی داریشیمانەی ناودارە و ئەمیش کوڕی میرئەبداڵە.

بەڵام خاوەنی شەرەفنامە ئەڵێ: بوداق‌بەگ میر و مەزنی مەرگەی (پژدەر) بووە و لە پاش مردنی بوداق‌بەگ یەکێك لە ئەولادانی بە ناوی میرەبەگ ئەبێتە مەزنی (پژدەر) و کاکەشێخ - کوڕی میربوداق ئەبێتە میری (مەرگە). لە پاشان لە نێوان کاکەشێخ و میرە بەگدا ئەبێتە جەنگ و کاکە شێخ بە دەسی میرەبەگ ئەکوژرێ و لە کاکە شێخ کوڕێك بە ناوی (فەقێ ئەحمەد) بەجێ ئەمێنێ. ئەبێ بزانین چریکەیەك لە کوردەواریدا هەیە بە ناوی کاکەشێخ و میرەبەگ یا (کاکەمیر) بە ناوبانگە و منیش زۆرم کار لەسەر ئەم چریکە کردووە و بە یارمەتی یەزدان لە داهاتوودا ئەم مەبەستە باشتر رووناك ئەکەمەوە.

**- نوکتە:** کاکەمیر و کاکەشێخ بە چڕینی چریکە چران و خۆشخوانان. بەم جۆرەیە کە ئەم دوانە بە دەستی حەیدەر گۆران یا ئەودەڵی کوڕی حەیدەر لە مێرگە مەڵبەندی پژدەر کە لە نێوان شارباژێر (سلێمانی) و هەولێر و کۆی سنجق (کۆیە)دایە ئەکوژرێن.

ئەستێ و بەغدان دوو خوشکی کاکەشێخ و کاکەمیر شینیان بۆ ئەو دوو برایە بە چریکە بۆ گێراوە و تکایان لە براکانی خۆیان کردووە کە میوانی (حەیدەر یا ئەودەڵ گۆران) نەبن.

ئەمیر شەرەفخان مێژوونوسی گەورە لە شەرەفنامەدا کاکەشێخ بە (حاجی‌شێخ) و کاکە میریش بە (ئەمیرەبەگ) ناو ئەبا و نووسیویەتی:

شاتوهماسب (صەفەوی) لیان ئەکەوێتە گومان و سێ جار بە لەشکرەوە هێرش ئەکاتە سەریان و بەڵام هەر سێ جارە کە قزلباش ئەشکێ حاجی شێخ و (براکەی) زاڵ ئەبن.

لە مێژووی ٩٤١ی مانگی دا کە سوڵتان سلیمان خان غازی وەسمانی دارالسلامی بەغا ئەگرێ و بۆ پشوودان ئەچێتە مێرگە حاجی شێخ بۆ دیدەنی ئەڕواتە مێرگە بەڵام لە ڕێگا لە مێرگەدا لە کاتێکدا کە لە ڕاو بووە لە کاتی نوێژکردندا خەڵکی مێرگە وەکوو ڕەشەبای ئەجەل ئەڕژێن بە سەریدا و کوردانی دیوێهاد ئەیکوژن.

بەڵام لەوە ئەچێ کە ئەمیرشەرەفخان لەمەدا لایەنگری لە کاکەشێخ (حاجی شێخ) کردبێ چونکا لەوە، کە (ئەستی و بەغدان) پاراونەتەوە نەچێ و نەبێتە میوانی حەیدەر یا ئەودەڵ گۆران لەوە ئەچێ کە حاجی شێخ و ئەمیرەبەگ لەگەڵ خەڵکی بەتایبەت حەیدەر نێوانیان باش نەبووە و خوشکەکانی لەوانە ترساون جا کاکەشێخ و کاکەمیر ستەمیان لە خەڵك و حەیدەر یا ئەودەڵ کردوە یا شتێ تر بۆتە هۆی نیگەرانی ئەستی و بەغدان و لەوانە زۆر دڵنیا نەبوون.

بەڵام لە کتێبی مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالان،[١] بەم جۆرە نوسراوە: لە ڕۆژگاری کاکەمیرەوە، ناوچەی پژدەر کەوتە بن دەس کاکەمیر و ناوچەی (مەرگە)ش کەوتە ژێردەس کاکەشێخ، کاکە میر، شەوێك لە ناکاو دای بەسەر کاکە شێخدا و هەموو خاو و خێزان و دەس و پێوەندی ئەوی لە ناو برد، تەنیا (فەقێ ئەحمەد) کە بەرمەمکان بوو لەگەڵ دایکی ڕزگاریان بوو، فەقێ ئەحمەد تاقە کوڕەی کاکە شێخ بو و دایکی بردیە گوندی (خدران) لای

---

١ - کورتەی: کتێبی مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالان تا دروست کردنی شاری سولەیمانی ١٠٨٠ - ١١٩٩ مانگی و ١٦٦٩ - ١٧٨٤ی زاینی نوسراوی تەوفیق قەفتان چاپی ١٩٦٩ی بەغدا کە دوکتور کاوس قەفتانیش بەرکولی لە سەر نوسیوە (شەپۆل)

کوێخای ناسیاوی خۆیان. کوێخاش زۆر پیاوانە ئەوانی پاراست، سەرەنجام فەقێ‌ئەحمەد گەورە بوو، چووە نێو فەقێیان و خەریکی خوێندن بوو، فەقێ‌ئەحمەد زۆر زیرەك، ژیر، قسەزان و خەڵك خۆشەویست بوو، زۆر ڕەزاشیرین، خۆش‌قیافە، کەڵەگەت، جوان، بە هەیبەت، ئازا، نەترس، لە سەرخۆ، دیندار و خاوەن عەزم و ئیرادە بوو. لە هەلێك دەگەڕا تۆڵەی کاکە شێخی باوکی لە کاکەمیری مامی بستێنێتەوە، جا ئەوە بو هەندێ لاوچاکی دەس و بازوڵە جوانی لە دەوری خۆی ئاڵاند و دای بە سەر مامیدا و لە ناوی برد، چون کاکەمیر مارز و زاڵم بوو، خەڵك نەتەنیا لە سەری بە جواب نەهاتن بەڵکوو لە سەر فەقێ‌ئەحمەدیان کردەوە، هەندێ لە خزم و کەسی کاکەمیر لە ترسا چوونە ئێران، لە سابڵاغ (مەهاباد) و سەقز و ئەو ناوە گیرسانەوە، لای سەقز هۆزی فیض‌اللەبەگی و لە سابڵاغیشا شێخ‌عەلی لە.زارۆك و نەتەوەی کاکە میرن. سەرەنجام ناوچەی مەرگە و پژدەر کەوتە بن فەرمانی فەقێ‌ئەحمەد، لە پاشان فەقێ‌ئەحمەد (داریشیمانە)ی کردە پێتەخت بۆ خۆی. زۆری پێ‌نەچوو ئاگری شەڕی رووس و تورکی عوسمانی هەڵگیرسا، فەقێ‌ئەحمەد لە بەر ئەوەی دیندار بوو لەسەر، تورکی عوسمانی بەگژ رووسدا چوو، هەر وەکوو لەبەرا وتمان (کیغان)ی بە ئەسیری گرت و لە خۆی مارە کرد[1] حوکمی میری پژدەر و ئەو ناوەی لە شای تورکی عوسمانی دوبارە، وەرگرتوە و هاتەوە (داریشیمانە) و ناوچەی گەورك، مەنگور، مامەش و جاخ، بیتوین و کۆی سنجاقی خستە بن فەرمانی خۆی.

بەڵام فەرمانڕەوایی فەقێ ئەحمەد زۆری نەبرد کە وەفاتی کرد و خان بوداغی کوڕی بووە جێنشین، خان‌بوداغ بیست ساڵانە بوو، تەگبیری بە دایکی بوو. هۆزی کوردەواری ئەو سەردەمە بە ئارەزووی خۆیان دێنە بن فەرمانی،

---

١- لاپەڕەی ١٥ - باسی فەقێ‌ئەحمەد

وەك هۆزی ئاگو، بلْباس، ئالان، ماوەت کە ماوەت لەو سەردەمەدا تابیعی شاری بانە بووە و (خان ئیسماعیل) ناوێك حاکمی بووە کە زۆر دڵڕەق و مارز بووە و (ئیسکەندەر)ی کوڕیشی حاکمی ماوەت بووە کە ئەمیش لە باوکی[1] زاڵمتر بووە دەڵێن: حەزرەتی عەبدوڵڵای کوڕی حەزرەتی عومەر خەلیفەی دوەم (رضوان‌الله تعالی علیهما) لەم ناوەدا ئیسلامی بڵاو کردەوە، لەو سەردەمەدا (دەشتە تاڵ) لە ژێر دەس (قهقون)ی کافردا بووە کە دەشتەتاڵ لە باکووری، خۆرهەڵاتی سولەیمانی و قەزای شارباژێری ئەو سەردەمەی داگرتووە. بەڵام ئێستا تابیعی بانەیە و چکۆلە کراوەتەوە.

کاتێ (قهقون) لە شەڕی عەبدوڵڵادا دەکوژرێ، کوڕەکەی بە دڵ و داو دێتە سەر دینی ئیسلام و عەبدوڵڵا ناوی عەلی بۆ دائەنێ. جا هەر لەبەر ئەمەش ئەو بنەماڵە بە اختیارالدین یا ئیختیارالدینی ناودار بون ئەمە تا رۆژگاری (خان‌ئیسماعیل سوڵتان) ناوبراو ما و لەوەی حوسەین نازم باسکراوە. خان ئیسماعیل، ئیسکەندەری کوڕی دەکاتە حاکمی ماوت. تا خان بوداغی کوڕی فەقێ‌ئەحمەد، دەڵێن خان بوداغ زستانانە لە داریشیمانە و هاوینانیش لە ماوەت دائەنیشێت تا لە نیزیکەوە باشتر بە کاروباری خەڵکدا رابگا[2] و لە ساڵی ١٠٧٥ی مانگیدا سیتەك و ئەو ناوە ناوی خستە بن دەس خۆی و پاش ماوەیەك وەفاتی کرد و میری کەوتە دەس سولەیمان ـ ی کوڕی.

٢ـ بە قسەی کتێبی مێژووی سولەیمانی و کتێبی ریچ و کتێبی لونگریك و بە قسەی دائیرەی مەعارفی ئیسلامی، دوای مردنی فەقێ‌ئەحمەد یەکسەر

---

١- حوسەین نازم ئەفەندی لەسەر کێلی گۆڕی ئیسکەندەر نووسراوێك ئەبینێ و لە ئاکامدا زۆر بەڵگەی مێژووی لە بابەت میرانی بابانەوە ئەدۆزێتەوە کە بۆتە سەرچاوە ـ لاپەڕەی ١٦ کتێبی مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالان (شەپۆل).

٢- ئێستایش لای قەڵادزە شوێنێك بە ناوی خانبوداغەوە هەیە ـ کتێبی مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالان لاپەڕەی ١٧ (شەپۆل).

میرسولەیمان (باباسولەیمان) هاتۆتە سەر تەخت، یانی میرسولەیمانی کوڕی خان بوداغ نییە، بەڵکوو کوڕی فەقێ ئەحمەد و برای خان بوداغە. ئەم نووسراوانە هیچیان باسی ماوەی حوکمی (خانبوداغ) ناکەن بەڵکوو ئەڵێن: فەقێ ئەحمەد، دوو کوڕی هەبوو (باباسولەیمان و بوداغ سوڵتان).[1]

هەر وەك دەزانین میرسولەیمان زۆر وشیار، بە بیر و ژیر و دادگەر بووە، کاتێ لە جێگای باوکی لەسەر تەخت دانیشت، ناوچەی قزلجە، سروچکێ، ناوچەی قەراغ، بازیان و شارەزوری هێنایە بن فەرمانی خۆی و دەیویست وڵاتی ئەردەڵانیش بخاتە بن رکێفی خۆی و لە ١٠٨٠ ی مانگیدا قەڵاچوالانی کردە پێتەخت.

دەڵێن: شاهەباسی سەفەوی خوێنڕێژ زۆر لە «ئەمیرسولەیمان»ی بابان ئەترسا کە پەرە بە حوکومەتی بدا، ئەوە بوو، حاکمی لورستانی بە ٤٠ هەزار کەسەوە ناردە سەر وڵاتی کوردی بابان. میرسولەیمان پێش دەسی کرد و بە ٥ هەزار کەسەوە لە کورەکورەی بابان چوو تا پێشی دوژمن بگرێ. هێزی هەر دوو لا لە (شەمیران) لە سەر زێی سیروان هەر لە سیرەسیر و کەف چرین‌دا بوو باڵندەیش زاتی نەبوو بەسەریدا باڵ لێك بدا.

بەڵام میرسولەیمانی ئازا و بە جەرگ لە پێشدا خۆی دا بە ئاوی سیروان دا و جوامێرانی قارەمانیش بە دوای میردا لە سیروان پەڕینەوە و بەربینگیان بە سوپای ئێران گرت و قات و قربان تێخستن و تاڵانی زۆریان بەدەس هێنا و گەڕانەوە قەڵاچوالان. حوکومەتی شاهەباس زانی بە شەڕ باشاری ئەمیر سولەیمانی بابان نایێ، کەوتە فیتنە گێران و دڵی حوکومەتی تورکی عوسمانی لەو رەش کرد، دیارە تورکی عوسمانیش چاوی بە حوکومەتی کوردی بابان هەڵنەدەهات، لە ترسا چاویان هەر توروکە توروکی بو.

---

١ - کتێبی مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالان کۆبەی لاپەرەی ١٧ (شەپۆل)

ناچار میرسولەیمان لە سالی ١٠٩٨ی مانگیدا خۆی دا بە دەس عوسمانی‌یەوە بەلام ئەمین‌زەکی لە مێژووی سولەیمانیدا ئەلێ لە سالی ١١٠١ی مانگیدا خۆی داوە بە دەسەوە.

ئەلێن: کاتێ سولتان محەمەدی چوارەمی عوسمانی فەرمانی دا سوپایەکی زۆرگەورە بە فەرماندەیی حەسەن پاشا والی بەغدا و یوسف پاشا والی دیار بەکر و حەسەن پاشا والی حەلەب بچنە سەر ئەمیری بابان، ئەمیش ناچار خۆی دا بە دەسەوە و ئەلێن: بە جلك و لباسی کوردی‌یەوە کە زرێی لە خۆ دابوو و شیر و تیر و رمی لە بەر پشتوێنی دابوو زۆریش شۆخ و شەنگ و بالابەرز و لەش و لار جوان بو، دەچێتە لای پاشای عوسمانی و کاتێ شا وای دەبینێ هاوار دەکا (وای بابام) و دەینێرنە (ئەوەنە) و لە سالی ١١١١ی مانگیدا لەوێ وەفاتی کردوە و هەر لەوێش نێژراوە، ولاتەکەیشی لە نێوان هۆزی زەنگە و چەن هۆزی دیکە بەشکراوە.(١) **نوکتە:** سەیفەدین خان سەرداری موکری کوری ئەمیرخانی موکری سەرداری کوردستانی موکری‌یە و لە ٣٩ سالیدا لە سالی ١٨٩٠ی زاینی شەهید کراوە. گۆیا خێزانی کە کچە خانێك بووە دەرمانداوی کردوە. سەردار سەیفەدین خان موکری لە لایەن شای ئێرانەوە نازناوی سەرتیپی پێدراوە.

لە ١٨٩٠ی زاینی کە وەلیعەهدی ئێران چۆتە سابلاغ (مەهاباد) سەردار سەیفەدین‌خان موکری دیارێکی زۆری ئەداتێ بۆ وێنە ئەسپێکی سەت‌تمەنی، ١٩٢٠ کیلۆ برنج و دانەوێلەی‌تر.

دێمورگان لە راپەرینی سالی ١٨٨٧ی زاینی هۆزی مەنگوور لە دۆل و گەلی (کەلوێ) قسەی کردوە و لە لاپەرەی ٣٦دا ئەلێ هۆزی مەنگور سالانە

---

١- مێژوی راشدی بە فارسی، مێژوی سولەیمانی، نوسراوی ئەمین زەکی، مێژوی حوکیمدارانی بابان لە قەلاچوالان لاپەرەی ٩ تا ٣١ چاپی ١٩٦٩ زاینی بەغدا (شەپۆل).

٥٠٠ تمەن بەرابەری ٣٥٠٠ فرانك ماڵیاتیان بە حوكومەت داوە بە سەرۆكایەتی كاكەڵلاغا، هەروا دەڵێ: لە خاڵ دەلیل (گرانیت)ی دانە گەورە گەورە هەیە، لە گوندی سەردەشت بەردی مەڕمەڕی سپی و لە تەرەغە ئاهەك و لە ... زێڕ و ... هەیە.[1] دیمورگان دەڵێ: حەزرەتی ئەشرەف سەردار سەیفەدین خان موكری كوڕی ئەمیرخان موكری زمانی فارسی و كوردی و توركی عوسمانی باش دەزانێ و جوان لە بەر خۆیەوە زمانی فەڕانسەوی، ئینگلیسی و ئاڵمانیش فێر ببو چاك دەیزانی. جا بە قسەی دیمورگان ناوی باوكی سەردار سەیفەدین‌خان ئەمیرخان بوە نەك فەقێ ئەحمەد، دیارە فەقێ ئەحمەد لە باپیرە گەورەی چوارەمین بنەماڵەی بابان لە سەرەتای سەتەی یازدەهەمی مانگی ژیاوە و سەردار سەیفەدین‌خان موكری دامەزرێنەری خانەدانی میرانی موكری لە ئاخر و ئۆخری سەتەی هەشتەمی مانگیدا ژیاوە و توركومانی ئاق ـ قەرەقویونلوی لە دریاز و ئەو ناوەناوە، دەركردوە و دریازی لە دەس جاگیرلو (یا جابقلوی) توركمانی قەرەقویونلو و ئاقڤویونلو دەردێنێ. (موكری ئەشێ لە موغرێوە، گیرابێ و بە واتای رێگای موغان بوبێ كە چونەتە. زیارەتی ئاوردانی ئازەر گوشەب.[2]

بەڵام كاك عومەری عەلیار دەڵێ: سەیفەدین خان سەردار دو كوڕی بوە: بە ناوی صارم و باباعومەر ـ صارم كوڕێكی بووە بە ناوی ئەمیرەبەگی ئەوەڵ و باباعومەریش كوڕێكی بووە بە ناوی روستەم، روستەمیش كوڕێكی بووە بە ناوی شێخ حەیدەر، ئەمیش كوڕێكی بووە بە ناوی ئەمیرەبەگی دووەم و ئەمیش

---

١- لاپەڕەی ٣٦ و ٤١ و ٤٤ كتێبی موتالەعاتی جوغرافیای (كۆڕی عیلمی فەڕانسەوی دیمۆرگان لە ئێراندا وەرگەڕاوەی دوكتور كازم وەدیعی چاپی ١٣٣٩ی هەتاوی بە نەقڵ لە كتێبی كوروكاش یا مێژوی موكریان نوسراوی: محەمەد صاڵح ئیبراهیمی محەمەدی(شەپۆل) لاپەڕەی ٣ و ٤ و ٥ چاپی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی كە بە تایپی ئای‌بی‌ئێم پێتسەت جەڵدی لێ بڵاو كراوەتەوە.

٢- كتێبی موتالەعاتی جوغرافیای كۆڕی عیلمی فەڕانسەوی دیمۆرگان سەرچاوەی بەرو.

کوڕێکی بووه به ناوی شێخه حەیدەر و ئەمیش دو کوڕی به ناوی شیربەگ و قوبادخان بووه و قوبادخانیش کوڕێکی بووه به ناوی صارم ئەمیش کوڕێکی بووه به ناوی مرادبەگ و ئەمیش کوڕێکی به ناوی مەحمودبەگ بووه و ئەمیش کوڕێکی به ناوی سامبەگ بووه و سامبەگیش کوڕێکی بووه به ناوی محەمەد سوڵتان ئەمیش دو کوڕی به ناوی عەزیزخان سەردار و فەڕوخخان بوه و فەڕوخیش کوڕێکی به ناوی پاشاخان موزەفەردوله بووه و عەزیزخان سەرداریش سێ‌کوڕی به ناوی عەلیخان و سەیفەدین‌خان و حوسەین‌خان بووه و سەیفەدین خانیش کوڕێکی بووه به ناوی محەمەد حوسین‌خان و ئەمیش کوڕێکی بووه به ناوی عەلیخان که وەجاغ‌کوێر بووه و حوسنی‌جیهان خانم کچی پاشاخان موزەفەردوله سەیفەدین‌خانی کوشتووه و شوی به ئەحمەداغای ئیلخانی مامی عەلیاغای عەلیار، ئەمیر ئەسعه کردوه یاداشتی ١٣٧٢/٨/١٤ - (شەپۆل.)



ئەم وێنە جەنابی ئەمیرخانی حەیدەری لە ڕۆژی ١٣٦٥/٤/٤ هەتاوی لە تاران لوتفی کرد وا بۆ یاد چاپ ئەکرێ.

# مەولانا مەلا مارفی کۆکەیی

**١٢٥٣ ـ ١٩ ڕەمەزانی ١٣٢٤ هەتاوی و**

**١٢٩٣ ـ ١٣٦٤ی مانگی.**

مەولانا مەلامارف لە ڕۆژگارێکی ئەنگوست لە چاودا چاوی کردۆتەوە و لە ناو تەپ و تۆز و گێژەڵۆکەی ڕەزاخاندا بە خۆدا هاتووە، لە ناو فەقێیاندا بە ئاوارەیی خوێندویەتی بەڵام زیرەك و هەڵکەوتە بووە، زۆر بە لەخۆڕادیوی باسکی بیر و ئەندێشەی ناسکی لێ‌هەڵماڵیوە و لەو گێژاوە خۆی پەڕاندۆتەوە بە شیعرە جوانەکانی بە تایبەت شیعرە کۆمەڵایەتی‌یەکانی خۆی گەیاندۆتەوە پلەی کۆمەڵناسی لە ناو کۆمەڵی خەڵکی ناوچەی موکوریاندا و مەلامارف کۆمەڵی خۆی بەتایبەت عەشیرەت و سەرۆك عەشیرەتەکانی جوان ناسیوە و ئەکرێ بە جامیعەناسێکی وریا لە ناو کۆمەڵێکی بچوکی وەك موکوریان ناوببرێ.

چونکا زبڵی لە خەرمانی بیر و عەمەلی خەڵکی ڕۆژگاری خۆی بە با کردوە و لە کەوی داوە و بەردبژێری کردوە و بە دانستە خەرمانی کردەوەی عەشیرەتەکانی ناوچەی سپی کردوە و توێکڵی فرێ داوە و کاکڵێکی پاك و خاوێن و بێخەوش و تێرگۆشتی لێ هەڵبژاردوە و لە ناو شیعری خۆی لە سەر پەڕەی دیوانەکەی گونجاندویەتی و بە کۆمەڵناسانی پێشکەش کردوە.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کاکڵە جوان و بەرچاوەش چونکا بەری داری دێمەکاری کوردەوارییە هێندە ڕەق و چیڕە! لە زاران زۆر خۆش نییە.

کەم کەس دەتوانێ ئەو گابەردە لە سەر شان دانێ و لەو کەل و بەندەنە ڕژد و کوڕە سەرکەوێ!! بیستنی شیعرە کۆمەڵایەتی‌یەکانی مەلامارف ئەو قسە ڕەق و زلانە پشوی درێژ و جێگڵدانەی گوشاد و لە توانج و تەشەر نەترسان و نەڕەنجانی دەوێ کە خەوش و عاری خۆی بژنەوێ و خۆی چاك بکا و

بکەویتە سەر باری چکە و خزمەتکردن بە موسوڵمانان و هاونیشتمانانی و دەس لە دەغەڵی و چەوسانەوەی خەڵك هەڵگرێ.

خوالێخۆشبوو مەولانا مەلا مارفی کۆکەیی کە دیوانی شیعری بە کوردی و فارسی لە ساڵی ١٣٤١ هەتاوی لە چاپ دراوە لە ساڵی ١٢٥٣ی هەتاوی و ڕێکەوتی ١٢٩٣ی مانگی لە گوندی «حاجی خۆش» مەحاڵی «شارەوێران» حەومەی مەهاباد لە دایك بووە و بنەماڵەکەیان بە «پەڕبڵاو» ناودارە کە گۆیا باپیرە گەورەی مەلامارف لە داب و دەستوری بوك هێناندا سواری ئەسب بوە و پەڕی ڕەنگی تاوسی لە پێچێ دەسرەی شەدە و هەوری سەری داوە و لە کاتی غارغارێن‌دا ئەو پەڕانە بە دەم باوە ئەپەڕن و بڵاو ئەبنەوە و لەو دەمەوە بە «پەڕبڵاو» ناو ئەبرێ و ئیتر بە ماڵی پەڕبڵاو ناو دەرئەکەن.

مەلا مارف لە ٢٥ ساڵیدا لە بەرواری ١٢٧٨ کۆچی هەتاوی لە «ئامینە» خانمی کچی «مەلا ڕەزای بانەیی». خەڵکی گوندی «سوت و بەردەڕەش» لای شاری بانە خوازبێنی کردوە و مارەی بڕیوە و گوێزاویەتەوە بۆ گوندی «قۆڵغەتەپە» هەرێمی ئیل تەیموری لای مەهاباد کە لەوێ مەلای مودەریس بوە و ماوەی «٣٨ ساڵ» پێکەوە ژیاون.

مەلامارف ١١ مناڵی هەبوە کە یەك لەوانە ناوی «مەلاعەلی» بوە و لە ١٥ ساڵیدا کە ماڵیان لە گوندی «قەرەگوێز» بوە و لە نێوان ڕێگای گوندی «پاش‌بڵاغ» و «تەرەغە»دا کوژراوە و مەلامارف بەمە زۆر پەرۆش بوە و پەژارە دایگرتوە و ئەڵێن: هەر لەم سۆنگەوە بینای چاوی کەم حوکم ئەبێ و لە ساڵەکانی ١٣١٣ و ١٣١٤ و ١٣١٥ هەتاویدا مەجبور بوە بۆ عەمەلی چاوی بێتە تەوریز لای «دوکتور نبض = ئەرمەنی».

مەلامارف مناڵ بوە باوکی فەوتی کردوە و پێنج مناڵی کوڕی بە ناوی «ئەحمەد، مەحمود، مارف، ڕەسوڵ، قادر» و کچێکی بە ناوی «فاتمە»، لەدوا بە جێماوە و مەلامارف کوڕی سێوەم بوە و ماڵیان لە گوندی «شاگێلدی» بوە و

رۆژێك مەلامارف بۆ خوێندن سەری خۆی هەڵدەگرێ و ئەچێتە شاری سلێمانی گەرمیان و لە فێرگەی مزگەوتی ناودار بە «خانەقای مەحوی» بە فەقێیەتی ئەبێتە سوختەی یەکێك لە موستەعیدەکان، دوای دو ساڵ لە ساڵی ١٢٦٩ هەتاویدا براکانی ئەچن بە دوایدا و ئەیهێننەوە بۆ ماڵە خۆیان کە لە شاگێلدییەوە باریان کردبوە «کۆکە».

مەلامارف بۆ خوێنندن لەم دێ بۆ ئەو دێ و لەم شار بۆ ئەو شار وەك هەموو فەقێیەك بە دوی خوێندنا هەڵوەدا ئەبێ و گۆیا ئەچێتە فێرگە و حوجرەی «سەردەراباد» و تورجان لە فێرانکۆی مەولانا عەلامە عەلی قزلجی(١) مەلامارف دوای ئیجازەی مەلایەتی ئەبێتە مەلا و لەم گوندانە: «قاجر: سەیداوا، شاریکەند، دەروێشان، قەرەگوێز» خەریکی مەلایەتی و تەدریس بوە. مەلامارف کە لە ساڵی ١٣٠٣ کۆچی هەتاویدا مەلاعەلی کوڕی شەهید ئەکرێ دڵی تاقەت ناگرێ و رو ئەکاتە شاری مەهاباد و لە مزگەوتی «شادەروێش» ئەبێتە مەلا و مودەریس.

مەلامارف لە ژیاندا زۆر توشی کەند و کۆسپ بوە و زۆریش دەس‌کورت و نەدار بوە.

ئامینەخانمی ژنی لە ١٣١٧ کۆچی مانگی لە شاری مەهاباد ئەمرێ و مەولانا مەلامارفیش لە ٧٣ ساڵیدا لە ١٩ ١٣٦٤ی مانگی ½٦ سەر لە بەیانی لە ڕێکەوتی ساڵی ١٣٢٤ هەتاویدا لە شاری فەرهەنگ و زانست دۆست و زاناپەروەری مەهاباد بەرەو لای خوا کۆچ و کۆچباری تێکناوە و هەر لەوێش نێژراوە و لە لایەن خەڵکی شار و مامۆستا ئاینییەکانەوە زۆر بە قەدر و حورمەتەوە نێژراوە و تەنانەت مەولانا عەلامە مامۆستا صدیق صدقی و

---

١- لە ١٢٢٥ مانگی لە قزلجەدا لەدایك بوە و لە رۆژی دوشەمە چواری ذی‌حەجە لە ساڵی ١٢٩٥ کۆچی مانگی وەفاتی کردوە و لە تورجان نێژراوە.

مەلامحەمەد لاهیجانی و سەید عەبدوڵڵای ئەتهەری کوڕی جەنابی شێخ سەید عەبدولقادر بەرزنجی و کوڕی زۆر لە زانایان و پیاوە ئایینیەکانی شار لە ناشتنی مەلامارف ئەم شاعیرە ناودارە بەشداریان کردوە.

**ئەمەیش برە شیعرێك لە ستایشی خودا:**

سپاس خالقی کز تیره شب نور نهار آرد
بشر از گل ملك از نور و جن و جان زنار آرد
خداوندی ز حکمتهای اسرارش که میبینی
ز سرو قد محبوبان به و سیب و انار آرد

**ئەمەیش نمونەی شیعری عەرەبی**

بلیتُ بالحبِ بعدالشَیب و الکبر
العین تهدی الفتی للشین و الخطر

**بۆ لاهوتی:**

ای صبا جان من این نامه‌ی ما را برسان
خدمت یار عزیزم که عزیز است چو.جان
یعنی آقای جوان بخت خودم لاهوتی
مورد رحمت لطف خدا قطب زمان

**بۆ شینی مەولانا قازی عەلی مەهابادی**

چه میخواهنی برادر زین جهان عالم فانی
بیا بنگر به عین معرفت گر اهل عرفانی
چو تاریخ وفاتش را طلب کردم ندا آمد:
بگو هب و هو مغفور ز فیض فضل یزدانی

١٣٥٠

**سالارسەعید حەیدەری بە موتایەبە بۆ مەلامارف ئەم دو شیعرەی داناوە و بۆی ناردوە.**

ای آنکه بر افلاك جاهت ماهی
ای آنکه بەتخت حسن بالای ماهی
دندان فتاده است ز حسن بن کاست
دندان طمع بکش چو دندان خواهی

له ستایشی پێشەوا قازی محەمەد و صەدری قازیدا ـ کوڕانی قاضی علی: «رضوان‌الله تعالی علیهم» ـ مەلامارف به شیعر فەرمویەتی:

قاضی و صدر که هر دو گهر یك صدفند
مالك مملکت عزم، وقار و شرفند
حاصل رتبه اصلند بنعم البدلی
حسن‌الخلق و نیکو سیرت و نعم‌الخلفند

**بۆ ستایش لە مەولانا عەللامە مەلائەحمەدرەبانی ناودار بە «مەلا ئەحمەد لاسور «مەرخوزی».**

**شیعر:**

از جمله کاك کۆکی و «مەلای مەرخوزی»
دارای علم و منصب آقای سقزی[1]

**مەلامارف لە پەروەردەکردنی واتای ناسك و ورد و باریکدا مامۆستا بوە. ئەمەش غەزەلێ لە شێوە کوردی‌یەکانی کۆکەیی**

سۆفی وەرە! هەنگامی گوڵ و فەسڵی بەهارە
وەقتی تەرەب و عەیش و مەی و گەشت و گوزارە
پیشە و عەمەلت حیلە و تەزویر و ریایە
تۆ بەشقی خودا پێم بڵێ ئەم کارە چ کارە؟
تێفکرە، تماشا کە لە کوچە و لە خیابان

---

۱- دیوانی فارسی مەولانا مەلامارف کۆکەیی چاپی ۱۳٤۱ کۆچی هەتاوی تاران.

سۆزی نەیە، نەشئەی مەیە، ئاوازەیی تارە
رای‌خستوە فەرڕاشی سەبا فەرشی زومورڕود
وەك ئەتڵەسی یەك‌ڕەنگە بە بێ‌گەرد و غوبارە
دەرژێنێ لە ئاوپاشی فەلەك ئاوی موقەتتەر
سەققای رەبیعی بە قەتارە و بە مەتارە
سەرتیپی بەهاری لە گوڵ و لالەیی رەنگین
چەن تیپی لە ساندا، لە پیادە و لە سەوارە
موستەحفەز و نەوبەت چیە بۆ باغ و گوڵبستان
کەبکی دەری و بولبول و قومری و قەنارە
سوسەن بە زمانێکی تەڕ و تازە خەریکە
بۆ مەدح و سەنای سانعی ئەم نەقش و نگارە
سەحرایە لەبەر عەتری گوڵ و لالە و سونبول
وەك دەشتی خەتا و خوتەن و موڵکی تەتارە
شاعیرا! وەرە تۆ بەشقی خودا رو لە چەمەن کەین
سوحبەت لەگەڵ ئەم عالەمە، هەر دەرد و چەغارە[١]

**ئەمەش چەن شیعری پارسی:**

منم آن شاعر معروف به هر شهر و بلد
مرکز دایرەی بخت بد و طالع بد
بر سرم تاخته یك لشکر بی‌حد و عدد
نفراتش همه خونریزتر از ببر و اسد
افسرانش همه داء السراطانند و اسد

---

١- تاریخ مەشاهیر ـ ی کورد ـ ئوستاد بابا مەردۆخ رۆحانی، لاپەرەی ٢٧٦، چاپی ١٣٦٦ ج ٢.

منجنیق فلکی سنگ بلا می‌بارد
رو، به هرجا که روم ره ندهد، نگذارد
در زمین املم تختم ا م میکارد
نام شادی ز رگ و ریشه برون می‌آرد
یاوری نیست جز از لطف خداوند احد
گاه چون شمع ز سر تا به قدم می‌سوزم
جامه را گاه کنم پاره گهی می‌دوزم
گاه چون خاك گهی آتش دنیا سوزم
گاهی استاد و گهی طفلك نوآموزم
نکنم فرق بیان اَب، جدُّ، اَبْجَدْ
گرچه زین گفته‌ی خود نادم و خیلی خجلم
از شکایت ز قضا و ز قدر منفعلم
چون ننالم که خزان آور و بربود گُلم
ناگهان سنگ جفا آمد و بشکست دلم
که نه از آهن و سنگ است دل و جان و جسد
دوش نالیدم و گفتم که خدای ازلی
ای شهنشاه به ملك قِدم لم‌یزلی
ای منادی به رحیم و به کریم و به علی
ای که در سوره‌ی اخلاص به منصوص جلی
شده موصوف به من لم یلد و لم یولد
من چو پرگار که سرگشته و سرگردانم
روز و شب می‌دوم و میروم و می‌رانم
باز بینم که به‌جای خودم و حیرانم
نه به‌خود راه و نه راهی به‌کسی می‌دانم

روشنی نیست در این دایره‌ی بسته چو سد
سخنی هست مرا در دل و افسرده تنم
که نگنجد ز بزرگی به زبان و دهنم
نه مجوسم نه مسلمانم و نه اهرمنم
مظهر آیت لاذا و لاذاك منم
از صنم دورفتاده نرسیدم به صمد
گاه گویم که به صورت بشر و انسانم
گاه گویم که نه انسانم اگر این‌سانم
به‌جز از خالق خود از همه کس ترسانم
به‌جز از رازق خود از همه کس پرسانم
این چه دین است و چه آئین و چه عقل و چه خرد
گوهر عمر تلف گشت و ندیدیم یکی
که به‌صورت بشری باشد و سیرت ملکی
صاحب تاج ولی تاج کلاه بَرکی
مالك تخت ولی تخت فقط پوستکی
زیر این خیمه‌ی بالاشده من‌غیرعمد
گفتم ای پیر کهن ای فلك اطلس رنگ
ای مدیرت متحرك به فسون و نیرنگ
میل ملت چو ندارد به‌جز از فتنه و جنگ
بوی زهر تو چو زهری است اگر ببر و پلنگ
بوی او بو کند از بیم برقصد چو قرد
ما خلقتُ خبرم می‌دهد از سرّ وجود
می‌نماید که کرامت به سجود است و به جود

هر وجودی که در او نیست نه جود و نه سجود
یك وجودی است و لکن عدمش به ز وجود

صفر محض است و گرفتست فقط جای عدد
نه کسی هست که از کس بدر آرد خاری
نه کسی هست سبك‌تر کند از کس باری
نه کسی هست نه در خواب و نه در بیداری
که دهد نصرت و یاری کند و غمخواری
گفت گویا نشنیدستی که من جدَّوَجَدْ

**ئەمەیش وێنەی شیعری کوردی**

مودەتێکە نەفسی حیز حوکمی خراوم لێ‌دەکا
هەر بە قەهر و کینە دەڕوانێت و چاوم لێ‌دەکا
جاربەجار دەگری و دەناڵێنێ وەکو هەوری بەهار
گەه بە خەندە و پێکەنین دێت و سڵاوم لێ‌دەکا
بۆ خەرابات و کلیسا «مسجد و دیر و کنشت»
دەمرفێنێ ئەم سەگە سەد گورگەڕاوم پێ‌دەکا
هەرچی تەفرەی لێدەدەم وەعدە و وەعیدی پێ‌دەدەم
ناسرەوێ تەکلیفی قۆڕ و بێ‌دراوم لێ‌دەکا
ڕۆژی شیرینم نەما و عەهدی ترش و تاڵیە
وەك منداڵ دەگری و دەعوای شەکری خاوم لێ‌دەکا
من لە بەر عەجز و پەرێشانی کە هیچ نوتقم نیە
ئیدیعای ئەشعار و بەیت و بەند و باوم لێ‌دەکا
هەرچی فیکری لێ‌دەکەم ڕێگەی خلاصیم بۆ نییە
بەم چلەی زمسانە داوای تاو و ساوم لێ‌دەکا

دەچمەوە ماڵ، ماڵ و منداڵ دێن و دەورەم لێدەدەن
یەك تەمەننای قەند و چا، یەك نان و ئاوم لێدەکا
رو لە بازاری دەکەم ئەمجارە ئەربابی تەڵەب
هەرکەسێ توشی دەبم داوای دراوم لێ‌دەکا
دەردی بەدتر لەم هەمو دەردانە داوای وامم لێ‌دەکا
جەرگی لەت لەت کردوم داوای هەناوم لێدەکا
سەیری خۆشتر من کە «مەعروفم» لەم شارەدا
تازە ئیحسائیە داوای ئیسم و ناوم لێ دەکا
یەك لە ئەشخاصی ئەدیب و دۆستانی موحتەرەم
ئیدیعای یەك گەوهەری کون ناکراوم لێدەکا
چومە لای غەوواسی بەحری فکر و بۆی هێنامە دەر
گەوهەری ناسوختە داوای باج و خاوم لێدەکا
هێندە گریاوم لە چاوما نەما فرمێسك و خوێن
زاڵمە، بێ‌رەحمە داوای خوێنی چاوم لێدەکا

**لە ٩ی گەلاوێژ «ئەمورداد»ی ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی و رێکەوتی ١٢ ج ساڵی ١٣٥١ی مانگیدا لە شاری مەهاباد سێلاو دێ و زەرەر و زیانێ زۆر لە خەڵك ئەدا و مەلامارفیش هەستی ئەجولێ و برە شیعرێك لەو بابەتەوە دەڵێ جا ئەوا لێرەدا چەن شیعری مەلامارفی کۆکەتان، لە بابەت ئەم سێلاوە، پێشکەش ئەکەین.**

**شیعر بۆ سێلاو:**

هەزار حەیف و هەزار ئەفسوس بۆئەم شارە رەنگینە
کە قابیل بوو، ببێتە مەرکەزی هەر شاە و شازادە
عیمارات و قوسور و باخ و باخات و گوڵستانی
هەزار سوێندت دەخوارد دەتگوت بەهەشتی باغی شەدادە

موغازە و قەیسەری و دوکان و حوجرەی وا موجەلەل بو
وەکو قەسری کە بۆ قەیسەر کرابێ ساز و ئامادە
لە بەر پارچەی حەریری زەرد و سور و ئەتلەس و زەری
بە رەنگی سەوز و ئاڵ و کەسك و شین و میشکینێ سادە
فتورەی پرفتوری روس و ژاپۆن و بەریتانی
مەتاعی هیندی و ماڵی فەرەنگ و چین و کانادە
بە یەك ئەندازە رەنگین و موززەین بو کە پێت وابو
نمونەی ئەسکەلەی بێروت و شام و شاری بەغدادە
لە شەرحی ئیقتدار و سەروەتی ئەعیان و توججاری
قەڵەم هەرچی بنوسێ یانە سیفرە یانە ئاحادە
لە گۆشەی پەنجەرەی شیشەی لەتیف و قەسری کافوری
نومایشیان دەدا خانم وەکو حۆری و پەریزادە
وەکو پارچەی تەلایە سەر تا قەدەم یەکسەر مورەسسەع بو
بە لەعل و گەوهەر، پیرۆزە و ئەڵماس و بیجادە
بەڵێ با بێینەوە سەر باسی ئەهلی شار و بازاڕی
چ بەققاڵ و چ حەممالێ تا بە چەرچی و پینەچیزادە
لە بەر کوفرانی نیعمەت، یا لەبەر عیشق و موحەببەت بو
لەگەڵ دنیا وەکو زاهید لەگەڵ تەسبیح و سەججادە
کە ئایەی «ان‌شکرتم»یان فەرامۆش کرد خودا فەرموی:
جەزای شەرتی «کفرتم» مونتەزیر بن هەر لە دنیادا
لە هەوری قودرەتی «باری» قەریبی نیو سەعات باری
چ بارانێك، نە بارانێ، کە وا مەعهود و موعتادە
خوداوەندا چ تۆفانێکە وا بێ‌عاتیفە و رۆحمە
خوداوەندا چ سێلاوێکە ئەم سێلاوە بێدادە

لە تاریخی هەزار و سیسەد و سی و پەنجی شەمسید'
رۆژی جومعە ١٢ی جیمی ئەووەڵ ٩ی موردادا
لها موج ینادی قائلا یا ایهاالغافل
فقوموا، انظروا، لا تجعلوا، لله اندادا
ئەوەی دەیهاتە پێش هەر دەیڕفاند و لای دەدا و دەیبرد
لە حەیوان و جیمادات و نەباتات و ئادەمیزادە
لە پاش تالانی نێو شاری هوجومی بردە بازاڕی
بە زیددی شوغلی میعماری کە داوێنی بە لادا دا
موحیتی دایرە و دوکان و بازاڕی بە ئاسانی
بە سەتح و سەقف و سەربانی خولی پێدا و قولی بادا
بە موددەی چەند دەقیقێکی وەردا ئاوی تێوەردا
هەزار تۆپ ئەتڵەس و زەڕی هەموی برد، بە ئاوادا
لە مەسکوکاتی ئێرانی، لە لیرەی سککە عوسمانی
لە بەغدان و لە مجری و مەحفەزە و سەندوقی پۆڵادا
لە زێڕ و زیو و نەقدینە لە گەنج و ماڵی زێڕینە
ئەوەی لەو شارەدا مابێ، فەقەت، ئیسمی مەهابادە
هەموی برد و بناوی کرد، پەرێشان و بڵاوی کرد
بە نیو ساعەت، چەپاوی کرد و ، رۆیی ئەو فرستادە
چ رۆژێکە لە لایەك گرمە گرمی هەور و ناڵەی با
لە لایەك شیوەن و گریان و قورپێوان و فەریادە
لە بەر لاشەی جەنازەی ئادەمی و ئەقسامی حەیوانات
خەیاڵ دەکرا، کە یەومی نەفخی سورە و حەشری ئەجسادە
نە من تەنیا پەرێشانم هەمو کەس مات و غەمگینە
ئەوەی مەسرور و دڵشادە، فەقەت حەساد و گەوادە

وەکو فەیئە و غەنیمەت بو مەتاعی مفت و بێقیمەت
دەیانهێنا بە بێڕەحمەت بە بار و کۆڵ و عەرادە
لە بۆ یەك تۆپە چیت بو، خۆی دەخستە چۆم و بن گۆمی
ئەوەی خەڵکی دەیانگوت: ئەهلی زیکر و فیکر و ئەورادە
بە لێشاوی دەیانهێنا قاڵی ئاوبردەی موسڵمانان
لە لایشی وابو سەرکردە و رەئیسی جەیشی زوهادە
بە چاوی عەقڵ و عیبرەت گەر کەسێ بێت و تەماشا کا
دەزانێ دەوڵەتی دنیا وەکو دنیا هەمو بادە...

**کەلامی مەلامارفی کۆکەیی**

لە رۆژنامەی مودیری کەچ مەداری چەرخی شەفتوری
ئەنوسێ رۆژی کوردی کەوتە ئەوجی بورجی بێنوری
برا بیری چرایەکی بکەن تاریکە شەو دادێ
قیامێکی بکەن تا فرسەتە بیکەینە جمهوری

**شیعری کوردی مەلا مارف لە ستایشی خودادا**

خودا هەر تۆی کەریمی کردگاری
خودای مڵك و مەلەك لەیل و نەهاری
هەچی زەڕڕاتی عەرز و عاسمانە
کوراتی بەر هەتاوی لانساری
لە ژێری روپەڕەی دەور و زەمانی
بە هەر جۆرێك تەماشا کەم دیاری
عەزیزی تۆ لە هەر لا خۆشەویستە
دەلیلی تۆ بە کەس نایەت قوتاری

گوڵستان و گوڵ و گوڵزار و گوڵشەن
نەی و شمشاد و سەروی جۆیباری
نەوا و ناڵە و گریانی قومری
فوغانی بولبولی، سەر شاخساری
زریوەی مەل لە سەر پەل یا لە سەر گوڵ
سەدایی هودهود و سەوتی هوزاری
سەلاو و هەق هەقی مورغانی یاحەق
کە نەعرەی دێ لە سەر عودی قوماری
هەمو تاریفی زاتی پاکی تۆیە
دەمێ دەیکەن بە خەندە و گەهێ بە زاری
بە لوتکەی شاخەوە نوچکەی چیاوە
ئەخوێنن کەبکی مەستی کۆهساری
بە هەر نەزم و بە هەر وێنە و عیبارەت
هەمو ئیقرار ئەکەن پەروەردگاری
ئەزانی حاڵی زاری من چلۆنە
چیان لێکردوم فەقر و نەداری
فەقیر و گیر و لاکەوتە و نەخۆشم
بەبێچاوی و بە پیری و ئیختیاری
بە ناز و راز و ئیعجازی، محەمەد
بە ئەسحاب و بە ئال و چوار یاری
بە هاوارم بگە لانم زەلیلە
بە غەیری تۆم نیە ئوممێدواری
ئەمن مەعروفەکەی تۆم و پەشێوم
سەری تێکردوم پیری و هەژاری

**بڕە شیعرێکی فارسی لە قەسیدەیەک:**

مشو مکدر و آزرده از نیامدنم
اسیر قید بلا و مصیبت و محنتم
قضا به دام قدر بسته دست قدرت من
که دامن تو بگیرم، به پات سر فکنم
بیا ببین به هوای گل گلستانت
گهی چو قمری و گاهی چو بلبل چمنم
گمان مبر ز خیل تو فارغم یارا
ببین که خار فراغت دریده پیرهنم
اگر نظر کند آن سرور ستوده سیر
ز راه لطف به عمق قریحه و سخنم
یقین کند که به یاد جمال شیرینش
به بیستون محبت نظیر کوهکنم
ز لوح حافظ بیرون نمی‌شود نامت
وداع تا نکند تن ز جان و جان ز تنم

**ئەمەش بڕە شیعرێ کە لە خوالێخۆشبو خاڵەمینەی بەرزنجی بۆ مەلامارفی وتوە و بەڕێز جەنابی عەبباسی حەقیقی تەخمیسی کردوە.**

کۆکە ئەی ماکی شیعر زانانم
کۆکە ئەی دەفتەرەکەی دیوانم
خاڵە فەرموویەتی لێت بڕوانم
کۆکە ئەی کۆکە ئەی نیشتمانم
خۆشەویستر لە هەناو و گیانم

کــۆکــە تــۆ لــەیــل و ئــەمــن مــەجــنــونــم
هــەوەڵــیــن ئــاوری لــە دڵ بــەر بــونــم
تــۆی و تــۆ بــوی مــەحــەکــی ئــەزمــونــم
کــۆکــە ئــەی جــێــگــەی لــە دایــك بــونــم
کۆکە ئەی مایەی بیری رونم

دڵڕفــێــنــە کــەژ و کــێــو و دەشــتــی
دڵــگــرە ئــاو و هــەوا و جــێ‌گــەشــتــی
کــۆکــە لــوبــنــانــی ئــەتــۆ یــا رەشــتــی
کــۆکــە جــێــت لــێ نــەبــێ وەك بــەهــەشــتــی
لە حەوت دەرکە بەدور و هەشتی

لاخــر و پــێــگــە چــەم و بــەر رۆژە
دنــج و لاپــەڕ وەکــو چــی وەك لــۆژە
بــیــر و ئــەنــدیــشــە بــزیــو بــو ســوژە
کــۆکــە هــەر تــۆی بــە تــەنــێ بــەر کــوژە
خاکی کوردانم هەموی بێ‌بوژە

خــەبــەرێــکــی بــدە بــەو دێــیــانــە
تــاقــی لــێ‌دەن بــە گــوڵ و رێــحــانــە
خــاڵــەمــیــن هــاتــوە لــە تــۆ مــیــوانــە
پــاش بــلاغ و قــەژلــیــت جــیــرانــە
هەم قزل گونبە دو دروێشانە

دێــنــە پــێــشــوازی حــەقــیــقــی و ئــاوات
بــە شــیــعــرگــوتــنــی وەکــو نــوقــڵ و نــەبــات
ئــەم بــە ئــەو ئــەو ئــێــژێ هــات ئــەوە
رۆژهــەڵات گــوڵــە دێی عــەیــش ئــابــات

چوار دیوار و قەرەدا رۆژ ئاوات

«کۆکە ئەی کۆکە»

یەك یەك ئەو حەوتە بە موددەی حەوتە
خۆ وەکو کێشکچی قەرەولی شەوتە
خاسەکەو وێژەری کاتی خەوتە
ئالقەیان داوە لە تۆ ئەو حەوتە
تۆ نەقیمێکی بە شاز هەڵکەوتە

لە هەمو لایە کەوی ڕێبازی
کانی فەرهەنگ و ئەدەب جێی رازی
پیری ئەفغانی خودا لێی رازی
کۆکە پێیان ئەوتی شیرازی
بۆمە مامانی جێگەی شانازی

چاو نەبا نەگەرە کە بانوکی
موقلە بۆ کوێ چووە دادا چۆکی
بۆم بنوسێ مەسەلە و چیرۆکی
حاجی باپیر و حەقیقی و کۆکی
خاڵە مینش بڵێ یخ دالۆکی[1]

---

١- خاڵەمین بەرزنجی لە نێو بنەماڵەیەکی زانا و عارف و خواناس و مەزندا لە ١٣٢٨ی مانگی لە گوندی کۆکە لەدایك بووە و لە ٢٤ی خاکەلێوە «نۆسان» ١٣٧١ی هەتاوی بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە و خاڵەمینە زۆر قسەخۆش و هەست ناسك بوو لە ساڵەکانی ٣٧ تا خەرمانانی ١٣٤٠ی هەتاوی لە مەهاباد بوو لەگەڵ شەپۆل و زۆر هۆگری یەك بون و بە خۆشی شەپۆل بۆنوێژی جەماعەت دەهاتە خانەقای نەهری و کاتێ شەپۆل چووە تاران شیعر و قسەی خاڵەمینەی بۆ چووە و ئەوەیە کە لە لاپەڕەی ٢١ ژمارەی ٢ و ٣ی گۆواری گرشەی کوردستان یادی خاڵە مینە بەرزنجی کراوە و شیعری خۆشی ئەو بڵاو کراوەتە وە یەکەم ژمارەی گرشەی کوردستان لە ١٣٨١/٣/١ی زاینی بە کوردی لە تاران لە چاپدراوە و لە کوردەواری بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ژمارەی ٥ و ٦ گۆڤاری نیشتمان ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ ـ ك «لە ئەڵمان» چاپ کراوەتەوە و ڕۆژنامەی شەهادەی کوردی ٢٩ نیسانی ١٩٨٦ زاینی ساڵی ٤ ژومارەی ساڵی ٣ بە قەڵەمی «شەپۆل» و کتێبی باوی کوردەواری کە لە سروش بۆ جاری دوەم لە ژێر چاپدایە (لاپەڕەی ١١٢ تا ١١٥.)

دیوانی کوردی خوالێخۆشبو مەلا مارف کۆکەیی لە ١٣٤١ی هەتاوی بە خەتی مەلاعبدالرحیم اسماعیلی قوزڵۆیی هەوشار دیوانە فارسیەکەی نوسراوەتەوە و لە لایەن برایانی سەیدیان بە ئۆفسێت لە چاپ دراوە و لە یەکێ لە لاپەڕەکانیدا کە وێنەی برایانی سەیدیان چاپ کراوە بەرواری ٢٦ ـ ١٣٣١/٧ی هەتاوی بۆ نوسخەبەرداری نوسراوە.



# محەمەد کوردعەلی

**١٢٩٣ ـ ١٣٢٧ مانگی و ریکەوتی ١٨٧٦ ـ ١٩٥٣ زاینی.**

محەمەد کوڕی عەبدوڕەزاق کوڕی محەمەد کوردعەلی مێژوزان، نوسەر، رۆژنامەنیگار، سیاسی و رامیار. ئەم زانا بلیمەتە لە رەگەزی کوردانی سلیمانی‌یە و لە ئاخری مانگی سەفەر لە ساڵی ١٢٩٣ مانگی و ریکەوتی ١٨٧٦ زاینی لە دیمەشق لە ژنێکی «شرکسیە» لەدایك بوە و لە فێرانکۆی «کافل سیبای ئەمیریە» خوێندن و نوسین و زانستی ئیسلامی و حیساب و تەبیعی فێر بوە و کارنامە و شادەی وەرگرتوە و چۆتە فێرگەی «رشدیەی عەسکەری» سەرەتای زمانی تورکی و لای مامۆستای تایبەت زمان و وێژاوەری زمانی فەڕانسەوی خوێندوە و فێری بوە و بۆ ماوەی دو ساڵیش لە فێرگەی «عازارین» مەعاریف و ئەدەبی زمانی فەڕانسەوی خوێندوە و لە پاشان لە یانە و دەفتەری کاروباری ئەجنەبی دەس بەکار بوە و لەو ماوەشدا لای «تاهیر جەزایری و محەمەد موبارەك و سەلیم بوخاری» دەرسی وێژاوەری و ئەدەب و فەرهەنگ و بەیان و تەفسیر و فیقە و مێژوی خوێندوە و دەسی کردوە بە موتاڵا و پیاچونەوەی ئەو کتێبە گرینگانەی وا بە زمانی فەڕانسەوی نوسرابون، وەکو نوسراوەکانی وێلتێر، رۆسۆ، موتسکیو و کەسانی‌تر. لەو دەمانەدا بەرپرسیاربونی نوسین و چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی حەوتانەی شام خرا ئەستۆی کوردعەلی و لە پاشان لە ساڵی ١٣١٩ مانگی و ١٩٠١ زاینی چۆتە میصر و دەسی کردوە بە نوسینی رۆژنامەی «رائید»ی میصری، دوای ماوەیەك گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشق، دوبارە مەجبور بوە، بگەڕێتەوە بۆ میصر و لە ساڵی ١٣٢٤ مانگی و ١٩٠٦ زاینی دەسی کردوە بە نوسین و بڵاوکردنەوەی «گۆواری ئەلموقتەبەس» و لە هەمان کاتدا بوەتە سەرۆك و سەرنوسەری

ڕۆژنامەی «الظاهراليوميه» و کراوەتە ئەمینداری ڕۆژنامەی «موئەیەد» و لە دوای شۆڕشی عوسمانی کە لە ساڵی ١٩٠٨ زاینی ڕوی داوە، گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشق و دوبارە «ڕۆژنامەی ئەلموقتەبەس»ی بڵاو کردۆتە و لە پاشان مەجبور بوە، بڕواتە دەرێ و چۆتە فەڕانسە و میصر و لەوێوە گەڕاوەتەوە بۆ دیمەیشق و لە دواییدا چۆتە ئیتالیا، سوئیس، فەڕانسە، مەجارستان و قوستەنتەنیە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژانەوەی دەس‌نوسراوەکانی مێژویی و نوسینی مێژو. لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم «١٩١٤ ـ ١٩١٨» زاینی سەرۆکایەتی و سەرنوسەری «ڕۆژنامەی شەرقی دیمەشق»ی گرتۆتە ئەستۆ، پاش ماوەیەك چۆتە قوستەنتەنی‌یە[1] و لەوێوە، کە دیمەشق بە زۆری ئینگلیس و سپای عەرەب گیرابو، ئەگەڕێتەوە بۆ شاری دیمەشق و ئەکرێتە سەرۆکی دیوانی مەعاریف و مەجمەعی عیلمی: «کۆڕی زانستی» کە لە پاشان بە «مەجمەعی عیلمی عەرەبی» ناو براوە.

لەو سەردەمەی وا فەڕانسەوی‌یەکان چونەتە سوریە محەمەد کوڕی عەلی بۆتە وەزیری مەعاریفی ئەوێ، پاش ماوەیەك بۆ کۆڵینەوە لە بابەت فێرکردن و بارهێنان و توێژانەوەی مەبەستی فەرهەنگی و هونەری و مێژویی چۆتە فەڕانسە و بیلژیك و هولەند و ئینگلیس و ئیسپانیا و ئەڵمان و سوئیس و ئیتالیا و دوای گەڕانەوە لەو سەفەرانە جارێکی‌تریش لە سەردەمی حوکومەتی تاجەدین حوسێنی، زیمنی ئەوەی سەرۆکی «کۆڕی زانستی عەرەبی» بوە، وەزارەتی مەعاریفی پێ سپێردراوە و بۆتە وەزیری فێرکردن و بارهێنان لە سوریەدا و بە ناوی نوێنەریش لە کۆنگرەی خۆرهەڵاتناسان لە دەوری ١٧ دا لە شاری «آکسفورد» بەشداری کردوە و پاش ماوەیەك چۆتە ئینگلیستان و بیلژیك و فەڕانسە و دوای ئەم سەفەرە دەسی لە کۆڕی زانستی عەرەبی کێشاوەتەوە و بە

---

١- ئەستەمبوڵ

ناوی ئەندامێکی کارا هەڵبژێردراوە بۆ کۆڕی فەرهەنگی لە قاهیرەدا و لە ٢ی نیسانی ساڵی ١٣٧٢ مانگی و ١٩٠٣ زاینی لە دیمەشق وەفاتی کردوە و لە گۆڕستانی «باب صەغیر» نێژراوە.

محەمەد کوردعەلی لە نوسینەکانی خۆیدا، وەدوی شێوە نوسینی کوڕی خەلدون بۆ موقەدەمەکەی کەوتوە. هەندێ لە نوسراوەکانی محەمەد کوردعەلی ئەمانەن:

١ـ الاسلام و الحضارة العربیة کە لە ٢ جەڵدا چاپکراوە و گەورەترین و پڕبایەخترین کتێبی محەمەد کوردعەلی‌یە.

٢ـ خوتەتی شام، چاپکراوە لە ٦ جەڵددایە کە لە روی چارسەت کتێب هەڵگوێزراوە و وەرگێڕاوە.

٣ـ گۆواری ئەلموقتەبەس، ٨ جەڵد و دو جوزوەیە.

٤ـ تاریخ الحضارة چاپی، کە دو جوزوە و لە زمانی فەڕانسەوی نرسراوی شارل سنیوبوی بە عەرەبی تەرجەمەی کردوە.

٥ـ غرائب‌الغرب لە دو جەڵدا چاپ کراوە.

٦ـ امراءالبیان و المذکرات کە لە دو بەرگدا چاپکراوە.

٧ـ قەدیم و حەدیث پاڵاوتەی مەقالەکانیەتی و لە چاپ دراوە.

٨ـ کنوز الاجداد فی سیر بعض الاعلام چاپکراوە... .

٩ـ الادارة الاسلمیه فی عزالعرب چاپکراوە.

١٠ـ غوطا دیمەشق چاپی

١١ـ فەلاسیفەی ئیسلام

١٢ـ مذکرات لە چار جەڵدایە.

١٣ـ مێژوی ئەحمەدی کوڕی تۆلۆن و چەند ریسالە و ...

مەولانا محەمەد عەلی‌کورد دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە سیاسەت دەسی هەڵگرتوە، بەڵام ژیانی فەرهەنگی و زانیاری ئەم زانا ژیر و پڕ بیرە لەو

دەمەوە وا لەگەڵ شێخ تاهیر جەزایری ناسیاو بوە، تا دەمی مەرگ درێژەی هەر بوە.

کوردعەلی زۆر دڵ و دەرون پاك و خۆش رەفتار و ئاکار و خو جوان و باش بوە، لە سەر دۆستی زۆر بوە و زۆر خۆگر و صەریح بوە و حەزی لە ئازادی و نەزم و تەکوز کردوە و ریابازی خۆش نەویستوە و لە ستەم و تەعەسوب و فێڵ و تەڵەکە بازی دڵگران بوە، توندە تەبیعەت بوە و خۆشی لە شادی و شادمانە هاتوە.

نمونەی خەتی محمدبن عبدالرزاق کوردعەلی من رسالةخاصة، مغزیا بوالدقی.



کُردعلی (محمد)

**محمد کرد علی «١٢٩٣ - ١٣٧٢ ھ=١٨٧٦ - ١٩٥٣م»**

محمدبن عبدالرزاق بن محمد، کردعلی: رئیس المجمع العلمی العربی بدمشق، و مؤسسه و صاحب مجلةالمقتبس و المؤلفات الکثرة. واحدکبار الکتاب. اصله من اکراد السلیمانیة «من اعمال الوصل».

**سەرچاوە:** «خ» فهرس المولفين بالظاهرية «ط» محمدكرد على: خطط الشام ٦: ٤١١ ـ ٤٢٥، جمال باشا: المذكرات ٣٣٨، احمدامين: فيض الخاطر ٨: ١٢٨ ـ ١٣٣، طرازى: خزائن الكتب العربية ١: ٢٨١، ٢٨٢، اسماعيل عبدالحميد: الادباء الخمس، شفيق جبرى: محمد كردعلى، سامى‌الدهان: محمد كردعلى، عباس العقاد: مطالعات فى الكتب و الحياة ١٨٠ ـ ١٨٦، صالح السودانى: الاسرارالسياسية ٢٦٠، ٢٦١، فائز سلامة: اعلام العرب ١٧٤ ـ ١٧٩، سيدقطب: كتاب و شخصيات ٣٤٦ ـ ٢٥٠، محمدعبدالفتاح: اشهرمشاهير ادباء الشرق ١: ٧٢ ـ ١١٢، من هو ٦٣٩، ٦٤٠، فخرى بارودى: المذكرات ١: ٧٩ ـ ٨١، محمدكرد على: المذكرات، فهرس الازهرية ٦: ٢٦٤، الكتبه‌البادية: فهرس الادب ٧٠، سامى الكيالى: الادب العربى المعاصر فى سورية ١٣، ١٤، ٢٨، ١٠٧ ـ ١١٦، حسن الريس: شخصية محمدكرد على، فهرس‌دار الكتب المصرية اللحق الاول الجزء الثالث ٦٧، فهرس دارالكتب المرية ٤: ١٦٣، ١٦٧، ٦: ٣٤، ٤٥، ٨: ١٧، ١٢٢، ١٨٨، شفيق جبرى: مقدمة‌الادب العرب الكيالى.

Brockelmann g, III: 435 _ 434

«م» صلاح‌الدين المنجد: الادب س ٩، ع ٦، ص ٥٧، ٥٨، ع ١٠، ص ٥٣، الاديب س ١٢، ع، ض ٧٦، شفيق جبرى: الاديب س ١٦، ع ٦، ص ٧٩، حتى كنعان: التمدن الاسلامى ١٩: ٥٦٥، ٥٦٦، التمدن الاسلامى ٢١: ٦٩٢، ٦٩٣، ٢٤: ٤٠ ـ ٤٤، احمدصقر: الثقافة ـ ٢: ٩٣، الثقافة ٢: ٣٤٣، ٣٤٤، احمد محرم: الثقافة ٢: ١١١٧، ١١١٨، احمد امين: الثقافة ص ١١، ع ٥٤٢، س ٦ ـ ٩، ص ١٢، ع ٦١٤، ص ٦، عبدالسلام النجار: الثقافة س ١٢، ع ٦٢٧، ص ٢٤، الحديث ٢: ١٨٨، ٢٠٦ ـ ٢٠٨، ٣: ٥١٦، ٥١٧، وجيه بيضون: الحديث ١٥: ٢٤٢، ٢٤٣، ٣١٦، الحديث ١٢: ٣١٩، الحديث ٢٠: ٦٥، سامى الكيالى: الحديث ٢٧: ٢٢٤، ٢٢٥، الحديث: عدداغيار

١٩٥٣ م، شفيق جبرى: الحديث ٣١: ٣٦٤ ـ ٣٧٥، عزالدين التنوخى: الحريةببغداد ١ :٧٥ ـ ٨٠، الحرية ٢: ١٣٧ ـ ١٤٢، ٢٩١ ـ ٢٩٩، الحسناء بيروت ١: ٢٤٧، ٢٤٨، الحقائق بدمشق ١: ٣٦٩ ـ ٣٧٣، ٤٦٩ ـ ٤٧٢، ٤٧٥ ـ ٤٧٩، ٢ :١٢٠، انستاس الكرملى: دمشق ٢: ٤٤٥، ٤٤٦، الرسالة بالقاهرة ٣: ١٩٨، شكيب ارسلان: الرسالة ٣: ١٢٧٩، ١٢٨٠، ١٥٥٥، الرسالة ٩: ١٣٠٢، الزهراء بالقاهرة ٣: ٤٠٩، ٤١٠، ٥: ٢٢٨، ٢٢٩، الزهور ١: ١٠١، ٢: ٢٨٦، السلام بتطوان س ١، ع ١، ص ٣٣، ٣٤، الضياء ٨: ١٨٠، العرفان ٢ ١٢٣، ٩: ٢٧٤، ١٠: ٢٩٥ ـ ٢٩٧، الحومانى: العرفان ١١: ٦٥ ـ ٦٧، ١٩٣ ـ ١٩٨، العرفان ١٩: ٢١٨، ٢١٩، اديب التقى: العرفان ١٩: ٥٥٥ ـ ٥٦٠، العرفان ٣٧: ٧٠٣، ٧٠٤، ٣٩: ٤٠٣، محمدسعيدالعريان: الكاتب المصرى ٥: ٧٤٥ ـ ٧٤٧، ٨٦٢ ـ ٨٦٤، ١٠: ٦٣٨، ٦٣٩، ١١: ٢١٦، ٢١٧، ٢٨٥، ٩: ٧٤٥ ـ ٧٥٧، ٨٦٢ ـ ٨٦٤، ١٠، ٦٣٩، ١١: ٢١٦، ٢١٧، ودادسكاكينى: الكتاب ١١: ٦١٠، ٦١٢، زكى المحاسنى؛ الكتاب ١٢: ٥٧٧ ـ ٥٧٩،اللكيهببيروت ١١: ١٤٢، اسد رستم: الكلية ١٢: ٤١ ـ ٤٥، الكلية ١٣: ١٥٧ ـ ١٥٩، ١٥: ٤٩٨، لغةالعرب ٤: ٥٤٤ ـ ٥٥٩، ٦ : ٢٣٠، ٢٣١، ٨: ٧١ ـ ٧٣، ١٤٩ ـ ١٥١، ٢٢٩ ـ ٢٣٣، مجلة سركيس ٦: ٣٠٩، ٥٩٨، مجلةالمجمع العملى العربى ٥: ١٩٣ ـ ١٩٥، عارف النكدى: مجلةالمجمع٦: ٣٢٦ ـ ٣٢٨، ٧: ٥١٠ ـ ٥١٨، ١٠: ٥٩ ـ ٦١، محمدكرد على مجلةالمجمع ٩: ١٢١، ١٢٢، شفيق جبرى: مجلةالمجمع ١٩: ٣٥٨، ٢٢: ١٥٠، ١٥١، ودادسكاكينى: مجلةالمجمع ٢٤: ١١٥ ـ ١١٨، بهجةالبيطار: مجلةالمجمع ٢٥ ١٤٢ ـ ١٤٦، شفيق جبرى: مجلةالمجمع ٢٦: ٢٨٨ ـ ٢٩٠، مجلةالمجمع ٢٨: ٣١٩، جعفرالحسنى: مجلةالمجمع ٢٩: ٢٩٨، صلاحالدين الكواكى ٢٩ : ٢٩٩، حكمت هاشم: مجلةالمجمع ٢٩: ٤٤٥، ٤٤٦، سامىالدهان: مجلةالمجمع ٣٠: ٢١١ ـ ٢٥٢، مصطفى الشهايى

٣٠: ٣٢٨ _ ٣٣٢، مجلةالمجمع ٣١: ٥٣٧، ٣٦٩، مصطفى الشهابى مجلةالمجمع ٣٢: ٥١٦، ٥١٧، كامل عياد: مجلةالمجمع ٣٤: ١٦٥ _ ١٩١، شفيق جبرى: مجلةالمجمع ٣٤: ٣٩٠ _ ٣٩٢، مجلةمجمع فؤاد ١: ١٣، المسرة ١٢: ٦٣٥، المشرف ١٣: ٨٧١، ٨٧٢، محمدأمين حسونة: المعرفةبالقاهرة ٢: ٧٣٧ _ ٧٥٧، المقتبس ٨: ٧١٠، ٧١١، المقتطف ٤٣: ٥٩١، ٥٩٢، ٧٠: ٤٥٨ _ ٤٦٠، ٥٨٠ _ ٥٨٢، ٧٢: ٥٦٢، محمود شاكر: المقتطف ٨٦: ١٠٩ _ ١١٢، المكتبة ١: ٢٤، ٢٥، السنار، ٧٢٠، ١٣: ٤٢٠، المنتقد ٢: ٢٨٢، ٢٨٣، المواهب بالارجنتين س ٩، ع ٤، ص ٤٠، البنراس ٢: ٣٥، ٣٦، النجم بالموصل ١ :٣٣٧، الهلال ١٤ :٢٥٥، الورود س ٦، ع ٢، ص ١٥.

laussey: Bulletin Detudes orientales I: 196, 197, S. Dahan: Melanges I: 379 _ 394, Anoales de linstiut Detu. des orienales OOO: 273.

«ج» عمرالطيبى الزمان المدشقية عدد ٦

نيسان ١٩٥٣ م و ج ١٠ لاپەڕەی ١٦٢ معجم‌المؤلفين عمررضا كحاله چاپی بیروت و ئەعلام ـی زەرەكلی ج ٦ چاپی ٦ ساڵی ١٩٨٤ از لاپەڕەی ٢٠٢ تا ٢٠٣ شەپۆل و تاریخ مەشاهیر ـ ی كورد، ئوستادبابامەردۆخ رۆحانی ج ٢ لاپەڕەی ٣٢٠ چاپی ١٣٦٦.



محمدعلی کرد علی

علی سیارة. فی احدی زیاراته لمصر و هو فی الوسط بنظارته و عن یمینه ابراهیم عبدالقادر المازنی و الی یساره المؤلف.

محمد کرد علی

«١٢٩٣ - ١٣٧٢ = ١٨٧٦ - ١٩٥٣م»

محمدبن عبدالرزاق بن محمدکرد علی: رئیس المجمع العلمی العربی بدمشق، و مؤسسه و صاحب مجلة «المقتبس» و المؤلفات الکثیرة. و أحد کبار الکتاب. اصله من اکراد السلیمانیه «من أعمال الموصل»

# زانای ناودار ماموّستا مەلاعیصامەدین ماجدی

**١٢٨٢ ـ ١٣٢٥/١١/١١ کۆچی هەتاوی**

ئەم زانا پایەبەرزە خواناسە یەکێك لە ماموّستا باش و مودەریسەکانی فەرهەنگ و مەعاریفی ئیسلامی رۆژگاری خۆی بوە و خزمەتێکی زۆری بە زانست و دین و عیلم و شەریعەت کردوە و خەڵکی بۆ ڕێگای دین و قورئان و شەریعەتی ئیسلام ڕێنوێنی کردوە و پەندی خەڵکی داداوە و چەندین فەقێ و مەلای چاك و زانای پێگەیاندوە و نەخشێ زۆر گرینگی لە فێرکردن و بارهێنانی خەڵکدا بە ئەستۆ گرتوە و فەرهەنگ و زانستی لە مەڵبەندی کوردستاندا لە بەشی سەقز و ئەو ناوەدا بەرز کردۆتەوە و پلەی زانیاری خەڵکی لە کوردەواریدا بردۆتە سەرێ و زانست و زانینی بڵێند و بەرز کردۆتەوە.

ئەم زانا پایەبەرز و تەرزە ناوی شەریفی ماموّستا مەلا: عصام‌الدین ـ وە کوڕی زانای پایەبەرز و گەورە خوالێخۆشبو «قاضی عبدالکریم ماجدی»یە و لە مانگی ئەسەد «گەلاوێژ» لە ساڵی ١٢٨٢ کۆچی خۆری لە گوندی «درگاسلێمان»ی سەر بە شاری سەقز لە کوردستاندا لە دایك بوە و لە ناو یەك بنەماڵەی زانست پەروەر و عالم و زانا و رۆحانی گەورە بوە و پەروەردە کراوە و پێ‌گەیوە.

ماموّستا «مەلا عصامەدین ماجدی» لە سەرەتاوە قورئانی کەریم و کتێبەکانی باوی ئەو سەردەمەی تا کتێبی شەرحە عەقاید لە ئەقیدە و ئیسباتی تەوحید و زات و سیفاتی خوادا لای باوکی لە فێرگە و حوجرەی گوندی درگاسلێمان خوێندوە، لە پاشان چۆتە فێرگەی خوالێخۆشبو حاجی مەلاعەبدولقادر، خەڵیفەزادە ناموّستا و دەرس بێژی مزگەوتی دومنارەی شاری سەقز و دوای ماوەیەك لەوێوە ئەچێتە لای خەڵیفە مەلا «عبدالرحیم» هەوشاری

له فێرگەی گوندی «هێجانان»ی سەر بە شاری سەقز، مامۆستا مەلا عصامەدین ماجدی وەکو هەمو مەلا و فەقێکانی ناو کوردەواری هەڵوەدای فێربونی مەعاریفی ئیسلامی لەم فێرگە بۆ ئەو فێرگە بەڕیوە بوە، بەڵێ مامۆستا «مەلا عصامەدین ماجدی» بۆ بەدەس‌هێنانی زانست و زانیاری‌یەکی زۆرتر لە هێجانانیشەوە ئەچێتە لای مامۆستا مەلاصادق سەدرابادی مامۆستای گوندی «ئاڵکەڵو»ی حەومەی شاری سەقز و لە پاشان بۆ خوێندن لەگەڵ یەکێك لە باش موستەعیدەکان بە ناوی «مەلا محەمەد داود ـ داودی» کە لەم دوایانەدا لە گوندی «هێجانان» مودەریس بوە ـ ئەچنە «شارەزور»ی گەرمێن لە فێرگەی زانای ناودار خوالێخۆشبو مەلا «عبدالعزیز» مامۆستای فێرگەی گوندی «پریس» دەس ئەکەن بە خوێندن و پیاچوونەوە و پاش ماوەیەك هەردوکیان لە خزمەت ئەو مامۆستا: مەلا «عبدالعزیز»ە ئیجازەی ئیفتا و تەدریسی مەعاریفی ئیسلامی و قورئانی و مەلایەتی وەرئەگرن.

لە کاتی گەڕانەوە بۆ ئێران لە گوندی «ڕەشەدێ» لە نیزیك شاری مەریوان مامۆستا مەلاعصامەدین ماجدی لائەدا و لای مامۆستا مەلاحەمەدئەمین مودەریسی ڕەشەدێ بۆ ماوەیەك لای ئەو زانایە دەس ئەکا بە خوێندن و پیاچونەوەی زانست و مەعاریفی ئیسلامی و لە خزمەت ئەو مامۆستا مەلاحەمەدەمینەش ئیجازە وەرئەگرێ و ئەگەڕێتەوە بۆ سەقز و دوای ماوەیەك بۆ تەحقیق و لێکۆڵینەوەیەکی زیاتر ئەچێتە لای «حەزرەتی حاجی بابا شێخ سەیادەت» فێرگەی گوندی «جەمیان» و دوای ماوەیەکیش لەوێوە ئەچێتە لای زانای ناودار مامۆستا مەلاسەید حوسێن «کانیەڕەش» و لەوێوە ئەڕواتە فێرگەی حاجی مامۆستا مەلاسەید عەبدولکەریم «باغچە» و دوای ماوەیەك لەوێشەوە ئەچێتە فێرانکۆی «تورجان» فێرگەی مامۆستا مەلاعەلی حەفیدوەلزی مودەریسی شارەدێی تورجان و لەوێ لای مامۆستا مەلا عەلی[1] ئیجازەی ئیفتا و تەدریس وەرئەگرێ و تەشریفی موبازەکی دوای ئەم ئیجازە وەرگرتنە ئەچێتە گوندی

«سەڵتەکەڵتو» لای شاری سەقز ئەبێتە مامۆستای دەرس‌بێژ لە فێرگەی ئەو گوندە و خەریکی دەرس وتنە‌بە فەقێیان ئەبێ و ئیمامەت و جومعە و جەماعەت بۆ خەڵك ئەکا و باری دینی و ئەخلاقی موسوڵمانانی ناوچە بەڕێوە ئەبا و خەڵك فێری خو و ئاکاری چاك و باش ئەکا و لە هەر بار و بابەتێکەوە، تێ‌ئەکۆشێ خەڵك بەرەو فێربونی زانست و عیلم ببا و شەریعەت و دین و خواناسی و زانست بە خەڵکی کوردەواری فێر بکا. لە راستیدا کۆڕ و فێرگە و حوجرەی خوالێخۆشبو مامۆستا مەلا عیصامەدین ماجدی زانکۆ و زانستگەیەك بوە، کە دەسە دەسە و پۆل‌پۆل باش‌فەقێ و مەلا ئەچونە خزمەت ئەو زانا پایەبەرزە، زانست و مەعاریفی ئیسلامی لێ فێر ئەبون، هەر مەلا و فەقێیەك لە فێرگە و حوجرەی فەقێیان دەرس تەواو ئەکا و ئیجازەی مەلایەتی وەرئەگرێ، لە راستیدا وەکو فەوقەلیسانس یا دوکتۆرای زانست و زانیاری وەرگرتبێ وایە.



←١- حەزرەتی حاجی باباشێخ سەیادەت لەو ئیجازەدانەدا حوزوری دەبێ. «شەپۆل».

مامۆستا مەلاعصامەدین ماجدی پاش چەن ساڵ دەرس وتنەوە بە فەقێیان لە گوندی «سەڵتەکەڵتو» ئەچێتە گوندی «گەورەقەڵا»ی مەڵبەندی شاری سەقز و نێزیکەی ساڵێکیش لە گوندی «مەرخوز» خەریکی دەرس وتنەوە بە فەقێیان بوە.

ئەبێ بزانیت زانایی مامۆستا مەلاعصامەدین ماجدی دەنگی دابۆوە و لە هەر لایەکەوە باش فەقێ خۆی بۆ فێرگە و حوجرەی ئەو زانا گەورە چاك و دڵ پاك و خو و ئاكار چاكە ئەكوتا تا لە سەرچاوەی عیلم و زانستی ژیان هێنەری ئەو گەورە زانایە، تاسە و تونیەتی زانستی خۆیان بشكێنن و دڵ و مێشكی خۆیان بە زانستی بە دانستەی ئەو عالمە نورانی‌یە پاراو بكەن و زاخاوی بدەن، لە ماوەی تەدریسدا زانایانێكی وەكو خوالێخۆشبو مەلا «محەمەدئەمین شەریعەتی» مودەریسی مزگەوتی حاجی حەكیمی سەقز و خوالێخۆشبو «مەلاشێخ حوسێن‌خان» عەلایی ئەردەڵان،[1] یا زانایەكی وەكو خوالێخۆشبو «حاجی مەلاصالح رەحیمی» «مەلا خەسەن ئەدیبی» كە لە ساڵی ١٣٠٠ كۆچی خۆری لەدایك بوە و ئێستا لە حاڵی ژیان‌دایە خوا بیپارێزێ. یا زانایەكی وەكو ماموستا مەلاسەعید[2] دیارە زانایانێ زۆر لە فێرگەی مامۆستا خوالێخۆشبو مەلا عصامەدین ماجدی فێربون و بارهاتون و ئەوانیش وەكو مامۆستاكەی خۆیان بۆ خزمەت بە زانست و فەرهەنگ و فێركردن و بارهێنانی خەڵك كۆشاون و

---

١- لە ساڵی ١٣٠٩ كۆچی لەدایك بوە و لە ٥٦ ساڵیدا لە رۆژی هەینی ١٣٦٥/٢/٥ كۆچی خۆری وەفاتی كردوە.

٢- مامۆستا مەلاسەعید ئیبراهیمی محەمەدی لە ساڵی ١٣١٢ كۆچی خۆری لەدایك بوە و تا ئێستا چەن كتێبی وەكو ناسیاوی لەگەڵ «تحولات مذاهب اسلام» چاپی ١٣٦٤ـ گەشتی لە عیلمی بەلاغە چاپی ١٣٦٤ ـ دروسی عەرەبی «جزوە» چاپی چاردەهەم ساڵی ١٣٥٣ ـ «كتێبی وَضْعُ وَاِسْتِعٰارَە» بە فارسی، ئەمە تەحقیق و لێكۆڵینەوەیە.

ئەكۆشن.

مەولانا مامۆستا مەلاعصامەدین ماجدی لە ١٣٢٥/١١/١١ كۆچی خۆری لە گوندی «مەرخوز» بارگەی بەرەولای خوا تێكناوە. خوا بیبەخشێ.

ئەم بەسەرهاتە بەرێز جەنابی «مەلاحەسەن ماجدی» ئیمامی مزگەوتی حاجی‌مەلا برایمی شاری سەقز بە فارسی لە بابەت مەولانا مامۆستا مەلاعصامەدینی برای خۆی نوسیویەتی و بە دیاری بۆ ئێمەی ناردوە و ئێمەش كردمانە كوردی و هەندێكمان لە سەر زیاد كرد و ئەوا بە سپاسەوە لە چاپی ئەدەین و لەبەر خوایش ئەپارینەوە ئەونەی گڵ بە سەر گڵكۆی مەولانا مامۆستا مەلاعصامەدینەوەیە، ئەونە خوا دەوامی عومری «بەرێز جەنابی مەلاحەسەن ماجدی» بدا و بە سلامەتی بژین.

**ناوی ئەو گوندانەی وا مامۆستا مەلاعصامەدینی لێ بوە:**

- نوكتە: درگاسلێمان ـ دێیەكە لە دیهستانی سەرشیوی سەقز لە ١٨ كیلۆمیتری جنوبی خۆرهەلاتی شاری سەقز و ٥ كیلۆمەتری جادە ئیسفالتەی سنەیە، كوێستان و ساردە ـ ٥٠٠ كەس حەشیمەتی هەیە و كورد و سونین. لە كانی و چۆم ئاو ئەخۆنەوە، بەرهەم: دانەوێلە، گەنم و جۆ و شیر و كەرە و ماست و پەنیر، كەمێ میوە و توتن ـ كار: كشت‌وكاڵ و ماڵات‌داری، رێگا خاكی‌یە و مزگەوت و مەلا و فەقێ و فێرگەی تازەشی هەیە.

ئاڵكەڵو ـ گوندێكە لە دیهستانی كوڵتەپەی فەیزوڵابەگی بەشی ناوەندی شاری سەقز ـ لە ١٨ك خۆرهەڵاتی سەقز و ٦ك باكوری ناصراوادایە و كوێستان و ساردە و ٣٥٠ كەس حەشیمەتی هەیە و كورد و سونین.

لە كانی و كارێز ئاو دەخۆنەوە، بەرهەم: دانەوێڵە گەنم و جۆ، توتن و شیر و ماست و دۆ، كار = جوت‌وگا، مەڕ و ماڵات‌داری، رێگا: خاكی، فێرگەی تازە و حوجرەی مەلا و فەقێ‌شی هەیە.

رەشەقەڵات ـ گوندێكی، بچوكە و لە دێهستانی سەبەتڵوی بەشی «بانە» و

سەقزە و لە ٦ ك باكوری خۆرهەڵاتی بانە و ٢ ك باكوری جادەی بانە بۆ سەقز دایە و ١١٠ كەس حەشیمەتی هەیە و كورد و سونین.

سەڵتەكەڵتو ـ گوندێكە لە گوندەكانی سەرشیو بەشی ناوەندی شاری سەقز و لە ١٦ ك جنوبی سەقز و ٣ ك «وَرنانی» دایە، كوێستان و ساردە و ٥٥٠ كەس حەشیمەتی هەیە و كورد و سونین، لە كانی و چۆم ئاو ئەخۆنەوە، بەرهەم: دانەوێڵە و گەنم و جۆ، توتن، كەمێ میوە، شیر و كەشك و پەنیر و ماست و كەرە ـ كار= كشتوكاڵ و مەر و ماڵاتداری و ڕێگا: خاكی‌یە.

گەورەقەڵا: دێیەكە لە دیهستانی سەرشیو بەشی ناوەندی شاری سەقز و لە ٢١ ك جنوبی سەقز و ٦ ك خۆرئاوای قشڵاخ پل دایە و.كوێستان و ساردە و ٤١٠٠ كەس حەشیمەتی هەیە و كورد و سونین و لە كانی و چەم و ئاو دەخۆنەوە ـ بەرهەم: دانەوێڵە و گەنم و جۆ، توتن و شیر و ماست و كەرە و پەنیر ـ كار = كشتوكاڵ و مەڕوماڵاتداری‌یە و ڕێگا: خاكی‌یە.

جەمیان ـ دێیەكە لە دیهستانی تورجان، بەشی بۆكان شارستانی مەهاباد و لە ٢٥ ك جنوبی خۆرئاوای بۆكان و ١٤/٥ك خۆرئاوای جادە ئیسفاڵتەی بۆكان بۆ سەقزە و كوێستان و موعتەدیلە و ١٩٠ كەس حەشیمەتی هەیە و كورد و سونین. لە كانی ئاو دەخۆنەوە ـ بەرهەم = دانەوێڵە و گەنم و جۆ و توتن ـ كار = جوت و گاو مەڕ و ماڵات داری و كاردەستی جاجم، بەرماڵ، ڕەشكە، كەژ و، گوریس، تێر و جەواڵ و گۆرەوی و دەسكێش و ئارەخچن و شتی‌وایە.

كانی‌یە ڕەش: ـ دێیەكە لە دیهستانی ئاختەچی بەشی حەومەی شارستانی مەهاباد و لە ٣٠ك جنوبی خۆرهەڵاتی مەهاباد و ٣٠ك خۆراوای جادە ئیسفاڵتەی بۆكان بۆ میاندواوە، كوێستان و موعتەدیلە و ٥٥٩ كەس حەشیمەتی هەیە و كورد و سونین و لە كانی ئاو دەخۆنەوە. بەرهەم: دانەوێڵە و گەنم و جۆ و توتن، ـ كار = جوت و گا و كەرداری‌یە. كاردەستی جاجم و بەرماڵ و ڕێگا: خاكی‌یە.

كانی‌یە ڕەش ـ گوندێكە لای نەڵێنێ بەشی سەردەشت بەشی شاری مەهاباد و ٣٢ك باكوری سەردەشت و ١٣ك باكوری خۆراوای جادەی

سەردەشت بۆ مەهابادە و کوێستان و موعتەدیل و سالمە و ١٥٩ کەس حەشیمەتی هەیە و کورد و سونین و ئاو لە چاوە دەخۆنەوە. بەرهەم= دانەوێڵە، توتن، ماڵاتداری، کاردەستی جۆلایی جاجم، رێگا: خاکییە و سێ کانییە زەشی تریشمان هەیە، بەڵام جەنابی مەلاحەسەن ماجدی رونی نەکردۆتەوە کە مامۆستا مەلاعصامەدین ماجدی لە کێهە کانییەرەش بوە.

هێنجانان ـ گوندێکە لە گوندەکانی سەرشیو بەشی ناوەندی سەقز لە ١ك جنوبی خۆرئاوای سەقز و ٤ ك جنوبی جادەی سەقز بۆ بانە، کوێستان و ساردە ٥٥٠ کەس حەشیمەتی هەیە و کورد و سونین، لە کانی ئاودەخۆنەوەو بەرهەم دانەوێڵە و گەنم و جۆ توتن و کەمێ میوە و شیر و کەرە و پەنیر ـ کار= کشت و کاڵ و مەڕ و ماڵات داری، جادە خاکییە.

مەرخوز ـ گوندێکە لە دیهستانی میرەدێ بەشی ناوەندی شاری سەقز و لە ١٠٦ك باکوری خۆرئاوای سەقز و ١٢ك جنوبی خۆرئاوایی رێگای ئیسفاڵتەی سەقز بۆ بۆکان و میاندواودایە و کوێستان و ساردە و ١٠٠٣ کەس حەشیمەتی هەیە و کورد و سونین. لە کانی ئاو دەخۆنەوە، بەرهەم دانەوێڵە و گەنم و جۆ و توتن و شیر و کەرەو پەنیر ـ کار=جوت و گا و مەڕ و ماڵاتداری و رێگا خاکییە.[1]



حاجی مامۆستا مەلا حەسەن ماجدی کە لەساڵی ١٣٠٦ی هەتاوی لەشاری فەرهەنگ پەروەری سەقز لە دایک بووە

---

١- ئەم مەبەستە لە رۆژنامەی شەهادە بە قەڵەمی «شەپۆل» ١٠ مارسی ١٩٨٧ زاینی و ١٠ پۆلانی ٢٥٩٨ کوردی لاپەڕەی ٣ ساڵی ٤ ژمارەی١٦٥ بڵاو کراوەتەوە و لە کتێبی تاریخ مەشاهیری کورد ج ٣ چاپی ١٣٧١ لاپەڕەی ٦٣٦ تا ٦٣٨ نوسراوی ئوستادبابامەردۆخ شەرحی حاڵی عەلامە عصام‌الدین ماجدی لە رۆژنامەی شەهادەی ژومارەی ١٦٥ نەقڵی قەول کراوە بەڵام ناوی نوسەرەکەی (شەپۆل) نەبراوە.

# بەڕێز حاجی مامۆستا مەلاعەبدوڵا محەمەدی

١٢٩٦

زانا و مودەریسێکی گەورەی وەکو حاجی مامۆستا مەلا عەبدوڵا محەمەدی ئیمامجومعەی ئێستای شاری سەقز کە بە سەدان فەقێ و مەلای وەکو مەلاعەبدولکەریم شاریکەندی «مستەفاپور» کە[1] لای ئەم حاجیمامۆستا مەلا عەبدوڵای محەمەدییە دەرسی مەعاریفی ئیسلامی خوێندوە. خۆم (شەپۆل) لە ساڵی ١٣٣٤ هەتاوی لە فێرگەی گوندی گەردیگلان موڵکی سەید کامیل شائیمامی زەنبیلی «ئاوات» لای ئەم حاجی مامۆستا مەلا عەبدوڵایە فەقێ بوم کە شەهید شاریکەندیش لای مامۆستا حاجیمەلا عەبدوڵای دەخوێند و فەقێی وەك مەلا تاهای حیکمەتی لێبو. ئەم حاجی مامۆستا مەلا عەبدوڵایە لە ساڵی ١٢٩٦ هەتاوی لە گوندی قوڵتەی سەردەشت لەدایك بوە و لای مامۆستا مەلاسەید حوسێنی تایربوغەیی کە عالمێکی گەورە و ناودار بوە و لای مەولانا وەلزی و لای مەولانا مەلاحوسێن شێخی خوێندویەتی و پاش تەواوکردنی زانست و مەعاریفی ئیسلامی لە ساڵی ١٣١٩ هەتاوی لای زانای گەورە مەولانا مەلا ئەبوبەکر ناودار بە مەلا گچکەی هەولێری ئیجازەی ئیفتا و تەدریسی وەرگرتوە و ماوەی «٥٣» ساڵە کە بۆتە مودەریس و بە سەدان فەقێ و مەلای فێری زانستی مەعاریفی ئیسلامی کردوە و هەزاران فتوای شەرعی داوە و کار و باری مسوڵمانانی بەڕێوە بردوە و لە جومعە و جەماعەتدا بۆ خەڵك مەوعیظەی کردوە و خەڵکی پەند داداوە و زانستی فێر کردون و ئیمامەتی

---

١- زانای ناودار شەهید شاریکەندی ١٣٠٥ لە قاجر لە دایك بوە و لە نۆسانی ١٣٦١ هەتاوی لە مەهاباد شەهید کراوە.

کردوه و دەرسی دینی و شەرعی وتۆتەوە و خەڵکی فێری زانست کردوه و بە باری چاکە باری هێناون. حاجی مامۆستا مەلا عەبدوڵا زانایەکی قسە خۆش و نوکتەزان و نەترس و نەتەوە خۆشەویستە، لە خوا داوا ئەکەین ئەم زانایە هەر خۆش بێ و خوا بیپارێزێ. ئەم مەبەستە لە رۆژنامەی شەهادەی کوردی بە قەڵەمی «شەپۆل» لە ٧ ئوکتوبری ١٩٨٦ زاینی و ٢٥٩٨/٧/١٢ کوردی و ١٢ رەزبەری ١٣٦٥ هەتاوی ساڵی ٤ ژمارەی ١٤٢ بڵاو کراوەتەوە.



# زانای ناودار ماموّستا مەلاکەریم مودەڕیس

### ١٣٢٣ مانگی و ریکەوتی ١٩٠٣ زاینی

عەللامە عەبدولکەریم کوڕی محەمەد ناودار بە «مەلاعەبدولکەریم مودەڕیس» ئیمامی شافعی رۆژگار، لە گوندی «تەکیە»ی، نێزیکی خورماڵ لە مانگی «رەبیع‌الاول» لە کاتی بەهارا لە ساڵی ١٣٢٣ مانگی و ریکەوتی ١٩٠٣ زاینی لە دایك بوە.

ئەم زانایە، کوڕی محەمەد کوڕی فەتاح کوڕی سلێمان کوڕی موستەفا کوڕی محەمەدە و لە هۆزی «هۆزقاضی»یە کە ئەو بنەماڵە، ئێستا لە سەیدصادق و گوندی «مایندۆل» لە «سەرا و ،سوبحان‌ئاغا» و لە گوندەکانی دەوروبەری‌دان.

لە سەرەتای منالیيەوە، دەسی کردوە بە خوێندنی قورئان و کتێبە وردیلەکانی دینی و هەر بە منالی باوکی بە رەحمەتی خوا چووە و لە ساڵی ١٣٣١ی مانگی لە سەرەتای مانگی محەرەمدا دەسی کردوە، بە خوێندنی تەصریفی زەنجانی لە زانستی صەرفا. لە دوایيدا حوجرە بە حوجرە و فێرگە بە فێرگە بە دوی فێربونی زانستا گەڕاوە و لە لای یەکێك لە دۆستانی باوکی تا سەر بەحسی «تەمیزی» کتێبی «جامی» خوێندوە و لەو سەردەمەدا کە ئاگری جەنگی ناو گەلانی یەکەم هەڵکراوە، ئەو چۆتە شاری سلێمانی و لە فێرگەی مزگەوتی مەڵکەندی و مزگەوتی مەلامحەمەد ئەمین «بالکەدری» لە گەڕەکی سەرشەقام خەریکی حوێندنی شەرحی سیوتی ئەلفییەی کوڕی مالك‌بوە.

دوای گرانییەکە لە سلێمانییەوە، چۆتە هەورامان: «پاوە» و چۆتە فێرگەی خانەقای «دورۆ»ی شێخ عەلائەدین کوڕی شێخ‌عومەر ضیائەدین کوڕی شێخ‌عوسمان سراجەدین و دەرسی نەحو، مەنتیق، آداب‌البحث، تەشریح، لە فەلەکیات‌دا و فقهی خوێندوە. تا شێخ لە ١٣٣٨ی مانگی باری کردۆتە:

«بیارە» بۆ ماوەیەك لێی دور کەوتۆتەوە و لە دواییدا بە قسەی شێخ گەڕاوەتەوە لای شێخ و لە فێرگەی «ئەبوعوبەیدە» لای زانای ناودار مەلا محەمەد سەعید، عوبەیدی بورهانی گەلەبنەوی لە مەنتیقدار خوێندوە و لەوێوە چۆتە باڵك و هەشتمانگ لای مەلامەحمود فەرایزی شێخ مارفی نۆدێ و شەرحی ئەقاییدی نەسەفیشی تا باسی «روئیەت» خوێندوە و لە دواییدا بە قسەی شێخ عەلائەدین گەڕاوەتەوە «بیارە» دەسی کردوە بە خوێندن لای مەلا ئەحمەدە رەش و شەرحە ئەقاییدی تەواو کردوە و مەنزوومەی زانای ناودار و خواناسی گەورەی کورد، مەلاعبدالرحیم مەولەوی تاوگۆزی[1] بە زوانی کوردی لە ئیدئۆلۆژی و ئەقاییدا خوێندوە و لە دواییدا دەسی کردوە بە خوێندنی پەراوەی: «مختصر» لە بەلاغە و زوان پاراویدا تا سەر بەحسی «موسنەدون ئیلەیهی» خوێندوە.

لە مانگی «ربیع‌الاول» ساڵی ١٣٤٠ی مانگی مامۆستا مەلائەحمەد لە «بیارە»وە کۆچ ئەکاتە شاری سولەیمانی و مامۆستا مەلاعەبدولکەریم مودەریسیش بە فەقێیەتی لەگەڵی ئەچێ و لە خانەقای حەزرەتی مەولانا خالد نەقشبەندی[2] میوان ئەبن و مامۆستا مەلاعەبدولکەریم لای زانای گەورەی کورد شێخ عومەری قەرەداخی بۆ خوێندن ئەمێنێتەوە و مەلائەحمەدیش ئەچێتە گوندی گەلاڵە لای حاجی محەمەد ئاغای کوڕی هەباس ئاغای میرئاودەڵی، ئەبێتە دەرس‌بێژ و مودەڕیس.

ئەی مامۆستا مەلاکەریم مودەڕیس پەراوەی لەقصی‌الامان لە بەلاغەدا و «فەریدە» لە نەحودا و «تەشریح لەگەڵ حاشیەی عامیلیدا» و «ر سالةالحساب» و «اشکال‌التاسیس» لە هەندەسەدا و «تقریب‌المرام» شەرحی «تهذیب الکلام»

---

١- حەکیم مەولەوی کورد لە گوندی «سەرشاتەی تاوگۆز لە ساڵی ١٨٠٦ لە دایك بوە و ١٨٨٢ی زاینی بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە.

٢- حەزرەتی مەولانا خالد لە ١٧٧٣ی ز ـ لە دایك بوە و لە ١٨٢٦ی زاینی بارگەی بەرەو لای خوا تێکناوە.

لە ئوصولی دنیا و جمع‌الجوامع لە ئوصولی فیقەدا و «اسطرلاب» و «ربع‌المجیب» و «حاشیەی لاری» لە سەر قازی لە حیکمەتدا، لەگەڵ حاشیەکانی «عبدالقادرالمهاجر»دا و «منهج» و دوای ماوەیەك لێکۆڵینەوە و پیاچونەوە، بە عیلمەکانا لای ئەو زانا گەورە ناودارە لە ساڵی ١٣٤٣ی مانگی لە مانگی شەعبان لە کاتی بەهارا ئیجازەی ئیفتا و تەدریسی زانستەکانی ئیسلامی وەرگرتوە و هەر وەکو خۆی لەو کۆڕی ئیجازە وەرگرتنەیدا ئەم زانا گەورە ناودارە کوردانە بەشدار بون:

١ـ شێخ بابا عەلی تەکیەئی

٢ـ شێخ محەمەد نەجیب قەرەداغی

٣ـ شێخ جەلال قەرەداخی

٤ـ شێخ مارف برای مامۆستا عومەر قەرەداخی و هەندێ لە دۆستان و گەورەپیاوانی‌تر و مامۆستا «شێخ عومەر قەرەداخی» خۆی لەو کۆڕەدا ئیجازەنامەکەی خوێندووەتەوە.

مامۆستا مەلاکەریم مودەرِس دوای ئیجازە وەرگرتن ئەچێتە گوندی «نەرگسەجار» نێزیکی هەڵەبجە لای شێخ صەدیق کوڕی شێخ مارف خەلیفەی شێخ عەلائەدین ئەبێتە مودەریس و دەرس‌بێژ و فەقێی زۆر لە دەوری دەئاڵێن و تا ئاخری ساڵی ١٣٤٣ی مانگی کە لە دوای جەژنی قوربان شێخ عەلائەدین نامەیەکی بۆ ئەنوسێ و بانگی ئەکاتە «بیارە» و ئەیکاتە مودەریسی ئەوێ و لە محەرەمی ساڵی ١٣٤٧ی مانگی لە بیارە جێگیر ئەبێ و لەوێ گوڵ ئەکات و تا ساڵی ١٣٧١ی مانگی کە لە بیارە ئەبێ بە قسەی خۆی ٤٥ کەس لە فەقێیان لە بن دەسی وی پێدەگەن و ئیجازەی مەلایەتی لا وەرئەگرن و لە ١٣٧١ی مانگی بەم‌لاوە ئەچێتە شاری سلێمانی لە مزگەوتی «حاجی حان» لە گەرەکی مەڵکەندی ئەبێتە مودەریس و لە هاوینی ساڵی ١٣٧٤ ئەچێتە کەرکوك و لە تەکیەی حاجی جەمیل تاڵەبانی نیشتەجێ ئەبێ و دەرسی فیقهـ بە «شێخ عەلی و شێخ

عبدولڕەحمان» کوڕانی حاجی شێخ جەمیل ئەڵێتەوە تا زانای ناودار «شێخ محەمەد قزڵجی: «مەلامحەمەد تورجانی‌زادە»[1] وەفاتی کردوە. جا لە دوایيدا مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس ئەچێتە جێگاکەی لە فێرانکۆی حەزرەتی پیری دەستگیر عەبدولقادری گەیلانی کورد[2] زانای ناودار مەلاکەریم مودەڕیس: دوای ئیمتیحاندان و قەبوڵ بون ئەبێتە ئیمام لە مزگەوتی ئەحمەدی نێزیکی وەزارەتی بەرگری و داوای دەرس وتنەوەش لە فێرانکۆی شێخ عەبدولقادر گەیلانی ئەکات و دوای ئیمتیحاندان و قەبوڵبون ئەبێتە مودەریسی ئەویش، جا دوای دامەزران فەقێیەکی زۆر لە «جاوە» و «تورکیا» و «مەغریب» و «جەزائیرە»وە و لە عێراقی عەرەب و کوردەوە ڕویان تێکردوە و خەریکی خوێندنن.

مامۆستا مەلاعەبدولکەریم مودەڕیس ئێستا پای ناوەتە ٩٠ ساڵییەوە. خوا بیپارێزێ، تا مسوڵمانان زیاتر لە زانست و ڕێنوێنی و فتوای دینی ئەو زانایە کەڵك وەرگرن.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم زیارەتی ماڵە خوا و حەجیشی کردوە و ئەم کتێبانەشی نوسیوە و لە چاپی داون:

١ـ ڕیسالەی شمشێرکاری بە پارسی لە ڕەتی ئەوانەی وا ئینکاری تەقلید و ئیجتیهاد ئەکەن.

٢ـ ڕیسالەی ئیمان و بروا و ئیسلام بە کوردی و بە شێعرە.

٣ـ ئەساس السعادة بە کوردی لە ئادابی ئیسلام و ئەرکانی ئیمان.

٤ـ ئاوی حەیات «ژیان» لە مێژوی ڕەسولاندا.

---

١- شێخ محەمەد قزڵجی لە ساڵی ١٩٦١ی زاینیدا لە بەغا بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە و لە غەزالی بەغا نێژراوە.

٢- غەوثی گەیلانی لە ساڵی ٤٧١ لە گەیلانی لای کرماشان لە دایك بوە و لە ساڵی ٥٦١ی مانگیدا لە بەغا بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە.

٥- چل چرای ئیسلام - راوەتی چل فەرمودەی پێغەمبەرە بە کوردی.

٦- نور و نەجات - قەسیدەی کوردی‌یە لە ستایشی حەزرەتی رەسول و یارانی ئەو زاتەدا.

٧- مەولودنامە و میعراجنامە - بە کوردی

٨- شەریعەتی ئیسلام لە ئەحکامی فیقهی ئیمامی هومام حەزرەتی ئیمام شافعی «د - خ» - ئەم کتێبە لە چوار بەرگدایە و لە ئێرانیش ٤ جار لە چاپ دراوەتەوە و زۆر کتێبێکی گرینگ و پڕسود و تەژی‌یە، لە قەواعیدی فیقە و شەرعی، وەکو تەرجەمەی «منهاج» نەوەوی وایە.

٩- بەهار و گوڵزار بە بڵاوە و بە هەڵبەستە.

١٠- وتاری ئاینی بۆ رۆژانی هەینی بە کوردی.

١١- بارانی رەحمەت بە کوردی.

١٢- یادی مەردان کە لە ٢ بەرگدایە کە یادی مەولانا خالد و گەورە پیاوانی دینی کوردەواری دەکا.

١٣- دیوانی مەولەوی «عبدالرحیم مەولەوی تاوەگوزی».

١٤- شەرح و راوەتی دیوانی نالی بە کوردی.

١٥- راوەتی دیوانی مەحوی بە کوردی.

١٦- دیوانی فەقێ قادر هەمەوەندی و راوەت کردنی بە کوردی.

١٧- ئیقبالنامەی حیکمەت بە کوردی.

١٨- سەرف بۆ منالان بە عەرەبی.

١٩- نەحو بۆ منالان.

٢٠- وەزع و بەیان.

٢١- حەجنامە.

٢٢- شەرحی ئەقیدەی مەرزییەی سەیید عبدولرحیم مەولەوی بە کوردی.

٢٣- شەمامەی بێندار.

٢٤- راوەتی دیوانی بێسارانی.

٢٥- پەیڕەوان.

٢٦- بنەماڵەکانی کوردستان.

٢٧- نۆ بەرگ تەفسیری قورئان بە کوردی و چەندین کتێب و ریسالەی تریشی نوسیون و لە چاپی داون.

خوا ئەم جۆرە زاتانە بۆ ئیسلام و نەتەوەی کورد بهێڵێ. ئەم شەرحەحاڵە بە قەڵەمی مامۆستا مەلاکەریم نوسراوە و من کردومەتە کوردی و هەندێ شتم لێ زیاد کردوە و لە رۆژنامەی شەهادەی کوردی لە تاران لە ١٧ گوڵانی ١٣٦٤ی هەتاوی و ٧ مە ١٩٨٥ زاینی و ٢٥٩٧/٢/١٧ك ساڵی ٢ ژومارەی ٧٦ جارێ تریش بە قەڵەمی «شەپۆل» بڵاوکراوەتەوە.

# مەلاعەبدولقادر مەولەوی مەهابادی:

ئەم زانا پزیشکە رۆژگارێك لە شاری زانست و هونەرپەروەری مەهاباد خەریکی فێربونی زانست و زانیاری باوی رۆژگاری خۆی بوە و لە پاشان بۆ زیاتر فێربونْ چۆتە شاری سنەی کوردستان و لە فێرگەی مزگەوتی داروئیحسان، خەریکی فێربونی زانست بوە و لەو رێگایەوە پایە و پلەی زانست و ئاگاداری خۆی بردۆتە سەرێ.

خوالێخۆشبو مەلاعەبدولقادر مەولەوی مەهابادی لە سوێنگەی خودا پێدانەوە بۆی رێکەوت لەو سەردەمەدا لەو مەڵبەندە بێ بەشەدا، دەرسی زانستی پزیشکی و تەبیبی بخوێنێ و ببێتە پزیشکێکی زانا و شارەزا و داستانەکەیشی بەم جۆرەیە:

خەسرەوخانی ناودار و ناکام کە والی و هەمەکارەی سنە و ئەو ناوەناوە بوە و لە دەربـاری ئەو رۆژگـارەدا بەرێز و خـاوەن پلـەوپـایـە بوە، تـوشی نەخۆشی‌یەکی سەخت ئەبێ، کاتێ فەتحعەلی‌شای قەجەر بەم نەخۆشی‌یە ئەزانێ میرزا عەبدولوەهاب ئیسفەهانی کە لە پزیشکانی ناوداری ئەو سەردەمە بوە، بانگی ئەکا و ئەینێرێتە شاری سنە تا خەسرەوخانی ئەردەڵان دەرمان بکا و لەو نەخۆشییە رزگاری بکا، ئەوە بو کە میرزا عەبدولوەهاب لەگەڵ عەبدولقادر مەولەوی ناسیاو ئەبێ، لە چەن کۆڕ و کۆبونەوەیەکدا، تێ‌ئەگا کە مەولەوی زۆر وریا و ژیر و زانا و شیاوە و تکای لێ ئەکا و لەگەڵ خۆی ئەیباتە ئیسفەهان و دنەی ئەدا خەریك خوێندنی زانستی پزیشکی بێ، و لە گەرەکی جوبارە

پای‌منار- ی سارەبانان مال دەگرێ و ئیسفەهانی زۆریان خۆش‌ویستووە، خوالێخۆشبو مەولەوی مەهابادی، بۆ ماوەی دوانزە سالی رەبەق لە ژێر چاوەدێری ئەو پزیشکە بەناوبانگە خەریکی خوێندن و فێربونی زانستی پزیشکی ئەبێ و حەکیم عەبدولوەهاب زۆری پێ خوشبووە مەولەوی بە ناوی دەستیار لای ئەو لە ئیسفەهان بمێنێتەوە، بەڵام دوای تەواو کردن لە سەر داواکردنی عەزیزخان سەرداری گشتی کە لەو دەمەدا حاکم و فەرمانرەوای مەهاباد بوە عەبدولقادر مەولەوی ئەکرێتە سەرۆکی کاروباری «بێهداشت»ی ئەو سەردەمەی مەهاباد و لێرەوە، توانیویەتی خزمەتێکی چاك و بە کەڵك بە خەڵکی مەهاباد بکا. ئەم مەولەوی‌یە لە زانستی پزیشکی‌دا نوسراوەی هەیە و لە سالی ١٢٠٦ کۆچی مانگی لە دایك بوە و لە سالی ١٢٩٧ی مانگی بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە. حەکیم مەولەوی لە «وان» و «قارس» بە سودی عوسمانی بە دژی رووسی تەزاری غەزای کردوە و لە لایان دەوڵەتەوە بە ناوی «حافظ الصحه» لە مەهاباد و ئەو ناوچە خزمەتی کردوە و لە خالیسەی حوکومەت لە مەهاباد و سەقز و بانە زەوی کشت‌وکاڵ بە خۆی و منداڵەکانی دراوە.

کورەکانی لەلایان ئەمیرانی سەقز و بانە، بۆ تەبابەت کردن بانگ کراون. لە شاری مەهاباد چەن شوێنەواری ئەو دڵسۆزە بە یادگار ماوە: ١- مزگەوتی مەولەوی ٢- دانانی مزگەوتێ لای شێروخورشید کە لە ساڵەکانی ١٣٣٥ و ١٣٣٦ی هەتاوی «حاجی صالح شاطری» رەحمەتی بازسازی کردەوە و ئوستاد مەلاسەعید ئیبراهیمی محەمەدی کردە مودەریس و ئیمامی ئەو مزگەوتە ٣- بۆ گشت مزگەوتەکانی شاری مەهاباد بە خەتی جوانی خۆی یەکی یەك

قورئانی کاملی بو ناردون.[1]



عبدالعزیز «مەولەوی»



جەنابی دوکتور عەلی مەولەوی

---

١- سەرچاوە: شەهادەی کوردی ژمارەی ٢٨٤ سالّی ٢ لاپەڕەی ٢ سالّی ١٣٦٨ی هەتاوی و ١٠ی ئوکتوبری ١٩٨٩ی زاینی کە بە قەلّەمی شەپۆل ئەم شەرحە حالّە لە چاپ دراوە. و سوخەن سەرایانی ئازەربایجان، لاپەڕەی ٢٩٨ چاپی بێ تاریخ. هەروا: ڕوژنامەی شەهادەی کوردی بە قەلّەمی شەپۆل، سالّی ٤، ژمارەی ١٥١، چاپی ١١ ئازەری ١٣٦٥.

# مەلاعەبدوڵڵا مەولەوی

١٢٩٥-١٣٣٤

زانای ناودار مەلاعەبدوڵڵا کوڕی مەلاقادر مەولەوی مەهابادی‌یە و لە ساڵی ١٢٥٩ی کۆچی مانگی لە شاری مەهاباد لە دایك بوە و لە فێرگەی باوی خۆیدا لای مەلاعەبدولقادر مەولەوی زانستی پزیشکی فێربوە و بە فەرمانی دەوڵەت و بە هۆی خوالێخۆشبو ئەمیر نیزامی گەڕوسی[1] مەلاعەبدوڵڵا کراوەتە سەرۆکی یانەی کاروباری «بێهداشت»ی شاری مەهاباد و ئەو ناوە ناوە و بۆ ماوەی ٣٧ ساڵی ڕەبەق سەرۆکی یانەی بێهداری و کاروباری بێهداشت بوە، ئەمە خۆی تابشت و پشت ئەستوری و دڵسۆزی ئەو زانایە نیشان ئەدا.

مەلاعەبدوڵڵا مەولەوی خەت‌خۆش بوە و لە ئینشای فارسی و عەرەبیدا دەسێ باڵای هەبو و لە نوسەخ و تەعلیقدا زۆر شارەزا بوە و نۆ «٩» جزمی لە قورئانی کەریم بە شێوە خەتی عەرەبی جوان و شیوا بە دەس و خەتی جوانی خۆی نوسیوەتەوە و بە یادگار ماوەتەوە.

لە پزیشکی کۆن و زانستی هەیئەت و ئەستێرەناسیدا چەن کتێبی داناوە.

مەلاعەبدوڵڵا مەولەوی لە شێعر و شاعیریشدا شارەزا بوە و تەبعێ مەوزونی هەبوە و پەندنامەیەکی بە شێعر داناوە و بە شێوەی دیوانێك ئامادەی کردوە، بەڵام بە داخەوە هێمان وێنەیەك لەو شێعرانە بەدەس ئێمە نەگەیشتوە. ئەم زانا پایە بەرزە لە ٧٥ ساڵیدا لە ساڵی ١٣٣٤ی کۆچی بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە و لە شاری مەهاباد نێژراوە.[2] مهاباد، ساوجبلاغ مکری: نظریه آقای

---

١- ئەمیر نیزام گەڕوسی «کوردی کەبودوەند» کە لە ١٢٣٦ مانگی لە دایك بوە و لە ١٣١٧ کۆچی مردوە.

٢- بوزورگان و سوخەن‌سەرایانی ئازەربایجانی خۆرئاوایی پەڕەی ٣٠١ چاپی ڕۆژنامەی شەهادەی کوردی بە قەڵەمی شەپۆل ساڵی ٤؛ ژمارەی ١٥١ چاپی ١١ ئازەری ١٣٦٥ هەتاوی.

عبدالعزیز «مولوی»[1]

مطیعی آن ادیب پاك گوهر
مطیعی آن سخندان سخنور
تحمل کرده بس رنج و تعب را
نموده نشر کانون ادب را
بگیتی، شاعران را زنده کرده
بدوران، نامشان پاینده کرده
به نشر معرفت، هنگامه کرده
دوباره نشر بیچون نامه کرده
همان منظومهٔ پر درّ و گوهر
که شد بیرون ز بحر طبع اخگر

❁ ❁ ❁

تو را ای بهمنی! چون و چرا چیست؟
رجزخوانی به پیش خلق روا نیست؟
کسی کاو خالق این خاك و آب است؛
تمام قول او عین صواب است
تو گر اسرار خلقت را ندانی
عجب نبود، که فردی ناتوانی!
تو را گر علم و گر عرفان نباشد؛
به افعال خدا نقصان نباشد
رها کن اینهمه چون و چرا را
ببین در خلق، اسرار خدا را

---

۱- له ره‌دی بیرورِای به‌همه‌نی دا

چـــو درك ذاتـــش از فـــهـــمـــت بـــرون اســـت؛
مـــنـــزه ذاتـــش از هـــر چـــنـــد و چـــون اســـت
خـــرد لـنـگ اســـت، چـــشـم عـــقـــل كـــور اســـت
ز فـــهـــم مـــا، خـــدا بـــســـيـــار دوراســـت!
تـــو در مـــصـــنـــوع صـــانـــع را عـــيـــان بـــيـــن
جـــهـــانـــبـــان را ز اوضـــاع جـــهـــان بـــيـــن
مـرا حـــد نـيـــســـت، كـــايـــنـجـــا پـــا گـــذارم
كـــه مـــن انـــدر خـــورش، كـــالا نـــدارم
ســـراســـر سِرّ خـلـــقـــت گـفـــتـــه اخـــگـــر
دڕنـــاســـفـــتـــه‌ئـــی را ســـفـــتـــه اخـــگـــر
بـــه بـــيـــچـــون نـــامـــه‌اش، بـــيـــداد كـــرده
دل اهـــل هـــنـــر را شـــاد كـــرده
بـــبـــنـــد اى «مـــولـــوى» اوراق دفـــتـــر
ســـخـــن را خـــتـــم كـــن بـــر نـــام اخـــگـــر

یەکێکی دیکە لە بنەماڵەی زانا و فەرهەنگ دۆستی مەولەوی مەهابادی بەڕێز جەنابی دوکتور عەلی مەولەوی‌یە، کە ساڵەهای ساڵە لە رێگای پزیشکی‌یەوە بە خەڵك خزمەت ئەکا. ئێستا لە تاران دەژی و شوکر بۆ خوا ساغ و سلامەتە و لە رۆژگاری رژیمی حەمەڕەزا پەهلەوی زۆر توشی دەرد و رەنج و زیندانی بو، خوا بیپارێزێ. دوکتور عەلی مەولەوی دوای دیپلوم وەرگرتن دەبێتە موعەلیم و لە ساڵەکانی ١٣٢٨ چۆتە یارمەتی‌دانی جەنابی عەلی قازی کوڕی پێشەوا قازی محەمەد «قُدِسَ‌سِرُّه» و دەرسی پێ وتوە تا لە دەرسەکانی سەرکەوێ. جەنابی دوکتور عەلی مەولەوی لە میهری ١٣٢٧ لە تاران دەرسی پزیشکی خوێندوە و لە زانستگەی ماف (حقوق) و علومی

سیاسی و ئابوریش دەخوێنێ و لە خەرمانان (شەهریوەر)ی ١٣٣٣ شادەی دەورەی جورمناسی وەردەگرێ و لە ئابان «گەڵاریزان»ی ١٣٣٣ شادەی پزیشکی وەرگرتووە و بە پێی ئیبلاغی ژمارەی ٤٣٧٦/٤ ـ ١٣٣٦/٢/١ دەکرێتە دەستیاری ئازمایشگای فیزیك و دەرس‌بێژ و ئوستادی زانستگەی پزیشکی کە داروسازی و ددان پزیشکیش جوزوی زانستگەی پزیشکی بووە. هەروا دەکرێتە دەستیاری ئیفتخاری بەشی جەراحی بیمارستانی پەهلەوی تاران و لە ساڵی ١٣٣٥ دەینێرنە شاری سەقز و دەبێتە سەرۆکی یانەی بیهداری و دەس دەکا بە نەخۆشخانەسازدان و تەنانەت وەزیری بیهداری تەشویق و تەقدیرنامەی دەکا. بەلام روکنی ٢ی ستادی ئەرتەش لە سەقز بە بیانوی ئەوە کورد نابێ لە کوردستان خزمەت بکا، دوای ١٨ مانگ لە سەقز نەقلی دەکەنە کاشان. ئەویش ناچێ و لە پاشان دەبێتە کەفیلی بیهداری شاری دەماوەند.

لە دواییدا بە پێی نامەی ٥٤٦٣٩ ـ ١٣٣٣/٧/١٥ی وەزارەتی فەرهەنگ دوای ٢٨ی گەلاوێژ «مورداد»ی ١٣٣٣ لە سەر کار لادەبرێ و بۆ ماوەی ٦ ساڵ زیندانی دەکرێ و دوای ئازادبونیش «ممنوع الخروج» دەکرێ تا ساڵی ١٣٥٨ کە بە پێی نامەی ٢٩١.و.ك.م ـ ١٣٥٨/٩/١٥ چونە دەرەوەی لە سەر لادەبرێ و شوکر بۆ خوا ئێستا جەنابی دوکتور عەلی مەولەوی ساغ و سالمە و لە تاران خزمەتی پزیشکی دەکا «شەپۆل».

یەکێکی دیکە لە بنەماڵەی مەولەوی، جەنابی دوکتور عەبدوڵلا مەولەوی‌یە کە ئێستا لە شاری زانین و عیلم‌پەروەری مەهاباد خەریکی تەبابەتە و بە خەڵك خزمەت ئەکا، خوا بیپارێزێ.

# مەولانا سەیید محەمەد کوردی

**١١٢٧ ـ ١١٩٤ مانگی و ڕێکەوتی ١٧١٥ ـ ١٧٨٢ زاینی**

سەیید محەمەد کوڕی سلێمانی کوردی‌یە و لە ڕۆژگاری خۆیدا فەقیهی شافعی بوە لە دیاری حیجازدا.

ئەم زانایە هەروەکو لە پەراوەی «معجم المطبوعات ١٥٥٥» نوسراوە کوڕی «سلێمان»ە و لە سالّی ١١٢٧ی مانگی و ڕێکەوتی «١٧١٥»ی زاینی لە شاری دیمەشقدا لە دایك بوە. لە یەك سالّیدا ئەویان هێناوەتە شاری «مەدینە» و لەو شارەدا پەروەردە بوە و لای زانایانی ئەو شارە خەریکی خوێندن بوە و مەعْرفی ئیسلامی تەواو کردوە و لە پاشان بۆتە سەرۆکی کورسی ئیفتا و ڕچەی ئیمام شافعی و لە سالّی ١١٧٢ی مانگیدا بۆ ئەوەی بچێتە ڕۆم چۆتە دیمەشق، لە ئوستاد بەکری و محەمەد شەمس دیمیاتی و ئەحمەد شەهاب جەوهەری و چەن زانای‌تر فەرمودەی پێغەمبەری مەزنی ئیسلامی ریوایەت کردوە.

زانای بەناوبانگ سەیید مخەمەد کوردی مەدەنی شافعی یەکێك بوە لەو زانا گەورانەی جیهانی ئیسلام کە زۆر ئاگادار و ورد بوە، لە فیقهو مەعاریف و زانستی ئیسلامەتیدا.

ئەم زانا نورانی‌یە لە ٦٧ سالّیدا لە ١٦ی «ربیع الاولی» سالّی ١١٤٥ی مانگی بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە و لە شاری مەدینە مردوە و لە نێزیك «قبەی عبّاس» لە مەدینەدا نێژراوە.

سەیید محەمەد کوردی چەن کتێبیشی نوسیوە:

١ـ کتێبی «الحواشی المدنیه» ئەمە حاشییە و کۆبە و پەراوێزێکە لە سەر «شەرح ابن حەجەر هەیتەمی لە سەر مقدمەی حضرمیه» نوسراوە. ٢ـ کتێبی: «فتح القدیر» بە کورتی «متعلقات نسك اجیر» لە فیقهی شافعیدا. ٣ـ فەتاوا چاپی ـ٤ـ جالیة الهم و التوان عن الساعی لقضأ حوائج الانسان «خەتی» کە چل فەرمودەیە. ٥ـ شەرحی فەرائیضی توحفە. ٦ـ عقود الدرر فی مصطلحات توحفەی کوڕی حەجەر ٧ـ شەرح لە سەر غایەی خەتیب ٨ـ فەوائید مەدەنی لە بابەت ئەوانەی وا بە فەرمودەی ئیمام شافعی فتوا ئەدەن و خۆیشیان لە سەر ڕچەی ئیمام شافیعین ٩ـ کاشف إللثام عن حکم التجرد قبل المیقات بلااحرام ١٠ـ الثغرالبسام عن معانی الصور التی یزوج فیها الحکام ١١ـ زهر الربی فی بیان احکام الربا.

سەرچاوە: موورادی: سلك الدرر ٤: ١١١ و الکتبخانه ٣:٢٢٤ و ثبت ابن عابدین ٤٢ و التذکرة المکالیة خ و الفکر السامی ٤:١٨٣ و التیموریة ٣:٣٥٦ و Brock 511«389»2: و معجم المطبوعات ١١٥٥ و معجم العظم: السر المصون ١٥٦، فهرس المؤلفین بالظاهریة، عثمان الوائلی: اصفی الموارد ٨٥، ٨٦، البغدادی: هدیه العارفین ٢:٣٤٢، فهرست الخدیویة ٣:٢٢٤، ٢٢٥ اسعد طلس الکشاف ٢٤٣ ،فهرس الازهریة ٢: ٢٥٣، فهرس التموریة ٢:١٩٧، ٣٩٥، ٣:٢٥٦، البغدادی: ایضاح المکنون ١:١٢٩، ٢٥٧، ٣٤٥، ٤٥٦، ٤٢٣، ٦١٧، ٢:١٥٧، ١٦٨، ٢٠٤، ٣٦٧، ٥٤٣، ١١٣ نەقل لە ج ١٠ معجم المؤلفین پەڕەی ٥٤ چاپی بیروت و ئەعلامی خەیزە دین زەرەکلی ج ٦ چاپی ٦ پەڕەی ١٥٢. چاپی ١٩٨٤ ز.

«مکارم الآثار» بەرگی یەکەم پەڕەی ٢٤١ چاپی دووەم ئیسفەهان سالی

١٣٦٢ هەتاوی نوسراو «محمدعلی معلم حبیب‌آبادی» لە شەرحی حاڵی ریجالی دو سەتەی ١٣ و ١٤ی مانگی.

محەمەد کوردی، کوڕی ئەبوبەکر کوڕی سولەیمان ـ ی کوردی، سەهرانی، حەنەفی کە شەرحی لە بوردە کردوە لە ١٠٤٨ی مانگی و ١٦٣٨ی زاینی لە ژیاندا بووە.[١]



١- بڕوانە حاجی خەڵیفە کەشف زنون ١٣٣٥.

# ماه شەرەفخانم مەستورەی کوردستانی

١٢٦٣-١٣٣٠

خاکی تەرز و بەرز و جوان و گوڵ گوڵین و پڕ پیتوبەرەکەت و رازاوەی پڕ لە کێوی بەرز و دەشتی سەوز و لێرەواری شادیهێن و خەمڕەوێنی کوردەواری زۆر لە بار و دڵگیر و دڵڕفێنە و خودانی ئاو و هەوایەکی گیانپەروەر و شاعیرانەیە، جا هەر لەبەر ئەمە زۆر لە مێژە لانی میران و شێران بوە و لانکی زانایان و بیرەوەران و فەرهەنگپەروەران و فەیلەسوفان و شاعیران و هونەروەران بوە و هەیە و هەزارەها میر و مەزن و ناودار و وێژاوەر و ئینسانی ژیر و عاریفی مەزن و خواناس و پیر و ڕابەری تەریقەت و شەریعەتی لە ناو سینگی خۆیدا پەروەردە و باغ و بێستانی فەرهەنگ و ژیار و زانستیان رازاندۆتەوە و فێرگەی فێرکردن و بارهێنانی عیلم و عیرفان و زانست و هونەریان خەملاندوە.

زۆربەی ژنان و پیاوانی کورد لە سوێنگەی ئەم پیت و بەرەکەتە مەعنەوییەوەیە کە لە ئەرز و ناخی بە ودم ـ پاکی [illegible] کوردەواری ئاوا شاعیر و زانا و مرۆڤی بە نەشە و بە بیر و ژیری بار هێناوە. بەڵام لە رابوردودا لەبەر ئەوەی فێرکردن و بارهێنان بەرتەسك بوە و بۆ هەمو کەس بوزی نەخواردوە و ئەبو لە ڕێگای فەقێیەتیەوە بڕوا فێری زانست بێ، ژمارەیەکی کەم لە ڕێگای حوجرەوە خوێندویانە و بەڕاستی پیاوانە و مەردانە و بە زانستە و بە دانستەشیان خوێندوە و هەر یەکە لە راست خۆیدا بۆتە کۆلکەزێڕینەیەك و بە نوری زانستی خۆی ڕەنگی بە دنیا داوە و بە تایبەت جهانی ئیسلامی لە زانست و مەعریفەت پڕ و تەژی کردوە. بە داخەوە زۆربەی شوێنەواری ئەوانەش بە تایبەت ئەو شوێنەوارانەی کە بە زمانی کوردی بون لەبەر بەرچاوتەنگی جیرانەکان و سەددام و لەبەر بەخیلی و ڕق و قینی تاغوت و

تاغوتیان و ستەمکاران کە بە ملهوڕی بە سەر ئەم ناوە ناوەدا خۆیان داسەپاندوە و هەروەها لەبەر کەموکوڕی یا برە شێعرێکی شەلوپەت یا کتێبێکی کاغەز پوواو لەملاولەولا پەیا ئەبێ.

جا هەر چەند، وەك حاجی قادری رەحمەتی فەرمویەتی: «لەبەر بێ دەفتەری ون بون و فانی» بەڵام ئەگەر لە «هەشتێك مشتێك» و لە «کۆشکێ خشتێکیش» ماوە، هێشتا هەر زۆر دەوڵەمەندین، وە بەڵگەی تەبعنازکی شێعر و هەڵبەستەی مناڵانی کوردستانمان لەبەر دەستایە، وە دەزانین کورد لەم هونەرە جوانەدا چەند وەستا و دەست ڕەنگینە.

کوردستان ئەو پارچە بەهەشتە بێوێنەیە، زۆر کیژی زۆر هونەرمەندی پێگەیاندوە، زۆر دور نەڕۆین مەستورەی کوردستانی یەکێك لەو ژنە بلیمەت و زانیار و وێژاوان و پایە و پلە بەرز و تەرز و ناودارە کوردانەیە.

**مەستورە کێ بوە و لە کوێ بوە:**

لە رۆژگارێکی ئەنگوستە لە چاودا ئەستێرەیەکی گەش لە بن هەوری چڵکن و تاریکی ئەو رۆژگارەدا لە ئاسۆی شێعر و وێژاوەری و ئەدەبی فارسی و کوردی وەك رۆژ هەڵات و پەردەی رەشی دادڕدادڕ کرد بە شێعری رەوانی خۆی کە لە سەرچاوەی روناکی دڵ و دەرونی هەڵقوڵاوە و تاڤگەی کردوە. بازاڕی ئەدەبی ئافرەتانی کوردی رازاندۆتەوە و خستویەتە برەو.[1] ئەو ئەستێرە گەشە ناوی ماەشەرەف خانمە کە «مەستورە»ی بۆ نازناوی شێعری خۆی هەڵبژاردوە.

---

١- مەستورە خانم هاو ڕۆژگاری ئەم دو شاعیرە گەورە بوە: «نالی» و «مەولەوی». نالی لە ساڵی ١٧٩٧ی زاینی لەدایك بوە و لە ١٨٥٥ زاینی بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە و مەولانا حەکیم مەولەویش لە ١٢٢١ لەدایك بوە و لە ١٣٠٠ی کۆچی مانگی بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە.

ماهشەرەفخانم کچی ئەبولحەسەن خان، خێزانی خوسرەوخان ئەردەڵان ناودار بە خوسرەوخانی ناکام والی کوردستان بوە و لە ساڵی ١٢٢٠ کۆچی مانگی لە شارە زانست پەروەرەکەی «سنەدژ»ی کوردستان لەدایك بوە و لە ساڵی ١٢٦٣ی کۆچی مانگی لە شاری سلێمانی بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە و ئەم ژنە مسوڵمانە ٤٣ ساڵ لەم دنیایەدا ژیاوە.

خانەوادەی مەستورە خانم بە قادری ناودارن و باپیرەی ناوی محەمەدئاغا باوەگەورەی هۆزان و زانای مەزن ئایەتوڵڵا مەردۆخی کوردستانی‌یە. ئەم محەمەد ئاغایە نازری سندوقخانەی «ئەمانەڵڵاخان» والی بوە و باوکی و بنەماڵەکەیان لە مەردانی رۆژگاری فەرمانڕەوایانی ئەردەڵانی بون.

**میرزاعەلی ئەکبەر و مەستورەخانم**

میرزاعەلی ئەکبەر سادیقولمولك کە تاریخی کوردستانی لە ژێر ناوی «حەدیقەی ناسریە»دا نوسیوە لەم بارەوە دەڵێ: لە بنەماڵەی ئێمەدا کیژێکمان لێ هەڵکەوتوە، کە ئامۆزای منە و ناوی ماهشەرەف خانم و نازناوی شێعری مەستورەیە. لەبەر ئەوەی خانمێکی ناسكخەیاڵ و شاعیر و پڕ هەست و بیر و ژیر و زانا و خۆش خەت و دەس و قەڵەم جوانە، شیاوی ئەوەیە کە مێژونوسان مێژوی خۆیان بۆ یادگار بە ناوی ئەم خانمە برازێننەوە، زیاتر لە بیست هەزار شێعر دیوانی غەزەل، قەسیدە و شێعری‌تری هەیە.

رەزا قولیخانی هیدایەت[1] نوسیویەتی: مەستورە خانمی کوردستانی ژنێکی نەجیب، ناو بە دەرەوە و کچی ئەبولحەسەن خان و خێزانی خوسرەو خانی والی سنە و جوان چاك و پاك داوێن و پیاوانە و خۆش خەت و ناوی ماهشەرەف خانم بوە و لە ساڵی ١٢٦٣ی کۆچی مانگیدا کۆچی دوایی کردوە

---

١- بەرگی ٢ی کتێبی مەجمەعولفوسەحا لە باسی یادکردنی شاعیرانی هاو رۆژگاردا پەرەی ٤٥٦.

و ئەوەی لە مەستورە خانم بە یادگار ماوەتەوە، ئەمانەن:

١ـ دیوان غەزەلی فارسی کە زیاتر لە دوهەزار شێعرە و لە بەرواری ١٣٠٤ هەتاویدا بە هیمەتی خوالێخۆشبو شێخ یەحیا مەعریفەت و میرزا ئەسەدوڵڵاخان کوردستانی لە تاران لە چاپ دراوە. «نوکتە: ئەم دیوانە لە ساڵی ١٣٦٢ هەتاویدا لە سێ هەزار نوسخەدا دوبارە لە چاپ دراوەتەوە «شەپۆل»

٢ـ مێژوی ئەردەڵان کە لە لایەن خوالێخۆشبو ناسرخان ئازادپور لە بەرواری ١٣٣٨ هەتاوی لە شاری سنە لە چاپ دراوە.

٣ـ هەندێ شێعری کوردی بە زاراوەی کرمانجی و گۆرانی کە هێمان لە چاپ نەدراوە.

٤ـ نامیلکەیەك لە ئوسولی ئەقیدە و ئەحکامی ئیسلامیدا کە بەداخەوە چاپ نەکراوە.

مەستورە خانم لەگەڵ خوسرەوخانی مێردی خۆیدا موغازەلە و شێعر شێعرێنی زۆری کردوە، ئەمە خۆی هۆیەکی گرینگ بوە بۆ ئەوەی مەستورەخانم بگاتە دوندی بوێژی و شاعیری. ئەڵێن خوسرەوخانی ناکامیش دیوانی شێعری هەیە.

**مەستورە:**

مەستورە ئەم شاعیرە شیرین کەلامە لە رۆژگارێکدا کە خوێندن و نوسین بۆ ئافرەت بە گوناحێ گەورە دائەنرا، زۆر بێباکانە خەریکی غەزەلدانان و نوسین و شێعروتن بوە، هەر وەك بولبولێکی خۆش دەنگ و ئاوازە لە گوڵستانی ئەدەبی کوردستاندا خەریکی چریکە چرین بو و لەگەڵ شاعیرانی کورد و فارسی سەردەمی خۆی وەك نالی و یەغمائی جەندەقی خەریکی شێعرێن و موغازەلە وتن بوە.

ماهشەرەفخانم لە رۆژگاری ژیانی خوسرەوخانی مێردیدا زۆر بەخێر و

خۆشی و شادمانە ژیاوە.

هەروەك لە شوێنەوارەکانیدا دەرئەکەوێ لەگەڵ خوسرەوخانی مێردیدا هەستی بە خۆشبەختی کردوە، رۆح و گیانی لە پەنای مێردەکەیدا زۆر ئارام و لە ئارا و قارادا بوە، بەڵام دوای مردنی خوسرەوخانی مێردی توشی توشیی و رۆژەرەشی هاتوە. مەستورە خانم لە کتێبی مێژوی ئەردەڵان ژیانی خۆی لەگەڵ خوسرەوخانی مێردیدا بە شێوەیەکی شیرین باس ئەکا و ئەڵێ: کاتێ ئەمانەڵڵاخانی گەورە بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە و چوەتە بەهەشتی بەرین، خوسرەوخانی کوڕی کە لە کاتی ژیانی باوکیدا بە ناوی وەلیعەهدی ئەناسرا بوە جێنشینی و دەسی کرد بە فەرمانڕەوایی. لە بابەت خوی چاك و ئاکاری پیاوانە و مەردانەی خوسرەوخاندا و هەروەها لە بابەت دادگەری و هێز و میری و راوتەگبیر و فەرمانڕەوایی ئەودا بە قەڵەمی بڕا و رەنگینی خۆی ئاوای نوسیوە:

...«خوسرەوی سێیەم لە هەمو جۆرە خەتێکدا خەتی بە سەر دەفتەری مامۆستایانی بە رودا کێشاوە و لەهەمو جۆرە ئینشایەکدا، مونشیانی لایق بونەتە شاگردی و لە سەدەفی قەڵەمی دوڕ و مرواری ئەتکا و لە زریای بیری پڕ هەست و بیری گەوهەری دوڕ و مەرجان دائەدەڵییە خوارێ و لە رۆژگاری فەرمانڕەوایی خوسرەوخاندا ئاسکی ناسك شیری گووانی شێری ئەمژی و باز کەوی لە بن سێبەری باڵی خۆیدا کەوی ئەکرد و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خوسرەوخانی، خانی خانانـدا، نیوێك لە زوڵم و ستەمکردن نەمابو، دار و فەلاقە، وەك عەنقا وابو، هەر ناوی مابو، مەگەر لە سەرەتای فەرمانڕەواییدا کە بێئەزمون بو بۆ وێنە هەندێ کەسی لەباب و مامەکانمی بەندکرد و بێئەوەی گوناحێکیان هەبێ سی هەزار تمەن جەریمەی کردن، بەڵام لە دواییدا کە بێتاوانییان دەرکەوت، خوسرەوخان بانگی کردنە لای خۆی و خەڵات و بەراتی دانێ و پلە و پایەی بەوان بەخشی، لەبابەت گرتن و بەندکردنی خزمەکانی ئەنوسێ: خوسرەوخان لە ماوەی نۆ ساڵ فەرمانڕەواییدا لەوپەڕی

سەربەخۆییدا میری کردوە و لە گوڵشەنی کەوشەنیدا، پێکوڵێك لە بنپێی کەسێك هەڵنەچەقیوە و ئازارێك بە زیندەوەرێك نەگەییوە، تا ساڵی ١٢٤٦ی هەتاوی ئەوەڵی بەهار نەخوشی تاعون روی کردە وڵاتی ئەردەڵان و بە داخەوە هەشتهەزار کەسی مراند.

هەلومەرج و هەڵکەوتی شوکردنی مەستورە خانم بە خوسرەوخانی والی بەم جۆرە بوە، ئاژاوەیەك کە لەلایەن هەندێ ناکەسانەوە بە دژی خوسرەوخان ساز ئەدرێ دژ و دوژمنانی بنەماڵەی مەستورەیشی تێوە ئەدەن، بابی مەستورە و مامەکانی کە لە دەزگای خوسرەوخاندا پایە و پلەیەکیان هەبوە بە بەشداری کردن لەو ئاژاوەیەدا تاوانبار ئەکرێن و ئەکەونە بەر قار و قینی خوسرەوخان، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە، دەرئەکەوێ بنەماڵەی مەستورە بێتاوان بون و خوسرەوخان ئەیانبەخشێ و خەڵات و بەراتیان ئەکا و ئەمە ئەبێتە هۆی شوکردنی مەستورەخانم بە خوسرەوخانی ناکام والی کوردستانی.

بەڵام چونکا دوای هەر بەرزبونەوەیەك سەرەوژێرییە و دوایی هەر گیانلەبەرێك نەمانە ئەوە بو لە ئاخر و ئۆخری مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٢٤٩ی کۆچی مانگیدا خوسرەوخانی ناکام توشی نەخۆشی جیگەر هات و لە رۆژی پێنجشەمە دوەمی رەبیعی ئەوەڵ لە ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی مانگی مەلی گیانی جوانەمەرگی بەرەولای داری توبای بەهەشت هەڵفڕی.

مەستورە خانمیش سیانزە ساڵی رەبەق دوای مەرگی مێردە ناکامەکەی لە ناومال و منداڵی ئەردەڵاندا بە بێوەژنکۆشی رایبواردوە و هەروەك لە پەڕاوەی مێژوەکەیدا دەرئەکەوێ، لەو ماوەی سیانزە ساڵەدا کە فەرمانڕەوایی بە دەس (رەزاقولیخان)ی کوری خوسرەوخان و مەستورەخانمەوە بوە، رۆژگارێکی تاڵ و ناڵەبار بوە و توشی کەند و کوسپ بون و دوای حەوت سەتە کە فەرمانڕەوایی لە دەس بنەماڵەی ئەردەڵاندا بوە، رۆژگار، وزەیان، لە دەس ئەڕفێنێ و فەرمانڕەوایی کوردستان لە دەس (رەزاقولیخان) دەردێنێ و دوایی

بە فەرمانڕەواییان دەهێنێ.

بەڕێز کاك کەلیمولّلا تەوەحوحودی[1] ئەنوسێ:

مەستورەی کوردستانی وێنەی پەروینی ئیعتیصامی‌یە و ئەم بڕە شێعرە کوردی‌یە هی مەستورەخانمە، بەڕێز سەید محەمەد صەمەدی لە مەهابادەوە بۆی ناردوە و لە کۆبەی = کتێبەکەیدا لە چاپی داوە و ئێمەیش بۆ ئێوەی بەڕێزی ئەگێڕینەوە:

**غەزەل:**

گرفتارم بە نازی چاوەکانی مەستی فەتتانت
بریندارم بە زەخمی سینەدۆزی تیری موژگانت
بە زوڵف و پەرچەم و ئەگریجەکانت غارەتت کردم
دڵێکم بو ئەویشت خستە نێو چاهی زەنەخدانت
تەشەکور واجبە بۆ من ئەگەر بمرم بە زەخمی تۆ
بە شەرتێ کفنەکەم بدرون بە تای زوڵفی پەریشانت
جەنابا! ئاشقان ئەوڕۆ، هەمو هاتونە پابوست
منیش هاتم، بفەرمو بمکوژن بمکەن بە قوربانت
لە کوشتن گەردنت ئازا دەکەم خۆت بێیتە سەر قەبرم
بە رۆژی جومعە بمنێژن لە لای نەعشی شەهیدانت
کەسێ تۆ کوشتبێتت رۆژی مەحشەر زەحمەتی نادەن
ئەگەر وەك من لە ئەو دنیایەسوتابێ لە هیجرانت

ژیناوەری زانایانی کورد...[2] لە بابەت مەستورەخانمەوە چەن مەبەستێکی

---

١- بەرگی دوەمی حەرەکەتی کورد بۆ خوراسان چاپی ١٣٦٤، خۆری پەرەی ٥١١

٢- یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست نوسراوی: محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل) چاپی . تاران ساڵی ١٣٦٤ هەتاوی پەرەی ٣١٦ و ٣١٧ و ٣١٨ و ٣١٩

نوسیوه و لەبن سەردێری (روت)دا ئەم شێعرە کوردی‌یانەی گێراوەتەوە:

روت:

روتــە کە روتــە یـا شــەبــەحی مـانگـی ئـاسـمـان
قــەد و خــەرامـی تــۆیــە یـا ســەروی بـۆســتـان
نەمدیوە مانگیّ کـڵاوی لە سەر بیّ غەیـری تـۆ نەبیّ
مـەعـشـوق و نــەوجـەوانـی وە نـاو گـوڵـسـتـان
یـا شـێـخ ئـەونــە نـاوی قــورئـانــم لا مــەوە
من دینـی نیـگاری خـۆم بەسە وا دام بە تـۆ جـەنـان
گیـانە لـەوانە نیـم کە لەبـەر گیـان بـڕۆم لـە لات
گـەر تیـر ببـاریّ حـازرە گیـان ئەیکەم بە نیـشان
مـەسـت و مـەدهـۆشـم دەمـیّ یـار پـێـم کـەرەم کـە
شەهدی حەیات و ئاویّ حەیوان و عومری جاویدان

مەستورەخانم لە دیوانی شێعرە فارسی‌یەکانی خوێدا ناوی خۆی بەمجۆرە ئەبا و ئەڵیّ:

**شیعر**

خــورشــیــد وش و بــنـام مــاه شــرفـم
مــســتوره و خــســرو زمـان را طــرفـم

**بە زاراوەی هەورامی**

خــوسـرەوم وەهــار خــوســرەوم وەهـار
یـاشـانـە بـووە ئـیـمـسـان نـەو وەهـار
بـەرنـیـان وەبـەر گــوڵان جـە گـوڵـزار
نـەکـەرۆ درەخـت شـکـۆفـە ئـیـظـهـار
نـە صـەحـن چـەمـەن نـووانـۆ بـولـبـول
هـەنـی نـەنـیـشـۆ ژاڵـە نـە روی گـوڵ

نیلوفەر تا حەشر بەرنیو جە ئاو
جە روی گوڵ سور نەکیشۆ گوڵاو
وەنەوشە و سونبول نەسرین و شەوبۆ
تا قام قیام بەرنیان جە کۆ
سوسن و لالان خوار و نگون بان
شەقایق رەنگ زەرد جگەر پڕ هون بان
نەسیم صەبا نەیۆ وە چەمەن
نە شانۆ شەونم وە روی نەستەرەن
جەعفەری و سەمەن رێحان و بەیداخ
نەرویان جە خاك چەنی ئاخ و داخ
ئاغەم: دەمای مەرگ دیدە شەهلای تۆ
یاشا کەس نەرگس نەکەرۆ، وە بۆ
بگیرۆ، وەدەس هەرکەس دەسەی گوڵ
وێنەی نێش خار بپێکۆش نە دڵ
قەقەهەی کەوان نەبۆ نە کۆسار
نە رەنگ گوڵ بۆ نە بەزم گوڵزار
برەژۆ سووەیل ئیمساڵ چون ساڵان
رەنگ سور نەکەرۆ، بەرگ نەوهاڵان
پەی چی (خوسرەو) بەند نە تۆی مەزارەن
(مەستورە) جە سەیر وەهار بێزارەن
قەسەم بەو خودا واحید و فەردەن
نەی چەن رۆژەی عومر تا وادەی مەردەن
جە دەمای خوسرەو سەریر صەحرا و دەشت
ئارەزوی چەمەن تەماشا و گوڵگەشت

نەگهەتی گوڵان شەمامە و شەوبۆ
جە دنیای پڕ مەکر جە من حەرام بۆ
(مەستورە) مەلول دڵ جە مەینەت مەس
جام عەیش توهی شیشەی غەم بە دەس
فەلەك نە جەورەت زار و سەرگەردان
وەختەن دەیری بشون وە هەردان
نەی زوڵم سەنگین نەی بێدار تۆ
هەر مەواچون داد هەر مەکەرون رۆ
والی ذی شەوکەت یوسف لەقام بۆ
ئیسکەندەر قودرەت حاتەم عطام بۆ
هوژەبر بێباك روی مەیدانەم رۆ
فەخر دودمان (ئەردەڵانەم) رۆ
جەوان نەورەس نمەکینەم رۆ
مایەی دڵ وەشی دنیا و دینەم رۆ
شەمع شەبستان خوسرەو خانەم رۆ
مایەی شادی و شەوق کوردستانەم رۆ
زوبدەی والیان والا جاهەم رۆ
(فخرالولاتم) میهر شاهەم رۆ
جەمشید ثانی فەرەیدونەم رۆ
ئێسە گیردام قەبر دونەم رۆ
شاڵاڵ کەمەر هەم ڵاڵ بەخشەم رۆ
ثانی توهومتەن صاحیب رەخشەم رۆ
ڵاڵ بەخش! خۆم فیدای ڵاڵ بەخشانت بام
فیدای بەزم عەیش مەی نۆشانت بام

خوسرەو؟ ئامانەن فیدای نامت بام
دەستاخی مەزار قەید دامەت بام
فیدای دو دیدەی مەست مەخمورەت
قوربان رەنجش لاشەی مەهجورەت
قوربان ناڵەی زار و زگارت
فیدای زەلیلی دەس ئازارت
خوسرەو! خۆم فیدای نەوجەوانیت بام
فیدای تاج و تەخت خوسرەوانیت بام
فیدای جەوانی کام نەیاوات بام
فیدای ماڵ چۆڵ (خوسرەو ئاوا)ت بام
(مەستورە)! نە جەور دنیای پڕ تەزویر
نە جای تەقریرەن نە یاگەی تەحریر

ئەم شێعرانە برای دڵسۆزم کاك بەهائەدین مەردۆخ بە دیاری ناردویەتی و منیش هێنامە سەر ڕێزمانی کوردی و ئەوا بە سپاسەوە لە چاپی ئەدەین. هەروا کاك عبدالرحمن پاشا لە گۆواری سپیدە بە ناوی دیاری «شەپۆل» لە سپێدەی ژمارەی ٣ و ٤ی پایزی ١٩٩٣ پەڕەی ٤٥ و ٤٦ لە چاپی داوە.

سەرچاوە:

١- کتێبی حەدیقەی ناصریە مێژوی کوردستان نوسراوی میرزا عەلی ئەکبەر صادیقولمولك خەتی.

٢- مەجمەعولفوصەحا بەرگی ٢ نوسراوی رەزاقولیخان هیدایەت پەڕەی ٣٥٦.

٣- حەرەکەتی مێژویی کورد بۆ خوراسان بەرگی دوەم نوسراوی زانای بەڕێزی کورد کەلیمولڵا تەوەحودی چاپی ١٣٦٤ هەتاوی پەڕەی ٥١١ و گەنجینەی فەرهەنگ و زانست.



ساختومانی نشیمەنی مەستوورە خانم کوردستانی، لە شاری سنە

# یونس کاتب

## ١٣٥ی مانگی و ٧٥٢ز

یونس کاتب، کورد،_ ناوبراو ناوی یونسە و کوڕی سلێمانی کوڕی کوردی کوڕی شەهریاری کوردە و ئەچێتەوە سەر هورموز. ئەبو سلێمان یەکێکە لە نەوابیغی موسیقی زانانی سەتەی دوەم، لە شێعر وتن و نوسینیشدا مامۆستای رۆژگاری خۆی بوە، موسیقی لای مامۆستاکانی ئەوکاتە، وەکو کوڕی شورەیح و کوڕی «محرز» و غەریز و مەعبەد، فێربوە و زۆربەی خوێندنی لای مەعبەد بوە. باوکی لە هەرێمی کوردەواری‌یەوە کۆچی کردۆتە شاری مەدینە. یونس لە مەدینە لەدایك بووە و هەر لەویش خوێندویەتی و لە نوسین و شێعر و شاعریدا کەم‌وێنە بووە و هەر لە شاری مەدینەشدا بوتە دەبیر و سەرنوسەری نوسینگەی حاکمی ئەوێ. یونس گۆرانی و موسیقی لە کەسانێکی وەك «مَعْبَد و ابن محرز» فێربووە. یونس بۆ بازرگانی سەرێکی لە شام دا و وەلیدی کوڕی یەزید، کە هێمان دەسی بە حوکومەت کردن نەگەییبو، یونس ـ ی بانگ کردە لای خۆی و زۆری رێز بۆ دانا، جا دوای ئەوەی چووە سەر حوکم، یونس ـی لە مەدینەوە بردە لای خۆی تا رۆژێ کە وەلید زیندو بو، لەتەك ئەوا بو، بەڵام دوای کوژرانی ولید، یونس گەڕاوە شاری مەدینە.

ئەبولفەرەج ئیسفەهانی خێوی کتێبی ئەغانی نوسیویەتی: یونس کاتب، دەنگ و ئاوازێ زۆر خۆشی هەبو، وە لە زانستی موسیقی و ئاهەنگ‌دانانندا، ئیبتیکارگەلێ تایبەت بە خۆی هەبو، شێعر و هۆنەی زۆر جوان و رازاوە و بەرێ‌وجێی دەوت، قسەکانی یونس لە بابەت عیلم و زانینی ساز و ئاواز و موسیقی زۆر جێگای برِوا و باوەڕی ئەهلی فەن بو، یونس کاتب یەکەم کەسە کە دام‌ودەزگای ساز و ئاواز و موسیقای تەنزیم و رێك‌وپێك کرد و بە وێنەی کتێبێك دایناوە و قاعیدە و زاکۆن و رەزەن و دەستوری بۆ داناوە، چ لە بابەت

ئاواز و ساز و موسیقی و چ لە بابەت گۆرانی‌بێژانەوە. یونس کاتب لە حودودی ساڵی ١٣٥ی مانگی وەفاتی کردوە.

**نوکتە: ئەوانەی وا خاوەن بیروڕا بون لە ساز و ئاواز و فەن و فوت و قاعیدە و زاکۆنی موسیقا و کتێب و پەراویان نوسیوە ئەمانەن: ئیسحاق موسڵی** کوڕی ئیبراهیم کوڕی ماهانی رازی کە لە ٨٥٠ی زاینی وەفاتی کردەوە، گامی فیساغورسی لە سەرڕا بە نیزامە کونەکانی عەرەبی سامانی داوە کە بە وێنەی سەرەتای خۆی رێك و پێکی کردون و لە بابەت مێتۆد و فەن و دەستور و زاکۆنی ساز و ئاواز و موسیقی‌یەوە یەکی خستون و بیروڕای خوێشی لە سەر زیاد کردون و لە پەراوەی نغمات و ایقاعات و ئەوزان، نوسراوی خۆی بۆ ئێمەی بە یادگار بەجێ‌هێشتوە.[1] O صەفیەدین عەبدولموئمین کوردی ورمێ کە لە ١٢٩٤ی زاینی وەفاتی کردوە، کتێبی «بهجةالروح»ی داناوە و قانونی چوارگۆش کە بە مُزهِە، ناوداره و سازێکیشی بە ناوی موغەننی ساز داوە. هەروا لە سەتەی سێزدەی زاینی‌دا فێرگەی «منتظمیەی» تازەی دامەزراند، بیروڕای ئەم زانایە لەم دو نوسراوەدا بە ناوی ١ـ بشرفیە ٢ـ پەراوەی مقاماتی موسیقایی، تێدا شەرح دراوە، حاجی خەلیفە دەنوسێ: موئمین لە ریزی یەکەمی ئەو زانا و دانایانەیە کە لە بابەت تێئۆری موسیقی‌یەوە شتیان نوسیوە، هەرچی ناوە لەو وەرگیردراوە، بۆ وێنە شەرحی مەولانا موبارەك‌شا لە بابەت مەقاماتی موسیقیەوە، تەفسیرە لە سەر بیروڕای صەفیەدین عەبدولموئمین ورمێی کورد.[2] صەفیەدین لە[3] پەراوەی خۆیدا تەواوترین گامی سازداوە.

بوعەلی سینا بە نێوی گامی ئێرانی کۆن ئەم مەقامانەی ناوبردوە و قسەی

---

١- لاپەرەی ١١٩: دو وتار لە بابەت خونیاگەری و موسیقی لە ئێران نوسراوی مری بویس ـ هنری جورج فارمر، تەرجەمەی بیهزادباشی چاپی ١٣٦٨ی هەتاوی.

٢- لاپەڕەی ١٢٤ و ١٢٧ دو وتار لە بابەت خونیاگەری موسیقی لە ئێراندا چاپی ١٣٦٨ی هەتاوی.

٣- لاپەڕەی ١٢٧ و... سەرچاوەی بەرو.

لێوە کردون. عەبدولموئمین لە تەعریفەکانی فارابی و بوعەلی‌سینا رەخنە و ئیرادی گرتووە.

○ عەمر کوڕی خدرە کوردە(١) کە لە ساڵی ١٣٩٧ی زاینی وەفاتی کردوە، کتێبی «گەنجی»ی تەحقیقی لە مەقامات و ریتم‌گەلدا داناوە.

ابن فناری کورد کە لە ١٤٣٠ی زاینی وەفاتی کردوە و لە دائرةالمعارف علومدا لە بابەت موسیقاوە دواوە.

○ عەبدولقادر بن غەیبی مەراغی کورد کە کتێبی جامع‌الالحان و چەن پەراوەی‌تری نوسیوە، لە ١٤٣٥ی زاینی وەفاتی کردوە(٢)

○ عەبدولعەزیز کوڕی قادر و یەکێ لە نەوەکانی عەبدولقادر بن غەیبی‌یە کە لای پاشاکانی عوسمانی بون و لە بابەت موسیقاوە پەراویان نوسیوە و کتێبی صەفیەدین عەبدولموئمین ورمێی کورد و عەبدولقادر بن غەیبی مەراغی کوردی کردۆتە تورکی.

○ محێدین عەرەبی کە لە ١١٥١ی زاینی وەفاتی کردوە و زانایانی دیکەش لە سەر جایزبونی موسیقی و دەنگ و ئاواز و شەرعی‌بونی ئەوانە مەبەستیان نوسیوە.(٣) لەگەڵ ئەوەش کە هەندێ زەمی موسیقی و ئالەتی موسیقی دەکەن، بەڵام شوێنی مەعنەوی موسیقی ناسراوە.

صوفی بە ناوی هۆی موکاشەفە کە لە رێگای وەجدەوە پێك دێ بۆ موسیقی دەڕوانی و لە کۆڕ و کۆبونەوەی خۆیاندا لە دەف و ئاواز کەڵك وەردەگرن. ئیمام محەمەد غەزاڵی دەفەرمێ(٤) «وەجد یانی: حاڵەتێك کە لە بیستنی موسیقی «سەماع» بە دەس دێ، ئەم زانا خواناسە گەورە لە ریسالەی

---

١- «عَمر و بن خضر کوردی»
٢- دو وتار لاپەڕەی ١٢٨ سەرچاوەی بەرو.
٣- لاپەڕەی ١١٨ و ١٢٨ کتێبی خونیاگەری.
٤- لاپەڕەی ١١٢ و ١١٣ خونیاگەری.

خوێندا له بابەت موسیقی و وجدەوە، حەوت بەڵگە لە سەر ئەو بیروباوەرە، دێنێتەوە و دەڵێ: «موسیقی لە بەدیهێنانی وەجد و شادیدا تەنانەت شوێنی لە قورئان زۆرترە» و لە هەزار و یەك شەودا وتراوە: موسیقی بۆ هەندێ کەس گۆشتە و بۆ هەندێکیش دەرمانە.

دیارە هیچ هونەرێ پا ناگرێ و نێو دەرناکا تا هونەروەرانێك سەر هەڵنەدەن.[1]

**ساز و ئاواز و موسیقای کوردی:** ئاشکراترین نیشانەکانی نەتەوایەتی، وە-باشترین وەسیلەی ناسینی تایبەتیەکانی یەك نەتەوە فەرهەنگی عامیانەی سەرزەوی ئەو نەتەوەیە، فەرهەنگێ کە جلوەگای شارستانی بووە، ئاوێنە ئاسایی مەوجودیەتی ئەو گەلە، لە خۆیا ئەنوێنێ و پێشانئەدا. خەڵکی کوچە و بازاڕ و ئەوانەی وا لە دەشت و کێوا لە خۆرسك و سرشت نێزیکن وە خویان بە کەژ و چیا و شیو و دۆڵ گرتووە، ئەگەرچی زۆر لە ژیان ورد نابنەوە، بەڵام چونکە هەمیشە ڕاستەوخۆ، هان لە ناو سرشتا بە پێی دەرك و بیروڕای خۆیان موتەئەسیر ئەبن وە لە سرشت کەڵك وەرئەگرن ئەو جۆرە مرۆیانە لە نێزیکەوە لەگەڵ شایی و شین و خەما ئاشنا و ڕۆشنان؛ خۆشی و ناخۆشی و کۆسب و قۆرتی سرشت وایان لێدەکا توشی هەیەجان ئەبن، یان کز و بێتین کەلەلا ئەکەون.

کە وابێ جێگەی هیچ جۆرە سەرسوڕمانێك نییە ئەگەر بە چەشنێکی ڕون و ئاشکرا داب و دەستور، وە هەستان و ڕۆنیشتن و بیروڕای ئەم خەڵکە لە ناو هونەرەکانی فۆلکلوریکا خۆ بنۆێنێ و ئاشکرا کات. شێعر، نەقاشی و پەیکەرەتراشی و موسیقای مرۆیاعەوام موبەیینی تایبەتییەکانی ئەوانە، وە زۆر بە ئاسانی ئەتوانین ڕاز و نیازی دڵ و هەناویان لەم جۆرە تەجەلییاتی زیهنی و

---

١- لاپەڕەی ١١٠ خونیاگەری بە نەقڵ لە ابن خەلدون کە لە ١٤٠٦ی زاینی وەفاتی کردوە.

عاتیفی‌یەدا بدۆزینەوە و پەیدای کەین.

بەتایبەت لە ناو موسیقای فولکلۆریکا کە میلۆدی melodie و شێعر، پێکەوە ئاوێتە ئەبن زۆرباش ئەتوانین چەن نیشانەیەك لە ـ دەنگدانەوەی سۆزی دەرون و عاتیفی ئەوان هەست پێبکەین.

ئەبێ بزانین کورد فەرهەنگێکی نەنوسراوی زۆر غەنی و دارا و دەوڵەمەندی هەیە، کە هەر لە مێژە دەماودەم هاتووە و لە لایەن بەیتبێژان و ستران‌بێژان و چرگەرانی کوردەوە، پاراستراوە و پاراو کراوە. ئەتوانین بڵێین لە لابەلای ئەم فەرهەنگە نەنوسراوەدا مێژوی کۆنەساڵی کورد، زۆر بە جوانی و بەر رەنگی جۆراوجۆری هەرە روناك خۆئەنوێنێ و زۆر باش و زۆر روناك دەرئەکەوێ. هەستان و دانیشتن و داب و دەستور و باوی ناو کوردەواری لەم میرات و کولتوری کۆنەساڵی موسیقای کورد لەم بابەتەوە نەخشێکی شیاو و سرنج راکێشی، راستی هەیە، موسیقای کوردی هەروەك وێژە و ئەدەبی، نەنوسراوی نەتەوایەتی لق و پۆپ و ریشەی بەربڵاو و پڕ پەراوێزی هەیە.

ئەگەر جوان ورد بینەوە وە باش چاو بخشێنین بە مۆسیقای کوردییا ئەتوانین بڵێین: لق و پۆپەکانی رەسەن و جنسەکانی موسیقای کوردی ئەمانەن:

١ـ موسیقای کرمانجی «گوندی».

٢ـ موسیقای خۆوێژان. واتا: «شایەری و گۆرانی‌بێژی و بەیتبێژی»

٣ـ موسیقای ئایینی یان رۆحانی.

٤ـ موسیقای رامیاری و نەتەوایەتی.

بەڵام ئەبێ بزانین کە ئەم موسیقایانە هەرکامیان بایەخێکی تایبەتیان هەیە. ریشەدارترین لق‌وپۆپی موسیقای کوردی، موسیقای کرمانجی «گوندی»یە، وە لقەکانی‌تر بەو جۆرە تایبەتیانەی کە هەیانە، لە موسیقای کرمانجی جوێ ئەبنەوە.

تا ئەو جێگایەی لە وزەمانایە و لە روی ئەو زانستگەلانەی وا دەسمان

کەوتووە تێکۆشیوین موسیقای ناو کوردان شی بکەینەوە و پەردەی رەشی لە سەر لابەین. ئەبێ بزانین کە ئێمە زیاتر لە سەر موسیقای کرمانجی ئەڕۆین لە موسیقای خۆوێژان و ئایینی و رامیاری بە کورتی ئەدوێین.

موسیقای خۆوێژانی کورد بەوجۆرە تایبەتیانەی کە هەیەتی بەشێك لە هونەری رۆژهەڵات پێكدێنێ.

پیاوانی مەزن و دارا و میرە کوردەکان زۆریان لایەنگری لە گۆرانیبێژان و شایەران و خۆوێژان و بەیت بێژان کردوە و ئەوانیش لەباتیان بەوانیاندا هەڵوتووە و لە بەرانبەری دژمنا بەوانیانا هەڵخوێندوە، سەرەڕای ئەمە ئەو گۆرانیبێژ و شایەر و بەیتبێژانە لە داب و مەراسمی رەسمی و باوا گۆرانی و لاوك و بەیت و باویان بە دەنگ خوێندوە و وتووە، ئاهەنگیان گێڕاوە، وە جاروبار لە شیعر و هەڵبەست دانانا لە مەجلیسی میر و مەزنانی ناو کوردەواریدا بە یەکەوە کێبەرکێیان کردوە، تەنانەت ئەوانەی وا خاوەنی دەنگ و ئاوازێك بوون وە کەمێك وریا و زیت و زرەنگ بوون وە بیریان چاك بووە، چونەتە لای مامۆستا خۆشدەنگ و خۆوێژە بەناوبانگەکان وەك قوتابی و خوێندکار لە «فێرگە»ی ئەو مامۆستا ناودارانە دەرسی دەنگ و ئاواز و دەرسی گۆرانی بێژی و لاوك و بەیت وێژی و بەیت و باو خوێنییان، خوێندووە .

ئەڵێن: مامۆستا بەناوبانگەکان زیاتر لەگەڵ ئەوجۆرە پیاوانەی وا خاوەنی بیری ورد و بیرتیژ بوون خەریك بوون و باش بەیت و باوی ناو کوردەواریان فێرکردون. لام وایە ئۆسکارمانی ئاڵمانی ئەوجۆرە فێرگەی لە موکریانا دیبێ کە نوسیویەتی: «لە کوردستانا فێرگەگەلێ هەبوە گۆرانیبێژیان بۆ دواڕۆژ تێدا دەرس داوە و هونەریان پێفێر کراوە. گەنجان و لاوانێك کە دەنگ و ئاوازێکیان هەبوە، چونەتە ئەو جۆرە فێرگەیانە و لای مامۆستا بەناوبانگەکان هونەر فێربوون وە مامۆستاکانیش لەبەرئەوە بە بێ سپارە و پەراو، دەرسیان وتووەتەوە، چونکە گۆرانیبێژانێ کە کوێرە سەوادێکیان هەبوبێ کە بون لە

هەندێ شوێن خۆوێژانی کورد بە چەن زاراوە و زمان گۆرانیان وتووە و سازیشیان لێداوە و لەم بابەتەوە مانگنامەی «ئازمایش»ی ئەرمنی، ئاگاداری زۆری تێدا هەیە!

لە کاتی فراین و نەهارا گۆرانیبێژێك، کە هەم شایەر و خۆوێژ بو و هەم دەنگێکی هەبو کە باڵندەی لە ئاسمان رائەگرت بە سێزمان: کوردی، فارسی و تورکی دەسی کرد بە گۆرانیوتن. ئەو خۆوێژە کوردە وەك «هومێر»ی مەزنی یۆنانی نابینا بوو، سازێکی بە دەسەوە بو کە بە سیم تەنرابوو بە سەر تەختە دارێکا، سازی گۆرانیبێژانی گەڕۆکی «هلینستی» نابێ لەوە سازتر و چاکتر بوبێ.

«رافی» نوسەری ناوداری ئەرمەنی لە بارەی مانا و موحتەوای هۆنراوەی شایەر و خۆوێژانی کوردەوە ئەڵێ: لە پاش شێو خواردنی نوێژی شێوان یەکێك لە بەگە کوردەکان لێبڕا بەزمێ سازکات، گۆرانیبێژێکی گاز کردە هۆبە و میوانخانی لای خۆی. ئەو گۆرانیبێژە کوردە پیاوێکی کورتەباڵا و شەل بوو، زۆر لە خۆوێژانی گەڕاڵی ئەرمەنی ئەچو دەسی کرد بە وێڵۆن لێدان ئەوەی بە سەرزمانیا ئەهات بەیت گەلی عامیانە بەڵکو داستانێك بو کە شایەرێکی کۆمەڵایەتی لە بارەی دادگەری بە شێعر هەڵیبەستبو.

بەیت بێژان و خۆوێژانی کورد ئەوانەی ئێمە ئەیانناسین: یەکێك لەوانە «ئاوداڵە زەینییە، کە لە سەتەی نۆزدەهەمی زایینیدا ژیاوە، کە تەنیا شێعرگەلی ئاوازەکانی بە چەشنی نەنوسراو و ئاهەنگەکانیش دەماودەم بە ئێمە گەیشتون. لە مانا و موحتەوای شێعرەکانی ئەمە دەرئەکەوێ کە ساز و ئاواز خوێنی دەرباری «حەمەرەزا»ی میری هەرێمی موشی کوردستانی تورکییە بووە. ئاوداڵە زەینی لە زۆربەی موسابەقەگەلی گۆرانی و شێعروتن و خۆوێژیدا بەشداری کردوە. ئەڵێن: ماوەی سێ شەو و رۆژ لەگەڵ «شێخ عەلی سلئی» خۆوێژی بە ناوبانگ کەوتۆتە کێبەرکێ. ئاوداڵە لە دوا تەمەنیا چاوی کزو کەمبین بووە.

شێعری ساز و ئاوازەکانی رۆژگاری نابینایی «ئاودالّە» لە روانگەی تۆیژانەوە و لێکۆڵینەوە، خودانی بیر تیژانە و زانایانە و فەلسەفە و پیتۆڵی عیرفانییە.

ساختمانی هەڵبەستی ساز و ئاوازەکانی «ئاودالّە» بەو تەشکە هیجائیانەوە کە هەیەتی زۆر لە ساختمانی شێعری کۆمەڵایەتیەوە، نیزیکترە، بەڵام ئاهەنگەکانی «ئاودالّە» لە تەك ئەو ئاهەنگانەی وا نەفەس گیرن زۆر لێك جیاوازن.

لەبارەی ژیانی خۆویژی مەزن: «شێخ عەلی سلئی» هەرئەونە ئەزانین کە لە گوندی «قالان»ی تورکیە ژیاوە و بەیتبێژ و شایەری دەرباری «تاهیرخان» یەکێك لە میر و مەزنەکانی کورد بووە. بەڵام شتێك لە شێعرگەلی ئاوازەکانی نەماوەتەوە و نەگەیشتۆتە دەس ئێمە.

ئەمرۆ شایەران و گۆرانیبێژانی خۆش دەنگ و ئاوازی زۆر باش لە کوردستانی عێراقا هەن کە لە ناو گەلا زۆر بەرێز و ناودارن وەك رەسوڵ گەردی و محەمەد عارف جەزراوی و شایەران و خۆویژانیتر.

لە کوردستانی ئێران «خۆویژ و بەیتبێژ، شایەر و گۆرانیبێژ زۆرە. یەکێك لەوانە خوالێخۆشبو «حەسەن زیرەك»ە. گۆرانیەکانی زیرەك بە شێوەی کوردی بە ناوی: «چریکەی کوردستان» لە وەرزی ١٣٤٣ کۆچی هەتاوی لە تارانا لە چاپ دراوە.

شوێنەوارەکانی خۆویژانی ناوداری کوردستانی ئەرمەنستان: «ئەحمەد چولان» و «کوشناروّف نازوك» لە کۆکراوەی نیشتمانیدا لە ساڵی ١٩٥٧ زایینی خڕکراونەتەوە و چاپ کراون و بڵاو کراونەتەوە.

گۆرانیەکانی «ئەحمە چولان» و «نازوك» هۆی نیشتمانی، ئەویندارانە و پەندئامۆزییان هەیە. گۆرانیەکان لە تەك موسیقیدا رەوانتر و گیراتر و کاریتر خۆ ئەنوێنن.

یەکێکی دیکە لە لق و پۆپە بە نرخەکانی ساز و ئاوازی کوردی موسیقای ئایینی و رۆحانی‌یە، بەتایبەت موسیقی ئایینی کوردە ئێزەدیەکان (یەزیدی). پێغەمبەری مەزنی ئیسلام ساز و ئاواز و موسیقای مەنع کردوە، وە تەنیا بە ئاوازی بانگدان و خوێندنی قورئان بە دەنگ و ئاواز رێگەی داوە. ئەبێ بڵێین: کە مۆسیقا لە ناو سۆفی و دەروێشانا نەخشێکی بنەرەتی و بنێشەیی هەیە، مۆسیقای سۆفی و دەرویش بۆ گیرخستنی حەقیقەت یاری‌ئەدا یانی: دڵی بە مۆسیقا گەرم ئەبێ و بەو هۆیەوە لە دنیا دور ئەکەوێتەوە و لە خولا نێزیک ئەبێتەوە. لە روی ئەو بەڵگانەوا کاك کریم ئەیوبی کوردناس نیشانی‌داوە، زۆربەی کوردی ئێران لە گۆرانی‌گەلی سۆفیانە سود وەرئەگرن و بەمجۆرە گۆرانییانە ئەڵێن: «گۆرانی سۆفیانە». لە شاری مهابادا کەسانی وەك:

عابیدی مهابادی، سەعیدی ماملێ و کورەکانی وەك: محەمەد و حەسەن، میناغا و کوڕانی میناغا و خەلیفە ئامینی کاکاغازادە، پورە زلێخا و خانم خەلیفە قوڵە، ساز و ئاوازی سۆفیانەیان خوێندوە و دەفیان لێداوە و داب و دەستوری مەولودنامەی کوردیان بە دەف و ئاواز بەرێوە بردوە.

بە دەرکەوتنی گزینگی هەتاوی «بەهار» لە کوردەواری‌یا، وا باوە لە ٢١ مانگی «مارس»ا ئەیکەنە جێژن و زۆر بە تامەزرۆییەوە، ئەچن بەرەوپیری ساڵی تازە و نەورۆزەوە، هاتنی ساڵی تازە بە هات ئەزانن. چونکە کاتی بەهارەکێڵی و شیوبرین و پەز و پۆڵە لەوەڕاندن دێ و برا گوندنشینەکان لە دەس بەفر و سەرماوسۆڵی زستان رزگار ئەبن و رو ئەکەنە دەشت و چیا و دۆڵ و خەڵك ئەکەونە خۆشی و فەرعانە. کوردان ئەم جەژنە بە شێوە و بیچمێکی تایبەت ئەگرن. «کەریم ئەییوبی» کوردناسی ناودار لەم بابەتەوە ئەڵێ: کورد ئەم جەژنە بە هی خۆی ئەزانێ لە نەورۆزا یاری و کایە و شایی و هەڵپەرکێی جۆربەجۆر دێنە کایەوە، دەنگ خۆشەکان بە بەیت و بالۆرە و گۆرانی‌وتن، بە شمشاڵ و بلوێر لێدان و بە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و سوارچاکان بە رمبازێن و غار

غارین و تیرئەندازی و تەقڵەبازی، جەژنی نەورۆز ئەونەیتر خۆش ئەکەن و ئەیرازێننەوە.

لە هاوینا ئەگەر جوان سرنج بدەین باش تێئەگەین کە چلۆن گەلی کورد لە کەژ و کێوا لە باوشی سرشتا لە ژیان لەزەت ئەبا، لە تاریك و لێڵەی بەرەو بەیانەوە تا خەوتنانی شەو لە هەر لایەکەوە دەنگی شمشاڵ و بلوێر لێدانی شوانە کوردەکان دێ و لە گوێی مردودا ئەزرنگێتەوە. لە شەوانی مانگەشەوا، منالْ و گەنج و لاوە کوردەکان دەس ئەکەن بە شایی و هەڵپەڕکێ، ئەوانەی وا دەنگیان خۆشە دێن گۆرانی ئەڵێن وە ئەوانە وا ئەزانن بلوێر و شمشاڵ و جوزەلە لێدەن، دێن شایەکەیان بۆ خۆش ئەکەن و تا نیوەشەو بە شای و خۆشی رایئەبۆێرن.

هەر ئاواییەك لە هاوینا رۆژانێکیان بۆ خۆیان تەرخان کردوە کە لەوانا ئەچنە سەر چاك و پیر و ئەچنە سەر قەبری خزم و کەسیان و لە سەر قەبران دەس ئەکەن بە گریان و فرمێسك هەڵڕشتن، ژنانیش دەس ئەکەن بە لاواندنەوەی مردوەکان. کوردان و ئەرمەنیانی دانیشتوی کێوی نور کە لە هەرێمی «کفی»یەکانا واقع بووە وە یەکێکە لەو شوێنانەی وا کورد و ئەرمەنی بە موقەدەسی ئەزانن جەژنێکیان هەیە بە ناوی «جەژنی ئاو ڕشاندن» کە لە هاوینانا زۆر بە داب و دەستور ئەو جەژنە ئەگرن. کورد و ئەرمەنی خواردەمەنی و نان و ئاو لەگەڵ خۆیانا هەڵئەگرن و ئەچنە زیارەتی کێوی نور و دەس ئەکەن بە شایی و گۆوەند و زەماوەند.

بە شایەدی پیاوانی پیر ساز و ئاوازی جەژنی «ئاو ڕشاندن» تا ئەم دواییانە هەبووە و خوێندراوە و لێدراوە. لە بەهارا بەتایبەت لە هاوینانا کچ و کوڕی کورد لە ژێر سێبەری دارا جەژنێك ئەگرن بە ناوی «جەژنی سێبەری دار». لەو جەژنەدا کوڕی لاو و کچی عازەب لباس و سیپاڵی تازە لەبەر ئەکەن. وا باوە رۆژێك لە پێشا خۆیان ساز ئەکەن، نان و پێخۆر و خواردەمەنی

ساز ئەکەن وە ئەچنە کێو و چیا لە بن سێبەری دار، بە کۆڕ دەس ئەگرن و ئەیکەنە شایی و هەڵپەرکێ وە بە چەپڵەڕێزان و گۆرانی‌وتن و پلەزیقان رائیەبوێرن. لەم شایی و خۆشیەدا ئەوانەی وا دەنگیان خۆشە یەك ئەیڵێ و یەك بۆی دەستێنێتەوە؛ بۆ وێنە کچان بۆ یەك بالۆرە و نقارە لێ‌ئەدەن کوڕانیش جارجار بە یەکتری‌دا هەڵدەڵێن، وە جارجاریش بە گەنجەفە دێن بە دەور یەکا، کوڕ بە کچا هەڵدەڵێ وە بە قەشمەری بە قەد و بالآیا هەڵدەڵێ و داوای ئەویندارێ لێدەکات.

لە پاییزانا لەدوای خەلە و خەرمان هەڵگرتن و کا و تفاق و گزرە و وێنجە کێشان و گیشەلێدان و قەلآخ هەڵچنین، نۆبەی ژنهێنان دێ. لە هەندێ شوێن وا باوە، چەن رۆژ لە پێش خوازبێنی کردن و بوك گوێزتنەوەدا لە ماڵە بوك و زاوادا دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دێ وە ئەوانەی وا دەنگ و ئاوازێکیان هەیە و دارای هونەرن لە رۆژی ژن هێنانا بانگ ئەکرێن تا گۆوەند و زەماوەند ساز کەن.

ئەتوانین بڵێین: کورد لە بەهانە ئەگەڕێ تا شایی و بەزم سازکات وە لە تەواوی ساڵا زۆربەی کوڕانی لاو و کچانی عازەب خەریکی شایی و خۆشین وە داب و دەستوری گۆرانی‌وتن و شمشاڵ و بلوێرلێدان لە زۆربەی رۆژا بە رێوە ئەبرێ. ئەتوانین بڵێین: ئەم جۆرە جەژنانە خۆی فێرگە و مەکتەبێکە بۆ گۆرانی‌وتن و بەڕێوەبردنی ساز و ئاوازی ناو کوردەواری و فێربونیان، وە بەم هۆیەوە موسیقا لە ناو کوردا ئەپارێزرێ وە بەرەبەرەیش بەرەی داهاتو فێری ئەبن وە لە فێرگە و مەکتەبی موسیقای خۆیان کەڵك وەرئەگرن.

فۆلکلۆر: یا هونەری عامیانە پایە و بنەڕەتی ئەسڵی شوێنەواری هونەرییە کە لە دنیادا بەدی دێت، لەم دواییەدا هونەرمەندانی کورد و نیشتمان و وڵاتیش بۆ بەدی‌هێنانی شوێنەواری هونەری ئاوڕێکی جوانیان بۆ لای فۆلکلۆر داوەتەوە، وە فۆلکلۆر، لە موسیقا و وێژە و وێژاوەری و ئەدەبیات‌دا بنج و

بناوانیکی هەرەگەورە و سەرشاری زەوق و هونەرە. چونکە شوینەواری فۆلکلۆر دەس‌کردی یەك نەفەر نییە. ئاهەنگ و گۆرانی و قام و بەستەگەلی فۆلکلۆریك، کانگای هەڵقوڵانی هونەرە.

حەسەن زیرەك کە لەگەڵ تیپی موسیقای رادیۆ کرماشان، بە سەرۆکایەتی «عبدالصمدی» کە بە «قەرەنەی» و لاوی هونەرمەند «میرزادە» کە بە «ویڵۆن» و «ایزدی» بە «سەنتور» و، «پولکی» بە «زەرب» هاوکاری دەکەن، لە کاتی شریت پڕ کردونەوەدا.

ئەمەش ناو و نۆتی هەندێ لەو گۆرانییانەی وا ئەو خوالێخۆشبووە تۆماری کردون.[1] ١- وەك قومری سەر باڵم شینە= شور- ریتم ٢ و ٤

٢- نازانم لە کێ پرسم= شور- ریتم ٢ و ٤

٣- هەم نارنج و هەم بێیە= شور- ریتم ٢ و ٤

٤- لەبەر بیری‌دانەمەرێ= شور- ریتم ٢ و ٤

٥- ئەرێ ناز= شور- ریتم ٢ و ٤

٦- لای لای سورە گوڵ= سێگا- ریتم ٦ و ٨

٧- شەو= سێگا- ریتم ٦ و ٨

٨- چارۆکێ، چارۆکێ= سێگا- ریتم ٦ و ٨

٩- کیژە مەڕۆ جوانی= سێگا- ریتم ٦ و ٨

١٠- نام‌دوێنی بۆچی نامدوێنی= ماهور- ریتم ٦ و ٨

١١- مریەم بۆکانی= ماهور- ریتم ٦ و ٨

١٢- بەرهەڵبینە= ماهور- ریتم ٦ و ٨

١٣- چارۆکە هەولێرییە= دەشتی - ریتم ٦ و ٨

---

چریکەی کوردستان، دانراوی: حەسەن زیرەك چاپی تاران ــ وەرزی ١٣٤٥ هەتاوی و، ١٩٦٦ زاین و، ٢٥٧٨ کوردی.

١٤ـ نەمام، نەمامە= ئەبوعەتا ـ ریتم ٣ و ٨

١٥ـ بوك مریەم= چوارگا ـ ریتم ٣ و ٨

کە بە درێژایی ساڵ و کات و زەمان ئەگونجێ بە سەدان ساڵ لە ناو خەڵکا دەماودەم هاتوە و شانە کراوە و سەرۆك و بنۆکی گیراوە و کامڵ بووە و گەییوە، کە وابوو هونەری فولکلۆریك نوێنەری زەوق و سەلیقەی هونەری هەمو کەسێکی یەك هەرێم و شوێنە.

هونەرمەندانێ کە هەوێنی شوێنەوارەکانی خۆیان لەم جۆرە هونەرانانەیان گرتووە، پێوەندی زیاترێکیان لەگەڵ خەڵکیدا راگیر کردوە.

هەڵپەڕکێی چۆپی: چەپی بە شێوەی رەش‌بەڵەك. ئەشێ باوەڕ بکەین کە شایی و رەش‌بەڵەکی ناو کوردەواری، رەسەنترین شایی و هەڵپەڕکێیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتا.

هۆهۆ کاکەی شمشاڵ‌ژەن گیان. جوان بتوڕێنە بە شمشاڵەکەتا، ئەو شاییە جوان بە گەڕ بگەڕێ.

داب و دەستوری باو لە ناو کوردەواریدا ئەبێ لە گشت بەشەکانا چ هەڵپەڕکێ و شایی و گۆرانی و بەیت و باوەکانیتری ناو کوردەواری کۆبکرێنەوە و راگیرێن و لە چاپ درێن و پێویستە هونەرمەندەکانیشمان لە رشتەگەلی ساز و ئاواز فێرگە و مەکتەبگەلێ تایبەتی پێك بێنن تا شوێنەوارێ بەدی بێت کە هەم پایە و بنچینەی لە سەر هونەرە سورشتیەکان وە خۆماڵیەکان بێ وە هەم هاوتا و لفی هونەر لە دنیا بێت وە ئەم کارە تەنیا لە ڕێگای سرنجدان بە فۆلکلۆر و چاوخشان بەم سەرچاوە گەورەی هونەری خۆماڵیەوە کەڵك وەرگرتن لەم دەستمایە گرنگە و سودوەرگرتن لە گەڵاڵەکانی شایی و هەڵپەڕکێ ئەشێ و ئەگونجێ. ئەبێ باوەڕ بکەین کە شایی و رەشبەڵەکی ناو کوردەواری رەسەنترین شایی و هەڵپەڕکێیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتا، کە تایبەتیەکانی هەڵپەڕکێی کوردی لە هەر بابەتێکەوە لەگەڵ هەڵپەڕکێیانێکدا کە لە

رۆژگارانی کۆنەوە تەنانەت لە پێش پەیابونی مێژو باو بووە، وەچەن شوێنەواریَ لەوانە، لە حەفریاتێ کە لەم دواییەدا بە دەس هاتووە بەرابەری ئەکات. مەسەلەن لە شوێنەواری مەربوت بە سێ‌هەزار سالّ لەمەوبەر، کە لە حەفریاتی تەپۆڵکەی «سیلك»ی کاشان بە دەس کەوتووە، گۆزە و گڵێنەی گڵێنە هەیە کە دەورتادەوری چەن جوان، کەسانێك لە حالّی هەڵپەڕینا، ئەبینرێن. تەرتیبی ئەم‌جۆرە هەڵپەڕینە و هەڵپەڕکێیانە وەك هەڵپەڕینێك ئەچێ کە ئێستا لە ناو کوردەواریدا بە ناوی چۆپی «چەپی» هەیە و ماوەتەوە.

«چەپی» مەجموعەیێکە لە هەڵپەڕکێی دەسەجەمعی ناو کوردەواری کە بە «فیگۆر» گەلی جۆراوجۆر بەش‌بەش ئەبێ. گرنگترینی ئەم «فیگۆر»انە: «چەپی» و «ڕۆیین»ە، «سێ‌جار» و «گەریان»، «فەتاح‌پاشایی» یان «سێ‌پێی ژنانە»، «خان ئەمیری» وە چەن وێنەی‌تر.

لەم هەڵپەڕکێیانەدا، جاری وا هەیە، پیاوان لەگەڵ ئافرەتانا بە وێنەی: «گەنم و جۆیی» واتا «ڕەشبەڵەك» دەسی یەکتری ئەگرن و دایرەوار بە «ریتمی» دەهۆڵ و زورنا هەڵئەپەڕن و جاری وایش هەیە ژنان و پیاوان بە دەستەی جۆی جۆی و بێ‌ئەوەی ڕەشبەڵەك سازکەن، هەڵئەپەڕن.

هەڵپەڕینی «چەپی» لە بنەڕەتا ئەبێ بە کۆڕ بێت. بەڵام جاری وایش هەیە، یەکێك بە تەنیایی دەس ئەکا بە هەڵپەڕین، وە ئەم جۆرەی دوایی بە ناوی: «دو سەرچۆپی» یان «سەرچۆپی کێش»ەوە بەو ناوە شاییەکە ئەگێڕێ و ڕێگە بەوانی‌تر نیشان ئەدا و ئەوانی‌تر لەو شایی و هەڵپەڕکێیەدا وەدوی سەرچۆپی ئەکەون.

هەڵپەڕکێیەکانی ناو کوردەواری لە باری موسیقاوە، دو زەربی یان سێ‌زەربین، بۆ وێنە هەڵپەڕکێی «سێ‌جاران» بە ریتمی سێ زەربەیە و زۆر پڕ جم‌وجوڵ و گەرمە، لەم‌جۆرە هەڵپەڕینەدا ئافرەتان کەمتر بەشداری ئەکەن.

هەڵپەڕینی چەپی سوننەتییە وە ناتوانێ تەنیا بۆ خۆشی پێك‌بێ، وە لە مەراسیمی جوێ‌جوێی پیاوان و ژنان وە تەنانەت منالاّن ناچارن دەسی چەپی

پێك بێنن و فێر بن. لە شایی و دەسی «چەپی»دا جار جار گۆرانی‌بێژان گۆرانی ئەڵێن و دەهۆڵ و زورناژەنەکان و شمشاڵ و بلوێرلێدەرانیشین ئاهەنگ‌گەلی مەربوت بەو رەقسە ئەژەنن و لێدەدەن. و جاری وایش هەیە سازێ دیکەی ناو کوردەواری وەك: «دوزەلە» کە نەوعە سازێکی دو زمانەی بادی‌یە و یان «شمشاڵ» کە وەك «نەی» وایە بەڵام لە جنسی ئاسن دروس کراوە، و «نەرمەنەی» کە لە سازگەلی بادی کەم سەدایە.

ئەگەر، رەقس لە بیابانا پێك بێ موسیقای ئەوە «دەهۆڵ و زورنا»یە، بەڵام ئەگەر لە هۆدە و ناو خانو و ماڵا سازکرێ بە: «دوزەلە» وە «ئەرمەنی» و «دەفە» ئەگەڕێ.

«مەلا مەحمودی بایەزیدی» ئەڵێ: لە ناو هەر خێڵ و عێلە کوردێکا، چەن شایەر و هونەرمەند و خۆوێژ و بەیت‌بێژێك هەیە کاتێ لە ناو بنەماڵەیێکدا جەژن و شاییەك هەبێ، لەو هونەرمەندانە بانگ ئەکەن وە ئەوانیش بە دەنگی خۆشی خۆیان و بە ساز و ئاواز و گۆرانی جەژن و شاییەکە ئەخەملێنن. جاری‌وا هەیە دەف و شمشاڵ و بلوێر لێدەدەن و جاری وایش هەیە بەیت‌بێژ لە مەجلیس دەس ئەکا بە بەیت وتن و گۆرانی بێژانیش بە گۆرانی وتن بەزمێك ساز ئەکەن».

لە ناو ساز و ئاوازی کوردییا دەم و دەسگای مۆسیقا بەشێکی گرنگی لە ڕازانەوەی دەنگ و ئاوازی کوردەواریدا هەیە، ئەوەی وا دەنگ‌خۆشەکان لە وزەیانا نییە ئەدای کەن لە رێگەی بلوێر و شمشاڵەوە جارجار بە قامك بژاوتن جارجار بە تێ‌توراندنە ناو جوزەلە و دەم و دەسگای موسیقاوە ئاد و ناڵەی دەرونیان دەرئەبرن، بەتایبەت شوانەکانی کوردی لە بەر مەڕوماڵات، لە ناوسینگی پڕ ئاگرینی خۆیانەوە لە ناو هەوای هەوا جوان و لە ژێر ئاسمانی شینا ئاورێك هەڵ‌ئەکەن کە ئاور لە ئینسان بەر ئەدا و باڵندەیش لە هەورا رائەگرن.

دەم و دەسگای موسیقای کورد وەك باقی گەلانیتر ئەکرێ بە سێ بەش:

١) بایی ٢) ژێیی ٣) کوتان (بادی - زهی - ضربی). کورد لە ناو دەم و دەسگای موسیقادا زۆرتر حەز لە موسیقای بادی ئەکا، وەك: توتەك و باڵەبان، بلوێر و شمشاڵ و دوزەلە و زورنا، کە هونەرمەندان بە یارمەتی ئەمانە گیان دێننە بەر هونەرەکەی خۆیان.

دەم و دەسگای موسیقای زێییش وەك دەف و دەهۆڵ و تەپڵ و چەنگ و چەنگور و تار و ساز و کەمانچە.

لە ناو گۆرانیبێژە کوردە هاوچاخەکانی ئەم خولەدا «ئەحمەد چولان» و «کوشناروٚف نازوك» تاریان لێداوە. وە «حەمە کەمانچە» خەڵکی موکریانیش کەمانچەی لێداوە و «قالە مەرە»ش شمشاڵی جوان لێ‌دەدا. کوردان هەر لە مێژینەوە خویان بە «تەپڵە» گرتوە، چ «یەك تەپڵە» وە چ «دو تەپڵە» وە چ «دو تەپڵە» و «سێ تەپڵە» و تەنانەت «دمەك»یشیان هەبوە. شەرەفخان[1] فەرمویە: هەر تایەفەیێك لە کوردان دمەکێکی تایبەتیان هەیە و پێی ئەڵێن: دمەکی یارمەتی.

دەف کەمێك لە دمەك چکۆڵەترە کە رویێکی بە پیست ئەگرن و لە ژورەوە بە هەر بزمارێکەوە چەن زەنگوڵە یا ئاڵقەی پێوە هەڵدەواسن؛ کاتێ دەسی لێدەدەن زنگۆڵەکان دەس ئەکەن بە زەنگ لێدان و ئاڵقەکانیش دەس ئەکەن بە خرەخر و زرەزر کردن.

ئەمیر شەرەفخان ـ ئەو زانا نازدارە ناودارە ـ ناوی: «چەنگ و روباب»یشی بردوە. ئەڵێن: دەنگی چەنگ و روباب ئەونە خۆشە کە دڵی پیر و جوان لە ژەنگی خەم و خەفەت سپی ئەکاتەوە و ناخۆشی لێ‌ئەبرێ.

چەنگ و روباب لە ناو ئوزبەك و تاجیکەکانیشا باوە.

ئەمە بو کورتەیێك کە لە بارەی ساز و ئاواز ؤدەمودەسگای موسیقای

---

١- روپەرەی ٣٧٢ و ٣٣٠ و ٢٥٢ لە کتێبی مێژوی کوردستان

ئوردی بۆتانم گێڕایەوە.[١] ئەتوانین بڵێین: مۆسیقا و ساز و ئاواز لە ناو کوردا یەکێکە لە هونەرەکانی تایبەت، هەر وەك گەلانی‌تر لە چەن سەتەیێکا بە درێژایی مانگ و ساڵ ساز و ئاواز و دەم و دەسگای موسیقایان پێك‌هێناوە، کوردیش ئەم ملە و گەردنە و رێگە پڕ پێچ و هەڵدێرەی بڕیوە و بە دەنگ و ساز و ئاواز و موسیقای کوردی رەنگ و روێنکی داوە و لە ناو قاپوڕکی تەلایید دایڕشتووە.[٢] ○ عەرەب بە گۆرانی بێژیان دەوت: «عەورات» و ژنەنومایشان بە موخەننەسون ناوئەبرد.

رۆژێك لە ١٣٦٩/٩/١٦ لە پارکی دانشجو بە خزمەتی کاك حەسەن کامکار گەییم. هەروا لە بابەت هونەری گۆرانی و ساز و.ئاوازەوە قسەمان دەکرد، ئاهێکی ساردی هەڵکێشا و گوتی: لە سەرەتاوە کە خەریکی کاری موسیقا بوین و ئەم‌لاولامان دەکرد، خەڵکی سنە ئەیانوت: لۆتییەکان هاتن، بەڵام ئێستا خەڵك لە کوردستان لێمان حاڵی بون کە چ خزمەتێکمان بە هونەر و ساز و ئاواز و موسیقی کوردی کردوە و یەك دو جاریش لەگەڵ جەنابی دکتور شیرازی چوینە دیداری کاك حەسەنی رەحمەتی. ئانگاریس هەنیوازی[٣] ناوداری ماد کە بۆ بەزمی ئاستیاگ شا بانگ کرابو، لە زیمنی گۆرانیدا دەڵێ: دڕندەیەکی زۆر قەوی و بەهێز و ئازاتر لە بەرازێکی وەحشی لە نێو باتلاغەکاندا پەیدا بوە، دڕندەیەکە، ئەگەر لەم ناوانەدا لەوە زیاتر هێز بستێنێ، بێ بەرگری بە سەر هەمو چینەکانی خەڵکدا زاڵ دەبێ. جا کاتێ ئاستیاگ ئەمە

---

١- «شەپۆل»

٢- ئەم باسە لە کتێبی «کوردناسی» چاپی ئەرمەنستان زەنجیرەی ژمارەی ٧ ساڵی ١٩٧٥ زاینی، نوسراوی نوری جەواهیری سپۆمیناسیان وەرمگرتوە.(شەپۆل).

نەقڵ لە «گرشەی کوردستان» لاپەڕەی ٢٢ تا ٣١ ساڵی ٢ ژمارەی ٢ و ٣ چاپی گوڵانی ١٣٦٠ و ١٩٨١ز. و ٢٥٩٣ك.

٣- هونیاگەر ـ هەنیواز = دەنگبێژ = شایەر ـ شاعیر ـ

دەبیسێ، دەپرسێ: ئەو دڕندە چی‌یە؟ گۆرانی‌بێژ لە وەڵامدا وتویەتی:[1] کورشی پارسی‌یە.

کتێبی موسیقی دوای ئیسلام، یونس هێناویەتە سەر کاغەز و ئەم کتێبە لەم فەننەدا جێگای متمانە و دڵنیاییە، پەراوەی «النغم» و پەراوەی «القیان» و «مجرد» یونس - (شەپۆل)

**سەرچاوە:** بڕوانە پەراوەی ئەدەبیاتی ئێران لە کۆن‌ترین رۆژگارەوە تا ئەم سەردەمە، نوسراوە جەلال هومائی چاپی ساڵی ١٣٤١ لاپەڕەی ١١٩ - تەوریز.

١- وەلید لە ١٢٦ تا ١٢٧ی مانگی بۆ ماوەی ساڵێك حوكمی كردوە.

٢- ئەغانی چاپی ٦، ج ٤، لاپەڕەی ١١٣-١١٨ مێژوی مەشاهیری کورد ج ١ لاپەڕەی ٤ نوسراوی ئوستاد بابا مەردۆخ رۆحانی(شیوا) چاپی ١٣٦٤ی سروش، تارا:ن، ئەعلامی زەرەکلی ج ٨ چاپی ٦ ساڵی ١٩٨٤ ز- بیروت لاپەڕەی ٢٦١، نووەیری ٤:٢٠٩؟ و الوسائل الی مسامرة الاوائل ١٣٧، کوڕی نەدیم: فیهرست ١ :١٤٥، ئەلبەغدادی: هدیةالعارفین ٢ :٥٧١ (شەپۆل)

---

١- ص ٤٩ و ٥٠ خنیاگەری